رۆمان

# هەولێر

## تەیراوە

بەرگی چوارەم

شێرزاد هەینی

ستۆکهۆلم ٢٠١٥

هەولێر تەیراوە: ڕۆمان
شێرزاد هەینی
ستۆکهۆلم ٢٠١٥
تایپ: نووسەر
دیزاینی بەرگ: ئاسۆ حەسەن ئەحمەد
تیراژ: (٥٠٠) دانە
نرخ: ٥ هەزار دینار
چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین
لە بەڕێوەبەرایەتی گشتنی کتێبخانەکان
ژمارەی سپاردنی (٢٨٤) ساڵی ٢٠١٥ دراوەتێ

- بەرگی یەکەم (هەولێر ـ ئیبن مەستەوفی) لەلایەن مەڵبەندی گشتی نووسەران چاپکرا.
- بەرگی دووەم (هەولێر ـ سێتاقان) لەسەر ئەرکی خانەی ئەربیل و چاپخانەی شەهاب چاپکرا.
- بەرگی سێیەم (هەولێر ـ تەعجیل) لەسەر ئەرکی خۆم چاپکرا.
- بەرگی چوارەم (هەولێر ـ تەیراوە)، بە یارمەتی (هێرش خۆشناو) خاوەنی گروپی کۆمپانیاکانی ٧٧ چاپکراوە.

## پێشکەشە

لە هەموو بەرگەکانی ئەو رۆمانە (سروە)ی هاوسەر، زۆر هاوکارمە، بیری تیژە، ناوی زۆری لەبیرە، کە پرسێکم لێ ئاڵۆز دەبێت، حەز دەکات وەڵامێك بۆ پرسیارەکانم بدۆزێتەوە. ئەویش خەڵکی زۆری ئەو شارە دەناسێت، هاتوچۆی گەرم بەسەر ماڵەکەیان لە کۆڵانی عارەبان هەبووە، کە رەنگ و دەنگ و شێوە و نەوە و کەلتوور و رەچەڵەك و پیشەوەری زۆریش جاران لەو کۆڵانە ژیاون. رەنگە لە بەرگەکانی تریش ئەگەر نووسران، هاوسەرەکەم هاورێیەتی و هاوکاری و هاونووسینم بێت. لەو نووسینەدا من توانیم چەمکێکی تر بدۆزمەوە، ئەویش لەپشت هەر نووسەرێك ژنێکی مەزن هەیە!؟ (رەنگە ئەو چەمکەش بۆ هەموو نووسەران گونجاو و دروست نەبێت) بۆیە سوپاسی دەکەم، ئەو بەرگەم پێشکەشە بە ئەو.

## ئاخاوتن بەدیار قاوەخواردنەوە:

میوانێکم هەبوو، بەدیار قاوەخواردنەوە قسەمان دەکرد، ئەو باسی پرۆژە و بەرنامەکانی خۆی دەکرد، دوایی لە منی پرسی:
تۆ بۆ ئەو رۆمانانەی لەسەر هەولێر دەینانووسیت، خەڵکی زۆر دەبینیت!؟
منیش وتم:
بەڵێ، خەڵك دەبینم، کتێب و سەرچاوە دەخوێنمەوە و سەیری وێنەکان دەکەم. هەندێکیان بەیەك دێر بابەتێکی گەورەم بۆ دەورووژێنن. ئەو وتی:
وەك چی؟ منیش وتم:
لەگەڵ هاوسەرەکەم چووینە خزمەت دایکی دەستەخوشکێکی ئەو، زۆرمان قسەکرد، لەناو قسەکان دادە حاجی وتی: من منالبووم کە جوولەکەکانیان لەمەحەتەی قەتاری هەولێر بەرێدەکرد، منیش لەگەڵ کیژە هاورێیە جوولەکەکانم دەچمە ناو فارگۆنەکان. لەماڵەوە زۆرم بۆ دەگەرێن، پەریشان دەبن، بەر لەوەی قەتارەکە دەنگی بێت و بروات، من لەناو ماڵە جوولەکەکان دەدۆزنەوە، باوکم بەتەنگاوی و بلەز پیلم دەگرێت و دەمهێنێتە خوارەوە!
میوانەکەم وتی:
ئەو دیمەنە، تەنها ئەوەیان دەکرێ هۆلیوود بکاتە فیلمێکی درامی درێژ و باڵکێش! منیش وتم:
راست دەکەیت، رووداوێکی باڵکێشە، بەڵام من لە یەکێك لە بەشەکانی هەولێر بەیەك دێر باسم کردووە. بەڵام رووداو، ناو، شوێن، دیمەنی زۆری تر لەلای من بووە بە چەند: پەرەگراف و ستوون و بەشی درێژی رۆمانەکانم.
رۆمانی تەیراوە، تەیرێکە! لەسەربان، لەبەر سێبەر و لەبن ساپیتە و سەرنان و سەرتێلی عاموود و رستەی هەڵخستن و پایەی قادرمەی هەمووتان نیشتووە، دانی هەڵگرتووتەوە، خەوی لێ کەوتووە، باڵەفرەی کردووە، جریواندویەتی. هەمووتان. هەموو هەولێرییەکان.
ئاگادارکردنەوەیەك:
کەسەکان، رووداوەکانی هەر چوار بەرگی رۆمانەکەم، پەیوەندیان بەیەکەوە نییە. کات و رۆژەڤەکانیان جیاوازە. هەموو گەمە و خەیاڵ و مێژووی هەر چوار بەرگەکە تەواو سەربەخۆن. بە هیچ شێوەیەك بەیەکتری نەبەستراونەتەوە.

شێرزاد هەینی
فبرایەری ٢٠١٥ ستۆکهۆلم

# بەشی یەکەم

## دۆزینەوەی کوردەکان

بەڕێوەبەر، یان سەرۆکی سەنتەرەکە (دەستەی بەڕێوەبردنی سەنتەرەکە، ئەوانەی لە وەزارەتی ناوخۆ و لە ئاسایش ڕەزامەندی وەردەگرن، شەش کەس بوون، پێنج پیاو و ژنێکی فیمنست. ژنەکە کە لەدوورەوە بۆنێکی تیژی دووکەڵی جگەرەی لە قەمیس و ملپێچە ئاوریشمە ڕەنگ گوێزییەکەی و هەتا لە جانتاکەشی دەهات، (وەك خۆی دەیووت) ئەگەرچی بەیانییان و هەموو ڕۆژێکی ئاسایی کارکردن و پیاسەکانی، جلە بەدووکەڵەکەی، هەموو پۆشاکەکانی یەك بەیەك دەگۆڕی، بەڵام! ئەو بەر لەوەی بگاتە ناو ستافەکە، ناو تاکسییەکە، بچێتە لای سەوزەفرۆشەکە، یەکەم چای زەردی ئۆفیسەکەی بخواتەوە، یەك دوو جگەرەی کێشابوو، بۆیە بەردەوام بۆنی جگەرەی پێوەبوو. خۆشی بەژنی باریك و زراڤیش بوو، ئاسایی بوو پاشناوی جگەرەش بەناوە کوردییە شیرینەکەی بلکێنن. ئەو، ڕۆژانە ژمارەیەکی زۆری جگەرەی هەرزانی دەکێشا، زۆر کەمیش پاکێت و (ئاگر) چەرخیشی هەڵدەگرت، چونکە هەر لەگەڵ پیاوانی جگەرەکێشی چوارشانەی هاوپیشەکەی دەمایەوە، شەوانەش ئەگەر گیرفانی بەتاڵ نەبوایە، دەچێتە یانە هەرزانەکانی شارەکە، حەزیشی بە خواردنەوەی عەرەقی یۆنانی (بلوماری) ڕێژەی کحولی نزیکە پەنجا دەکرد.

بەڕێوەبەری سەنتەرەکە، ئەوەی هەرگیز جانتای دەستی هەڵنەدەگرت و ڕقیشی لە بۆینباخ بەتایبەتی ئەستوورەکان و پێڵاوی چەرمی ڕەشی بەقەیتان بوو. بەرپرسەکەیان، ڕۆژێکیان کۆچەر، یەکێك بوو لە ئەندامەکانی گرووپەکە و لەناو مۆڵەتی دامەزراندنی سەنتەرەکەش سێیەم ناو بوو، ڕادەسپێرێت سەرژمێری و توێژینەوەی مەیدانی ورد، بەتەلەفۆن و سەردان و لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو خێزانە کوردانە بکات، ئەوانەی لە شارەکانی باشووری عیراق، هەتا ئێستا ماونەتەوە، شارەکانی سەر ڕووباری دیجلە و فورات بێجگە لە بەغدا، تا داتایەکیان لەسەر بوونی چەند خێزانی کورد لەو شارانەدا هەبێت (دیارە بەخۆرایی ئەو توێژینەوەیان نەدەکرد). بپرسن و بزانن ئەوانە بۆ لەوێ ماونەتەوە، بەرنامەی ژیانیان چییە، کەی و لەبەر چی کاتی خۆی ڕۆیشتوون! ئەوانە دەگەڕێنەوە، یان نا!؟ ئەگەر وتیان دەگەڕێینەوە، بەڵام قەرەبوومان دەوێت، داوا بکەن ژیانیان دابین بکەن،

چییان بۆ دەکەن! دەتوانن مناڵەکانیان رازی بکەن، بووکە عارەبەکانیان، زاواکانیان لەگەڵ خۆیان دەگێڕنەوە یان نا؟ پرسیار و رامانی زۆریان دەهاتە پێش و پرسیاری زۆریش چاوەڕوانی وەڵام بوو.
کۆچەر و تۆڕێك لە کوڕانی عەرەبیزان، لەوانەی دۆستایەتی باشیان لەگەڵ ئەندام و بەرپرسانی حزبە ئیسلامییە شیعەکان و ژوورنالیستە گەنجەکان، کوڕ و کیژە عەرەبەکان، لەناو حزب و گرووپە چەکدارەکانیان (من ناڵێم میلیشیا) باش و زۆر گەرم هەبوو. لەوانەی خوێندنی شەریعە و زمانی عەرەبییان بەنادڵی تەواو کردبوو، لە قاهیرە و خەرتووم و بەیروت ژیابوون، سەنتەرەکە ئەوانە رادەسپێرن ئەو کارە بکەن.
پاش چەندین کۆبونەوە، لەبەر ئەوەی بارەگایان نەبوو. سەنتەرەکە و ئەندام و سەرۆکەکەیان کۆبونەوەکانیان لەبەر چەتری بەرینی ئاسمان و میوانداری سارد و گەرم، وەستان و رێپێوانی سەرپێی، بە تەلەفۆن، لەناو ئۆتومبێل، کافتریاکانی دەڤەرە دوور و لاچەپەکانی شارەکە دەکرد.
بۆ جێبەجێکردن و پیادەکردنی بەرنامەکانیان، دەبوایە ئیش بۆ ئەوە بکەن ناسنامەی گونجاو، بە ناو و نازناوی نوێ، کە هەڕەشەی گرتن و کوشتنیان لەسەر کەم بکەنەوە دروست بکەن. ئەندامانی گرووپەکە دەکەونە کار و چالاکی، دەست دەکەن بە گەڕان لە ناوەکان، دەپرسن، تەلەفۆنی زۆر دەکەن، سەردانی دەزگا پەیوەندیدار و نوێنەری حزبە کوردستانییەکانی بەغدا و شارەکانی تر دەکەن. بەجۆشەوە قسە لەگەڵ ئەو عەرەبانە دەکەن کە:
لە هەولێر و شارەکانی کوردستان دەژین. ئەوانەی دووکانداری دەکەن. ئەوانەی بەکرێی کەم کرێکاری دەکەن. ئاوارەکانی لەترسی شەڕە بەردەوامەکان و کۆمەڵکوژییەکانی شەڕەکانی مەزهەبی ناوچەکانی ئاوێتە بە شیعە و سونە رایانکردووە. سونەکان رایانکردووە و هاتونەتە: شارەکان، شارۆچکەکان، زانکۆکان، گوندەکان، بوونەتە:
پاسەوانی ئەو کارگانەی نیوەیان بەرهەمیان هەیە، نیوەکەی تریان وەستاون و دەرگا گەورە و بڵندەکانیان داخراون، لەناو شوورە و سنوورە بەرینەکەیان، چەند داری لاری پەرەتەوازەی تێدایە، بە خۆڵ و دووکەڵی ماشینەکان، وەك کاڵاوێکی بەتەمەنی زۆر لەسەرکراو بۆز و بۆر بوون. ئەوانەی بوونەتە دەرگاوانی ماڵە گەورەکان، ئەو خانووانەی لەبەر دەرگاوانەکە نەبێت، هەفتانە تەنها بەیانی رۆژانی هەینی، چرایەك، فانووسێك، ئاگردانێکی لێ ناکرێتەوە. عەرەبەکان، ئەوانەی بوونەتە باخچەچی و رەڤانی رەزەکان.

ئەوانەی بە ئاوی بیری زۆر قووڵ و بێ بن، باخچە و ڕەز و پارچە زەوی بچووکیان دابڕیوە ئاودەدەن، تەنها بۆ خەمی جۆگە و وردەبەردەکانی کەنارەکان ئاویان دەدەن. ئەوانە، ئەندامانی گرووپەکە بۆ ڕاپەراندنی کارەکەیان، بۆ دۆزینەوەی کورد و خێزانەکانی لەسەر کەنارەکانی رووباری دیجلە و فورات، زۆر عەرەبی ناسراو دەدوێنن. لە لاپەڕەکانی فەیسبوك زۆر فرێندی نوێ دەدۆزنەوە. قسە لەگەڵ ئەو خێزانانە دەکەن، ماوەیەك لە باشوور ژیاون، چەند پیرەمێردێك و کەسانی بەتەمەن دەدۆزنەوە و لێیان دەپرسن:

تکایە کەس دەناسن، دەزانن لەکام شار و گوندی ئەو باشوورە، کورد و خێزانی دابڕاو مابێت!؟ دەزانن خزم و ناسیار و زاوا و کەسێکی عەشیرەتەکەتان لەوێ مابێتەوە؟ ئەوانەی سەردەمی پێش یازدەی ئازار، کاتی پاشایەتی. ئەو شیوعی و پارتییانەی دووردەخرانەوە. ئەوانەی بەناچاری لە شارەکان دادەنران، بەمەرجێك ڕۆژانە لەگەڵ دەستپێکی دەوامی مەئمورەکەی مال و کاتبەکەی زەریبە و سیدارە ڕەشە کۆنەکەی و ژماردنی زیندانییەکان سەردانی مەخفەرەکان بکەن، ناوی خۆیان لە دەفتەرە شڕەکەی لای مەئمور مەرکەزەکە بنووسن، بێ پرس و مۆڵەتیش دوورنەکەونەوە و نەگەڕێنەوە، نەچنەوە شارەکانیان بۆ مردووەکانیان با عەزیز و گەنج و جوانەمەرگیش بێت، پرسە نەکەن، بۆ شایی و خۆشییەکان نەگەڕێنەوە، وەك بەردی وڵاتی خۆتان، وەك دارخورمای ناو بیستانەکان لێرە بچەقن و نەجولێنەوە، سواری ئوتومبێل و قەتار نەبن، دوورنەکەونەوە، بەردەوام سلاو و هاموشۆ و دۆستایەتی لەگەڵ سێبەر و کلاوی سەرتان و خەونەکانت بکەن و تەواو.

*****

## پرسیارکردن

کۆڵان بەکۆڵان، بەشەو و بەرۆژ ئەندامانی گرووپەکە دەپرسن: کەس لەوانە ناناسن! لەسەر ڕێگا گشتییەکانی نێوان بەغدا بەسرا کەبابخانە، چێشتخانەکی گەورە و پان و درێژیان لەبەر تۆزی ئوتومبێل و زیل و جێبە سەربازییەکان دانابوو، پێشەکانیان بە قامیش و حەسیر بۆ ڕاگرتنی باهۆز و گەردەلوولی بیابان و هاتوچۆکە گرتبوو، بەدرێژایی ڕووی حەسیرەکان

و بڵندی قامیشەکان نووسیبویان: کەباب و تەشریبی کاکە مەجید، یان کەباب و لبن ئەربیل!
کەس لەوانە ناناسن، لەو شارانە نەگەڕابنەوە، گەراجی گەورە گەورەی گێچ و بلانسیان دانابوو، ئەوانەی فیتەری تویوتا و لۆری و پیکەبەکانیان بوون.
ئەوانەی رووونگۆڕ و پەنجەرچی و تەنەکەچی و لەحیمچی و . بوون.
کەس ناناسن، لەوێ ژنی هێنابێت، لەدەوری ماڵە خەزوورانی گیرسابێتەوە، لەناو خانووێکی بەکەرپووچ، وەك کوکوختی بژیت. ژنێك ناناسن، لەوێ شووی کردبێت و مێردەکەی لە شەڕە گەرم و خوێناوییەکان کوژرابێت، ئێستاش لەگەڵ گەرمەی شەڕەکان، دوورکەوتنەوەی ئاشتی و کەمبوونی مووچەی خانەنشینەکەی بەکەساسی و داماوی، لەگەڵ خەم و مناڵی لاسار و کیژی چاوڕەش و دڵڕەقی خزمەکانی نەمردبێت، ئەو ژنە داماوە وەك داو و لقە تیژە وشکەکانی حوشترالوك بە با و بوران بهەژێت.
ئەندامانی سەنتەرەکە دەپرسن و ماندوو نابن، ئیشەکەیان خۆبەخشانەش بوو، بە ئوتومبێل و کارتی تەلەفۆن و ئەنتەرنێت و خەم و چاوی خۆیان ئیشەکانیان دەکرد! سەنتەرەکە هانی کارمەندەکان دەدات، کارمەندەکان خۆیان سەنتەرەکە بوون، هەر خۆیان بەڕێوەبەر و چاودێریش بوون، بە هەموو شێوەیەك کار دەکەن ئەو خێزانانە بدۆزنەوە و سەردانیان بکەن و ناونووسیان بکەن! خێزانێك بدۆزنەوە، پیاوەکەیان لە سەرەتای شەڕەکانی قادسیە، سەربازێکی مەوالیدی ١٩٥٥، فەرمانبەرێکی دائیرەی کارەبا بوو، بەردەوام سێ قەڵەم جافی لە گیرفانی بچووکی چاکێتەکەی دادەنا، کەسیش رۆژێك داوێکی سپی لە سمێڵی نەبینی، نازانن خۆی و قەڵەم جافەکانی چییان بەسەرهات و لەکوێ گیرسایەوە؟
دەیانەوێ پیاوێك، وەستایەکی دەسترەنگینی سووره بدۆزنەوە، گەراجی گێچ و بلانسی لەسەر رێگا دەولییەکەی ناسریە بەسرا هەبووبێت، ژنەکەی لە هەولێرەوە هەڕەشەی گەڕانەوەی لێ کردبێت:
شاگردەکانی وەستاکە گوتوویانە: ئێمە لە ژنەکەی گوێمان لێ ببوو دەیووت: مێردەکەم لەوێ ژنی هێناوە، بەس بگەڕێتەوە، بە دەستی خۆم وەك مریشك سەری هەڵدەقەنێنم.
پیاوەکەش نەگەڕایەوە و گەفی ژنەکەی بەهەند وەرگرتبوو، ئەو لەوێ رۆژانە سێ (پاکیت کنتی سپی باریکی سووکی) دەکێشا، بە دشداشە حەریرە شلە شیرییە نەرمەکەی، لەسەر شاگردەکانی دەسوڕایەوە، شەوانیش بۆ دیوەخانە گەورەکانی ناو عەشیرەتەکان تۆزی بە میسوبیشییەکەی دەکرد،

سوێندیان دەخوارد، شێخەکانیش دەیانزانی، وەستاکە پارەی ئەوەندە زۆر بوو، لە کوێت داوای کردبوو بزمارە سەر گەورەکانی نەعلەکەی بە زێڕ بۆ بکەن، هەموو بە نەعلە زێڕەکەی دەیانناسی، وەستا نەعل زێڕەکە چەند ساڵ بوو نەگەڕابووە، بە شاگردە خزمەکانی پارەی بۆ ژنەکەی و چوار کیژە ناسکەکانی دەناردەوە، کە بەناوی دەرگاکانی بەهەشت ناونرابوون، وەستا سوورە گووپ خڕەکە دەیووت:

هەر چەند شەوانە، رۆژانە خراپەش بکەم، یەکێك لەو کچانەم دەرگای بەهەشتم لێ دەکەنەوە.

پاش راپەرینیش خزمەکانی هەموو دەگەڕێنەوە، کەسیان لەوێ نامینێت، کوردە ئیرانییەکانی ئوردوگاکانی ناو بیابانەکەش لێی دەڕەونەوە و دەڕۆن و بەتەنها دەمینێتەوە! دەبێ ئەو پیاوە بدۆزنەوە! ئەگەر ژنەکەی خۆی نەچووبێت، لەوێ سەری هەڵنەکەندبێت، ئەگەرنا گرووپەکەی کۆچەر هەر دەیدۆزنەوە!

*****

## ناوێکی کوردی

کۆچەر بەڕێکەوت، پاش مانەوەی چەند هەفتە و مانگێك، پاش زۆرترین پەرۆشی و پرسین، ناوی سەر تابلۆیەکی ناو وایەرە زۆرەکانی تەلەفۆن و کارەبا و پەتی بەستانی تابلۆی زۆری دکتۆر و پارێزەر و کۆمپانیا و تاقیگەکان، ناوی پارێزەرەکەی پەرۆشی دۆزینەوەی بوو، دەدۆزێتەوە:

(سیروان یاسین شێخە)، پارێزەرێکی راوێژکاری ناسراو.

ئەو لە شاری دیوانیە کار دەکات، پیاوە سەرسپییەکە، بەڵام چالاك و ئاگادار، بۆی رووندەبێتەوە و دەزانێت، ئەو پارێزەرە، لە دایك و باوکێکی کوردی ئەو شارە و دانیشتووی گەڕەکی تەیراوە بووە. تەیراوە ئەو بەشەی خانووەکانیان قووڕ بوون، دیوارەکانی نەوی بوون. ئەو ریزە خانووەی، ئەو خێزانانەی بە دوو سێ ماڵ و زۆرتریش، دوو گلۆپی کارەبا و یەك بەلوعەی ئاویان هەبوو. کە گەرووی بەلوعە زەردە مسە بەماکە لووت درێژە سیلاکەکە، لەناکاو دەکرایەوە، وەك لووتێکی سەرمابردوو، شەختەبردوو، لەبەر ئەوەی باش و توند نەدەگیرایەوە، بە پارچە پەڕۆکێکی شین و کەسك و رزیو دەمەکەی توند دەبەسترایەوە، کە پەڕۆکەکە تەڕ دەبوو، کە دڵۆپێکی ئاوی

بیرەکەی ناو قوتابخانەکەی مەولەوی، دەگەیشتە لوولەکە، پەڕۆکەکەی تەڕ دەکرد، خەڵکەکە دەیانزانی: پیاوەکەی سەر بیرەکە، پاسەوانی موزەخەکە، کارەبای داوەتە بیری ناو حەوشە گەورەکەی، دەکرا بکرێتە گۆڕەپانێکی گەورەی سازی (فوتبۆل و باسکە و غاردان و سەیران)یش، بەڵام حەوشەکە قامیشەڵانێ و زەمەند و دەوەنێکی چڕ بوو، لەسەر حەسیرەکە و لەبن قامیشەکان هەڵساوە، کەسی لەدیار نییە و بەردی دامەکەی لە دوو گۆشەی دارداماکە، بە دوو رەنگی سپی و رەشی کۆکردیتەوە. وردەبەردی داماکە، خەوتوون، گەمە ناکەن، هەردوولا، هەردوو تیمە پیرەکە وتویانە بەسە گەمە، کاتی ئیشکردن و ئاودان و تەڕکردنی روومەت و بسمیلکردن و (کۆڕ) و سەرشووشتنە، هەڵسا! ئاو و کارەباکە بدەرە تەیراوە. بەردەکان لە دوو گۆشەی بەرامبەر یەك، پاش دانوستان و هیلاکبوون و شەڕەبەرد و شەڕەقسە کۆبونەتەوە، سەریان بەیەکەوەناوە، رەشەکان لە بەرەیەك و سپییەکان بەیەکەوە بوونەتە قوچەك، بوونەتە دەستێکی قوچاو، پینەیەکی سەر ران و جەمەدانییەکی لوولدراو و کیسەیەکی توتن و دوو جووتە کاڵاشی سواری هەڵتۆقیوو!
بەلوعەکە، پاش فشەفش و هەناسەیەکی درێژ و کۆخەیەکی تەپیوو، دوو سێ کۆخەی سووکیش، چۆڕە ئاوێك، فرمێسکە ئاوێك، ئاوێکی ساردی لێ دەهاتەخوارەوە، گەڕەك و ماڵەکان، دەست و پێیەکان، کەرەستە و ئامانەکان، هەموو کۆدەبونەوە و دەکەوتنەخۆ و تەنگاو دەبوون: سەتڵە خوارە تەنەکەکەی بەردەمی تەواو پڕ نەدەبوو، کە مەسینەی نوێژێکی دواکەوتوو، زۆریش نا، بەڵام لەگەڵ بانگدان نەکرابوو، بە هەڵبەزهەڵبەزەوە دەگەیشتە بەر ئاوەکە، لەبەر تەنگاوی و ترسی لە ئاگری گەرمی جەهەنەم، هەر حەوت تەبەقەکەی، بەپەلە و بێ شەرم و چاوەڕوانی پڕبوونی سەتڵەکەی (سەرشان و دانان و بەکارهێنان و زۆری دەستەکان و بەقەرز وەرگرتنی جیران) شەکەت و شل و سەخڵەتی کردبوو، مەسینە دەمە گەچراوەکەی، باش و توند دەگەیاندە شێرەی ئاوەکە، نەوەك! برژێت و ئاوەکە بگاتە بەر جۆگەلەی ناو دەرگاکەی دەرەوە. تەشتێك، پەیام و هاوار و نوزانەوەی بسمیلکردنی، دوێنێ ئێوارەی زۆر پیس و ئاوەگری بە ئاوی لینجی شیریی پتك پتکی مەیووی وشك و تەڕ، دەهاتە بەر بەلوعەکە، یەکسەر و هەموو دەیانزانی بە هاتن و نوزانەوە و نیشانەکانی تەشتەکە، تەنگاوبوون بۆ مستەئاوێکی خۆپاکردنەوە، گوڕاحی بەلوعە درێژە رەپەکە دەکرایەوە. بۆ ئەو بسمیلکردنە، ئەویش باسکی درێژ بوو، دەیویست بسمیلکردنی

جەستە رووتەکە، شیلە شیرییەکەی بۆنی دەهات، بگاتە بەر بەلوعەکە، یان شێرەی بەلوعەکە بۆی درێژببێتەوە، بگاتە سەرشۆرە تاریکەکەی ناو گۆشە چیمەنتۆکراوەکەی بەردەرگاکە.

*****

دایك و باوکی پارێزەرەکەی دیوانیە، هەردووکیان لەو بەشەی ئەو گەڕەکە هاتوونەتە دونیا، ئەویش چاوی بۆ رووباری فورات و دارخورما و شینی حەسەن و حوسێن لەو عەرەبستانە کردیتەوە. پارێزەرەکە ناوەکەی دیارە کە کوردە و خەڵکی هەولێرە، لە قەزایێکی سەر بە لیوای دیوانیە مەزن بووە، خوێندنی یاسای لە زانکۆی بەسرا تەواوکردووە. لە ماوەیەکی کەمتر لە یەك مانگ، کۆچەر، ئەوەی لە خەرتووم خوێندنی زمانی عەرەبی تەواو کردبوو، تێزەکەی بەناوی (ئاستی داهێنان لە شیعرە عەرەبییەکانی شاعیرە کوردەکان) پێشکەش دەکات، بە پلەی باش بڕوانامەی ماجستێر بە ماوەیەکی کورت و سەرکەوتنانە تەواو دەکات، دەگاتە کن پارێزەرەکەی شاری دیوانیە. ئەو شارەی لە هەموو شارەکانی تری باشوور، ئارامترە و کەم ناوی لە رۆژەڤە توندکارەکانی هاتووە، بۆیەش رەنگە زۆریش ئاوەدان کرابێتەوە، دەستی زوڵمی لە گەردەن هەڵگیرابێت و هەناسەی ئازادی هەڵکێشابێت. لەوێش، لە قەزاکە، یاسینی باوکی و پەروینی دایکی دەبینێت:

پیاوە پیرەکە، ئەوەی لە رەنگ و دەنگ و برۆ ڕەشەکانییەوە لەدوورەوە دیار بوو کوردە! ئەگەرچی ئەو نزیکەی پەنجا ساڵە لەو شارە دەژیت، ئەبو سیروان، کاکە یاسینی نانەوا، بوویتە ناوێکی دیاری شارەکە، هێشتا رەنگ و بۆنی کوردەواری پێوە مابوو، زۆرتر لە بیست ساڵ، هەتا دەبێتە خاوەن فرنە ئۆتۆماتیکیەکەی شارەکە، هەر بەدیار تەندوور و ئاگر و برژاندنی نانەوە دەبێت. ئەو نزیکەی پەنجا ساڵ بوو، لەو شارە دەژیت و کار دەکات و دەناسرێت، دوو پشتە لەوێیە، دوو شەڕی گەورە لە وڵاتەکە و لە ناوچەکە هەڵگیرسا و عیراقی تێدا شکا و خەڵکی زۆری تێدا کوژرا، ئەو هەر لەو شارە دەژیت و کاسبی دەکات. لەو ماوەیە درێژەی چەندین گۆڕان و حکومەت و شەڕ وماڵوێرانیش رووەدات، ئەو دوو جار بۆ ماوەیەکی کەم و بۆ چەند رۆژێك، بەڵام نەیووت چەند رۆژ لەوێ ماوەتەوە، قسەکەی پشتراست و بەدرۆشی نەخستەوە، باسی نەکرد و نەیووت سەردانەکانی

چەند سەعاتێکیش بوو، گەڕاوەتەوە، تەنها دووجار، بەڵام ئەوەش روون و ئاشکرا نییە، چونکە پیاوە نانەوانەکە بەوردی و بەئارەزوو باسی دوو سەفەرەکەی نەکرد.
کۆچەر بە چەندین پرسیار و بە بیرهێنانەوە و بە مەبەست، لێی دەپرسێت:
باشە ئەبو سیروان، بۆچی تۆ و پەروین خان نەگەڕانەوە!؟
ئەگەرچی باش سەریشی بڵند نەکردبوو، بەڵام دیار بوو، سەیری پەروینی ژنی دەکات، بەڵام وەڵامی نەدایەوە.
کۆچەر ئەو جارە ویستبووی ژنەکە بدوێنێت:
دادە پەروین، لەو ساڵانەی لەو شارە بوون، دوو سەفەرتان بۆ هەولێر کردەوە، بەیەکەوە گەڕانەوە، چەند رۆژ مانەوە؟
دادە پەروین کەوایەکی رەشی بەسیمی لەبەردابوو، خەناوکەی زێڕ و زیو و ئاوێتە بەمێخەکی لەمل بوو، ئەویش وەڵامی پرسیارەکەی نەدایەوە. کە سەیری کۆچەریش دەکات، بە چاوەکانی پێی دەڵێت:
من نەگەڕاومەتەوە! لەوەتی دەرچووین نەگەڕاینەوە!

*****

## لەناو جامچییەکان

کۆچەر، ئەگەرچی بەپەرۆشەوە چاوەڕوانی وەڵامی ژنە قەڵەوەکەی دەکرد، ئەوەی چەند نەخۆشی درێژخایەنی، لە جەستە، لە هەناودا کۆکردبووەوە، لەسەر کورسییەکەی نزیك دەرگاکەی درزێکی بۆ هەواگۆڕین کرابووە خۆی چەقاندبوو. پیاوەکەی زوو زوو چاویلەکەی لەچاو دەکردەوە و لە گیرفانی قەمیسە سپییەکەی دادەناوە و دووبارە لە چاوی دەکردەوە. چاوی لەسەر وێنەیەکی کۆنی (کیژی کافرۆش)بوو، وێنەکە، نەك کیژەکە! لەناو جامێکی چەسپکراو بە شریتێکی بۆری کاغەز، چاوی کیژەکەی ناو وێنەکەی چەند ساڵ و چەند هاوین، لەگەڵ هەزارەها گەرمی هاوین و هاڵاوی فورات و سووتانی خورما، لەبەر بای پانکەکە نەرم نەرم هەژاوە و بە دیوارەکە کەوتووە و راست بوویتەوە، دوو چاوی رەشی، بەڵام گەش پرشنگیان دەدا. قژە ئاڵۆزە رەشەکەی، ئاکاری، وێنەکەی لە ناز و شانازییەوە تژی کردبوو.

کە دەزانێت وەڵامی پرسیاری گەڕانەوەیان نابیستێت، کۆچەر دەزانێت، وێنەکە لەکاتی گەڕانەوەی ماڵە کوردەکان، پاش دەرچوونی بەیانی یازدەی ئازار، ئەو وێنەشیان لەگەڵ چەند کەلوپەلی باش و رزیو و شکاو و گەورە بۆ دەمینێتەوە. وێنەکە، کیژەکەی کافرۆش حەمە شەریف لە یەکێك لە سەفەرەکانی پاش هاتنی منالەکانی، لەناو دارتاشەکانی قەیسەری هەولێر و نزیك بۆنی کەباب و تورشییەکەی یاسین دەکرێت، (ئەوەی رۆژانە باوەشینی بۆ دەکردن و رەژووی گەش دەکردەوە) وتبووی:
من ئێواران تەنەکەیەك پارەی وردەیان بۆ دەبەمەوە ماڵەوە. کە وێنەی کیژەکە سەرسامی دەکات بێ مامەلەکردن دەیکرێت، لەلای جامچییەکان لە شووشەی دەگرێت. لەو سەفەرە رەئیس عورفا حەمە شەریف (لە لیستەکان، لەناو مەخفەر و خەڵکی قەزاکە ناوی موحمەد شەریف موحمەد بوو، ئەو دوو موحەمەدە کێشەی زۆری بۆ دروست دەکرد، کەم کەس دەیانزانی ناوەکەی خۆی دوو ناوە، موحمەد ناوی باوکیەتی نەك باپیری)، هێشتا هیچ خەتی نوێی لە قەزاکەی سەر رووباری فورات وەرنەگرتبوو، هەر پۆلیسە یەك خەتەکە بوو، لەو سەفەرە کە بۆ گواستنەوەی بڕوانامەی منالەکانی دەگەڕێتەوە، سێ منالەکەی، هەرسێکیان لە قۆناخی سەرەتایی بوون، دوو کیژ و کوڕێك، وێنەکە: لەگەڵ دوو کیلۆ تووتنی ورد، لەگەڵ دوو پارچە قوماشی ئیرانی، بەرگە بالیفێك، دوو سێ کیسە خەنە و ساوەر و سماق و داندۆك و . دەهێنێت.
وێنەکە بە داوێکی لوولدراوی رەنگ شین، بە بزمارێکی درێژی سەر گەورە، لە دیوارەکە توند توند لە ناوەندی ژوورەکە و بەرامبەر دەرگای هاتنە ژوورەوە دەکوتێت، دەیویست رۆژانە، شەوانەش ئەگەر چراکە رووناهی هەبێت، یەکسەر چاو و جۆخینی قژ و کانی روومەتی کیژە کافرۆشەکە ببینێت. کە دەگەڕێنەوە، وێنەکە بۆ ژن و مێردەکە جێدەهێڵێت. ماوەیەکی زۆر، پاش چەندین رووداوی خۆش و ناخۆشی کوردستان و هەولێر، تاکە هیوای سۆز و مانەوەیان بە تەیراوە، هەردووکیان سەیری وێنەکەی ناو جامە تەڵخە چەسپکراو بە شریتە بۆرەکە دەکەن، دڵیان پێی خۆش دەبێت. لەبەر چیرۆکی وێنەکە و شریتە بۆرەکەی کە نزیکەی زۆرتر لە پەنجا ساڵ بوو، بەو جامە چەسپ ببوو، وەرگرتنەوەی وەڵامەکەی لەبیردەچێتەوە، ئەگەر چاوەڕوانیش بوایە هیچ وەڵامێکی لە دادە پەروین دەست نەدەکەوت، لەبەر هیچ نا، لەبەر ئەوەی تاقەتی نەبوو، هەموو گیانی ئازار و نەخۆشی بوو، ناڵەناڵی دەگەیشتە ژوورەکانی سەرەوەی ماڵەکەیان، هەندێجاریش

برینە کۆن و نوێیەکان بەیەکەوە دەکەوتنە ژان، برینەکانی سەردەمی گەنجی، کە عاشق دەبێت، کە چاوەڕوانی نانی گەرمی دڵدارەکەی دەکرد، کە دایکی بۆ کوڕەکەی دەگریا، برینەکانی ئەودەمانەی بەژانتر بوون، لە دەرد و نەشتەرگەریی و پارێزەکانی، پیری و تێکەڵبوونی حەبە ورد و پەمبە و سوور و باریك و گەورەکانی، ناو قوودیە پلاستیکییە سپی و پەمبەکان.
دادە پەروین ژانە کۆنەکانی قوورس بوون، زۆر دکتۆر و هەتوانی نوێ و گران تاقی دەکاتەوە و چارەسەری نادۆزێتەوە، نەدۆزرایەوە و نەزانرا، بەردەوامیش برینەکەی دەکولێتەوە! بەر لەویش دڵی دایکیشی خستبووە ژان، پیرەژنەکەی دایکیشی هەر بەو دەردەوە مرد! بەڵام ئەو، یاسین دەستی گرت و نانی گەرمی بۆ دەهێنێتە بەردەرگا شڕەکەیان و نەیهێشت بمرێت.

*****

## بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی

کۆچەر لە یەکەم دیمانەیان، ئاگاداری کەناڵە ئاسمانییەکەی نەکردبووەوە، لەگەڵ دەرهێنەرەکە، هیچ جۆرە قسەیەکی نەکردبوو. بێ ئەوەی پێشتر کاتی دیمانەکەی بۆ دیاربکەن، دەچێتە ئۆفیسی کەناڵەکە، بەڕێوەبەری کەناڵە ئاسمانییەکە، کە دوو سێ ڕۆژ بوو لە سەردانی مناڵەکانی لە ئەوروپا گەڕابووەوە. لە ژوورە گەورەکەی، لەدیار کۆمپیوتەرەکەی دانیشتبوو، شانسی هەبوو کە دەچێتە ژوورەکەی بە تەلەفۆن قسەی نەدەکرد، بە دیتنی ئەو هەڵدەستێتەوە، بەگەرمی پێشوازی دەکات، دەستە بەتووکە قەڵەوەکەی لەسەر پاکێتە جگەرە لایتە سپییەکەی لەسەر مێزەکە دانابوو هەڵدەگرێت، لەبەرئەوەی لە ژوورەکەی جگەرەی نەدەکێشا و دووکەڵی بەبا نەدەکرد، بۆیە کۆچەر بۆنی دووکەڵ لە ژوورەکەی ناکات.
ئەو تازە هاتبووەوە، لەسەر ئیشکردن و دیمانەکانی گەرم بوو. ئەو جۆرە بەرنامانەی لەو سێ دەیە ساڵەی، لە چەندین وڵات و شار و گوند و خوێندنگا و بەشی ناوخۆیی و کەمپەکان ژیا بوو، لە تەلەفزیۆن و ئامرازەکانی تری میدیایی دیبوو. ئەو زۆری دیبوو، چەند ساڵ میدیای خوێندبوو، بۆ ئەوەش پەرۆش بوو، ڕۆژێك ببێتە دەرهێنەرێکی تەلەفزیۆنی، سیناریۆنووسێك، کوردیش تەلەفزیۆن و دەزگای میدیای پرۆفیشناڵی هەبێت. ئەوانیش بەرنامەی کۆمەڵایەتی ناوازەی نوێ ساز بکەن. بە هزر و لێزانی ئەوانەوە

بەرنامەکانی تەلەفزیۆن هەر ئەوەندە نەبێت:
سەرەتا بە دوو ئایەتی کورتی قورئان، بەرنامەی منالاَن دەست پێ بکات، دواییش کورتەی هەواڵەکان و پاش پشوویێك لە بەرنامەی هەمەڕەنگ و لێکدانەوە و سەردێری رۆژنامەکان، دووبارە بگەڕێنەوە سەر درێژەی هەواڵەکان و ئینجا بێتە سەر گۆرانی داواکراو، پاش لێدانەوەی چەندین گۆرانی کۆن و کلیپی سادە، دووبارە بگەڕێنەوە سەر کورتەی هەواڵەکان، بە کوردی و عەرەبی و پاش دووبارەکردنەوەی چەند گۆرانییەکی تر و بەرنامەکان تەواو بێت و کەناڵەکە دابخرێت. ناخوازێت تەلەفزیۆنەکەی ئەو تێیدا بەڕێوەبەرە وا بێت، دەیەوێ گۆرانی زۆر لە جۆر و کات و ماوە و چۆنایەتی بەرنامەکان بکات، بەرنامەی زۆر نوێ ساز بکرێت و پیادە بکرێن. بۆچوونەکانی ئەو جوان و گونجاو بوون، بەلاَم چەند بۆی ساز دەبوو، چی بۆ دەچووەسەر و دەیتوانی بیکات، ئەوەیان کێشە و خەمی گەورەی ئەو بوو.
بەڕێوەبەرەکە حەزی دەکرد و پەرۆش بوو، بەرنامەی نوێ و مەیدانییان هەبێت، پەیامنێرەکان بگەڕێن، نووسەرەکان خۆیان ماندوو بکەن، کامیرامانەکان شانیان بەدیار وێنەگرتنەوە ماندوو بێت، ژن و منالیش قسە بکەن، دڵی خۆیان بۆ چاو و دیدی میدیا بکەنەوە، قسەی شاراوە ئاشکرا بکەن. پەیڤە شاراوەکان بزاندرێن تامیان خۆشتر دەبێت، بەرنامەکان نوێ بن و بینەرەکان نەزانن وەلاَمی پرسیارەکان چییە.
بەڕێوەبەرەکە، دەرهێنەر و بودجەیەك بۆ بەرنامەکەی کۆچەر، گەڕان بەدوای فاملیە کوردەکانی لە باشوور ماونەتەوە دادەنێت. کۆچەر و دەرهێنەرێکی کەناڵەکە لەسەر ئەوە رێکدەکەون، سەرەتا، یان دواییش هیچ وێنەگر و کامیراش لەگەڵ خۆیان بۆ ئەو رێگایە دوورە نەبەن، لەوێ بۆ تۆمارکردنی بەرنامەکە، پاش ئەوەی چەند دانیشتن لەگەڵ ئەو خێزانە کوردانە دەکەن، کە دەگەنە سەرەداو و پوختەی بەرنامەکە، لە بازاڕ، یان لەناو سەنتەرێکی میدیایی لە ئەکادیمیایەکی هونەری، لە تەلەفزیۆنەکانی شارەکە، ئەوانەی نیوەی زیاتری بەرنامەکانیان ئاینی و ستایشی دوازدە ئیمامەکانی خۆیانە. ئەوان لەکن ئەوانە دەتوانن بە پارە، یان بە ناسین و هاوکاری ستافێکی تۆمارکردن و وێنەگرتن وەربگرن.
بەر لەوەی کۆچەر و دەرهێنەرەکە بەڕێبکەون، هەر لە بەغدا بەرێنمایی و راسپاردەی کوردە دەسەلاَتدارەکانی ناو بەغدا، بەرپرسە عارەبەکانی حزبە ئیسلامییە شیعەکان دەناسن، لەبەر چاوی ئەوان و بەئامادەیی خۆیان پێیان دەڵێن:

ئەوانە دەچنە دیوانیە، دەچنە قەزاکانی سەر رووباری فورات، بەرنامەی جڤاتی و کۆمەڵایەتییان هەیە، پێویستیان بە کۆمەك و یارمەتی و پاسەوانی و چاودێری ئێوە دەبێت. دەمانەوێ رێنمایی و یارمەتییان بدەن!
کۆچەر دەیتوانی بە زمانی شیعەکان قسە بکات، شارەزاییەکی زۆری ئاینی و مەزهەبی و عەرەبی هەبوو، بەڵام گەنجە دەرهێنەرەکە تەنها چەند رستەیەکی لە زمانی عەرەبی دەزانی و بەس، ئەو بە چاو و بە کامیرا و جەستە ئیشی دەکرد، زۆر پێویستی بە دەق و ئاخاوتن نەبوو، زمانی جەستەش شارەزایەکی زۆری دەوێت و هونەرمەندان تازە فێری ئەو هونەرە بوون.
دوو جانتای بچووك و هەندێ کەلوپەلی سادە هەڵدەگرن و دەچنە گەراجی بەغدا، شوفێرێك، پیاوێکی سەر ماشوبرنجی لووس، شوێنی ددانی شانەکەی بەقژییەوە مابوو، بێ ئەوەی ئەوان قسە بکەن و لە سەلامەتی رێگا و سەیتەرەکان بپرسن، پیاوەکە ئەگەرچی باش رووی لەوانیش نەبوو:
خەمتان نەبێت، رۆحتان لەناو دەستی من دەبێت، من دەتانبەم و دەتانهێنمەوە، سێ سەعاتی تر لە مەیدانی نەهزە دادەبەزن، لەوێش رادەستی سائیقی ناسیاری تاکسی ئەمینتان دەکەم، خەمی هیچتان نەبێت! ژمارەی تەلەفۆنی منتان لەلایە، لەکوێ و چیتان ویست من بەچاوان، لە خزمەتاندام!

*****

## یەکەم میوانی کورد

بە کوردییەکی جوان، بێ ئەوەی یەك وشەی عەرەبی ئەو زمانەی نزیکەی پەنجا ساڵە، تەنها لەگەڵ ژنەکەی قسەی پێ کردبوو، بەخێرهاتنی کۆچەری میوانی دەکات. سەرەتا و لەودەمەی دەیبینێت، رووبەڕوو بەرامبەری و لە ماڵەکەی دادەنیشێت بیری لەوە نەدەکردەوە، ئەو پیاوە گەنجە سەرسپییە بۆچی هاتووە، بیری بۆ هیچ رامان و رازێك نەدەچوو:
ئەو پەنجا ساڵ لەگەڵ ستافی کارکەری ناو فڕنەکە. ئەوەی ئاردەکەی دەکردە هەویر، هەویرەکەی دەشێلا. ئەوەی ئەنگوتکەکانی وردورد و جوان دەبڕیەوە. ئەوەی فەردە بەتاڵەکانی هەڵدەگرت و تەشتەکانی پاك دەکردەوە. لەگەڵ خاوەنی فڕنەکەی، پیاوە رەشتاڵەکەی عەگالێکی باریکی لەسەر جەفییە سپییەکە دەبەستا، رۆژێك نەیبینی تۆزێك عەگالە باریکەکەی بەلای چەپ یان راستی سەری سووڕابێت، دوو بازنە باریکەکەی

لەیەکتری داکەلابن. چاودێرەکەی ئیعاشە، کە بەیانییان، بەڵام دیار نەبوو سەعات چەند، دەست بەدەفتەرەوە، لەناکاو دەهاتە ژوورەوە، رۆژانە هەر دەهات. نزیکەی پەنجا ساڵ لەگەڵ کڕیارەکان بەعەرەبی قسەی کردووە و بەس. ئەو پیاوەی چەند ساڵ مانگانە کرێی خانووەکەی لێ وەردەگرت. کە مناڵیشیان دەبێت، لەگەڵ بەڕێوەبەری قوتابخانەکە، مامۆستاکەیان، باخچەچی و فەڕاشەکەیان. کە وێنەی و کوڕ و کیژەکانی دەگرت و نفووسیان بۆ دەردەهێنێت. کە کوڕەکەی دەباتە لای سەرتاشەکە.
هەر بە زمانی عەرەبی قسەی کردووە. لەگەڵ تووڕەیی فورات و لاربونەوەی دارخورما و هەڵوەرینی شیلەی شیرینی خورماش، هەر بەعەرەبی و بەس بەعەرەبی قسەی کردووە و وەڵامی داوەتەوە. لەوەندە ساڵە و لەو تەمەنە درێژەدا، ئەو هەموو شتەکانی بەزمانی عەرەبی دەکڕێت و دەفرۆشێت، بەڵام تەنها بەکوردی خەونی بینووە، خەونەکانی هەولێریانە و کوردی بوون.

*****

## هەر بژی کورد و عەرەب رەمزی النضال

لەپاش بەیانی یازدەی ئازار، لەو شارە بێجگە لە پەروین ئەو لەگەڵ کەس بەزمانی کوردی قسەی نەکردووە! بەڕێکەوت، بە بەرنامەش رووبەڕووی کوردێك نەبوویتەوە، سەیری بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی بە زمانی کوردی نەکردووە، بە زمانی کوردی گوێی لە رادیۆیەك نەگرتووە! لەوەندە ساڵە زۆرە، گوێی لە وشەیەك، رستەیەك ئاوازێکی کوردی نەگرتووە، بێجگە لە گۆرانییەکەی (هەر بژی کورد و عەرەب رەمزی نیزال)ی ئەحمەد خەلیل، لەگەرمەی شادی و ئاهەنگ و هەواڵەکانی تایبەت بە بۆنە نیشتمانییەکان و یادەکانی ئازار و نەورۆز، زوو زوو و زۆریش گۆرانییەکە نیشاندەدرا، زۆریش و لەگەڵ هەواڵ و رۆژەڤە سیاسییەکان دووبارە دەکرایەوە، گۆرانییەکەی ئەحمەد خەلیل ئەوەی (لە گوندێکی سەر سنووری تورکیا، لە بنەماڵەیەکی کورد لەدایکبووە، لە شەیدایی هونەر و موزیك و ژنی رووتی سینگ سپی و لێوی سوور، بەو نیازەی نیوەیان هەر بەگۆشتەوە و بەددان بەڵام لەسەرخۆ بخوات، دەگاتە بەغدا! قۆناخ بەقۆناخ لە گوندێکی لاچەپەوە، لەناو ئاوازێکی ناسکی نزیك کانی و چاوی خونچەی پشیلەیی

باهیڤ و هەرمێ، لەوێ دەبێتە گەورە ئاوازدانەر و مامۆستای لێزانی عود و تار، بەتایبەتی بۆ ژنە سترانبێژەکان، ژنە قەڵەوەکان، ئەوانەی ئارەزوویان دەکرد رووبەری زۆری سینگیان زۆرتر رووت بێت، شل و خاو و شیرین بکرێنەوە، بەشێکی مەمکیان دەربکەون، پێبکەنن! ئەوان بۆ دەست و پەنجە بچن، نەك دەستیان بۆ بەرن. شەرمیشی نەدەکرد و گوێی بە بەڕێوەبەری ئێستگە و تیپە میللییەکەش نەدەدا و دەیووت:
ئەحمەد خەلیل سوارچاکی ئاواز و گۆرانی ئێستگە و هۆڵەکانی بەغدایە. زۆر جار وتبووی: ئاوازەکانم سەرەتا بۆ ژنە گۆرانیبێژەکانە، من دەزانم ئاواز تەنها بۆ ژنان دابنێم، ژن و دوایی پیاوەکان! بۆ (مائیدە نەزهەت) و (عەفیفە ئەسکەندەر) و (ئەحلام وەهبی) و (زکیە جۆرج) ئامادە دەکەم. سۆز ئاواز و ئەندێشە ناسکەکەی پەیوەندی بە سرووشتە سازگارە سیحراوایيەکانی بادینانەوە هەبوو، کە لە ساڵی ١٩٢٢ی زاینی تێدا لەدایکببوو، لە بەغدا و لە هەموو بوارە هونەری و موزیکەکان مامۆستا و پێشەنگ بووە، تا دەبێتە مامۆستای پەیمانگاش، لە ساڵی ١٩٥٩ و بۆ پشتیوانی شۆڕشەکەی چواردەی تەموز سروودی (هەر بژی کورد و عەرەب)ی وتووە، گۆرانییەکە لەگەڵ ئاواز و دەنگی ژنە نەرم و لێو ناسکەکە (مائیدە نەزهەت) لە ئێستگەکان دەوتەوە، ئەوەی لە تەمەنی حەفتا و پێنجی ساڵی لە دوورەوڵات لە ئوردن دەمرێت، هەواڵ و پرسە و یادەوەرییەکانی مائیدە نەزهەت، پاش مردنەکەی بریتی بوو لە هەڵواسینی لافیتەیەکی رەشی لاکێشەیی شەرمنی لاچەپی بەردەم وەزارەتی رۆشنبیری لەناوەڕاستی شەقامی حەیفای بەغدا، ئەو ژنەی لە کاروانی هونەری عیراقی پێشەنگ بووە، بەڵام ئاوارە و داماوانە دەمرێت.
لەو پەنجا ساڵە، ئەبو سیروان بێجگە لە ئاخاوتن لەگەڵ ژنەکەی، وشەی کوردی تەنها لە گۆرانی و سروودەکەی ئەحمەد خەلیل بیستبوو، ئەوەی هەموو کورد و عەرەب لە خۆشەویستی مەلا مەستەفا و پیرۆزی ئاشتی، ئەگەرچی گۆرانییەکە کۆنیش بوو، زۆریش دەگوترایەوە، دەیانوتەوە، هەر بژی! زووش لەویان دەپرسی کاکە ئەبو سیروان (هەر بژی) مانای چییە:
ئەگەر ئاشتی بەردەوام بێت، شەڕ نەبێت، حەرەس قەومی پەیدا نەبێتەوە، سۆڤیەت و ئەمریکا چەك بە بەعس نەفرۆشن...
یەکێکیان سەری بە عەگالەکەی سەری دەخورێنێت و دەڵێت:
کاکە ئەبو سیروان، هەر بژی دوو وشەیە، ئەگەر تووڕەش نەبیت تەنها یەك وشەیە، ئەو مانا درێژەی لەکوێ بوو، دیارە زمانی کوردی زۆر

**دەوڵەمەندە!**
**پیاوەکە، پەنجا ساڵ تەنها بەکوردی لەو شارە، لەسەر ئەو رووبارەی بۆ سەماکردن بە سەعفی دارخورماکان، لەو باشوورە بەرینە لەنجەی کردووە، قسەی لەگەڵ پەروینی هاوسەری کردووە و بەس، یەك کەس هەبووە کوردی بزانێت ئەویش هاوسەرەکەی بووە، پەروین. ئەویش هۆکاری ئەوە بوو، لەوێ بمینێنەوە و کەس نەدۆزنەوە و نەگەڕێنەوە. ئەویش، ژنەکە لەو تەمەنە درێژەدا تەنها لەگەڵ یاسینی هاوسەری بە کوردی قسەی کردووە.**
**ئەو لەبەر ژنەکەی نەگەڕاوەتەوە، ئەگەرچی دەڵێن دوو جار لەو ساڵانە گەڕاوەتەوە، بەڵام خۆی باسی گەڕانەوە و چەند ماوەتەوە و بۆچی سەردانی هەولێری کردوتەوە ناکات! نهێنییەکەی نەدرکاندووە، رەنگە نەگەڕابێتەوە، بەڵام دڵی بەوە خۆشکردووە و بەخەیاڵ باسی کردووە!**
**سیروان بە کۆچەری وتبوو:**
**دایکم لەگەڵ باوکم بەکوردی قسەیان کردووە، منیش دوو سێ جار لەو ساڵانەی بەرێبواری خەڵکی کوردم دیوە، بەڵام بەعەرەبی قسەمان کردووە، گوێم لە گۆرانییەکانی باوکم و دایکم، راز و ناڵەناڵەکانیان بووە، کە بەکوردی دەنوزێنەوە، بەکوردی دەگرێن، بەکوردی یەکتری ریسوا دەکەن، بەیەکەوە شوکر و حەمەدیش دەکەن، کە ماون و مناڵەکان لەو گێژاوانەدا دەربازیان دەبێت.**

*********

**ئەوان بەر لە راگەیاندنی بەیانی یازدەی ئازار، چەند ساڵێك زووتر، لە گەرمەی رۆژانی شەڕەکان و توندی ململانێیەکانی ناوخۆش، گەیشتونەتە ئەو شارۆچکەیە، یاسین لە تاکە فڕنەکەی شارەکە نانەوایی دەکات. پیاوەکە پاش دوو سێ ساڵ، کە خاوەنەکەی دەبێتە عەسکەر و دەرچوون و تەسریحبوونەکەی زۆر دەخایێنێت، رەنگە هەر نەگەڕابێتەوە فڕنەکە بەکرێ دەگریت، دەبێتە خاوەنی تاکە فڕنەکەش. لە ئیشی نان و تەندوور و هەویرشێلان و بێ کرێکاری بێزار دەبیت، واز لەو کۆنە فڕنەکە دەهێنێت، دە ساڵیش خەریکی فڕنی ئۆتۆماتیکی دەبێت، بەکەمبوونی کارەبا و کردنەوەی چەند فڕنی تر و زۆربوونی کرێکارە میسرییەکان لەوەش بێزار دەبێت و ئەویش دەفرۆشێت، لە ئیشکردن و کاسبی دەست بەردەدات.**
**یاسینی نانەوا بە کاسبی و سەرمایەی تر زۆرتر دەبوژێتەوە و لەوێ دەمینێتەوە،**

لەبیری دەچێتەوە بگەڕێتەوە هەولێر. دیار نییە کەی! بەڵام ماوەماوە ختووکەی گەڕانەوە و بارکردن لە کەللەی دەدات، بەڵام کوڕ و کیژ و بووك و نەوەکانی، زاواکانی (ئەگەر کیژەکانی لێرە شوو بکەن) کەسوکاریان، یادگاری نزیکەی پەنجا ساڵ ئاسان نییە بگوازێتەوە شارێك، دەڵێن وتبووی:

من لەویێ کەس ناناسم و بگەڕێمەوە کن کێ.

هەتا حەمە شەریفیش مابوو، هەردووکیان سۆزیان بۆ هەولێر هەبوو، ئەگەرچی نەیانزانیوە ئەو مردبێت، بەڵام بەپێی تەمەن و رۆژگارەکە دەبێ ئێستا ئەویش لە ژیاندا نەمابێت!

هەردووکیان ئەو پیاوەیان خۆشدەویست، زۆرتر لە چل ساڵ لەبەر بۆنی ئەو، لەبەر دەنگە گەورەکەی، کەس دەنگی گەورەی لەناو خانووێکی بچووك، لەناو حەوشەیەکی چوارگۆشەی شێداری پێ خۆش نەبوو، بەڵام دەنگی ئەو ماڵەکەی رووناك دەکردەوە، ئارام دەکردەوە، بەتایبەتی بۆ پەروین، ئەو کیژەی نان دەستی گرتبوو، هاتبووە ماڵی رەحمانی برای پیاوەکەی، بەڵام ژنەکەی وەك (مار لە گەردەن)ی دەئاڵێت، توند هەوکی دەگریت! لەترسی حەمە شەریف و دارەکەی و هەڕەشەکانی نەبوایە، بوخچەکەی، بوخچە شل و دامەییە رەنگینە نەرمەکەی لێ فڕێدەداتە دەرەوە، شاربەدەری دەکردن! رەحمان، براکەی نەهێنابووە ماڵەوە، ئەو خۆی و لەگەڵ ژنەکەی دوو جار لە رێگای هاتنیان دەستی گرتبوو، دەچنە مەخفەرەکە، لەویێ دەڵێت:

من برای رەحمانم لە هەولێرەوە هاتووم، دەمەوێ خۆی و ماڵەکەی ئەوم نیشان بدەن.

دەچنە ماڵەکە و لەودەمانە لەو شارە دەمینێنەوە. ماڵی رەحمانیش دەگەڕێنەوە، ئەوان ناگەڕێنەوە، هەموو ماڵە کوردەکان بەخۆشییەوە و بەیەك فەرمان و بەپەلە دەگەڕێنەوە، بەڵام ئەوان نەك بەپەلە ناگەڕێنەوە، زۆر دەمینێنەوە و دادەمەزرێن!

# بەشی دووەم

# نانی گەرم

پەروین و یاسین دەڵێن: ماوەیەك، ساڵێك و زۆرتریش توانیمان بەرگە بگرین، ڕەوشەکە ئاسایی بوو. دوو ساڵ بەرگەگرتن، لە هەموو شتەکان، بۆ هەموو پێویستییەکان، ئاساییە، زۆریش ئاساییە، بەناچاری، یان هزر و رامان جڵەوت بکەن! دەکرێ ئادەمیزاد بەرگە بگرێت، بەڕووی پێشهات و ڕووداوەکان توند و رك بێت. یاسین و ژنەکەی، دوو ساڵ پاش گەڕانەوەی خێزانە کوردەکان (لەو شارۆچکەیە ژمارەیان زۆر نەبوو، هەموو یەکتریان دەناسی، بەڵام هاتوچۆیان زۆرگەرم نەبوو، گەورەکان، بەتایبەتی ژنەکان کەم یەکتریان دەبینی، لەناو ئەو بازنەیە دەخولانەوە، بەیەکەوە جەژنیان دەکرد، چایان دەخـــواردەوە، سڵاویان لەیەکتری دەکرد، لەدوورەوە لەناو دارخورماکان، لە بازاڕە قەرەباڵغەکەی ماسیفرۆشەکان لەدوورەوە یەکتریان دەبینی)، بەرگەیان گرت و لەوشارە و لەدیار سێبەرە درێژەکەی دارخورماکان و بەژنی فورات مانەوە، مانەوە و ژیان لەو شارۆچکەیە، لەناو فڕنەکە و لەدیار نان و تەندوورەکان، بۆ پیاوەکە ئاسایی بوو.
ئەو لەگەڵ کازیوەی بەیانی و بەر لە خۆرهەڵاتن، یەکەم کەس بوو، لەناو سێ ماڵەکەی ناو خانوو چوارگۆشە سێ ژوورییەکە لە خەو هەڵدەستا، یان ڕەنگە شەوەکەی هەر خەویشی لێ نەکەوتبێت، چۆن خەوی لێدەکەوێت، ژنێکی لە باخەڵە، خەم و هەوەس، نیگەرانی و ئارەزوو، گەرم و نەرمی کردبوو. ئەو دەچووە سەر کار، لەناو دووکانێکی دەرگا بچووکی داخراو، لەبەردەم دوو تەندووری زۆر سووتاو، بەڵام پتەو وەك پۆلا ئیشی دەکرد. لەناو دووکانەکە، یان بڵێن فڕنەکە، کە پەنجەرەیەکی لاکێشەیی بە دونیای دەرەوەی دەبەستایەوە، ژوورەکە پڕ بوو لە دووکەڵ، هەناسەی نان، (تەمی برژان)، هاڵاوی تەندوور و خۆڵ، بۆنی هەویر و سوێری خوێ، بۆن و ڕەنگی نەوتە ڕەشەکە، خۆڵەمێشی دیوارەکە، ئارەقەی ماندووبوونی هەموویان، لەو ژوورە بچووکە ئەوەندە توخم و ڕەنگ و قەبارە کۆببونەوە. لەو ژوورەش نانی نیوەی دانیشتوانی شارەکە دابیندەکرا، نەخۆشخانەکە، پۆلیسەکان، یانەی شەوانە، پیاوە باریکەکانی ناو بەلەم و شەیداکانی وردەماسی، ئەوانەی دەستیان زۆرجار لەگەڵ هەڵدان و کردنەوەی سینگ و ئامێزی تۆڕەکانی ماسیگرتن دوور و هەتا ئەوبەری ڕووبارەکەش دەڕۆیشت، دەستیان ئەوەندە درێژ بوو، ماسیفرۆشەکان، حانوتی هەر سێ قوتابخانە و چێشتخانەکان، نانی شوفێرەکانی هاتوچۆی شارەکانیان دەکـرد، پرسەی گەورەی

عەشیرەتەکان، حەمباڵەکانی خورمایان لە لۆرییە بۆدییە شڕە شکاوەکان بە خاکەناس باردەکرد، ئەوانەی بە حوشترە ملدرێژەکان خورمایان لە بەژنی بڵندی دارخورماکانەوە دەهێنا. خورما وەك ئاوی رووبارەکەی فورات زۆر بوو. خورما هەندی خەمی قوورس و کۆنی عاشوورا لەو شارە و لەو دەڤەرە زۆر بوو، ئینجا خورما شیرینە تەڕەکە نەیدەتوانی خەمی عاشوورایان کەم بکاتەوە، دەمیان شیرین بکات، ڕەنگە شیرینی خورماش، تاڵی عاشوورای نەویستووە، چونکە عاشوورا ئەوەندە تاڵ بووە، بەو تەمەنە درێژە، بەو هەموو دارخورمایە شیرین نەبووەوە و شیرینیش نابێت! ئێستاش شیرین هەر نەبوو، نەك شیرین نەبووە، زۆریش تاڵتر بوو، خەم بە شیرینی و خورماش شیرین نابێت، چونکە خەم هەر تاڵە و ڕەگی شیرینی تێدا نییە!
ژوورەکە لەکونی تاریکی زیندانیش دەچوو، (ئەوانەی گیراون، ئەوانەی بەساڵ، بەمانگ، سەردەمانێك لە زیندانی تاریکی زۆردارەکان ماونەتەوە) ئەوانە دەزانن زیندان، بەردەوام ڕۆژە ساردەکانی سەخت و کوشندەیە! بەڵام ژوورە گەرم و تاریکەکەی فڕنەکەش بۆ یاسین، لەو دوو ساڵە بەڕاستی ببوو بە زیندان، زیندانێکی یەك ژووری گەرم و بێ هەناسەی فێنك و پاك.
ژنەکەش ژوور و ماڵ و حەوشە تەسکە لاکێشەکە، بۆ ئەو ببووە زیندان، زیندانێکی رەش و ماتەم بوو. حەوشەکە تاریك بوو، ئەگەرچی جاروبار چۆلەکەیەك، دڵی وەك دانەیەکی سووری فستق لێیدەدا لەسەر ستارەکە، باڵەفڕە و جریوەجریوێکی نەرمی رووناکی بە تیشکی باڵەکانی بۆ دەنارد بەر پەنجەرەکەی، ئاوێنەی ناوەندی دیواری ژوورە تاریکەکەیان، ئاوێنەش لە ژووری تاریك، بوار بە (جیوە) و (زیو)یش نادات ببێتە ڕەنگ و پێبکەنێت. هەندێجاریش، لەناکاو دەستی پەڵە هەورێکی بزۆز لە نێوچەوانی حەوشەکە، ڕەنگی ئاسمانە بەرزەکەی بۆ دەگۆڕی، خۆرەکەی نەرم دەکرد و لەناو هەورە سپییەکە قژی سپی دایکی بەبیردەهێنایەوە. سەعفی دارخورماکەش سەمای بە سێبەر و هەتاوەکەش دەکرد. لە حەوشەکە تەپەتەپی پشیلەیەك بۆ گرتنی مشکێکی لەڕی بۆری کلکبڕاو، کە لەناو ژوورەکان، لە دەرزی دیوارەکانی ئەو خانووە و خانووەکانی چواردەورەیان زاوزێیان دەکرد، خشپەیەکی بە سستی ناوماڵەکە و لاربونەوەی بە قونکە فەردەیەك، پاشۆڵە پۆشاکێك، تەنەکەیەکی شکاوی نیوەبەتاڵ دەکرد. هەڵچوونی چای سەر ئاگرەکە، دەیترساند، دەجولایەوە تا قاچی سڕ نەبێت و دەستێك بەسەر سکی دابێنێت و هزر بکات، جووتبونی ئەو شەوەیان گرمۆڵەیەکی لەناو منداڵدانی داناوە. ئەوانە هەموو چالاکی و جیهانەکەی ئەو بوون.

ژنەکە لەو ماڵە هەستی بەو لڤینە دەکرد و بەس. ئەو لەو ژوورە، لەو حەوشە ڤالایە، جیهانی ئەو لەو دوو ساڵە ئەوەندە بوو. دڵی توند دەبوو، گەرم گەرم دەگریا. چۆن نەگرێت ژوورەکەش پەردەیەکی تێدا نەبوو بۆی بلەرێتەوە، وەك باڵی پەپوولەیەك سەمایەکی ناسکی بۆ بکات، جووڵەیەکی بۆ دروست بکات. لە ژوورەکە رەنگێك لەسەر دیوارەکە نەبوو، هیچ رەنگ لە چوار دیوارەکە بەدی نەدەکرا. کە دیوار بێ رەنگ و دەنگ بێت، دەبێتە بەردێکی عەستەمی سەر بوارێکی لاچەپ و دیمەنی چاوەکانی ناگۆڕێت. ژوورەکە ریزی کەرپووچەکان، شێی ئەرزەکە، ژەنگی عامووەدەکانی بنمیچەکە، هیچیان بەو ژنە داماوە نەدەبەخشی. ئەوە دوو سێ ساڵیشە شەوانە، کە جووتیش دەبن، چونکە ترساون، راونراون، چونکە بە هەموو ئارامییەکەوە جووت نابن، کۆرپەیەك ناکەوێتە ناو سکی، ئاوەکەیان وشك نابێت، نامەییت، ناوەستێت و کۆنابێتەوە، ئاوی هەردووکیان نەدەبووە گۆمی گیان، سووتانی شەوەکان نەدەبووە تەونی خەونێك، ژنەکە تەنها دەمینێتەوە.

ژنەکە لەو قەفەسە ژوورەدا کشومات بەتەنها دەمایەوە و چاوەڕوانی دوو نانی گەرمی یاسینی دەکرد، کە نانەکان دەهاتەوە، دەرگاکە دادەخرا و چاو و دونیا بۆ ئەو دوو کەسە کوردەی بەتەنها لەو شارە دەژیان دادەخرا! توند و تاریك و سست دادەخرا، تەقەیەکیان نەدەبیست، مناڵێك بە پارچە خەڵووزێك دیوارەکەی پشتەوە، بەردەرگەکەی نەدەنووسین! هەرزەکارێك وێنەی دڵێکی زامداری لەبەر دەرگەکەیان، لەسەر دیواری لووسی هاوسێیەکەیان کە دیوارەکەی ئەوان لە دیواری ریزە ماڵەکە و هەموو کۆڵانەکەش لووستر و درێژتر و پانتر بوو!

چارۆگەی ئاسمانیش بۆ دیدی ژنە داماوەکە بەرتەسك بوو، لەو تیرۆژە باریکە ئەو چاوەڕوانی یاسینی دەکرد، تا بێ هەواڵ و موژدە بۆی بگەڕێتەوە. بەڵام ئەو هەواڵی خۆش لەکوێ بۆ ئەو ژنەی ناو حەوشە داخراوەکە بهێنێت! لەو شارە کەس ناناسێت، لە تەیراوەش کەسیان شانازی پێوە ناکەن، سەریان بدەن، نامەیەکیان بۆ بنووسن، کەرتە کەرپووچێکی ستارەکەی خانووەکەیان بۆ رەوانە بکەن! بەردیش هەناو و دڵیان نەرم دەکاتەوە!

تەیراوەش گۆڕاوە، سەدان خێزانی نوێی تێکەوتووە، کیژەکان هەموو چوونەتە زانکۆ، چوونەتە زانکۆ سلێمانی (یەکەم ساڵ بوو کرابووە)، موسڵ، دەخوێنن. گۆشە بەرتەسکە چۆلەکەی پێش گەیشتن بە سەرە کۆڵانەکانیان، ئێستا بووە بە ستۆدیۆی وێنەگرتنی ئۆسکار، جیهانی هونەر، رووبەندی پێشەوەی بووە بە جامخانەی دوو پارچەی لاکێشەیی، تابلۆکە

چەند وێنەی پیاوانی جەمەدانی گەورە و سمێڵ قەیتانی و قژ سەبەت سەبەتی گەورەی ئەفەندییان، منالّی سەر بە کلێتەی تێدا ریزکراوە.
دیوارەکانی سەر شەقامەکان بوون بە جامخانە و تابلۆی بووك و زاوا!
شارەکە و گەڕەکەکە گۆڕاوە، گەنجی چاوڕەشی زۆری تێدا هەڵکەوتووە، ئێواران لە چواردەورەی قەلاّت وەك مزراح نازانن بۆ دەخولێنەوە، کەی دەوستن، چەند خول دەخۆنەوە، چەندجار دەوەستن و کێ زووتر دەڕواتەوە، بۆ دەچێتەوە! دیارە کوڕەکانی ئەو سەردەمە جوانترن، ڕەنگی زۆرتر لەبەردەکەن، هەموو ڕەنگەکان لە چاکێت و بۆینباخ و پشدێن و قەمیسە یەخە پان و گەورەکانیان دەبینرێت، ڕەنگین بوون، ڕەنگیان خۆشدەوێت! پیرەکانی گۆپالّی تەمەن و چاوەڕوانی و نەخۆشییەکان رایاندەکێشێت، بۆن، بۆنە کۆنە سازگارە تەڕەکەی گەنجی بەرەو بازاڕ و چاخانە و ناوقەیسەری و نوێژی بەجەماعەتی مزگەوتی ناوبازاڕیان دەبات، ئەوانەی جیرەی پێلاّو و دەمارە شینەکانی سەردەست و پەنجەکانیان زۆرتر بووە، پیرەکان گەرمتر خۆیان دەپۆشن! کیژەکان رووتتر دەردەکەون، بالاّیان بەرزترە، چاویان گەشتر! بەلاّم! ئەو کە لەوێ بووە، تەیراوە یەك ژوور، چوار دیواری تاریك و یەك فڕنی نان بووە، نەك بەشەو، بەرۆژیش هەر مات و خەمبار و بێدەنگ بوو! بۆ ئەو تەیراوە، گەڕەکە گەورە شارستانەکە سەندوقێکی داخراو بوو! کۆلانەکانی مارێکی خالّدار بوو، نەك شەوانە، بەڵکو رۆژانەش لە گەردەنی دەئالاّ، نە مارەکە دەیکوژێت و نە لە گەردەنیشی دەبێتەوە.

*****

## لوغمەکە دەتەقێتەوە

وەستان و بەرگەگرتن و چاوەڕوانی بۆ چاو، بۆ دڵ، بۆ هەناسە و نووستن لەسەر یەك بالیف، ئاسان نییە! بە هەموو کەس ناکرێت، گۆمی مرۆڤیش دەشلەقێت، دەتەقێت. رووبار، رووباری گەورە و جۆگەی باریك دەتوانێت، لە هاژە، لە سەما و جۆلانەی ماسییەکان پشووێك بدات، بە وردە ماسییەکان بلێت من پشوویەك دەدەم، بە (خشپەیەك کلك)تان بادەن، نەرم نەرم بڕۆنەوە بەر سێبەری دایکتان، بچنەوە ناو قەوزەی ڕەنگین و نەرم و شیلەکانتان، ئاویش سێبەر دەداتە ماسییە گەورەکان، رووبار وچانیش دەدات.

بەڵام لێو و هەناسە و چاوەڕوانی دوو عاشق ئاسان نییە. چاوەڕوان بێت. پیاوە خڕە دەست گەورەکە، سینگ بەمووەکە ئاسان نەبوو، چیتر چاوەڕوان بێت، نەگاتە بەر سێبەری ئەو. بڕیاری خۆی دەدات و پێی لە لوغمێکی شاراوەی زۆر گەورەی ترسناك دەنێت، لوغمێك خۆی ئاگادار بوو کە چێندراوە، کە خۆڵی بەسەرداکراوە، کە شاردرایەوە، لوغمەکەی دیبوو، لەبەرچاوی خۆی دادەندرێتەوە. خۆی دەبینێت کە لوغمە بۆرە بەردینەکە دادەنێنەوە، بەڵام نازانێت کێ بوو، لوغمەکەی دادەنایەوە، ئینجا ئەو (کاڵفام)انە یەك پێ نا، ئەوەی لوغمەکەی دیبوو، ئینجا هەردوو پێیەکانی، هەردوو دەستی، دەستەکانیشی لەسەر مینە خەوتووە زاڵمەکە دادەنێت، لەتەقینەوە و پەڕاندن و کوێربوون و ئیفلیجبوون باکی نابێت، (لەودەمانە لوغم نەبوو، هێشتا خاك مینرێژ نەدەکرا، ئەگەر لە هەورازە نەفتێك، لە بەردەبازێك لوغمێك بۆ تەقاندنەوەی دەبابەیەك، زیلێك و جیبێك دابنرایەوە، چەند کۆبونەوە و هاتوچۆ و پرسینەوەی دەیویست، بەڵام بۆ ئەو کیژ و کوڕە زوو لوغمێك دادەنرێتەوە و هەموو دەمێکیش لەسەر تەقینەوە بوو)، بەڵام بۆ ئەوان، لە بەختی ڕەشی ئەوان لوغمێك و زۆرتر دەچێندرێت، لەناو شاریش لە گەڕەکەکەیان، بۆیە لوغمەکە بە هەردووکیان بەیەکەوە دەتەقێتەوە و تەوژمی تەقینەوەکە، چونکە گەورە و کوشندە بوو دەیانفڕێنێت، دووریان فڕێ دەدات، زۆر دوور، دوورتر لە زانینی هەردووکیان بەتایبەتی کیژەکە، ڕووباری دیجلەش دەبڕێت، بە هەژموون و زەبری تەقینەوەکە هەردووکیان دەگەنە کەناری ڕووباری فورات، ناوقەدی دارخورماکان.

تەقینەوەکە زۆر گەورە دەبێت، هەردووکیان بە بوخچەیەکی شلی ئاوریشمی گەچراو، یان هەر بە نیوە بوخچەیەکی ئاوریشمی حەریری ناسك، بەتاخمێکی ریشتاشین و خاولییەکی کەسکی بچووك (ئەو خاولییەی ئەو دوو ساڵی عەسکەری پێ تەواو کردبوو، نە بزر بوو، نە لە شوێنێك، لە مەیدان و ڕەبیەکە لەبیری کرد، بەردەوام لەسەر ملی بوو، کە دەخەوت و لەبن سەری بوو، کە ڕووتیش دەبووەوە گەڵوگوونی پێ دەشاردەوە، لەناو پیاوان دەیشاردەوە، شەرمی دەکرد و توند و باش بە خاولییەکە دەیشاردەوە، خاولییەك بوو، بۆنی کۆنی ئەوی پێوە بوو، کە یەکەمجار پێی دەڵێن، کە خۆت پیسکردووە، دەبی خۆت بسمیل بکەیت) و دوو سابون و هەردووکیان بەکارهاتبوون، دەستماڵ و هەورییەکی یادگاری و سێ تەزکەرەی ڕەسمی کۆن، لەوانە دەفتەر نفووسی پیاوێکی مردوو، زۆر مردوو، ئێسکوپرووسکی چەند ساڵ بوو نەمابوو. دەفتەر نفووسی

ژنێکی تەرم و کێڵەکەی چاوەڕوانی گەڕانەوەی پێشمەرگەیەکی دەکرد، نەیدەزانی کوڕەکەی پێشمەرگەیە، یان کادیرە، کوڕێکی تووڕەیە، یان بۆ باڵا و ناوداری خۆی لەناو ئەشکەوت و بارەگاکان شاردوتەوە.
کیژەکە نفووسی خۆشی کە وێنەیەکی بۆری لەسەر بوو، دوو چاوی زەق و بسکێکی رەش، بەڵام زەرد و نارەنجی دیار بوو، دەڕۆن و دووردەکەونەوە. (بەڵام منیش نازانم کیژەکە کە دەڕوات و بوخچەکەی کۆدەکاتەوە دەفتەر نفووسی براکەشی دەبات، یان شەوەکەی کە ئەو، براکەی دەڕوات و ناگەڕێتەوە نفووسی خۆی لە گیرفانی چاکێتە قاوەییە درێژەکەی بوو).
کوڕەکە پێی دەڵێت:
پەروین تەزکەرەی خۆت لەبیر نەکەیت!
بەر لەوەی یاسین، کوڕە نانەواکەی تەیراوە بەو بڵێت:
پەروین نفووسی خۆی و ئەوانەی لەناو کۆنە باولەکەی دایکی مابوون، دەریاندەهێنێت و کۆیان دەکاتەوە و ئامادەیان دەکات.

*****

## شامینۆك

ئەو کیژەکەی نەدەبینی، چاوی نەدەبینی، سڵاوی لێ نەدەکرد، بەڵام! دیواری دەبینی، دەرگا شڕە دارەکەی دەبینی، ئەو عامموودەی چەند مانگ بوو، مناڵێکی لاسار گلۆپەکەی شکاندبوو، چراکەی کوژاندبووەوە، ئەوانەی دەبینی!
ئەو بەیانییان بەر لەوەی بچێتە فڕنەکە، فڕنەکەی دوو شەقام و دوو ریزە خانوو، گۆمێکی گەورە، حەسارێکی گەورە و حەسارێکی تریش، دوو دەرگای ئاسن، سێ دەرگای دار، دیواری قوتابخانەیەکی درێژ، ماڵی پورزاکەی، دوو ناسیار و سێ کەسی هاوتەمەنی خۆی لەوان دوور بوو. عامموودەکان گلۆپەکانیان بە چاوە بەرز و روومەتە سەرکەشەکەیان بن دیوارەکەیان رووناك دەکردەوە، وەك عامموودەکەی نزیك ماڵی پەروین نەبوو، تاریك بێت، دیوارە قووڕەکانی تاریکتر کردبوو، پەنجەرە جام شکاوەکانی لێڵ و شێلوو نیشاندەدا.
بەیانییان زوو یاسین، وەك تیشك لە سوچێکی کۆڵانەکان دەردەپەڕی، گەرمایی تەندووری رۆژەکانی کارکردنی لە هەناوی دەمایەوە، سەرمای نەدەبوو، گەرمایی تەندوورەکە لەناو ماسولکەکانی، بەسەر روومەتەکانی

مابوو، بۆیە بەقەمیسێکی یەخە دادڕاوی سەردەست باریکی پشت گەچراوی شین وەك قەزوان دەردەچوو. بەیانییان، هەموو بەیانییەك لەو پیاوە رەنگ زەردەی زەمبیلە حەسیرە بچووکەکەی پڕ لۆبیا دەکرد، سێ چوار بنپیاڵەی خورمای بێناوك، (کابرای لۆبیافرۆش بەو لۆبیایە سوورەی ناو زەمبیلەکەی دەووت، خورمای بێناوك) و زەردێنەی هێلکە، پیاوەکەی مەندیلێکی سپیی بێگوڵێنگی هەر چوار گۆشەکەی کون ببوون، لەملی بوو، بە نۆکی کوڵاوی دەوت زەردێنەی هێلکە. لەو پیاوەش شامینۆکی بۆ کرێکارەکانی ناو فڕنەکە دەکڕی. خاوەن فڕنەکە، پیاوە سمێڵ گەورەکە، رەنگە لەبەر سمێڵە گەورەکەشی بوو، زۆرکەس گومانیان دەکرد ئەو پیاوە ئەندامێکی حزبی شیوعی بێت، زۆریش حەمید عوسمان (ئەو پیاوەی کەم کەس رووبەڕوو و بەزیندوویی و بەدەم قسەکردنەوە ئەویان دیبوو، ئەو ناو و چالاکییەکانی لە دەنگ و رەنگی زۆرتر بوو) و (شێخەشەل)ی نەدیبێت و نەناسیبێت، ئەو دوو پیاوەی هەر نەدەناسی، کە ناویان ماوەماوە دەهات و باسیان دەکردن، بەڵام ناوی ئەو دوو پیاوەی بیستبوو، ناویان دەهات، دەیانووت دەگیرێن و بەردەبن، دەرکەون و ون دەبن.

خاوەنی فڕنەکە کڕینی لۆبیا و نۆکەکەی بەو سپاردبوو، پێی وتبوو:

یاسین لەسەر رێگای خۆت، لە تەیراوە، کە لەماڵەوە دەرچوویت، بەناو بازاڕدا وەرە، لەکن قەبرۆکەکە، لەناو کۆڵانەکانی قەیسەری، لەبەر دەرگا دارەکەی بزمارەکانی زۆر جوان بەریز دارەکانیان بەیەکەوە بەستاوەتەوە، لەسەر سەکۆکە، نۆك و لۆبیامان بۆ بکڕە! یەکجاری پێی وتبوو، زستان بوو، رۆژێکی باران و سارد بوو پێی وتبوو، کە زستان رۆیشت و بەهاریش هات، ماستی مەڕی و سەرتووی جوانیش پەیدا بوو، دوو سێ بنپیاڵە نۆك و لۆبیاکەی هەر دەکڕی. کە هاوینیش هات، گەرما و جۆخین و پیرۆزی شنەباش هات و گندۆرەی دێمی و شفتی و ئاروش زۆر دەبێت، ئەو لەسەر قسەی وەستاکەی بەیانییان لۆبیا و شامینۆکە زەردێنە هێلکەکەی هەر دەکڕی. لەگەڵ هەفتانەکەی خۆی، پارەکەی لە وەستاکەی وەردەگرتەوە.

*****

# گەرم وەك تەندوور

ياسين تەندوور، قەڵەو و گەورە و چوارشانە نەبوو، روومەتی وەك ئاگر و پۆلووی ناو تەندووریش نەبوو، وەك تەندوور چەقیوویش نەبوو، بەڵام وتبووی هەتا من لەسەر نان و لەناو هەویر و لە فڕن ئیش بکەم، دەمەوێ لەسەر تەندوور بم. یەکەم ئیشی هەر سەر تەندوور بووە، بۆیەش سەر تەندووری پێ خۆش بوو، بەڕاستیش لەو ئیشە دەوەشایەوە، بۆیە ناویان نابوو، یاسین تەندوور. شەش ساڵ بوو، پاش ئەوەی خزمەتی سەربازی تەواو دەکات، لەوێ ئەو پیشەیە فێر دەبێت، دەبێتە نانەوا، نان بە تەندوور وەدەدات، دەستی لەوە راهاتبوو، ئەنگوتکەکانی وەك یەك پان دەکرد، هیچ نانێکی لەوەی تر گەورەتر، پانتر، سووکتر، بەلوچتر، تەنکتر نەبوو. پاش برژانی نانەکان هیچیان کون نەدەبوون، ئەستوور نەدەبوون، نەدەسووتان.

نانەکانی ئەو دەبرژان، بەڵام هەرگیز نەدەسووتان، سووردەبونەوە، بەڵام رەشنەدەبوون، تەنکدەبوون، بەڵام سووکنەدەبوون، رۆخیان هەبوو، بەڵام ئەستوورنەدەبوون، نەرمبوون، بەڵام هەویر نەبوون، سارددەبونەوە، بەڵام هەر دەخوران، زۆر دەبوون و بەڵام باشیش دەفرۆشران!

بەیانییان بۆ کرینی لۆبیا و نۆك و ماستیش ئەو رێگاکەی دوور دەکردەوە. هەر لەسەر رێگای خۆییەوە ئەو یارمەتی دووکاندارێکی پیریشی دەدا، دەرگای دووکانەکەی لەگەڵ دەکاتەوە. دەستی دەگەیاندە پشتەوەی عارەبانەیەك و لە جۆگەیەك دەیپەڕاندەوە، لە هەورازێك سەری دەخست. سڵاوی کرێکارێکی قووڕکاری وەردەگرتەوە و سەیری قاپە پانە گەورەکەی قووڕکێشانەکەی ناودەستی و پینەکانی شرواڵ و شانی دەکرد. بەیانییان کە دەهات، بازاڕ و بن قەڵات و نزیك قشڵە و شەقامەکەی بەردەم هەر پێنج دووکانەکەی باتا چۆڵ بوو، تاکوتەرا ئەگەرنا هەموویان داخرابوون. کە دووکانەکانی بەداخراوی دەبینی، بیری لەوە دەکردەوە دووکانەکانی ئەحمەد فەندی زۆر کۆن بووینە، دیوارەکانی رزیون، قەپەنگ و دەرگا پانە دارەکانی ئەوەندە بەکارهاتوون، دەنگی بەکارهێنانیان دەگەیشتە قاوەخانەکەی عەبۆ، دیاربوو سەربان و دیواری دووکانەکان زۆریان نەمابوو بروخێن:

دەیانگووت نوژەنیان ناکەنەوە، رۆژێك هەردێ دەبێ بیانروخێنن، دەبێ ئەو بەشەی بنەوەی قەڵات چۆڵ بێت. بەڵام ئەو هەموو دووکاندارە کێوە دەچن، لەکێ جێگایان دەبێتەوە، پیاو هەیە دوو دووکانی هەیە، هەیە (سی

**ساڵە لەوێ کاسبی) دەکات! یاسین خەمی دڵی خۆی ئەوەندە گەورە بوو، تۆزقاڵێکیش بیری لەوانە نەدەکردەوە: ئەوانە پیاوە دەوڵەمەندەکانن، ئەوانە جەرگ و پارە و دەستی ئەو شارەیان لەناو دەستە، ناکەون، هەموویان حیسابی خۆیان کردووە.**
**دەکرا یاسین کەمێکیش درەنگ بگاتە فڕنەکە، ئەو هەویری نەدەکرد، تەندوورەکەی گەرم نەدەکرد، بەڵام هەر یەکەم کەس دەگەیشتە فڕنەکە، زووتر دەگەیشت!**
**بەر لەوەی دەستی لەناو تەندووره گەرمەکە رابکات، سەری لەگەڵ نانەکان بخاتە ناو ئاگرەکە، سەری دەبردە ناو دیوارە سوورەکەی دەمارە وردەکانی گەرمابیان دەدایە ئەستوکەکان، پشتیان سوور دەکرد، روویان دەبرژاند، هەناوی گەرم بوو، نانی دەبرژاند و دڵی برژا بوو، نەیدەهێشت نانەکانی بسووتێت، بەڵام ترسی گەورەی هەبوو، ژانی زۆری هەبوو ئەڤینەکەی بسوتێت، هەر چەند سەری دەهێناودەبرد، گرێیەکەی بۆ نەدەکرایەوە، پەروینی دەست نەدەکەوت، کەس نەبوو پرسی پێ بکات، کەس نەبوو لێی بپاڕێتەوە، دایکێك نەبوو نازی بکێشێت، برایەکی بچووکی نەبوو، نامەیەکی بۆ ببات، خانووەکەیان ژوورێکی بەتاڵی نەبوو لەوان بەکرێی بیگرێت، بەردەرگا و بەرحەوشەکەیان ئەوەندە گەورە و بەرین و سەرەکی نەبوو، (بۆیان بکاتە فڕن) و دووکان! نەیدەزانی چۆن لە دەرگای هێنانی کیژەکە بدات!؟ نەیدەزانی چەند چاوەڕوان دەبێت، تا ئەو نانە دەبرژێت و دەگاتە دەستی، رۆژانەش لوولی بدات و شەوانە تەڕ بکات.**

# بەشی سێیەم

# دەرچوونی بەیانی یازدەی ئازار

خێزانەکە، لە ژوورێکی بچووك، چونکە کەلوپەلی کەم تێدا بوو، بواری ژیان و نووستن و خوێندنی ئەو خێزانەی گەورەیەی دابوو، ئەوانیش ئەو ئێوارەیە! ڕۆژێك بەر لە گۆڕان و ڕۆژەڤێکی زۆر نوێ، کە لە مەزندەی ژمارەیەکی زۆر کەم بوو، کەس لە چاوەڕوانی پێشهاتێکی لەو جۆرەدا نەبوو، ڕۆژەڤێك بێتە پێشەوە شارەکە و گەڕەکەکە و خەڵك و پۆشاك و گوند و شەقامەکانی ئەو شارە سەرلەبن بگۆڕێت.
ئەوان لە چاوەڕوانی کوڵانی (شێلم)ی ناو مەنجەڵەکەی بەرامبەریان دانیشتبوون، مەنجەڵی سەر تەباخە شلۆقە ڕەشەکە و ئاگرە شینەکە، ئاگرەکە تازە دووکەڵەکەی کۆتایی هاتبوو، بەر لە هەڵکردن و گەشانەوە و داگیرسانی ئاگرەکە، دووکەڵێکی تیژ و زۆر و پرتەپرت دەکات ئینجا دادەگیرسێت، دووکەڵەکە هەمووی هەراسان کردبوو. دووکەڵەکە، چڕە دووکەڵەکەی لەنێوان سەری (تەباخ)ەکە و فتیلە نیوە سووتاوەکە دەردەچوو، قبووڵی نەبوو هەمووی لەناو ژوورەکە بچێتە دەرەوە. ناڕوات و هەندێکی وەك ڕەنگ و بۆن و میوان دەمینێتەوە، پەنگ دەخواتەوە، لەبن بنمیچەکە و لەسەر یەخە و شان و کونی لووتیان دەنیشێت. کەمێکیشی بوارێك لە درزی پەنجەرە داخراوەکە، درزی دەرگاکە دەچێتە دەرەوە. ئاگرەکەش خۆش دەبێت و ڕەنگ و شێوەی شێلمەکە دەگۆڕێت. سەری بە کەف و شیریی دەبێت. کەرتە شێلمەکان هەڵدەپەڕێنێت.
شێلمە بەردەکە نەرم نەرم دەکات، پارچەکانی هەڵدەوەشێنێت. ئەوە ئاگرە کە داگیرسا شێلمی بەردیش پارچە پارچە دەکات. تا بە دەمە ناسك و ددانە وردەکان ئاسان و خۆش بخورێن. شێلمیش نەخۆین، بە شێلمیش گەرم نەبینەوە و نەخەوین. (منداڵەکان گەورە و بچووکەکان و ژنەکەش وتی).
ژوورەکە حەوت کەسی گەورە و مێردمناڵی تێدا بوو. دووان، لە کوڕەکان زۆر لە فانووسەکەی دروست لەناوەڕاستی ژوورەکە دانرابوو نزیك بوون. ئەو دوو کوڕە، زۆر پەرۆش و چاوەڕوانی کوڵانی و شیرینی شێلمەکەیان نەدەکرد. کتێب و دەفتەرەکانیان، بەقەد رووناکی چراکە بە ژوورەکەی بەخشیبوو پان کردبووەوە. قاچیان، بۆ (دوو گۆشەی بەرامبەر یەکتری لە ژوورەکە) درێژ کردبوو. یەکێکیان، هاوکێشەیەکی شیکاری وانەی جەبر توورە و نارەحەتی کردبوو. کوڕی دووەمیش، چاوەڕوان بوو، براگەورەکەی لەماڵەکەی تەنیشتیان بگەڕێتەوە، ئیملای کوردی پێ بکات. چاوەڕوان

بوو، بەڵام نەدەکرا هیچ نەخوێنێت، راوەستێت تا ئەو دەگەڕێتەوە. لە ترسی براگەورەکەی و خەوی دایکی، لەدڵی خۆیەوە لاپەڕەیەکی راخراوی کتێبەکەی دەخوێندەوە. کوڕە چاوەڕوان و ترساوەکە، بە چاو لاپەڕەیەکی کتێبەکەی دەخوێندەوە. بەڵێ دەیخوێندەوە، بەڵام لێوەکانی نەدەجولاند، خشەی لە لاپەڕەکان نەدەهێنا. نەدەوێرا، هاوکێشە و راهێنانی جەبرەکە براگەورەکەی تووڕە کردبوو. نووستن و پاڵکەوتنی دایکی و سامناکی شەوەکە ئەوە نەبوو، دەنگی دەربچێت و سەربەرزانە بە خوێندنەوەکەی سامی شەوەکە بشلەقێنێت.
ئەو و دایکیشی نەیاندەزانی شەوەکە ئاسایی نییە. شەوی یازدەی ئازارە، بێگومان کە نەیاندەزانی لەو شەوەدا چ روودەدات! لەو شەوەدا هەموو جیهان، نەك کۆڵانەکەی ئەوان و ماڵە هاوسێیەکەی دیواریان بەیەکەوە بوو، چاوەڕوان بوون.

*****

لەودەمانە کوڕەکەیان، براگەورەکەیان لەو ماڵەی دوو سێ کەسی گەورەیان هەبوو، رادیۆیان هەبوو، لە عەرەبی تێدەگەیشتن دەگەڕێتەوە. نە (ئیملا) بە براکەی دەکات، نە دەزانێت پوختەی بەیانەکەیان بۆ بگێڕێتەوە. گێڕانەوەی رووداوەکەش لەدیار تەباخەکە و چاوەڕوانی کوڵان و ئاوە شیرینەکە بایەخێکی بۆ ئەوان نەبوو. بەڵام دەزانێت رووداوێکی مێژوویی روودەدات و رەنگە بەیانی قوتابخانەش نەبێت. هەموو شتەکانی ناو ئەو شارەش بگۆڕێت! چۆن دەگۆڕێت و چ دەگۆڕێت. ئەو نەیدەزانی، دوایی دەرکەوت گۆڕانەکان بە چوار ساڵیش تەواو نەبوون. بەگومان و ترس و شایی و دەسکەوتەکانیش تەواو نەبوون!
بەیانی رێکەوتی یازدەی ئازار بوو. بروسکە و هەناسە و لێشاوی خەڵك لەورۆژە سەردەکەوێت! ئەوانەی لەسەر چیاکان دادەبەزن، سەربەرزانە دەگەڕێنەوە. بەچەکەوە دێنەوە. شەڕ و بۆردومان تەواو! تفەنگەکان بۆ شایی و وێنەگرتن ریز دەبن. تفەنگەکان دەبن بە دەمانچە. دەمانچەکان دەبنە گۆپاڵ و بووکەشووشە، زۆریش لەناو ماڵەکان، لەبن سەرینەکان جێدەهێڵێرن، لە هەموو شوێنێك، ئاسایی نەبوو دەسکەکانیان دەربکەون، ئەگەر جوان و نوێ و شووشەی جامی تەیارەش بووبن.
بەیانەکەی یازدەی ئازار، شەو بوو، کە راگەیاندرا. خەڵك لەناو ژوورە تاریکەکان، بەدیار چاوەڕوانی هەواڵی بەیانی، بێدەنگ بوون. کەمیان لە

زمانی عەرەبی و دارشتنی بەیانەکەی سەرکردایەتی بەعس تێدەگەیشتن. خەڵکە نەخوێندەوار برسییەکەی، لەناو ژوورە تاریکە نەوییە قووڕەکان بە دەرچوونی بەیانەکە، بە دەنگی (ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر)، دەزانن مافی کورد دراوە. هەر ئەوەندە تێدەگەن و ئەوەندەش بۆ ئەوان مەبەست بوو. شەوەکە بەکێپی و بەخەو و شێلم خواردن و کوژاندنەوەی فانووسەکە و ترسی تەواونەکردنی راهێنانەکەی جەبر و دەرچوونی بەیان و دەنگ و سروودێك تەواو بوو. ئەوان شێلمەکە دەخۆن و دەخەون و راهێنانەکەش شی ناکەنەوە و ئیملاکەش ناکەن. چونکە براگەورەکەیان، چەند رستەیەك لە بەیانەکە تێگەیشتبوو. دەزانێت بەیانی رۆژێکی ئاسایی نابێت. دەزانێت، زۆر ناوی کورد بە زمانی عەرەبی لەسەر زاری سەرۆك کۆمار هاتووە! ئەوەش یەکەم جارە، پیاوە سەرسپییەکەی ماڵی جیرانەکەیان، ئەوەی رادیۆکەی لەسەر کۆشی وەك منداڵێکی ساوا دانابوو، نەوەك دەنگەکە بڕوات، مانای وتارەکە بشێوێندرێت رادیۆکەی توندی گرتبوو. زوو زووش بە قەڕەباڵغی و غەڵبەغەڵبەکەی ناو ژوورەکە و ژوورەکەی تەنیشتی دەووت:

بێدەنگ، با گوێمان لێ بێت. ئەو وتبووی:

یەکەمجارە بەغدا و بەعسییەکان، قسەی وا بکەن! ئەوە لەوان ناوەشێتەوە. دیارە لەسەرەوە زەبری گەورەیان لێداون. کەوتنی فڕۆکەکە، تەسلیمبوونی زۆری (جەلالی)یەکان. دەڵێن: چەکی زۆریان بۆ هاتووە، ئەوە حکومەتی هەژاندووە!

بەڵام بەیانییەکەی، رۆژی یەکەمی دەرچوونی بەیانەکە. هەموو شتەکانی ئەو ماڵە، ئەو شارە و بەغدا و مۆسکۆ و تاران و ئێستگەکەی چۆمان و جەلالییەکان و رۆژنامەی ئەلنوور (رۆژنامەی باڵی مەکتەبی سیاسی) لە بەغدا و رێگای کۆیە و کار و کاسبییەکان دەگۆڕێت. زۆر دەگۆڕێت. بەڵام لەسەرخۆ و بەگومان! ئەو گۆڕانە درێژەی دەکێشێت و رووداوی زۆری لەدواوە دێت. یەك لەدوای یەك زۆری شیرین و کەمێ تاڵ، تاڵی زۆر و هەندێکیش وەك قەند شیرین!

*****

# پێشمەرگە دەزانن ژن بهێنن

کوڕەکەیان ئەوەی بۆ تێگەیشتن لە دەرچوون و ناوەڕۆکی بەیانەکە چووبووە ماڵی جیرانەکەیان. سەردانی رادیۆکەی کردبوو، دەچێتە ریزی یەکێتی قوتابیان. بەیانییەکەی رۆژی یەکەمی دەرچوونی بەیانەکەی یازدەی ئازار، دایکیان چاوەڕوانی گەڕانەوەی دوو براکەی دەکات. مناڵەکان، دەیانەوێ بزانن خاڵەکانیان، ئەوانەی چەند ساڵە لەو شاخە تفەنگیان بەدەستەوەیە. هەردووکیان ماوەماوە هەواڵیان دەبڕێت و دووبارە پەیدا دەبنەوە. بەتایبەتی خاڵە گەورەکەیان. ئەوەی دە ساڵ بوو، رۆیشتبوو. دایکیان پێی وتبوون، دە ساڵە خاڵتان رۆیشتووە، پێنج ساڵە ژنەکەی لەگەڵە. لەو دە ساڵە یەکجار هاتووتەوە. مناڵ رامانیان زۆرە و دەیانەوێ بزانن ئەو خاڵەیان، ئەوەی دە ساڵە بە قسەی دایکیان رۆیشتووە، خاڵە گەورەکەیان: وەك پیاوەکانی گەڕەکەکەیە، وەك مامۆستاکەی حیسابە، وەك (فەقێ لوقمانی لەفەفرۆش)ی بەردەرگای مەکتەبەکەیە. خاڵەکەیان چۆن دە ساڵ لەو شاخانە ژیاوە. مناڵەکان، ئەو شەوە و رۆژانی یەکەمی بەیانەکەش پەرۆشن بزانن:

پێشمەرگە دەزانێت سواری پاس و ئوتومبێل بن. ئەوانەی دەگەڕێنەوە و ماندوون، دەزانن ژن بهێنن و ماڵ و مناڵ پەروەردە بکەن. ئەوانە فێر دەبن کاسبی بکەنەوە. بچنە چاخانەکان، دۆمینە بکەن. دەتوانن و دەزانن جلی ئەفەندی لەبەر بکەن و بۆینباخی باریکی هێڵدار لە ملیان ببەستن، خۆیان لە حەمامەکانی شار بشۆن. دەزانن! ددانیان بە فلچە و مەعجون بشۆن و ببنە کاربەدەست و دەزانن حکومەت بەڕێوەبەرن!

دەزانن: یان دەبنە بەڵێندەری پرۆژەکان پاش دەرچوونی بەیانەکە. ئەوانەی وەك قەرەبوو و نیازپاکی بۆ خەڵك و کەلاوەیی و وێرانی ناوچەکە دەردەچن. یان دەبنە پاسەوان و چاودێری رێگاکان. یەکێك لەسەر حیساب و خوێنی ئەوان، هاوڵاتییەکی دانیشتووی بەغدا، لێزان و شارەزا دەبێتە وەزیر. ئەوەی تەنها بۆ وێنەگرتن جلی کوردییان لەبەر دیوە! یەکێك دەکرێتە موتەسەرف، هەر بەبۆچوون و توندوتیژی شاخ و بارەگا و گەرمی برنۆ کاردەکات. یان دەبێتە موتەسەرفێکی دانەر و (یاسادۆست) و پێشمەرگەکانیش تووڕە دەکات و بڕیار دەدات:

قبووڵم نییە، ناکرێ کەس بەچەکەوە بێتە ناوشار! ناکرێ پسولە و راسپاردەی ناوچە و لق و هێزەکان، لەناو دائیرە و کار و پرۆژەکان کاریگەرییان

هەبێت. ئێمە لە هەموو دەسکەوت و جوانییەکانی ژیان، جیاوازی لەنێوان خەڵك و خۆمان ناکەین! حزب و پێشمەرگە شتێکە، دەوڵەت و یاسا و خزمەتگوزارییەکان کایەکی تری زۆر جیاوازە! ناکرێ زوو بارەگاکان بێنە ناو شار، دەبێ لە گوندەکانی دەرەوەی شار بمینێنەوە. هەتا چارەیەك لەو هێزە زۆرە دەکەن! لێی دەپرسن: موتەسەرف قبووڵ دەکرێت، ئەمنەکان بەدەمانچەوە بسوڕێنەوە و خەڵك بفرێنن. ئەویش لە کۆبونەوەیەکی باڵای لیژنەی سەلام و ئاشتی دەپرسێت: کەی سەیتەرەکانی ناوچەکەمان دەکەوێتە بن دەستی خۆمان؟ کەی سەربازگاکان دەڕۆن، بۆ لێرە و لەسەر چیاکان ماونەتەوە، نیازیان چییە، ئەدی ئاشتی مۆرنەکرا!؟

*****

ڕۆژی یەکەمە، هەموو خەڵکەکە ڕژاونەتە ناو شارەکە. هاتوونەتە بەردەم قشڵە و چاو دەگێڕن: نە مەلا مەستەفا و نە (فارس باوە) و نە موقەدەم عەزیز، کەسیان دیار نییە و کەسیان لەوێ نییە. هەموو دەپرسن، دە کەس بەیەکەوە، چاوەکان بەیەکەوە سەیر دەکەن: کوا سەرۆك و گەورەکان، ئەو میللەتە چەپڵەیان بۆ کێ لێدەدەن. خەڵکەکە بەپەرۆشەوە چاو دەگێڕن، دووکاندارەکان، قوتابییەکانی قوتابخانەی سۆران و ئیبنی خولکان و ئەربیل ئولا و گەلاوێژی کچان، کەناسەکانی شارەوانی و کاتب تەحریری لیوا و دەلالەکانی گومرگ و باخچەچییەکانی گڵکەند، ماستفرۆشەکانی بەردەم مزگەوتی حاجی قادر، ژنە چاورەشەکانی تەیراوە و سەید کەریمی زوڕناژەن، مناڵ و دەرۆزەکەر و حەمباڵ و کوورەچییەکان و . هەڵدەپەڕن و دەڵێن:

کێتان دەوێ لە کوردان

مەلا مەستەفای بارزان!

کەس لەوێ نییە، ڕێگاکە دوورە، یان هێشتا هەر قسەیە، یان قسەکە کرا و تەواو. ئیتر سەردەمی جێبەجێکردنی بەندەکانی بەیانەکە و نیازپاکی و دەستبەردانە لە پلان و بەرنامەی دەرەکی!

کوڕەکەی شەو بەیانییەکەی لە زاری ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر، کە بە چاویلکەیەکی شووشەیی روون کاغەزەکانی بەردەمی لاپەڕە بەلاپەڕە دەخوێندەوە، بۆیان دەکاتە کوردی. بەڵام! نەیدەزانی وردەکارییەکان بۆ

شرۆڤە بکات. لەو شەوە تێنەگەیشت ماوەی جێبەجێکردنی بەندەکانی ڕێکەوتنی یازدە ئازار چوار ساڵە. لەو بەیانییە، هیچ لە ڕەنگدانەوە و دەسکەوتی بەیانەکە دیار نەبوو. بەڵام! دەرکەوت و بڕیاردرا، خەڵك و دەنگ و شەقامیش وتیان: هەولێر لەورۆژەوە دەبێتە پایتەختی کوردستان، پایتەختی ئۆتۆنۆمی!

هەموو هاواریان دەکرد بژی پێشمەرگە. پشدێنی گەورەیان بەستا. وێنەی ژەنەراڵ مەلا مەستەفایان هەڵواسی، چاویان لە پێشمەرگە دەگێڕا:

چاوەڕوانییەکان زۆری نەخایاند، هەتا بواریان بۆ ساز دەبێت، گەڕانەوە و پاش چەند مانگێك هەندێك بوونە: بەرپرسی نەقابەکان، ئامیر سریەی حەرەس حدود. هەندێکیش خوێندەواربوون، بوونە قائیمقام. بوونە سەرنووسەری ئەلتەئاخی لە بەغدا. گەنجەکانی خوێندنی زانکۆیان جێهێشتبوو بوونە، ئەندامی وەفدی لاوانی کوردستان و بە سەردان و بەجلی کوردییەوە، چوونە ڤیستیفاڵەکانی وڵاتانی سۆسیالیست، چوونە رۆمانیا. بەرپرسەکانی بڕوانامەیان هەبوو، بوونە سەفیر و کونسل. هەندێکیان ژنی دووەمیان هێنا و وتیان:

بەسە ژنی گوند و شاخ و بارەگاکان، ئەوانە وەك ژنی شار نازانن مکیاژی جوان بکەن. با دوو ژنمان هەبێت، ئەگەر شەڕبێتەوە، یەکێکیان بۆ شار، ئەوی تریان بۆ رۆژانی پێشمەرگایەتی و سەرکانی گوندەکان! کیژی قۆناخی ئامادەییان کردە بووك، سوێندیان بۆ کیژەکە و دایکوباوکی خوارد:

پاش گواستنەوەیان، پاش مانگی هەنگوینی، بوار دەدەن خوێندن تەواو بکەن. ڕێگای خوێندنیان لێ ناگرن. کە بوونە مامۆستاش مانگانە با دە دیناریش بدەنە دایکیان، پێویستمان بە موچەی ژنان نییە، هەر عەیبەشە دەست لە ژنان پان بکەینەوە.

*****

## گازینۆ عەنتەر

لەناو پیکەبە سوورەکە، ئەوەی چەند جار لە ڕێگای گوندەکانی شەمامك وەردەگەڕێت. مەنجەڵەماست و بوخچە و لانك و شەنە و کەلوپەلی جووتیارەکان، کەرەستەکانی خەڵکی دوو سێ گوندی سەروبن کردبوو. خاوەنی پیکەبەکە، بەیانی کە دەگاتە شار دەزانێت، بەیانەکە دەرچووە،

هەتا ئەو لەوێ بوو، ئاگای لە هیچ نەبوو. کە پیکەبەکە دەگاتە کۆڵانەکەی نزیك جامبازەکان. پشت قوتابخانەکەی زۆری نەمابوو دروستکردنەکەی تەواو ببێت، دوایی دەبێتە باڵەخانەی یەکەمین ئامۆژگای مامۆستایان لە سەرانسەری هەموو عیراق. لەوێ پیکەبەکە رادەگرێت:
ژنەکان، پیاوەکان، مناڵەکان بارگە و کەرەستە و فەردە و مەنجەڵ و بنەجواڵەکانیان دادەگرن. دوو دوو، لەناو کۆڵانەکانی پشت مزگەوتەکە دەڕۆن. بۆنی کەباب رایاندەکێشێت و دووردەکەونەوە. یەکێکیان کۆشکەکەی (عەتولا ئاغا)ی لێ دیارە و رووی تێ دەکات. دەیەوێ بچێتە سەردانی نەخۆشێك، دەگاتە کۆشکە گەورەکەی (عەلی ئاغای عوزێری) لەدوورەوە بە رووبەرە گەورەکەی کە دەیانووت: بە باخچە و دیوەخانەکەی نزیکەی حەوت دۆنم دەبوو. لە شوێنەواری دینگەکەی مام سولێمانیش تێدەپەڕێت (خەڵکێکی زۆری لەسەربوو، دەست بەتەنەکە و فەردە و تەشت و ربە و مەنجەڵ، بە پاشۆڵ و چارۆگیش لەسەر دینگەکە چاوەڕوان و سەرقاڵ و ماندوو و تینوو و برسیش بوون)، بەرەو خەستەخانەکە دەڕوات.
نەفەرەکان زوو پەرتەی لێدەکەن، لەبەرچاوی شوفێرەکە و دووکاندارەکان ون دەبن. بەڵام! یەکێکیان وتبووی من ئێوارە ناگەڕێمەوە چاوەڕوانم مەکە. خاوەنی پیکەبەکەش، شوفێرەکە بە سوورانەوەیەك، بە گەیشتن بە سەرەوەی حەسار و حەمامەکە، دەکەوێتە ناو ئاپوورەی خەڵکەکە. هەڵوەستەیەك دەکات و بە سەبرکردن و وەستانێك، لەناو خەڵکەکە و رێپێوانەکە پشتەوەی پیکەبەکەی پڕ لە: گەنج و مێردمناڵ و دوو سێ کیژۆڵەی بچووك و دوو سمێڵی قەیتانی سیسی باریکی قژ چەورکراوی دەبێت. خەڵکەکە زۆر بوون، (رەنگە لەودەمانە شوفێرەکە بیری لەوە کردبێتەوە، ئەگەر لە گەڕانەوەم ئەوەندە نەفەرەم دەبوو، کرێیەکی باشم دەستدەکەوت)، هەموو بەپێوە دەوەستن، هاوار دەکەن، لەبەردەم مزگەوتی کوێتییەوە دەڕۆن، دەگەنە نزیك هوتێل ئەربیل. سەیتەرەکەی موسڵ، کە سام و رەنگ و دارەکەی لەدوورەوە دیار بوو، لەوێ بادەدەنەوە. ئاپوورەکە ناگەنە چاخانەی بایز، بەڵام قامیشەکانی بەردەرگاکەیان جوان لێوە دیاربوو.
لەو سووڕانەوەیەدا، لەنزیك گازینۆکەی عەنتەر، بە باخچە و کورسی و مێزەکانییەوە، ناو قەسرەکان، ناوماڵە ئاغا و دەوڵەمەندەکان بەرەو تەیراوە دەگەڕێنەوە. شوفێرەکە سووکانەکەی لەدەستە و بەئارەزووی خۆی کێوە

**بڕوات دەڕوات. لە سەیتەرە و هوتێل ئەربیل و ئەمن دووردەکەوێتەوە. ئەوان دوور بوون، بەڵام زۆریش دوور نەبوون. دەنگیان لەبەرئەوەی زۆر بوون، هاوارەکە گەورە بوو، دەگەیشتە سەربازی پاسەوانی سەر دارەکە:**

**یەکێك لە سمێڵ باریکە شەرمنە سیسەکە هاوار دەکات:**

**برایەتی کورد و عەرەب کۆنە تاریخ شاهیدە...**

**شیعرەکە تەواو ناکات، دەستی راستی سمێڵ قەیتانییەکەی تەنیشتی، توند دەمی دەگرێت. بێدەنگی دەکات. ناهێڵێت شیعرەکە تەواو بکات. ملی شیعرەکە دەگرێت و دەیگێڕێتەوە. بوار نادات، برایەتی شیعرەکە و پەیامی تاریخ و هاوارەکە، بگاتە بەر دەرگای هوتێل ئەربیل و پاسەوانە ئەمنەکان. ئەویش بەناچاری شیعرەکە دەگێڕێتەوە. ناهێڵێت شەپۆلی بگاتە ئینزیباتە قووڵ سوورە باڵابەرزەکە، قایش سپییەکەی لەپشتی بەستابوو، کە لەدیار دارەکەی سنووری دەرچوون و گێڕانەوە بۆ موسل وەستابوو:**

**بەس، بەس هاوار مەکەن، دەمتان تێکبنێن! برایەتی چی! هێشتا کیریان لەناو قوونمانە!**

**لەوێ دووردەکەونەوە. چەند کەسی تریش، گەنج، کیژ و کوڕ، ئەوانیش دەیانەوێ بگەنە ناو پیکەبەکە، بەشداری ئاهەنگەکە بکەن، بەڵام بۆدییەکە نەدەکرا، هەموو مناڵەکانی تەیراوە سوار بکات، لە شەقامی سیمەتری بیانسووڕێنێتەوە.**

*********

## مارگرێت

**رۆژی یەکەمی بەیانی یازدەی ئازار، وێنەی کیژە پێشمەرگە ئاسوورییەکە مارگرێت، (کە من ئێستا نازانم بۆچی کوژرا، یان بۆچی دەنگ و رەنگی نەما، چی لێ هات). لەورۆژە وێنەی ئەو لەجیاتی وێنەکانی کیژی کافرۆش کە چەند ساڵ بوو: لە ماڵ و دیوار و دیوەخان و سەرتاشخانە و پاچەفرۆشەکان هەڵدەواسرا، دانرا. کیژەکەی دەستە جلێکی پیاوانەی خاکی باش دوراوی قوماشی نایابی لەبەردابوو. بڕنۆکەی دەستی، چاوە رەشەکانی، سینگ و روومەت و بەژن و شانەکانی، دەبێتە وێنەی یەکەمی جوانی سەر: رووبەند**

و دیوار و ئاسۆکان!
پیاوەکانی لە چاخانەکەی عەبۆ، سەرگەرمی دامە و شەترەنج و شەڕەقسە و ململانێی و حیسابی سەرەمانگ و دابەشکردنی زەوییەکانی ڕووناکی و باخچە گەورەکان و جابی پاسەکە بوون. چوونە بەردەرگای قشڵە، بەردەم شارەوانی، بەرامبەر نەخۆشخانەکە. ویستیان لەوێ گوێیان لە بەندەکانی ڕێکەوتنی یازدەی ئازار بێت و بزانن، بەندەکان، داواکان، ڕێکەوتنەکە وەك: دانوستانی سەر گەمەی دامە و رامان و ماتبوونی دیارە (چایە رەش)ەکانە! دەیانویست بزانن ئەو چوار ساڵە بۆ چییە، بپرسن بۆ چوار مانگ نەبوو، بۆ چوار ڕۆژیش نەبوو! ویستیان گوێیان لە وتارەکان بێت، تا بزانن:
کورد لە بەغدا چی وەرگرتووە، ئەو ڕێکەوتنە لەگەڵ دانوستانەکانی تر جیاوازییەکانیان چییە:
جیاوازی ئەوەیە ئەو جارە پێشمەرگە زۆرتر لە شارەکان و لە بەغداش دەمینێنەوە. زۆرتر دەسەڵات وەردەگرن، بەڵام سەیتەرەکانی نێوان شارەکان نا! زۆرترین هەژموون، بەڵام ئاسایش و ئەمن نا. زۆرتر پارە! بەڵام بە کوردی لەسەر دینار و (نیو دینار)ەکان نانووسن! لەو چوار ساڵە کوردستان ئاوەدان دەکەنەوە، ئینجا حوکمی زاتییەکە دەدەن، یان دەیانەوێ بەو چوار ساڵە خۆیان توند بکەنەوە، بە پلان و شیرینی خەڵك و شۆڕشەکە بخنکێنن و بروخێنن!
لە یەکەم ڕۆژی بەیانی یازدەی ئازار. یەکەمجارە و پاش شۆڕشی چواردەی گەلاوێژ، پاش یاسای چاکسازیی کشتوکاڵی میللەت ئەوەندە دڵی خۆش بێت. هەموو ڕژاونەتە سەر شەقامەکان. کەس نەیدەزانی لەو شارە ئەوەندە وێنەی مەلا مەستەفا و کوڕەکانی، پێشمەرگە و ئامیر هێزەکانی، مارگرێت و چاوەکانی لە ماڵان، لەناو بوخچە و کتێب و بەر ئاوێنە و (نەینۆك) و ناو بالیفەکان هەبووە، جوان و باش هەڵگیراون!
وتیان شەڕ تەواو بوو، یازدەی ئازار سیروانی بەسەر ئاگری گەورەی دۆزەخی شەڕەکە داکرد و تەواو: بەڵام لەناو بەغدا، دوو چەکدار، بەناوی عەشیرەتیك، بەبیانووی کۆنە رقێك، تەقە لە ئوتومبێلەکەی کوڕێکی سەرۆك بارزانی دەکەن، لەناو بەغدا دەیانەوێ بیکوژن!
وتیان هەموو کوردستان ئاوەدان دەکەینەوە، بەڵام پێشمەرگەکان، حزبییەکان دەبنە: بەڵێندەر و خاوەن وەکالەت و خانووی گەورە گەورە و دروشمی: (قووز و قەسەر و قەمەرە) بەرز دەکەنەوە. یان ئەو دروشمەیان

**بۆ هەڵدەبەستن. یان کەوتنە دوای هێنانی ئوتومبێلەکان و دەیانووت: ئەو ئوتومبێلانە لە بیابانەکەی سعودیە لەلایەن بەدوەکانەووە دەدزرێن و ئاودیو دەکرێن. هەندێك دەیانووت: لە ئوردن فەلەستینییەکان دەیاندزن و دەیانفرۆشنەوە! مارسیدسە نوێیەکان و تەسجیلکردنیان وەك جێبەجێکردنی بەندەکانی یازدەی ئازار گوتاری رۆژەڤ بوون.**

# بەشی یەکەم

## لەسەر رووباری فورات

یاسین یەکەم کەس بەیانییان زوو، قەدی رووباری فوراتی دەبڕی. بەسەر پردە درێژە نەوییەکەی سەرەکەی دار بوو، بەتێپەڕبوونی پیادە و عارەبانەش هەر شەقەشەقی بوو، دەچێتە ئەوبەری شارەکە. فڕنەکەیان لەوبەری شارەکە بوو. بەیانییان زوو، کە دەڕۆیشت سەیری بەردەمی خۆی دەکرد، چەند ئەستێرەیەکی لەناو (سەعفی دارخورما)کان هاوشانی ئەو دەڕۆیشتن ببینێت. بیری لە دووری دەکردەوە، تا بزانێت هەر ئەوان دوور هەڵنەکەوتوون. دیارە کە چۆن ئاسمانیش پڕیەتی لە گەوهەرە جوانەکانی سرووشت و ئینجا دووریشن. ئارەزووش دەکەن بەرۆژیش بەقەد دارخورماکان لەسەر زەوی نەوی بن. دەڕوات و بە (کزبوونی چاوی ئەستێرە)یەك، جەستە و هەنگاوەکانی گەرمتر دەکرد. تا پێیەکانی هەڵگرێت و تیژتر بڕوات، تەندوورەکە چاوەڕوانی دەکرد. بۆ ئەوەی زوو بگاتە فڕنەکە و کلیلە بە ددانەکە، ئەوەی بە داوی کۆنە دۆخینێك بەسترابووەوە، لەناو گیرفانی شەرواڵەکەی دەربهێنێت و دەرگای فڕنەکە بکاتەوە. بۆیە پێیەکانی بەئاسانی دەکردەوە و دەڕۆیشت، (هەتا ماوەیەکی زۆریش لەسەر ئیش، لەناو فڕنەکە هەر شەرواڵی لەبەرکردووەوە، بە کرێکارە عەرەبەکانیشی دەووت:
ئەوەیان بۆ ئیشکردن لەو کوورە گەرمە خۆشترە، دیارە ئەوانیش هەستیان بەوە کردبوو، زۆرتر تەوژمی گەرمی تەندوورەکان دەچێتە بن دشداشە فشەکانیان)، دەڕۆیشت و نیگەرانیی پێوە دیاربوو، هەموو هەستیان دەکرد، ماوەیەکە رەوشی ئیشکردنەکەی ئاسایی نییە. یاسین حەقی بوو، نیگەران و سەخڵەت بێت، وا خەریکە هەموو کوردەکان دەچنەوە ئەو ناتوانێت بچێتەوە، یازدەی ئازار جەژنی هەموو کوردانە، بەڵام ئەو لەگەڵ ژنەکەی ناتوانن جەژنەکە بکەن!
پیاوە درێژەکە، (بەروانکە) سپییەکە لەبەر دەکات، نیو فەردە ئاردەکە لەناو تەشتە فافۆنە گەورەکە روو دەکات، دوو مست خوێ، هەندێك هەویرترش، ئاوی گەرم، نەرم نەرم بەسەر ئاردەکە دادەکات، روو لە یاسین دەکات:
ــ چەند رۆژە لەو بەغدایە، ئاهەنگە!
یاسین خەریکە ئاگرەکە بکاتەوە، سەری تەندوورەکە هەڵدەداتەوە. بەر لەوەی ئاگرەکە بکاتەوە، سەری دەباتە ناو تەندوورەکە و سەیری خۆڵەمیش و سووتوەکانی بنەوەی دەکات:
ــ بەڵێ، راستە وتیان لە هەموو شارەکان ئاهەنگە.
بەڵێ دەڵێن ئاهەنگ بەردەوامە، وڵات هیوای بە ئاشتییەکەی روونە، بەڵام

ئەو دڵی خۆش نییە. پەروین ئەوەندە گریاوە نوزەی نەماوە، خەمبارە! بە ڕۆیشتنەوەی ماڵە کوردەکان کزتر بووە، بەتایبەتی ماڵی حەمە شەریف، پیاو و ژنەکە بۆ ئەو زۆر باش بوون، لە ڕەحمانی براکەی یاسین زۆر باشتر بوون! ئەو ژنە باوکی خۆی نەدیبوو، بۆیە نازی باوکایەتی نەبینیبوو. حەمە شەریف بەگەورەیی دەبێتە باوکی، ژنەکە مناڵ دەبێتەوە، بووکە و مناڵ دەبێتەوە، هەتیمە و پیاوێك دەبێتە باوکی! باوکێکی دڵۆڤان، بەڵێنیشی پێ دەدات براکەی بدۆزێتەوە، بگەڕێتەوە و لەگەڵ خۆی بیانباتەوە. چۆن لە مارەکردنەکە دەبێتە باوکی لە گەڕانەوەکەش دەبێتە برای، ئەگەر بڕنۆیەکی درێژی لەشان بێت، یان کلاشینکۆفێکی ڕووسی، (دەمانچەیەکی لاما)ی لەناو دەستەسڕەکی زەردی نەرم دانابێت و لەپشتی بەستابێت، ئیقناعی دەکات، چەکی دەکات، پانتۆڵ و چاکێتێکی لەبەردەکات، بە قسەی خۆش و بەنازەوە ئیقناعی دەکات، پێی دەڵێت:
شەوێك لە بەغدا دەمینێینەوە، بەغداش جیهانێکی گەورەیە، پردەکانی، باخچە گەورەکانی، مۆزەخانە و شەقامی ڕەشید و دینگەکانی هەموو جوانن، شەوێك لەوێ دەمینێینەوە، دەچینە بارەگای ئەلتەئاخیش، پیاوە (کاکەیی)ەکەش دەبینین. ئەوەی حەلاجیاتی دەنووسی. ئەوەی حەلاجی دەناسی. خۆی کردووە بە براکەی حەلاج، میراتگەرەکەی حەلاج. بەغدادییەکان حەلاجیان لەبیرکردبوو، ئەو لەو ڕۆژنامەیە حەلاج زیندوو دەکاتەوە، پێیان دەڵێت:
ئەو نەیوتووە من خودا و سوجدەم بۆ بەرن.
ئەویش لەو سەدەیە، لەو زەمانەی ڕۆژگار، زۆری بەسەر بەغدا و ڕووباری دیجلە هێنا، بە بەغدادییەکان دەڵێت:
من کوردم و نووسەرم و لەگەڵ شۆڕشەکە هاتمەوە.
(حەلاج)یش هاوار دەکات و شیعر دەنووسێت، لەگەڵ ژان و ئازارەکانی ئەشکەنجەدانا، بە بەغدادییەکانی وتبوو:
من دەگەڕێمەوە پاش مردنم، پاش کوشتنم دەگەڕێمەوە، هەر بۆ ئێوە دەگەڕێمەوە.
بەڵام ئەو لە ڕۆژنامەی ئەلتەئاخی دەگەڕێتەوە و بانگەوازەکان بۆ یەکسانی و پاکبوونەوە بڵاودەکاتەوە.

*****

## دارا تۆفیق

دەچینە ئەو رۆژنامەیە، دەزانم تۆش شاناز دەبیت، بزانە چۆن زۆربەی عەرەبە باشەکان، نووسەرە گەورەکانی بەغدا و بەسرا لەو رۆژنامەیە کۆبونەتەوە و ئیشی تێدا دەکەن. ناترسن بونەتە پشتیوانی قەڵەمی جوانی دارا توفیق (بەیانییان لەو بەغدا جەنجاڵە، بەتەنها و سەربەرزانە، بە رینۆیە سپییەکەی دەگاتە بارەگای رۆژنامەکە، هەر لەناو بەغداش پاش چەند ساڵێك، بەڵام ئەمجارە بەڕێوەبەری گشتی گەشتیاری ئاوییە، بەیانییەك دەچێتە دەوام لەناو ئوتومبێلە ڤۆلڤۆکەی دەگیرێت، تا ئیمڕۆش هیچ هەواڵ و تەرمێکی دەرنەکەوت)، چونکە ئەو نووسینە عەرەبییەکەی زۆرباش نەبوو، بۆیە بەس سەردێرەکانیان بۆ دەنووسێت.
ئەو لە (سلێمانی و لەندەن) خوێندویەتی، هزرێکی گەورەیە، ئەندازیارە بۆیە دەزانێت، چۆن دیزاینی رۆژنامەکە بە نووسین و بەرنامە گەشەدار بکات. لەویێ براکەی پەروین ئەو عەقلە گەورانە، ئەو پیاوە ماندووانە ببینێت، گوێ لە ئاخاوتنیان رابگرێت، زۆرتر ئاوەزی دەکرێتەوە، زۆرتر گەورەیی مرۆڤی لا پیرۆز دەبێت، هەردوو چاوەکانی پەروین ماچ دەکات و رێزی گەرمی یاسینیش دەگرێت!
حەمە شەریف گفت بە چاوە ترساوەکانی پەروین دەدات، هەتا براکەی نەدۆزێتەوە، پشوو نادات، وتبووی:
دەچمە هەموو لقەکانی حزب، هەموو بارەگاکانی سەرکردایەتی، لە براکەت دەپرسم. براکەت لەسەر راسپاردەی حزب چوویتە دەرەوە، حزبی بووە، بۆیە دەزانم رۆژی یادی دامەزراندنی حزب. لە شازدەی ئاب لە ئاهەنگە گەورەکەی ناو (مەلعەبی ئیدارەی مەحەلی). بەرانکوچۆغەڵێکی سپی و سەری کۆت. بەچەشەیەکی جوامێرانە دەردەکەوێت. ئەو وتاری نەقابەکان، یان لق، یان ناوچە دەخوێنێتەوە، پاش ئەوەی لەسەر سەکۆکە دادەبەزێت، پاش ئەوەی خەڵکەکە چەپڵەیەکی گەرمی بۆ لێدەدەن:
کە دەڵێت، ئێمە سازش لەسەر بستێکی خاکی کوردستان ناکەین. کە دەڵێت، ئێمە قبووڵمان نییە (تەعریب) لە کوردستان بەردەوام بێت. ئێمە لەگەڵ جێبەجێکردنی هەموو بەندەکانی رێکەوتنی ئاشتییانەی یازدەی ئازارین. کە دەڵێت، کورد هاوبەشی حوکمە و دەبێ لە هەموو دەسکەوت و سامانەکەش هاوبەش بێت. کە دەڵێت، حزبەکەمان پشتیوانی هەموو بزاڤە رزگاریخوازەکانی جیهان دەکات و .

ئەو سەیری ئەرشیفەکانیان دەکات، دەپرسێت، لە کۆنە جەلالییەکان دەپرسێت. ئەوانەی چوونە هەمەدان. لە مەلالییەکان دەپرسێت، ئەوانەی هەموو بارەگا و سەرکردایەتییان لە (باڵەکایەتی) دانابوو. هەر دەیدۆزێتەوە، هەموو یەکتری دەناسن، ئاسانە، بەڵام خەمخۆرێکی دەوێ! پیاوێك چۆن ون دەبێت، بەر لە دەرچوونی لەو شارە لەناو قوتابیان ناودار بووە. ئەگەر لە ژیاندا مابێت، ناوی لەتەنیشت تفەنگ و بەرد و نانی رەق مابێت، دەدۆزرێتەوە.

ترسی ئەوەش هەبوو، خوشکەکەی، ئەو نەدۆزێتەوە. ئەو، برایە چەکدارەکە، خوشکەکەی بدۆزێتەوە. رۆژێکیان پاش ئەوەی یاسین دەچێتە فڕن، لەوێ خەریکی نان دەبێت. دەچێتە دەرەوە و ناهێڵێت ژنەکە بێدار بێت، لەسەرخۆ کەلوپەلەکانی کۆدەکاتەوە. لەماڵەوە بەتەنها پەروین سەرقاڵی ماڵ و منداڵ و کەوگیر و (بەرگە لێف)ێك بێت.

رۆژێکیان یەکێکی دەموچاو بەستراو، پیاوێکی دەمامکداری دەموچاو ماندوو، دەستێکی وشکی بەگومان، لە دەرگاکەی دەرەوەیان بدات. ئەو نەرم نەرم لە دەرگاکەی دەرەوەیان بدات، نەوەك هەست بکات، ئەوەی لە دەرگای دەرەوەیان دەدات پیاوێکی چەکدارە. نەرم نەرم لە دەرگاکە دەدات تا ژنەکەی لە ژوورەوە پشتی بە دیوارەکە داوە و خەریکی بژارە، هەست بکات منداڵێکە، یان دەستی ژنێکە:

پەروین وابزانێت، ژنەکەی هاوسێیان ژانی منداڵبوونی لێیە، وابزانێت منداڵێکی ناردووە، ئەو بێت شارەزایی خۆی پێ بڵێت تا ژانەکەی سووك بکات. پەروین وادەزانێت، یاسین دەستی بە ئاگر سووتاوە و گەڕاوەتەوە. بەپەلە، بەڵام بەترسەوە دەرگاکە دەکاتەوە! دەترسێت رۆژێکیان برا تاقانەکەی دەرگای لێ بگرێت، ئەو برایەی هێشتا حەمە شەریف نەیدۆزیوەتەوە، هێشتا ناوی لەناو لیستەکان و دەموچاوی لە کۆبوونەوەکان دەرنەکەوتووە. لەگەڵ کردنەوەی درزێکی باریك، لەگەڵ شەقبوونی ژوورەوە و بەرینی کۆڵانەکە، یەکێك توند دەمی بگرێت، بەزۆر و بەزەبری دەستە گەورەکەی، شانە قەڵەوەکەی لە دەرگاکە بچێتە ژوورەوە. لە حەوشەکە ئەگریجەی سەعفی دارخورمای سەربانەکە، بە هەردوو دەستی، بە هەڕەشەیەك دووربخاتەوە، نەوەك (چاوی کەسکی سەعف)ەکە، ببێتە شاهیدی دەموچاو و دەست و خەنجەرەکەی. حەوشە وشکەکەی چاوەڕوانی هاتنی ئاوی بەلوعەکە بوو، بکاتە گۆمی خوێن، ژنەکەی چاوەڕوانی نانی گەرمی یاسین بوو، بکوژێت! هەتا لەو شارە ژیا، هەتا یاسین رۆژانە دەچووە سەرکار، ئەوی بەتەنها،

لەماڵەوە لەدیار مەنجەڵ و ئاوێنەی دۆڵابەکە جێدەهێشت، ئەویش بەرۆکی ترسی گرتبوو، چەند ساڵ بوو بەردەوام زۆر لەتەنهایی دەترسا!
دەترسا و زۆریش دەترسا نەوەك براکەی پیاوێك، دەستێك، دەمانچەیەك بە پارە، بە دەسەڵاتەکەی پاش گەڕانەوەیان، دەسەڵاتی پاش یازدەی ئازار، رەوانەی سەر رووباری فورات بکات و لێی بپرسێت:
هەموو چاوەکان لەو ئاوە دیارە، هەموو هەناسە گەرمەکان بەو ئاوە سارد دەبنەوە، بۆیە هاتووم دەرگا و ماڵ و دڵ و جەستەی ژنێکم نیشان بدەیت لە تەیراوە هاتووە، دڵ هەڵیگرتووە و هاتووە، دەمەوێ بیدۆزمەوە. لە رووباری فورات بپرسێت: دایکێکی کورد دەناسیت لەو شارە، مناڵەکانی ناوی کوردییان هەیە، بە زمانی عەرەبی وەڵامی دایکوباوکیان دەدەنەوە، ئەوانیش بە زمانی کوردی پرسیارەکانیان لێ دەکەن!
ژنەکە ترسێکی هەر لەدڵ بوو، رۆژێکیان بەرەسمی دادگای شارەکە، بۆ ئیفادە وەرگرتن و لێپرسینەوە بانگی بکەن، پێی بڵێن:
لە دادگای هەولێر، کە (دەکەوێتە لاچەپێکی تەیراوە و گومبەتە شینەکەی لە هەموو ماڵەکان بەجوانی دیارە و دەبریسکێتەوە)، داوایەکت لەسەرە، ئێمەش دۆسیەکەی تۆمان لەکن نییە، ناتوانین سەیری داواکە بکەین، بۆیە ناچارین دەستبەسەر رەوانەت بکەین، ئێستاش بتگرین!

*****

## من بەعس دەناسم

کاکە یاسین تۆش دەچیتەوە و ئیشەکەمان رادەوەستێت، دەبێ فڕنەکە دابخەین، ئاردەکەمان تێکدەچێت، تازە تەندوورێکی نوێمان کڕیبوو، گەڕەکێك بێ نان دەبێت. دەچیتەوە کوردەکانی ئەو شارە وا تاکەتاکە دەگەڕێنەوە، ئەوان وا دەچنەوە، تۆش دەچیتەوە؟ (خاوەنی فڕنەکە داماو و خەمگین پێی دەڵێت).
ئەو دەرگا دارەکەی خانووەکەی لەگەڵ دایکی و براکەی تێدا دەژیا، دادەخات، کلیلەکەی نابات، یان دەرگاکە هەر کلیلی نەبوو، یاسین دەستێك وەك چۆن نانی پێ پان دەکردەوە، دەستی پەروین دەگرێت. ئەو، کوڕەکە بەیانی بەدزی دایکی و براکانی، بێ پرسی باوکی و خوشکەکانی دەچێتە دەرەوە، نازانێت کەی دەگەڕێتەوە، دەڕوات سەیرێکی جۆگەلەکەی

بەردەرگایان دەکات، هێشتا زووە و گلۆپەکانی کۆڵانەکە نەکوژابونەوە. لەو خانووەی دوو خێزان لە دوو ژوور دەژیان. هەر خێزانەی شەش کەس بوون، بەیەکەوە لەناو حەوشەیەکی بەرتەسك، لەبەر لووتی بەلوعەیەك، لەبەر هەناسەی دارهەنارێك قەدی گەیشتبووە سەر ستارەکە. لەو دوو ژوورەی پەنجەرەیەکی تاریکی داخراو بە (کەرتە مقەبا و پارچەیەك گوش)، لەو خانووەی دوازدە کەس بەیەکەوە کپ و خاوێن هەناسەیان دەدا. سەریان لەسەر کتێبەکان بوو، نهێنی یەکتریان دەپاراست. لەگەڵ کۆخە و پژمینی یەکتری هەڵدەستانەوە. لەو خانووە بەر لە دەرچوونی یاسین، کە دواجاری بوو، دەیزانی دەڕوات و ناگەڕێتەوە، لەو کۆڵانە بەر لەوەی ئەو بچێتە دەرەوە، پیاوێکی باڵابەرز ئەویش بەیانییان زوو دەچووە سەرکار دەبینێت، دوا ئاکار و دەموچاو بوو لەو کۆڵانە دەیبینێت، بەر لەوەی بڕوات و نەگەڕێتەوە.
ئەوە چوار ساڵ و شەش مانگ و رۆژەکانیش دیارە، کە ئەو رۆیشتووە و نەگەڕاوەتەوە. خاوەن فڕنە عەرەبەکەش ئەو بەیانییە، لەورۆژانەی تازە بەیانییەکەی یازدەی ئازار دەرچووە پێی دەڵێت:
کاکە یاسین، دڵم خۆشە، شەڕ لە چیاکان نەما، کوشتن تەواو بوو، بەڵام تۆ دەگەڕێیتەوە و جێماندەهێڵیت!
پیاوە عەرەبەکە بەدەم و بەگوفتارەوە وتی:
شەڕ نەما و بەیانەکە دەرچوو!
پیاوە عەرەبەکە باسی ئاهەنگەکانی مەیدان و گۆڕەپانی تەحریری بۆ دەکات، بەڵام نایەوێ بڵێت:
بەعس، ئەو پیاوکوژ و لادارانە ئاشتی بکەن! ئاسان نییە بڕوا بکرێت! خاوەن فڕنەکە نایەوێ بڵێت، کورد گوندەکانی سوتاوە، چیاکانی پەلاماردراوە، پەرۆشی ئاشتی و بوژانەوەن. بەڵام ئەو ئەفسەرانەی دەسەڵات و چەك و پارە و سوپایان لەبن دەستە. ئەوە ناخوازن، ئەوانە پیرۆزییەکانی ئێمە و دوازدە ئیمامەکان بە نەفرەت دەکەن. ئەوانە بەگەورەیی لەنیوچەوانی هەموو باڵەخانەکان. لەسەر بەرگی هەموو نووسراوەکان. لەسەر جانتای مناڵەکان، پسوولەی نان و بەنزین و ئارد، لەسەر دیوار و بەردی ئوردوگاکان، مەخفەرەکان، زیندانەکان. ئەوانە شەرم ناکەن و دەنووسن. هیچ تابلۆیەك نەماوە لەسەری نەنووسن، لەسەر دەستی مناڵ، لەناو لۆچی و سیسبوونی تەمەنی پیرەکان، لەگەڵ پەردەی بووك و زاوا، لەسەر جامی ئوتومبێلە مەدەنییەکان، سقیل و سەربازییەکان نووسیویانە:

(وەحدە) و بڕوایان بە یەکێتی نییە و دژ بە یەکێتی کاردەکەن. ئەوانە شەرم ناکەن نووسیویانە:
(حوریە) و بەردەوامیش ئازادییەکان پێشێل دەکەن، قورگیان خنکاندووە، سەربەستییان کۆت و بەند کردووە، نەك لە نەیار و دوژمنەکانیان بەسەر هاوڕێی و هاوبیرەکانی خۆشیان. ئەوانە دروشمی حزبەکەیان:
(ئیشتراکییە)یە و رقیان لە بلۆکی سۆسیالیزمە، باسی هەژارەکان دەکەن، خۆیان منالە بەگزادەکانی ناو عەشیرەتەکانن.
ئەوانە (بەعس)ن و بەڵام ژیان نابوژێننەوە، ناویان ژین و بوژانەوەیە، بەڵام بەر لە نەیارەکانیان سەرکردە و ئەفسەرەکانی خۆیان دەکوژن، کورد دەکوژن، شیعە دەکوژن، دژی شیوعییەکانن، قەڵەم دەشکێنن، نوێژ قەدەغە دەکەن، فەلەستین دەفرۆشن. گوێ لە وانە و ئەزموونەکانی سۆڤیەت رادەگرن و بە قسەی ئەمریکییەکان دەکەن. چەکی رووسی دەکڕن، لە ئەڵمانیای خۆرهەڵات چەك دەکڕن. لە خۆرئاواکەی مەشق و راهێنان دەکەن، ئەوانە و ئاشتی، دوو بەرنامە و ویستی دوورە!
ئەو قسانە بە کرێکارە کوردەکەی ناو فڕنەکە ناڵێت: پیاوە عەرەبەکە قسەکان وەك فاکت دەزانێت. بەڵام نازانێت یاسین ناگەڕێتەوە و دەرچوونی بەیانەکە و یازدەی ئازار بۆ ئەو، تەنها وتنەوەی سروودەکەی ئەحمەد خەلیل و مائیدە نەزهەتە، کە دەڵێن:
هەر بژی کورد و عەرەب رەمزی ئەلنیزال!

*****

پیاوە عەرەبەکە، شەعلانی خاوەن فڕنەکە. خەمی ئەوەی بوو، یاسین دەگەڕێتەوە و فڕنەکەی چۆڵ دەبێت. کەسی تری وەك ئەو، کارامە، خاوێن، دەستپاك، وریا بەدەست ناکەوێتەوە. نانەوایەکی وەك ئەوی پێ نادۆزرێتەوە! ئەو لەئاسمانەوە بۆ فڕن و تەندوورەکانی دابەزیبوو، دەستێکی موبارەك بوو، بەئاسانی هات و بەئاسانیش وادیارە دەڕواتەوە. ئەگەر زووتر و چەند مانگێك پێش ئێستا، دەیزانی ئەو دەگەڕێتەوە لۆرییە ئاردەکەی نەدەکڕی! ئەو تازە کارەبای بۆ فڕنەکە راکێشاوە، دەرگای فڕنەکەی گۆڕیوە، فڕنەکەی نوێ کردیتەوە. بە رۆیشتنی ئەو، بە دەرچوونی بەیانی یازدەی ئازار، (کورد و عەرەبی سونە)، مەلا مەستەفا و بەعسییەکان لەیەك نزیکدەبنەوە، ئەوەش موحسین ئەلحەکیم و نەجەف و کەربەلا نیگەران

دەكات، ئەو دەڵێت:
یاسین مافی خۆیەتی بگەڕێتەوە، بچێتەوە شارەکەی خۆی، تازە تەواو، ئەگەر زۆریش نەبێت، ئەو بەیانە مێژووییە (وەك ناویان ناوە) ماوەیەك وڵاتەكە ئارام دەكات. بەڵام سوێند بە سەری بڕاوی حوسێن، بە زەلیلی و داماوی (زەینەب)، بە پیرۆزی و هزری گەورەی هەموو ئیمامەكان، نەوەكانی حەزرەتی عەلی، ئەوانەی بە ژەهر، هەر یەكە و لە وڵاتێك، لەناو حوجرە و لەسەر قورئانێك كوژران. سوێند بە پیرۆزی ئەوان، گفت و پەیمان لەگەڵ بەعس بەرهەمی نابێت. دانوستان و بەیانەكان تا سەر نابێت. ئەگەرچی چوار وەزیریان داوە بە كورد، سێ شاریان داوە بە كورد، شارەكەی ئەویان كردووە بە پایتەخت. بەڵام! بەعس جێگای ئەمان و ئارامی و گفت نییە! نایەوێ رووبەڕوو پێی بڵێت، بەڵام لەدڵەوە دەڵێت:
كاكە یاسین، ئەبو غائیب (لەبەر ئەوەی لەودەمانە منالی نەبوو) هەر دەڕۆیت، كە دەڕۆیت ماوەیەك لەسەرم راوەستە، هەتا یەكێك، نانەوایەك پەیدا دەكەم، یاسینێكی ترم دەست دەكەوێت! یاسین لەسەر كاسبییەكەمان مەخوێنە. با فڕنەكەم قەپات نەكەم، دەرگاكەی دانەخەم، پەنجەرەكەی بە قووڕ نەگرم! ئەگەر من فڕنەكە لەوبەرە دابخەم، فوراتیش شارەكە دادەخات، چیتر كەس ناپەڕێتەوە ئەو بەرە. ئەو بەرە، بەری دووەمی شارەكە، قوتابخانەیەك، دوو گەراج و دوو خانی خورما، یانەیەكی شەوانەی تێدایە. ئەو بەرە حەسارەكەی شێخ و چەند زنجێكی داماوی كێوەلییەكانی تێدایە. بەو فڕنە، من ئەو بەرەم ئاوەدان كردیتەوە، ئەو بەرە چۆڵە و بەرە ئاوەدانەكەی شارەكە نان دەدات، یاسین نانیان بۆ دەكات!

# بەشی پێنجەم

# دەگەڕێنەوە یان ناگەڕینەوە

**یاسین، لەگەڵ گەرمی ئاگرەکە، پەرۆشی ئەوانەی لە دەرەوە چاوەڕوانی وەرگرتنی نانەکە بوون، ئاوێتەببوو، وادەردەکەوت، ئەوەی لەئاکاری دەبینرا، بەڵام بیر و سووتانی هەناوی بۆ مانەوەی بوو لەو شارە و نەگەڕانەوەی بوو بۆ تەیراوە!**
**لەگەڵ رۆیشتنەوەی ماڵە پۆلیسەکان، کوڕ و کیژەکانیان، بارگە و بوخچەکانیان، (قەنەفە و دۆلاب)ی ماڵی دوو مامۆستاکە، کەوا و سەڵتە و کتێبەکانی مەلاکە، ئەو لەگەڵ پەروین بەتەنها لەو شارە دەمینێتەوە. ئەگەر ئەوانە، هەموو بە بڕیارەکانی بەیانەکەی یازدەی ئازار بگەڕێنەوە، کەس نەدەما هەواڵیان بگوازێتەوە، کەس نەدەما ناویان ببات. هەردووکیان دەبوونە بەلەمێکی رزیوی شکاوی سەر کەناری رووبارەکە، نقوومبووی ناو قەوزە و پاشماوە و (قامیش هەڵرژاوەکان). ئەگەر ئەوان تاکە ماڵە کوردی شارەکە بن: کۆڵانێك بەناوی ئەوان دەکرێت، بە کۆڵانەکەیان دەڵێن کۆڵانی ماڵە کوردەکە. فڕنێك بەناوی ئەوان دەکرێت. چیتر خەڵکە عەرەبەکە ناڵێن فڕنەکەی ئەوبەری ئاوەکە. بە فڕنەکە دەڵێن فڕنی کوردەکە. کوردەکان هەموو بگەڕێنەوە ئەوان بەتەنها بمینێنەوە زوو دەیدۆزێنەوە و زووش ون دەبن!**

*********

**ئەو دەمینێتەوە، ئەو ژن و مێردە لەو شارە دەمینێنەوە، تا رۆژێکیان پاش نزیکەی پەنجا ساڵ، سیروانی کوڕی تەلەفۆنی بۆ دەکات (بە زمانی عەرەبی قسەی لەگەڵ دەکات):**
**ـ بابە سڵاوم هەیە، دەستی دایکم ماچ دەکەم، چ دەکەن، خەریکی چین!؟**
**ئەو زۆرتر تەلەفۆنەکەی بەگوێی وەدەنێت، تا باشتر دەنگەکە بگاتە ناو گوێی. قاچێکی دەخاتە سەر قاچ، شانازە کوڕەکەی دەیپرسی:**
**ـ چاوت ماچ دەکەم، توخوا (پشیلەکان)، گەورەکان، سەگەکە چۆنە!؟ مناڵەکان باشن، لە خوێندن باشن!؟**
**ـ هەمووماں باشین، لەلای ئێمە شوکور هیچ نییە، شارەکە ئارامە و ئیشمان**

باشە! وتم دەمەوێ سەرێکتان لێ بدەین، لەماڵەوەن!
- جا کوڕم ئەوە پرسین و تەلەفۆنی دەوێت. من زۆر باشم، بەڵام دایکت بەردەوام دەنوزێتەوە. وەرن با کەمێك ئێوەش گوێ لە نوزە و فیغانەکەی رابگرن! با کەمێك نۆرەی ئێوەش بێت، مردم ناخۆشە یەکێك کەسی نەبێت، نازی بکێشێت، گوێی بۆ شل بکات! وەرە کەی دێن! دایکتان هیچی تێدا نەماوە، وەك منالێکی ساوای لێهاتووە، (قامکت بخەرە ناودەمی بزانە دەیگەزێت)!
سیروان، کۆچەر سواری ئۆتومبێلە نوێیەکەی دەکات. نێوان دیوانیە و قەزاکە هەر نیو سەعاتێك دەبێت. لە رێگا کۆچەر سەیری بیستانی دارخورماکان دەکات، شپرزەیی بە بەژنی دارەکانەوە دەبینێت، خەمیان بۆ دەخوات، بە سیروان دەڵێت:
دەزانی دارخورماکانی هەولێر زۆر لەوانە بەنازترن! هەموو شەوانە گلۆپی رەنگینیان بۆ دادەگیرسێنن، شەوق و تیشکی سوور و شین و زەردیان بۆ پێدەکەن و گەش دیارن. لە دەرەوە کرێکار و باخچەچییان بۆ هێناون، ئەندازیاری تایبەتییان هەیە. ئەگەر گەرما دەگاتە سەرووی پەنجا پلە سێبەریان لێ دەکەن، ئاوی ساردیان لەبن دەکەن، پەین و زبڵی ئەمریکیان لەبن روودەکەن!

*****

## دارخورما

کوڕەکەی ئۆتومبێلەکەی لەسەرخۆ لێدەخوڕی، ماوەماوەش لەگەڵ زەنگی تەلەفۆنەکە سەیرێکی دەکرد و وەڵامی نەدەدایەوە. ئەو نەیدەزانی بۆ دایکوباوکی لەو شارۆچکەیە گیرساونەتەوە. رەنگە پاش پەنجا ساڵی تریش منالەکانی ئەو، نەزانن بۆ دایکیان (ژنە سوبییە مەندائییەکە) بەسەردانیش نەگەڕاوەتەوە ماڵی باوکی، بۆ ئەوان خزمەکانی دایکی ناناسن.
کۆچەر لە هەولێرەوە هاتووتە دیوانیە، لەوێش لەگەڵ کوڕەکەیان، دەچێتە لای ژن و پیاوێك، نزیکەی پەنجا ساڵە هاتونەتە ئەو شارۆچکەیە، بونەتە میوانی رووباری فورات و دارخورما و نان، هەرگیز بەسەردانیش نەگەڕاونەتەوە. لەوێ دامەزراون و ئێستاش دەیەوێ بزانێت، بۆ هاتن و بۆ نەگەڕانەوە و دەیانەوێ بگەڕێنەوە!؟ بۆ لێرە (تەمەنیان وەك ئارد،

لەسەر گوریس راخستووە) و نەگەڕانەوە، نە ئاردەکەیان پێ کۆدەکرێتەوە، نە دەتوانن گرێیەکانی، گرێیان زۆر بوو، گوریسە ئاڵۆزەکەیان بکەنەوە و جارێکی تر رایبکێشنەوە ؟!
شیلان، دەرگا گەورەکەی دەرەوەیان لێ دەکاتەوە، بەگەرمی و بەپەرۆشییەوە سیروانی براگەورەکەی ماچ دەکات:
کاکە ئەو ماچەش لەجیاتی مناڵەکان، ئای کە غەریبیان دەکەم!
باشە خوشکم خۆ ئەوەندە دوور نین، دەوەرە و دوو سێ رۆژ بمینێنەوە و بەردەوام مناڵەکان، ماچ بکە. ئەوانیش بەردەوام ناوی خاڵە شیلانیان لە دەمە! لووت لووتی خۆتە با بە (چڵم)یش بێت!
کیژەکە بۆ ئەوەی براکەی گومان لە هیچ نەکات، سەیری میوانەکەی ناکات، زۆر دواناکەوێت وەڵامی براکەی بداتەوە و بیریش لەوە ناکاتەوە بەخێرهاتنی هاوڕێیەکەی بکات بەنازەوە دەڵێت:
ئەوانە کەپوو و دڵ و هەناوی منن! (رەنگە قسەکانی بۆ میوانەکەی بێت).
دەزانی بۆ ناتوانم، چۆن دەتوانم ماما و بابا جێبهێڵم! ئەدی دەوام و ئیشم!
شیلان، کیژە چاورەشەکەی لە یەکەم پرۆسەی هاوسەرگیری شکست دەهێنێت، بیر لەوە ناکاتەوە جارێکی تر بکەوێتە داوی پیاوێکی تر، بچێتە ناو خێزان و ناسینی بنەماڵەیەکی تر، بڕیاردەدات، بەدڵ وتبووی، بەقسە و بەدەنگ، کەس گوێی لێ نەببوو کیژەکە وتبووی:
شوو ناکەمەوە، جارێکی بۆنی جگەرەی پیاو و وەستانیان لەدیار ئاوێنە بۆ ریش تاشینم ناوێت. تەواو پیاو و درەنگ گەڕانەوەی شەوانەیان بەرگە ناگرم، تەواو!
کەس گوێی لێ نەببوو، پیرەدایك و پیرەباب و دەوام و مەتبەخ و دەرمان و نەخۆشخانە و خەمخواردن لە هەرەسی یەکەم پرۆسەی هاوسەرگیری و دوورکەوتنەوە لە پیاو، خەم و رازی ئەو بوو.
دەستی بۆ بەخێرهاتنی کۆچەر درێژ دەکات:
دەست نەبوو، رووبارێك بوو، دەستکوشینەکە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە بوو، بەنیاز بوو لە دایکوباوکی کیژەکە بکات:
کەی هاتنە ئەو شارۆچکەیە و بۆ نەگەڕانەوە، ئەگەر بوارساز بێت ئامادەن بگەڕێنەوە کوردستان!
دەستی ئەویش دەستکوشین نەبوو، سڵاوکردن و هاتنەژوورەوە و چا و قاوە وەرگرتن نەبوو:

راکێشان و گەڕانەوە بوو، دەستی درێژ کرد، (بسك)ە ڕەشەکەی هاتە ناو دەستی، دەستی بۆ سڵاوکردن درێژ کرد، دەستی بوو بە لاولاو و لە بەژن و ناوقەد و بۆینباخە سوورەکەی ئاڵا. دەچێتە ناو ماڵەکە و ئیتر ناچێتە دەرەوە، دادەنیشێت نایەوێ بڕوات، یەکەمجارە ئەو ناوچە و ئەو شارەی دیوە، بەڵام شارەکەی دەکەوێتە بەردڵ و نایەوێ جێیبهێڵێت و ئەگەر بگەڕێتەوەش بەتەنها نەگەڕێتەوە!

سیروان بەر لەوەی دەستی باوکی ماچ بکات، پێش ئەوەی سەیری حەبەکانیان بکات، چاوێك لە ئیشاعەکەی بگرێت، لە ژنەکەی زۆر شتی پزیشکی فێرببوو، هێشتا لەسەر (فەتولی)یە گەورەکەی بەردەرگاکە دانەنیشتبوو، وتی:

بابا، کاکە کۆچەر دەڵێت: لەلای ئێمە لە هەولێر، لە شەقامە سەرەکییەکان دارخورمای زۆریان چاندووە، شەوانە گلۆپ و چرای ڕەنگاورەنگیان بۆ دادەگیرسێنن، کە گەرمایان دەبێت، سێبەریان لێ دەکەن، کە تینوویان دەبێت، ئاوی بەفراویان لەبن دەکەن، تا برسی نەبن پەینی ئەمریکییان لەبن رۆوودەکەن، گوێت لێیە بابا (قسەکە و هەواڵەکە بە زمانی عەرەبییە)، دەزانی چ دەڵێم!

ـ دانیشە ئەو کورسییە تەنها تۆی خۆشدەوێت، ئەویش دەزانیت تەنها تۆ لەسەری دادەنیشیت. دانیشە! (دەزانم من بەردەوام سەیری کەناڵەکانیان دەکەم، کەناڵیان زۆرە، بەردەوام سەیری شارەکان دەکەم، دارخورماکانم دیوە، دەزانم شارەکە زۆر گۆڕاوە!) ڕوو لە میوانەکە دەکات و دەڵێت:

بەخێر هاتی کوڕم! سەرچاوان، لەوەتی لەو شارەم لەو ڕۆژەی حەمە شەریف و ڕەحمانی برام ڕۆیشتنەوە، ئەوە یەکەم جارە لەناو ماڵی خۆم لە بەردەرگا و لە ژوورێکی ماڵی من بە زمانی کوردی قسە بکرێت، میوانی کوردم بێت.

ـ ئەوە ساڵی چەند بوو؟! ئەوانە کێ بوون، کە ڕۆیشتنەوە، ساڵی چەند!؟

ـ لەمێژە، زۆر کۆنە!

ـ (بەو ئاخاوتنە، کۆچەر دەچێتە ناو بابەتەکە، بیری لەوە دەکردەوە دەرهێنەرەکەی لە بەغدا جێهێشتووە، بەڵام دیارە کە نووسین و دەمەتەقێ لەناکاو سەرهەڵدەدات) ساڵی چەند بوو؟

ـ ساڵی هەفتا بوو، ساڵی یازدەی ئازار، کە بەعس دانی بە بوونی کورد و شۆڕشەکەدا نا، بەناو حوکمی زاتی دا بە کورد، ساڵی هەفتا بوو!

ـ ئێوە کەی هاتن!

**که شیلان دەست بە سینەیەك دێتە ژوورەوە، کۆچەر وەڵامەکە وەرناگرێتەوە، بابەتەکە دەگۆڕێت، وەڵامەکە تەواو دەبێت، پێویستی بە وەڵامدانەوەش نابێت.**

*********

## ئەندام ناوچەکە

**کە حەمە شەریف رەحمانی برای یاسینی دەبینی، خۆ تەنها دووجاری دیبوو، لەو شارە و پاش هاتنەوەیان (جارێکیان، ئەو رۆژەی هەموو پۆلیسەکانی شار لەئامادەباشی بوون، بەچەکەوە لە مەخفەرەکان مانەوە، بەرپرسەکەیان، کاتی کوشتنی ئەندام ناوچەکە، کوشتنە بەغەدرەکەی ناو دادگا، لەبەر کەوای قازییە قسە خۆشە شاعیرەکە، کە ویستبووی پیاوە گیراوەکەی ناو دەستی ئەمنە شەرگاتییەکە دەربهێنێت، (ئەوەی پاش تێپەڕبوونی نزیکەی بیست ساڵ، کە یەکەم مەفرەزەی هەڵۆ لە رۆژانی سەرەتای راپەڕین دەگەنە مەخموور، لەوێ ئەمنەکە دەناسنەوە، دەیگرن و تۆڵەی کادیرەکە دەکەنەوە، لەوێ مەفرەزە و تفەنگە گەرمەکان چاوەڕوانی بڕیار و دادگا و بەرپرس و بەرەی کوردستان و مەڵبەند ناکەن، پیاوە ئەمنەکە دەکوژنەوە و تۆڵەی کارگێڕەکەی ناوچەی هەولێر دەکەنەوە و سەرکەشانە دەیکوژن) ویستبووی ناوی پارتی و ناوچەکەیان شەرمەزار نەبێت، پیاوەکە لە ئەمنەکە بستێنێتەوە، ئەمنەکە، دەست بۆ دەمانچەکەی دەبات، دوو گوللە لە مێشکی سەری ئەندام ناوچەکە، کوڕە قۆزەکەی چەند ساڵ بوو فەرمانبەرایەتی و کورسی و مێز و معاشەکەی بۆ پێشمەرگایەتی جێهێشتبوو دەدات، ئەوەی ببوو بە پێشمەرگە، لە (هێزی دەشتی هەولێر) دەبێتە رابەری سیاسی، کۆشش دەکات لەگەڵ هێز و مەکتەبی سیاسی لەو گوندانە قوتابخانە زۆرتر بکەنەوە، یەکێتی مامۆستایان هاندەدات لە ناوچە ئازادکراوەکان ئەکتیڤ و کارا بن.**

**کە دەگەڕێتەوە، تا ئەو رۆژەی ئەمنەکە دوو گوللەی لەسەری دەدات و مەحکەمەی هەولێر شەرمەزار دەکات، یاسا پێشێل دەکات، لەبن چاکێتە هێڵدارە رەش و بۆرەکەی دەمانچەیەکی بچووکی لاما دەردەهێنێت، لە نیوچەوانی ئەندام ناوچەکە، خزمی بەرپرسە گەورەکەی شارەکە دەدات و دەیکوژێت. لەورۆژە و لەگەڵ دەنگی تەقەکان، لەگەڵ گەیشتنی هەواڵەکە،**

هەموو بەرپرسەکان، سەرلقەکانی دوورونزیك، کادیرەکان دەست بەجانتا و پیاوە سەرکۆتەکان، هەر ئەو رۆژە دەگەنە بارەگای لق لە تەیراوە، لەسەر شەقامە قیرتاوەکە، بەرامبەر قوتابخانەکەی کیژان، چەند جێبی (لاندرۆڤر)ی گەورە و بچووك دەوەستێت، دەست بەتفەنگی رەشاش و کلاشینکۆف و سەمینۆف، بە دەمانچەی رووتییەوە، بەپەلە دەگەنە ناو لق. موتەسەرف لەگەڵ چەند پۆلیسێکی وریا، لەبەر ئەوەی کۆنە ئەفسەر بوو، بۆیە چالاکانە بەپۆشاکی مەدەنی خاوێنەوە دەگاتە شوێنەکە. بەڕێوەبەری پۆلیس بەشان و نەجمەوە. پێشمەرگەکان:
ئەوانەی لەسەر پردەکانی رێگای کۆیە مقاول بوون، هەندێکیان باش لە ئیشەکە راهاتبوون و ئەندازیارەکانی پرۆژەکان شاهیدیان بۆ دەدان. لەسەر پرۆژەکەی رێگای مەخموور، نەجار و حەداد و چاودێر بوون. لە پرۆژەکەی (دەواجن)ی نزیك شاویس، چەند مانگێك بوو بناغەکەی دەردەکەوت. ئەوانەی لە کارگەی جگەرەی دووری شار کارکەر و کارمەند بوون. ئەوانەی ببوون بە سەرۆکی نەقابەی کرێکاران، یەکێتی جوتیاران، نووسەران، بەڕێوەبەری قوتابخانەکان، دواناکەون و دەست لە دەوام و نووسین و کاروبارەکانیان بەردەدەن. ئەوانەی خانووی شەهیدانیان لە گەرەکی سێتاقان، لەسەر جۆگە و نشێوەکەی بەرامبەر کۆشك و باخچەکانی عەتوڵا ئاغا دروست دەکرد. ئەوانەی ببوونە چاودێری شەقامەکانی سەیداوە. ئەوانەی سەرپەرشتی (کارگەی قیرەکەی سەید تاج)یان دەکرد، پیاوە لاوازەکەی بە پانتۆڵە بۆرەکەی قیری بە مەکینە سادە و گەورەکان دەتاواندەوە، لە موسڵەوە هاتبوو، هەتا مردیش لەو شارە مایەوە و فێری زمانی کوردی نەبوو، بەڵام منداڵەکانی بوونە کورد و قیری زۆریان بۆ شارەکە کوڵاند و رێگا و شەقامی زۆریان پێ قیرتاو کرد. هەموو ئەوانە هاتن و لەو ساتەدا دووبارە بوونەوە پێشمەرگە و کادیر و ئەندامی حزب.
یەکێك لەوانە پێشمەرگەیەکی دەشتی هەولێر، بەڵام نامەوێ بڵێم لەکام لق و دەستە و بەتالیۆن بوو، تەرمی ئەندام ناوچەکەی دیبوو، دیتنی و زانی ئەو لەسەر بەرەڵاکردنی پیاوێکی داماو، دڵێکی ترساو، جەمەدانییەکی گریاو، یەخەیەکی دڕاو، پیاوێکی تاساو لەناو دەستی پیاوێکی ئەمن دەربهێنێت، دەبینێت هەڵپەیەتی و چاو دەگێڕێت، قوورگی گیراوە و دەیەوێ هاوارێك بکات، دەستی گیراوە و دەیەوێ بەرەڵا بێت، هەردوو (قاچی بە دوو ژمارەکەی یازدەی ئازار کۆتبەندە) و دەیەوێ رابکات!
لەناو شارێك هەمووی پێشمەرگەیە، لە باڵەخانەیەکی گەورەی سەر

به گومبەتێکی شینی سیرامیك، چەند شەقاو لە ناوچە و لق و بارەگای قوتابیان و لاوان و ئافرەتان و ئیعمار ئەلشمال دووره، لەنزیك موتەسەرفێك ئەندامی سەرکردایەتی حزبە، لەنزیك بەڕێوەبەری پۆلیس، سەدان تفەنگ و موسەلەحە و جبەخانەی لەتەنیشتە، پیاوێکی ئەمن، عەریفێکی ئەمن پیاوێکی بڕفێنێت، کوردێك بدزێت، پیاوێکی سەر بە ئەمن، لەناو سوپایەك، حکومەتێك ویستی شارەکە شەرمەزار بکات، بۆیە ئەندام ناوچەکە لێی دێتە دەست و دەنگی دەدات، ئەویش شێتانە، لووتبەرزانە دەیکوژێت.
لە تۆڵەی ئەو، هەر ئەو رۆژە، هەر لەو سەعاتە، هێشتا خوێنەکەی نەمەیی بوو، خوێنە رژاوەکەی نەشورابوو، تەرمەکەی نەنێژرابوو، لە تۆڵەی ئەندام ناوچەکە، پیاوەکەی لەناو باڵەخانەی مەحکەمە کوژرا، ئەمنێك دەکوژن، تۆڵەی دەکەنەوە و خۆیان توند دەکەن، دەست لە ئیش و کار و حکومەت و دروستکردن بەردەدەن و شار ئاڵۆز دەبێت، هەواڵەکە دەگاتە گەلاڵە، دەگاتە هەموو لقەکان، دەگاتە بەغداش و تۆڵەی کارگێڕی ناوچەکە کرایەوە، بەلام ئەو ئەمنە (شەرگات)ییە نەبوو کە کارگێڕەکەی ناوچەی هەولێر دەکوژێت.
هەموو ئەوانە هاتبوون بزانن ئەو ئەندامە ناوچەیە بۆ کوژرا، پیاوە لاوازە گەنجەکەیان بۆ لەناو مەحکەمە کوشت. لەوێ حەمە شەریف بۆ یەکەم جار رەحمانی براکەی یاسینی نانەوا دەبینێت، بەلام بوار نابێت، قسەی لەگەڵ بکات، کاتی ئەو قسانەش نەبوو، شار و هەموو تفەنگەکان، دەمانچەکان، دەنگ و تووڕەییەکان لەوێ لە تەیراوە کۆببونەوە، نەدەکرا، لەوێ بپرسێت، چیتان بۆ یاسین کرد، پەروین هەر نەگەڕایەوە، بواری ئەوە نەبوو، بڵێت، رەحمان شتێکی بۆ بکەن، براتە برا، قەد خوێن نەبووە بە ئاو، گوناحە ئەو داماوە، (فەقیرییش شەریکی دەوڵەمەندە)، هەرگیز مەڵێ فەقیر و کەساسەکان رەزایان گرانە، کێشەیان ئاڵۆزە. مانەوەیان غەدرە، کوڕە غەدر هەر غەدرە ئینجا چ گچکە بێت یان گەورە:
من بەردەوام لە براکەی پەروینی براژنت دەگەڕێم، ناوەکەی دەڵێم، لە کۆبونەوەکان، پاش کۆتایی پێشنیارەکان، بەر لە نووسینی راپۆرتەکە دەپرسم، بەلام کادیرەکان ئەگەرچی کۆنیش بوون، ئاگاداری هەموو رووداوەکانن، دەزانن چۆن کادیرەکان دابەشبوون، چۆن حزبەکە ببووە دوو بەش، ئینجا کەسیان هەواڵی ئەو کوڕە داماوە نازانن، نازانن خوشکێکی لەسەر رووبارەکەی فورات ماوەتەوە، دەیەوێ خۆی بخاتە ناو رووبارەکەش و مەلەوانیش نازانێت.

ئەو لەکێ فێرە مەلەوانی بووبێت، لە تەیراوە، لە کۆڵانەکەی ئەوان تەنها پیاوە نەجارەکە، سێ خانووی بۆ کرێ دروستکردبوو، بەلوعەیەکی بۆ سێ خانووەکە هێنابوو،ماڵەکانیش لەو بەلوعە ئاویان دەبرد. کە ماڵەکان خۆیان دەشووشت، کە ژنەکانیان رەیحانەکانیان ئاودەدا، کە پیاوەکان ددانیان دەشووشت، کیژە پارچەڵەکان نانی تیرییان دەرشاند و سەربانەکانیان تەڕ دەکرد. ئاوەکە بارانی هاوینەی ماڵەکانی تری کۆڵانەکە بوو، بەلوعەکە خوناوی زێڕینی سەر گەلا و روومەتی گوڵەکان بوو، بۆ ماڵە هەژارەکان، کەم و دڵۆپ دڵۆپیش بوو.

*****

## نانی خۆشویست

ئاگر چاوی گەرم کردبووم، بۆیە لەو گەڕەکە و لەو ریزە ماڵەی تەیراوە یاسینم خۆشویست، ئاگر دەستی کردبووە پارچەیەکی رۆژ و تیرۆژێك لە هەتاوی گەرم و رووناك، گەرمی ئەو گەیشتبووە هەناوم. رووناکی چاوەکانی، روومەتی رەوشنی کردبووم، هیچ گۆشە و (کلاورۆژنە) و چرام نەبوو، بۆیە ئەو پیاوە نانەوایەم خۆشویست. هەموو کەسم بە قوربانی دەستە گەرم و سینگە هەتاوەکەی کرد.
لەسەر سینگی ئەو گەرم بومەوە، لەبەر چاوی ئەویش بوو دەربەدەر بووم، دوورکەوتمەوە، زۆریش دوورکەوتمەوە، ئەوەندە دوور نەمدەزانی سنووری رۆیشتنم ئەوەندە درێژە! دەربەدەر بووم و شەرمەزاری گۆڕی دایکم و خەباتی براکەم بووم، ناوەکەی (رەنگە ناوەکەی گەورە بێت، ئەگەری ئەوە هەیە قسەی بڕوات، بڕیاری لە دەست بێت)، هەمووم کردە قوربانی نانە گەرمەکەی ئەو. برسیم بوو من، چ بکەم. کەسم نەمابوو، کیژی بێ دایك مەنجەڵێ بێ سەرپۆشە، چ بکەم رووت و لانەوازە بووم. لەو کەساسییە، لەو داماوییەدا ئەوم خۆشویست.
خۆشەویستی بارانی گەواڵەیەکی بەهارییە، خۆشەویستی سەمای شەنگەبییەکی بنارێکە، کە هات، جولا، لەڤینی ناوەستێت! هەردووکمان بووینە کەسی یەکتر و قورئانێکمان لەنێوان خۆمان دانا. هەردووکمان عەقڵمان سووك و بارمان گران نەبوو، بارمان گران و عەقڵمان گەورە بوو کە بڕیارەکەماندا.
پەروین دەگریا و دەنوزایەوە، عیشق کیژ و کوڕێك دەباتە سەر بانێك، سەر

کانییەك، گۆزەیەك بۆ ئاوهێنان، دەرگاکردنەوە بۆ سڵاوکردنێك، جامێکی ئاوی خواردنەوە. عیشق یەك هەنگاوە، بستە سێبەرێکە، خوناوێکی شیرینە، نزیکە، لەسەر شان و پێڵووی چاوانە، بەڵام بۆ ئەو دوورکەوتنەوە بوو، زۆریش دوور، دوور هەتا دارخورماش دەزانێت، دەگاتە سەر رووباری فورات. عیشق ئەو دووردەخاتەوە، قاچاخی دەکات. دەبێتە دوژمنی حزبێك. هەموو حزبەکە، هەموو پێشمەرگەکان، بارەگاکان، سەنگەرەکان. هەموو دەبنە دوژمنی ئەو. تفەنگە برنۆکانی لە ئێران وەرگیران. ئەوانەی لە چینی میللی دەهاتن. ئەو چەکانەی زۆر بەنهێنی جوولەکەش دەینارد. چەکەکانی لە شەڕەکان دەگیران. ئەوانەی جاشەکان دەیانبرد. هەموو ئەو چەکانە دەبنە گوللەی گردار، چونکە کیژەکە نەیدەزانی براکەی لەکام هێز و لق و شاخە. نەیدەزانی لەکام باڵە. باڵەکەی چوونە هەمەدان، یان ئەوانەی لە بادینان هاتنە باڵەکایەتی. کیژەکە هەموو برنۆیەکی بە دوژمنی خۆی دەزانی. لە ترسی دەنگی گەورەی تەقینەوەی برنۆ دوورکەوتەوە! دەترسا و دەیزانی ئەگەر کەڵەبابیش نەخوێنێت رۆژ هەر دەبێتەوە.

ئەگەر عیشق دەخوازیت، ئەگەر دڵداریت، خۆت بۆ کۆچ و کەساسی و ترس ئامادە بکە. بۆیە دەست دەداتە بوخچەکەی، عەبا رەشەکە دەپۆشی، لە دەرگایماڵەوە پێچە رەشە تەنکەکە بەسەر دەموچاوی دادەدات، دەکەوێتە دوای یاسین. ئەو پیاوەکەی دەبینی، پیاوەکەش بوخچەکەی کردبووە نیشان. هەردووکیان دەڕۆن. ئەو دەڕوات و کیژەکە نازانێت یاسین دەیەوێ کێوەی ببات، ناپرسێت، دەڕوات! دیارە کە پاش رەنگی شوومی رەش رەنگی تر نییە، چیتر لە (رەش رەشتر هەیە). لەو بەدبەختییە بەدبەختی تریش ماوە. دەڕۆن و دەگەنە ناو گەراجێك نێرینە بیست نەفەرەکان چاوەڕوانی پڕبوون بوو:

چەند قوتابییەك دەگەڕانەوە زانکۆ. دوو نەخۆش بۆ دوعا و چاکبوونەوە دەچوونە سەر غەوس. چەند سەربازێکی موکەلەف، ئیمڕۆ نەگەنەوە تەعدادەکەیان، سەریان پاك دەتاشن و کڵاو و قایشەکەیان لێ وەردەگرنەوە و بە فیرار دەنووسرێن. کورسییەکەی پێشەوەش دەلاڵەکە وتبووی گیراوە، کەسیان لەسەری دانەنیشتبوون، هەر بەچۆڵی مابووەوە. راستییەکەی کورسییەکەی پێشەوە نەگیرابوو، بەڵام (دەلاڵ)ەکان، ئەوانەی لەدوورەوە و لەناو رێبوارەکان، لەگەرمەی قەرەباڵغییەکان نەفەری خۆیان دەناسی:

کورسییەکەی پێشەوە گیراوە: چاوەڕوانی ئەفەندییەکی قەڵەوی چاویلکە لەچاوی تاپۆ. یان کوڕە ئاغایەکی زراڤی بۆنخۆش. مەلایەك بەنیازبوو

بچێتە قاهیرە و دانەیەکی شەهادەکەی بهێنێتەوە. یان کیژە کریستیانێك لە بەغدا (سستەر)یی دەخوێنێت، تەنوورەیەکی کورتی لەبەر بێت، بستێکی رووتی رانی بەدەرەوە بێت و بەیانییەکەی لەکاتی خۆشووشتنا بە مووسێکی کۆنی تیمساح، یان بە نیو لەپە شیلەی زەردی چڕی، لە گوڵستانی دەستەخوشکەکەی هاوسێیەکەیان وەریگرتبوو لووسی کردبێت. دەڵاڵەکە دەیانزانی کێ لەپێشەوەی نێرینەکەی، لەیەکەمین کاروان بەرەو بەغدا دەڕوات دادەنێت. چاوەڕوانی ئەوانەی دەکرد. شوێنەکە هەر چۆڵ بوو، بەڵام بێگومان یەکێك لەوانە هەر دەهات، جانتاکەی لێ وەردەگیرا، لەپشتەوە بۆیان دادەنا، کە سواریش دەبوو دەرگایان توند و باش بۆ دادەخست.
پەروین لەدوای پیاوەکە دەچێتە ناو نێرینەکە، لەتەنیشتی دادەنیشێت، هێشتا نەیپرسیوە، نانە گەرمەکە، بەرەو کام تەندوور دەچین. نازانیت لەکێ بوخچەکەی خۆی، هەرگیز تیرۆژێك هەتاو، پەنجەیەکی بەرنەکەوتبوو، بوخچەکەی (سادە و سووك و شل بوو) دەستی دەکاتەوە!
ئێستاش پیرەژنەکە و پیرەمێردەکەی بوخچەکەیان گەورە بووە، زۆر گەورە و پان و بەرینە. هەر وا لە شارەکەی سەر رووباری فورات ماونەتەوە، یان دووبارە دەست بەبوخچە، بەڵام چەند بوخچەی گەورە و کارتۆن دەگەڕێنەوە! ئەوان لەسەر پشتی ئەسپێك، حوشترێك، سەربانێکی بێ (مێردرەوە)، کەوتبوونە خوارە و بیریان لە هەڵسانەوە نەدەکردەوە. رەنگە بیریش لە گەڕانەوە بکەنەوە، لە بێدەسەڵاتی، لە بێکەسی بڕوا بە قەسەمی ریشی میوانەکەیان بکەن! بگەڕێنەوە و لەو کۆشك و نازە بگەڕێنەوە ناو کوڵێتێکی داخراو، بگەڕێنەوە بەر سێبەرێکی راونراو!

*****

## هەموو دەگەڕێنەوە

عەریف حەمە شەریف و ئەبو نەوزاد (عەرەبەکان ئەوەندە لە زار و دەمیان خۆش بوو، بە رەحمانیان دەووت ئەبو نەوزاد، ناوەکەی خۆی ون ببوو، ژنەکەشی پێی دەووت ئەبو نەوزاد، لەناو پۆلیسە کوردەکان، بەس ئەو ئەبو ئیسماعیل نەبوو. هەموو پۆلیسەکانی ناو مەخفەرەکەی سەر رووبارەکە. قشڵە کۆنەکەی حەوشەیەکی گەورەی هەبوو، تێدا ژووری موعانە یەك نەجمەکەیان، یەکەم ژووری پاش بەرهەیوانەکە بوو، دەرگا دارە رەنگ

**کەسکەکەی، لەسەر دەرگایەکی بەتێلی ناو چوارچێوەیەکی باریك دانرابوو، کە ژوورەکەی لە زۆری مێشولەی بەرئاوەکە و رووبارەکە و قەمیشەڵانەکە دەپاراست)، پۆلیسەکان خۆیان سازکردبوو بگەڕێنەوە، ئەوان شتێکیان دەزانی، بەڵام! هەموو وردەکارییەکانیان نەدەزانی.**
**بەڵام دەیانزانی دانوستانەکانی نێوان بەغدا و گەلاڵە گەرمە. سەرکردەکانی بەعس دەچنە سەرەوە، بە کاروانی ئوتومبێل و فرۆکەش دەڕۆن، پارتیش نوێنەریان دێتە بەغدا. کوردە سەربەخۆکانی ناو بەغدا رێنمایی، میوانداریان دەکەن. رێگایان بۆ خۆش دەکەن. بەرنامەیان بۆ دادەرێژن و پێیان دەڵێن: کام لە ئەندامەکانی وەفدەکەی بەغدا راستگۆیە، نیازی پاکە، گفت و قسەکانی وەکو یەکە، پێیان دەووتن دوابڕیار و ئیمزا لەبن دەستی کێیە، (بەغدا کێیە) و کێ بەغدایە.**
**پۆلیسەکان دەیانزانی، بڕواش ناکەم بیریان لەوە کردبێتەوە ئەو دانوستانە بەگومانە، ئەو هاتوچۆیە مەترسیدارە دەستی دەرەکی تێدایە. ئێستاش زۆر شت روون و ئاشکرا نەبوو. بەڵام دانوستانەکە گەرم بوو، دەسکەوتیش هەبوو. سەرۆك کۆمار، بە هەموو دەسەڵاتە دەستووری و یاسایی و سەربازییەکانی، زۆر ماف و دەسکەوتی بۆ کورد راگەیاند.**
**بە دەنگی خۆی، لەبەردەم میدیای جیهانی، بە ئیرانییەکانی وت، بێ دوودڵی بە عەرەبەکانی راگەیاند. کە هێشتا پاشماوە و ئارەقەی شەرمی شکانی شەڕەکەی حوزەیران، شەڕە شەش رۆژەکە، کە دوایی ناویان نا نسکۆ و زۆرتر لە بیست هەزار عەرەبی تێدا کوژرا و خاکێکی زۆریان لێ داگیر دەکرێت. شەرمەزاری ئەو شەڕەیان هەر بەئاکاریانەوە دیار بوو. سەرۆك کۆماری عیراق ویستی پەیامەکەی سۆڤیەتییەکان فێریان کردبوو، (بە درۆ گوێیان لە سۆڤیەتییەکان رادەگرت) بە ئەمریکییەکان، بە شاهنشای ئیران، بە چینییەکانی ملیونەها نامیلکەی سووریان لەو ناوچەیە بڵاوکردبووەوە. ویستی بە جەلالییەکان، بە جاشەکانی چەندساڵ بوو، مانگانە بە سێزدە دینار راوەشاخی شۆڕشەکەیان بۆ دەکردن. سەرۆك عەشیرەتەکان، عەشیرەتە گەورەکان، ئەوانەی جاشایەتی نازناوی بەگ و ئاغای پێ بەخشیبوون،. هەموو گوێیان لێ بوو، ئەو بەڵێنی ئۆتۆنۆمی و ئاوەدانکردنەوە و هاوبەشی لە دەسەڵات و دەسکەوتەکان راگەیاند.**

*****

لە یەکەم ڕۆژی دەرچوونی بەیانەکە. کە ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر، پیاوە نەرمەکە، ئەفسەرە بەئەزموونەکە، ئەوەی پێشەوا و سەرۆکی بەعسییەکانی عیراق بوو. هەر ئەوانیش کوشتیان و وتیان مرد! ئەو سەرۆك کۆمار بوو، کوڕەکەیان بەئوتومبێلەوە خستە ناو ڕووباری دیجلە. لە ئاوەکەی بەغدا خنکاندیان و وتیان: سەرخۆش بوو و نەیتوانی کۆنترۆڵی لێخوڕینی ئوتومبێلە نوێیەکەی بکات! ئەو ڕێبەری شۆڕش و ڕابوون و کودەتاکەی هەڤدەی تەموزی ساڵی ١٩٦٨ی زاینی و سەرکار و لێزانی بەرنامە و ڕێکخستنەکانی زووتریش بوو.
ئەو سەرکردەیان بوو، ئەوانیش ناویان سڕیەوە و باسیان نەکرد و ڕۆژانە و بەرنامەکەیان چەواشە کرد! ئەو ئەفسەر بوو، پلە بە پلە، پلەکانی ئەفسەری دەبڕێت. لە حزب و سوپا دەگاتە پۆستی شایستەی خۆی، ئینجا ئەفسەرێکی ساختەی تەزویر، ئینجا جێگرەکەی، کۆمەڵە نیشان و تاج و نەجمە دەخاتە سەرشانی، یەخەی بە نیشان و ڕەنگ و مەدالیا دەرازێنێتەوە. ئەو (جێگرە) سەرۆکەکەی دەگۆڕێت و وێنەکانی دەدڕێنێت و مێژووەکەی لەسەر خۆی تاپۆ دەکات:
پاش خوێندنەوەی بەیانەکە، دوو سێ ڕۆژ پاش بڵاوبونەوەی بەیانەکە. پاش ئاهەنگی شارەکانی هەموو عیراق. حەمە شەریف و ئەبو نەوزاد بەردەوام دەچوونە قەڵەمی مەعاونیەت، سڵاوی گەرمیان لە موعانەکە دەکرد. دەچوونە دیار کردنەوەی پۆستەی ڕۆژانەی قەزاکە، لە مفوەزەکەی ئەمنیان دەپرسی: فەرمانەکەمان نەهات، نەقلەکەمان نەگەیشت، ئۆقرەمان نەما. دەڵێن پۆلیسەکانی شاری ناسریە ڕۆیشتنەوە. مامۆستاکانی نەجەف کەسیان نەما. مەئمور تەحریری موتەسەرفیەتی دیوانیە ڕۆیشتەوە. کەس نەما، بۆ ئەمرەکەی ئێمە نەهات. ئەو قەزایە، زۆر نەگریسە، لە هەموو شتەکان بەردەوام لەدواوەیە:
مەعاونەکە، قەڵەمەکەی پڕ حوبر دەکـات، نووکی قەڵەمەکەی بە دەستەسڕەکەی سەرمیزەکە دەسڕێتەوە. جگەرەیەکی جمهوری لەناو پاکێتە سپییەکە دەردەهێنێت. ئەبو نەوزاد بەپەلە، شخارتەکەی گیرفانی دەردەهێنێت، جگەرەکەی بۆ دادەگیرسێنیت، بەنەرمییەوە دەڵێت:
بەگم، بڕوا بکە، بەس ئێمە ماوین، کەس نەما، کورد لەو جەنوبە نەما. لەو قەراخ فەراتە نەما، کەس نەما، بەدبەختی ئێمەیە کتێبەکەمان وا دوادەکەوێت!
ماسییەکانی ناو ڕووبارەکەش گەڕانەوە، ئەوانەی هەستیان بەگەرمی ئاوەکە کردبوو. دەزانن، ڕەوشەکە نالەبارە، بەرەو باشوور دابەزیبوون، ئەوانیش

**سەر بەرەو هەوراز گەڕانەوە. ماسییەکان، قەوزەکانی ئاو، شەپۆڵەکانیش گەڕانەوە. هەتا وردەبەردە کەسك و شین و خاڵدارەکانیش هەڵکشانەوە! بەڵام لە بەدبەختی ئەوان، بەیانی یازدەی ئازار گەرم و بەجۆش و بەدەسەڵاتەوە، نەدەگەیشتە ئەو قەزایە!**

*********

**موعانەکە، زەرفە ئەسمەرەکەی، بەردەمی بە دەستە بۆرەکەی دەشکێنێت. بە دوو پەنجە، کاغەزە تەنکەکەی ناو زەرفەکە دەردەهێنێت. ئەویش (ئەبو نەوزاد پۆلیسە کوردەکەی، بەورياييەوە وەستابوو) دڵی لەلای دێرەکانی نووسینەکە، نامەکە دەبێت. وادەزانێت چارەنووسی بەو کاغەزە تەنکە ناسکە چاپکراوەیە بەندە. وایدەزانی نووسراوەکە بە بەریدی پۆستی موتەسەرفیەت دەچێت، وادەزانێت ناوی پۆلیسەکانی تێدایە. داواکارە بەپەلە و زۆر بەخێرایی ئینفکاك بە پۆلیسە کوردەکان بکەن، ئەگەرنا:**
**دووبارە پێشمەرگەکان دەست دەدەنەوە برنۆکانیان، (ئەگەر هەموو بەندەکانی رێکەوتنەکە جێبەجێ نەکەن، ئەوان نەگوازنەوە شارەکانیان و مەخفەرەکان نەکەویتە بن دەستی پۆلیسە کوردەکان و عەرەبەکانیش نەگێڕنەوە جنوب) خەریتە و پاکێتە فیشەکەکانیان دەبەستنەوە. پێڵاوە شەوڕۆکانیان لەپێدەکەنەوە. جلە خاکییەکانیان لەبەردەکەنەوە. پشدێنیان توند دەبەستنەوە، کڵاو و جەمەدانییەکانیان لەسەر دەکەنەوە. مەلاییەکان لەگەڵ جەلالییەکان دەست لەناو دەست دەنێنەوە. ئەوانەی چوونەتە کەلار و گەرمیان دەگەڕێنەوە.**
**ئەوانەی دوودڵن، دڵنیا دەبن بەعس دوژمنی هەردوولایەنە، ئەگەر ئەوان فەرمانی گواستنەوەیان دەرنەچێت و نەگەڕێنەوە، پارتی و پێشمەرگە ئاهەنگەکەی نەورزۆریش ناکەن. وەفدەکەیان لە بەغدا دەگەڕێتەوە، نوری شاویس و دارا تۆفیق، لەماڵی ئیحسان شێرزاد و فوئاد عارف (هاوپۆلی شازادە غازی و هاوشانی مەلیك غازی) دەگەڕێنەوە. ئەگەر ئەوان نەگوازنەوە، دەواجنەکەی هەولێر و رێگای مەخموور و کۆیە و شیروانیش قیرتاو ناکرێت. خوێندنیش نابێتە کوردی و رۆژنامەی ئەلتەئاخیش دەرناچێتەوە. قەڵەمە کوردەکان، ئەوانەی لە سۆڤیەت گەڕاونەتەوە، ئەوانەی لە شاخ بوون، بابەتەکانیان بڵاوناکەنەوە.**

*********

ژنەکان، پۆلیسەکان، ماڵە کوردەکان، بەڵام! یاسین و پەروین نا، دەیانووت:
ئێمە ساڵانە ساوەر و برووش و خەنە و سماق و گوێز و تووتنمان لە (شیمال) بۆ دێت. وتمان خۆمان دەگەڕێینەوە، نامانەوێ، با بۆمان نەنێرن. لەو بەهارە خۆمان بە شتەکان رادەگەین، دەگەڕێینەوە و یازدەی ئازار و پارتی ئێمە دەگێڕێتەوە. لەبەر پارتی نەفیکراوین، بە پارتیش دەگەڕێینەوە. لەبەر پێشمەرگە دوورخراینەوە، بە لوولەی تفەنگی پێشمەرگەش دەگەڕێینەوە!
مەوعانەکە، پۆلیسە عارەبەکان، دووکاندارەکان، ماسیفرۆشەکان، ژنە چاورەشەکان، شیرینی ناو خانەکانی خورما، بۆنی برنجی عەنبەر و چاکە و بەخشندەیی شێخەکان، دەنگی داخیل حەسەن و خەزیر ئەبو عەزیز لە گرامۆفۆن (ئەوەی بە عەرەبی پێیان دەووت سەندوقەکەی دەنگی خۆشە و گۆرانی دەڵێت) وتیان:
بۆ وا پەلە دەکەن، خۆ منداڵەکانتان، کوڕ و کچەکانیان (ئەوانەی زۆربەیان ناوی کوردیان هەیە) زمانی کوردییان لەبیرنەماوە. لەماڵەوە بە زمانی عەرەبی قسە دەکەن. خوێندنیان بە عەرەبییە، عاشوراش لەگەڵ ئێمە دەکەن. وەك ئێمە حوسێن و عەباسیان خۆشدەوێت و لە مانگی موحەرەم جلی رەش لەبەردەکەن. فێری برنجی عەنبەر و خورما و ماسی و رۆبەی ترشی گامێش بوون. خۆتان بچنەوە، منداڵەکانتان هەر لە لێرەن، هزر و هەستیان لێرە دەمێنێت!
کە موعاونە یەك نەجمەکە، پیاوە رەشتاڵەکەی لە موسڵەوە هاتبوو، کوڕە لادێیەکەی جبور. ئەوەی کڵاوە پۆلیسییەکەی لەسەر مێزەکە لەناو فایل و (دەفتەری واجبات)ەکان دانابوو. بەناو لەپی دەیەوێ ئارەقە سپییەکەی تەنیشتەکانی بسڕێتەوە، دوانامە و زەرفی پۆستەکە دەخوێنێتەوە. دەزانێت، فەرمانی نەقلی ئەوان نییە، بە ئەبو نەوزاد دەڵێت:
ئەوەش دوانامەی پۆلیسی گشتی بوو، دوا بەریدی ئیمڕۆیە، بەیانییش هەینییە، (پۆست)مان نییە. بڕۆ بە رەئیس عورفا حەمە شەریف بڵێ، ناوی تۆ ئیمڕۆ و بەیانی بە رۆژ دابنێت. شەوەکەی پۆلیسە بێ ژن و منداڵەکان دابنێت. بڕۆ ئیمڕۆش هیچ نییە. بڕۆ لەگەڵ دەستی خۆت، لەکن ماسیفرۆشەکان، ماسی باشم بۆ بەرەوە ماڵەوە، پێیان بڵی بۆ مەعاونی مەخفەرە، دوایی خۆم پارەیان دەدەمێ!
نەیویست بڵێت، بەڵام بیری لەوە دەکردەوە، ئەگەر پۆلیسە کوردەکان بگەڕێنەوە، ئەو پشت بە کێ ببەستێت. چۆن بە بەلەمەکان بچێتە ناو

**ئەهوارەکان. بچێتە دەعوەتی شێخەکان. کێ هاتوچۆی ناوماڵەوەی بۆ بکات. ئەو پۆلیسە کوردانە دەستیان پاکە. ئەوانە پیاوی مەردن، ئازان، شەوانە ئەرك و فەرمانەکانیان دروست دەگرن. هەندامیان خاوێنە، جلوبەرگیان پۆشتەیە. قاعەکان پاك و خاوێن رادەگرن. ئەوانە بگەڕێنەوە کلیلی زیندانەکە بە کێ بدات! ئەوانە بگەڕێنەوە مەخفەرەکان کاول دەبن. عەرەبەکان شەوانە هێرش (زەرگە)یان دەکەنە سەر. لەناو ئەهوارەکان، لەناو چڕی دارخورماکان چۆن دەدۆزرێنەوە، فیرارەکان چۆن دەگیرێن!**

# بەشی شەشەم

# ژنە چاوڕەشەکە

چاوەڕوانییەکەیان زۆری نەخایاند، وەك چۆن موتەسەرفەکەیان گۆڕی، وەزیرە کوردەکان دەوامیان کرد، ئەوانیش ئەمری گەڕانەوەیان دەرچوو. رەئیس عورفا حەمە شەریف و ئەبو نەوزاد، زۆر بەکامەرانی وەك هاتنەکەیان نەبوو، ماڵیان پێچایەوە. کە هاتن ماڵیان نەپێچایەوە، دەستبەسەر و (قۆڵبەست) رەوانەکرابوون، بە یاسینیان وت:
ئێمە ئینفکاکمان کردووە. تفەنگەکانمان داوەتەوە، دوو دەستە جلی هاوینی و زستانی و پۆستاڵ و بەتانیە و (مەتارە و سافیرە)کانمان داوەتەوە میرە. پەنجەمۆریان وەرگرتین. لە سجلە گەورەکان نووسیان، چیمان لە ئەستۆ بوو، هەموویان وەرگرتەوە. هیچمان لەسەر نەما، هەتا حیسابی قەیتانی پۆستاڵیشیان لەگەڵ کردوین. ژنەکانیان دەستیان لە خەنە نا، بسکیان لووسکرد، جلی نوێیان کڕی. مناڵەکان هەر بەدشداشەکانیانەوە بەرەو بەغدا سواری نێرینەکە بوون. لەوێشەوە بۆ هەولێر. موعاوینەکە وتبووی:
لە ئەمرەکەتان نووسراوە پارەی گەڕانەوەتان بۆ دەدەین!
ئەوان بە یاسین و پەروینیان وتبوو:
هەموو شتمان تەواو بووە و دەڕۆینەوە. ئێمە کە دەچینەوە هەولێر کتابمان بە جیاوازە. بۆ لیوای سولێمانیش کتابی گواستنەوەیان بۆ کردون. پۆلیسە هەورامییەکە لە خۆشییان گۆرانی دەووت، نەك عەرەبەکان ئێمەش تێیاننەدەگەیشتین. دەڕۆینەوە و خانووەکەش چۆڵ دەکەین. لەگەڵ خاوەن خانووەکەش (حەمە شەریف دەیووت: لەبەر چاوی رەشی، گەردەنی، دەستە نەرمەکەی، کە لەناو عەباکە دەریدەهێنێت بۆ وەرگرتنی پێنج دینارەکە، من دەچم. من حەزدەکەم پارە و کرێی خانووەکەمان بدەم بە ژنێك، چاوەکانی، عەبا رەشە دڕە بەریشەکەی رەنگین کردووە.
کەستان عەبای بەر ژنێکی سینگ پانی سمت گەورەی جوانتان دیوە! من کە دەچم وادەزانم عەبا رەشە دڕەکەی دەستماڵێکی حەریری ناسکی گوڵزارە. عەبا رەشە دڕەکەی بە چەفیەیەکی رەنگین دەبینم. من کرێی خانووەکە بۆ ئەو ژنە دەبەم. ئەو دەیووت: پێنج دینارەکە زۆرە، بەڵام کە(ژنێکی چاو گەرم)، زۆر گەرم، کە دەڵێم گەرم من دەزانم چەند گەرمە، چۆن من دەسووتێنێت، منی چۆن سوتاندووە.
کە نازدارەکە پارەکەم لە دەست وەردەگرێت. وادەزانم لەبەر کرێی خانوو نییە، لەبەر ژوورەکان نییە، لەبەر بەلوعەی بەردەرگاکە نییە. کرێیەکە،

پارەکەی کە من بە دەستە وشك و لاوازەکەم هەر پێنج دینارەکەی بۆ دەژمێرم . وادەزانم بەخۆڕایی پارەکەی دەدەمێ، وادەزانم پێنج دینار کەمە، زۆریش کەمە. دیمانەکە و دەرهێنانی دەستی راستی لەودەمەی پارەکەی دەدەمێ، بەقەناعەتەوە دەڵێم:

پارەکە زۆر کەمە، ئەو ژنەی عەبا رەشەکە، جوانتر و خۆشتر و نەرمتر و ناسکتری کردووە حەقی زۆرتری هەیە. چاوەکانی شایستەی زۆرتریان هەیە. لەگەڵ پارەکە حەق وایە، حەقی خۆیەتی لەگەڵ کرێیەکە کیسەیەك خەنە، (دوو سابوونی بۆنداری ئیرانی) لەگەڵ بێت. ژنەکە، چاورەشەکە، عەبا دڕە تاریکەکە زۆرتری دەوێت، من کرێیەکە بە کەم دەزانم. بەڵام ئەو، رەنگە لەبەر من بێت، لەبەر سۆزی منە کە کرێیەکە بەزۆر دەزانی.

پۆلیسەکانی تر دەڵێن کرێی ئێوە زۆرە، خەڵك بە دوو، هەتا سێ دینار خانووی نزیکتر و خاوێنتر و گەورەتریان گرتووە، ئێوە بۆ پێنج دینار دەدەن! تەماشا بکەن مامۆستاکانیش کرێی مانگانەی خانووەکانیان پێنج دینار نییە. مامۆستا، مانگانە کۆمەڵێك پارە وەردەگرن، پارەی وا نادەنە کرێ خانوو. خانووەکەتان لە کۆڵانێکی تەنگەبەرە، خانووەکە نەوییە، کۆنە، ئاوی کەمە، سێبەری دارخورماکان هەتاوی لێ گرتوون. خانووەکەتان شایستەی ئەو کرێیە نییە، کۆشکی شێخەکان نییە، حەساری خورما نییە. بەڵام دەزانن کوردن، داماون، ناچارن، مناڵتان لەبەر خوێندنە، بۆیە مانگانە پێنج دینارتان لێ وەردەگرن. زوڵمە، ئەوە خانوو نییە، (زنج)ە، کەلاوەیە! بەڵام حەمە شەریف کرێیەکەی بەکەم دەزانی، دەیووت:

چەند کرێیەکە زۆرتر بێت، خاوەنەکەی، ژنەکەی عەبا رەشەکەی بەری رەنگینتری کردووە، زۆرتر دەستم بۆ دەکاتەوە، ناولەپی لەبەر چاوەکانم دەبریسکێتەوە! نازانم بۆ ئەوەندە بە دەستی ئەو ژنە سەرسامم، دەستی ئەو ژنەی مانگانە پێنج دیناری شینم لێ وەردەگرێت (ناسکەنان)ە. من خواردومە، دەزانم چۆن تێرم دەکات. بەو ناسکە نانە، یەك هەفتە برسیم نابێتەوە. روومەتی ئەو ژنەی مانگانە من دەدۆشێت، چەند نەرم و رەوشنە! نازانم ئەگەر شوێنی تری جەستەی ببینم چیم لێ دێت، ئەوە خاوەن خانوو نییە، ئەوە خاوەنی منە. ئەو خانووێکی بە ناوی من تاپۆ نەکردووە، منی لەسەر خۆی تاپۆ کردووە!

بڕوابکەن، ئەگەرچی گرانیش لەسەرم دەکەوێت، بەڵام! بڕوابکەن حەز دەکەم مانگ، یەك هەفتە بێت! هەفتانە، هەر هەفتە جارێك من کرێی خانوو بدەمە ئەو ژنەی، عەباکە، رەنگینی کردبوو. چەند کرێی بۆ بەرم،

چەند پارەی بدەمی، زۆرتر ئەو دەبینم. زۆرتر خەمەکانم لەبیر دەکەم، ئاوارە و غەریبیم لەبیر دەکەم. ئەو ژنە ئاوارەیی لێ کردووم بە وڵات! وادەزانم لەو کۆڵانە لەدایکبووم، نەك لە تەیراوە. وادەزانم لەسەر (سێبەری درێژی باریکی دارخورما)کان گەورە بووم، نەك لەبەر سێبەرە پان و گەورەکەی قەڵات، کە بەیانییان گەڕەکەکە بە باوەشی سێبەرە پانوپۆڕەکە دادەپۆشێت.

مانگانە من دەگەڕێمەوە تەیراوە، کە دەچمە کن ژنەکە و پارەکەی دەدەمێ. وادەزانم دەمارەکانی دڵ، سییەکانم، چاوەکانی خۆمی دەدەمێ. نازانم بۆ ئەو ژنە منی داگیرکردووە، ئەو بەکرێی خانووێکی بە من داوە، لەبەر ئەوەیە، یان لەبەر شتی ترە! لەبەر سێبەر و شیرینی خورمای ناو حەوشەکەیانە، من وا شەیدای ئەو بووم! یان لەبەر بۆنی هەناسە و دەستە نەرمەکانیەتی).

*****

## سۆزی عەبا رەشەکە

ئەو دینار دینار پارەکەی بۆ ژنەکە دەژمارد. کە دیناری یەکەمی لەناو دەستی ژنەکە دەنا. کەمێك سەیری چاوی گەرم و رەشی دەکرد. بەوەش هەناوی گەرم دەکردەوە، گەرم گەرم وەك گەرمایی خورما و ئاوی رووباری فورات. کە دیناری دووەمی بۆ ژنەکە دەردەهێنا. دینارە شینە تەنکەکەی لەناو دەستی دەنا، دووبارە سەیری چاوی ژنەکەی دەکردەوە، تا سۆزی عەبا رەشەکەی (عەبا کەی سۆز و ئارامی هەبووە) تەواو ئارامی بکات! ئارام ئارام، وەك ئارامی بەخشندەی ژن، پاش هەناسەیەکی قووڵ و زۆر درێژ، پاش هەڵگرتنەوەی تیرەکانی چاوی. دیناری سێیەمی لە دەست دەنا، پاش سێ دینارە شینەکە. ئینجا بەبیری دەهاتەوە، لە چوارەم دینار، پارەکەی بۆ بکاتە روبع روبع، چوار روبعی بۆ دەژمارد، بە چوار روبعەکە، روبعە سەوزە بچووکە لاکێشەکە (ئەگەر لەبیرمان مابێت) دیناری چوارەمی بۆ ژنەکەی عەباکەی وەك دەستماڵی سەرشانی ژنەکانی خەیامی زانا و فەلەکناسیان (فێرە شەراب و سەما کرد) تەواو دەکرد. ژنەکە نەرمتر دەبوو، گەرمتر دەبوو، ئاسانتر دەبوو، چاوەکانی نمنم هەڵمی دەکرد، بەرپەنجەرەکەی تاریك دەبوو، دەرگاکەی توند و باشتر دادەخرا، ژوورەکە

تاريك دەبوو، تەنها ڕووناكی چاوەكانی، تەلیسمی زێوینی جەستەی، هەناسەی هەردووكیان تەمێكی سپی، هەلمێكی پەمبەیی بوو. هەردووكیانی بەیەكەوە ون دەكرد، ئەوەندە ون دەبوون، چاوی كەس، دەنگی كەس، هاواری میللەتێك، هەڕەشە و كودەتای (لەو ساڵانە كودەتای سەربازی زۆر بوو) سوپایەك، توانجی شارێك، بخووری سیحربازێك ئەوانی نەدەدۆزیەوە. كەس نەبوو لێیان بگەڕێت.
ئەو خۆی ڕەئیس عورفای مەخفەری قەزاكە بوو، ئەو بە داری دەستی شارەكەی ڕاگرتبوو. كێ ئەوان دەدۆزێتەوە. خۆ هەردووكیان بە ڕەزامەندی ڕۆژەكە، هەتاوەكە، دەرگا و پەنجەرەكەش تەمێكی سپییان لە ژوورەكە، لە هەیوانەكە، لەسەر كۆڵانەكەش هەڵدەكرد. كەس دەمینێت لەو دوو كەسە بگەڕێت. كرێچییە و كرێی مانگانەی بۆ دەبات. خانوویەكی سێ ژووری خاوێنی لەو ژنە بەكرێ گرتووە. بۆیە دەبێ مانگانە، یەكەم ڕۆژی مووچە وەرگرتنەكە، یەكەم مەسرەفی ئەو ڕۆژە بۆ ژنەكە بێت! لەسەر ئەوە ڕانەدەوەستا ڕەحمان، یان بڵێین ئەبو نەوزاد بەشی پارەكەی خۆی بدات، ئەو بەپەلە دەچوو پارەكەی بۆ ژنەكە دەبردا!
دیناری پێنجەمی كرێی خانووەكە. حەمە شەریف دوا دینارەكەی دەكردە دوو ڕوبعی كەسكی بچووك. دە درهەمی ئاسن. ئەگەرچی درهەم ئاسن نەبوو، بەڵام لە خۆشەویستی و قەدرگرانییەكەی پێیان دەووت ئاسن. درهەم لە كانزای تر دارێژرابوو. بەدڵنیاییەوە ئاسن نەبوون، ئەوەی وەك دڵە (درۆزنەكان ژەنگ دەگرن). دوو ڕوبعەكە دەكاتە نیو دینار. دە درهەمەكەش دەكاتە نیو دینار. واتە یەك دینار. دەیویست بە دیناری پێنجەم ژنەكەی ناو عەباكە، ژنەكەی پەنجەكانی دەستی، دەروازەی دۆزینەوە و ناسینی كانییەكەی جەستەكەی بوو. ئەو دەیویست بەو سەردانە، لەوێ بمێنێتەوە، لەوێ بخەوێت، ڕۆژەكە بكاتە شەو، قەرزەكە بكاتە خەڵات و دیاری. ژنەكە خۆی بۆ ئاشكرا بكات و هەموو نهێنییەكانی خانووەكەی بۆ ئاشكرا بكات. گۆشە تاریكەكان ڕووناك بكاتەوە، چۆن ڕووناك نابێت!؟
ژنەكە پێی بڵێت: چۆن بوویتە خاوەن ئەو خانووە. لەو خانووە ژووانی جوانی هەبووە. تێدا ئەستێرە جوانەكانی ئاسمانی ناسیوە. لەبەر ئەو، خانووەكەی بەكرێداوە. ئەگەر ئەو داوای نەدەكرد، ئەگەر ئەو عەبا ڕەشەكەی بەڕەنگینی و بەگوڵزاری نەدەبینی، خانووەكەی بەكرێ نەدەدا. خانووەكەی داوە بەو دوو چاوە برسییەی وەك ئاژەڵی برسی، دەكرێنەوە. چاوەكانی، وەك گوڵەگەنم درێژ و باریك دەكرێنەوە. خانووەكەی داوە بەو دوو ماڵە

کورد، وەك ئەوەی هەستی بەوە کردبێت، رۆژێك دڵێکی ترساو، چاوێکی گریاو، کیژ و کوڕێکی ماندوو دەحەوێنەوە. دەیزانی خانووەکەی، ژوورێکی ئەو خانووەی گۆشەیەك دەبێت، دوو دڵی زۆر بەحەسرەت و ماندوو گەرم دەکاتەوە، دەشارێتەوە. چۆن شاردنەوەیەك، دەیشارێتەوە، (شۆڕشێکی گەورە نەیاندۆزیتەوە)، کادیرێکی حزب، سەرلقێك، ئامیر بەتالیۆن بە دوو جیبی پێشمەرگەش نەیاندۆزیتەوە. هەتا ئەوان لەیەکتری تێر دەبن، ئەوان رەنگی یەکتری دەگرن، بەژنی یەکتری دەدەنە یەکتری، تا نەناسرێنەوە! خانووەکەی دابووە ئەو دوو ماڵە کوردە، تا پیاوێکیان مانگانە بچێتە بن عەباکەی، رەشی چاوەکانی وەك کۆڵکەزێڕینە ببینێت. دەستی پیاوەکە بەرەو خۆی راپێچی بکات، بەلێشاو، بەلێزمەیەك لوولی بدات! خانووەکە و خاوەنی خانووەکە، هەر سی ژوورەکە، دەبنە موڵکی ئەو پیاوە کوردەی دەچێتە بن عەبا رەشە دڕەکەی، نەرم نەرم نەرمی جەستەی دەخوات!

*****

مانگانە بەزمی ژنەکەی ناو عەباکە و رەئیس عورفا حەمە شەریف دووبارە دەکرایەوە، بەزمێکی خۆش بوو.
ژنەکە بەدڵ و بەهەناسەوە دەیووت:
تۆ! لەگەڵ کرێیەکە، لەگەڵ دەرکەوتنی مانگ! زیندووم بکەوە، من ئاو بدە، من بەو خانووە دەژیم، بەو کرێیە، بەو پارەیە خەوم لێ دەکەوێت. کە تۆ دەڕۆیت من رۆژەکان دەژمێرم، تا زووتر کرێیەکەم بۆ بژمێرێت، بڕوا بکە و درۆ ناکەم و دەڵێم:
من هەموو کرێیەکانت دەدەمەوە. بەس سەرە مانگەکان، کرێیەکی نوێم بۆ بهێنە. من بەو کرێیانە دەژیم. ئەو خانووە کۆنە منی نۆژەنکردیتەوە، ئەگەرنا لەمێژبوو، (ساپیتەی خانوو)ەکەم دەرووخا، ئاوەکەی وشکی دەکرد، جاڵجاڵۆکە دەرگا و پەنجەرەکانی دادەخست. کلیلەکانم ون دەکرد، تەندووری سەربانەکە، کۆنە چوارپاکەم، لیسی کۆترەکان، هەتا سێبەری سەعفی دارخورماکەی پشتەوەمان و ناو حەسار و خانەکەش نەدەما!
لەبەر پاسەوانی و نۆرەگرتن و ماڵەوەشی نەبوایە. پیاوە کوردەکە، رەئیس عورفا حەمە شەریف، لەبەر چاوی رەشی ژنەکەی ناو عەباکە، نیو دینارەکەی دوایی فلوس بە فلوس (بە فلوسیان نەدەووت پارەی ئاسن، ئەگەرچی رۆژانێك هەبووە، دوو فلوسی، شتی چەور و نەرم و شیرینی

پێهاتووه. ساڵانێکی زۆر، یەك نانی گەرم بە چوار فلوس بووە. بەهای فلوس ئەوەندەی دەهێنا، نەخش و وێنەکانی سەری، هەردوو بەرەکەی شیاو و نەخشین لەڕووی هونەری و دارشتنەوە گرانبەها بن. ئێستاش لە دەوڵەت و بانکی کوێت و بەحرێن فلوس ناو و قەدری ماوە، کرێکارە بێگانەکان کۆیدەکەنەوە، لەبازاڕیش نرخی هەیە) بۆ دەژمارد. ئەو چەند مانگەی لەو خانووە سێ ژوورییە کەرپووچە سەر بەچاتییەکە کرێچی بوون. ئەو چەند ساڵەی لەو خانووە مانەوە.
حەمە شەریف کرێیەکەی بەو بەزمە بە ژنەکەی ناو عەبا رەشەکە، ئەوەی چاوەکانی دوو ئەستێرەی گەش بوون دەدا. سوێندیشی دەخوارد، (چاوەکانی لە دوو ئەستێرە زۆرترن). حەزی دەکرد لەوێ بمینێتەوە و پارەکەی بۆ بژمێرێت، بەڵام نۆرەی پاسەوانی لەکن ژنەکە دەیجولاند. ئەگەرنا بەردەوام کرێیەکەی بۆ دەژمارد. بەپەلە و دڵخۆش و سەرمەست دەگەڕایەوە مەخفەرەکە، مانگانە کە کرێیەکەی دەبرد، ئەو دەیووت:
لەجیاتی ئاوارەیی و ریسواکردنمان دەمەوێ زۆرترین ژن ببینم. دەمەوێ رۆژانە کرێ بەو ژنە بدەم. چەند خۆش دەبوو، ئەو کرێچی من بوایە، بە دەستی خۆی کرێی بۆ من دەهێنا، ئیزنم نەدەدا، پارەکەم وەردەگرت و دووبارە بۆم دەژماردەوە. دڵم لەناو دەستی دەنا. دڵم، دڵە سوورە گەرمەکەم! لەناو دەستی دەنا، ئەویش خۆی لەناو دەستم دەنا! دەمزانی بەو دەستانە چیم لێ دەکرد، کێندەرێ ژنەکەم توند توند دەگرت. وام لێ دەکرد لەبن دەستم بتوێتەوە. ببێتە کرێچییەکی (مەند و سەلار) و دەمخەواند. خەوێکی قووڵی لێ بکەوێت. لەو خەوە شیرینەدا، ناوی من بڵێتەوە و بڵێت:
پیاوی کورد چەند شیرین و خۆشن! ئەوان دەزانن خورمای شیرینی ژن لەکوێیە! کێندەرێی ژنی عارەب، وەك خورما لەناو دەم، لەبن ددانی پیاوان دەتوێتەوە!

*****

## خانوو بوو یان هێلانە

ئەوان بەیەکەوە خانووەکەیان لەو ژنە بەکرێ گرتبوو. پاش ئەوان، پاش ئەوەی لەگەڵ پەروین، یاسین دەگاتە لای رەحمانی برای، ژوورە بەتاڵەکەیان دەدەنە ئەو. ئەو ژوورەی لە دوو ژوورەکەی تر بچووکتر و تەسکتر بوو،

پەنجەرەکەی نەوی، دەرگاکەی تەسکتر بوو. ئەگەرچی زۆر کەس داوای کردبوو، ئەو ژوورەیان بەکرێ بدەنێ، ژنەکە، خاوەنەکەی کێشەی نەبوو، بەڵام ئەوان، نەیاندەویست کەسی تر حەوشە تەسکەکە، سەربانە بچووکەکەیان لەگەڵ بەش بکات. کەسی تریان نەدەویست. بەڵام کە یاسین، دەست و رۆح و شەرەفی پەروین دەگرێت، بوخچەکەیان لەناو حەوشەکە دادەنێت، ناتوانن قبووڵی نەکەن، ناتوانن کیژە مارەنەکراوەکە، کیژە ناسکەکە و کوڕە فڕنچییەکە رەوانەی گەڕەك و ماڵ و کۆڵانێکی تر بکەن.

بە بڕیار و رەزامەندی هەردوو خێزانەکە، دەرگای ژوورەکەی بۆ دەکەنەوە. ژنەکان هەرسێکیان و مناڵەکانی هەردوو خێزانەکە، بەیەکەوە ژوورە چۆڵەکە پاکی دەکەنەوە. کونەکان دەگرن، دەرگاکەی دوو سێ جار تاقی دەکەنەوە. پەنجەرەکە بە پارچەیەك گوش، بە (کەرتە موقەبا)یەك، بە تەونی جاڵجاڵۆکە، بە باڵی چۆلەکە، بە دوو دار سەعفی خورما، بە لقی دارهەنارێك، بە هەوری تەمێکی سپی، ژوورەکەیان بۆ ساز دەکەن.

کیژەکە لەماڵەوە، کوڕەکە لە فڕنی شارەکە دادەمەزرێت. لەوێ نیشتەجێ دەبن. ژوورەکە چوارگۆشە بوو، بۆ ئەو دوو عاشقە، ئەو دڵە زامدارە ترساوە باش بوو. ئەوان دەیانتوانی لەو چوارگۆشەیە، لاکێشەیی درێژ بن، ئەگەر ئارەزوویان کرد و پێیان خۆش بوو، بەیەکەوە گرمۆڵەش بن. هەردووکیان لەسەریەك پاڵ بکەون، خاوبنەوە و هەموو ژوورەکە داگیر بکەن. دەتوانن، بەئارامی و بەنازەوە هەڵکشێن. ژوورەکە بەشی ناز و چاوەڕوانییەکانی ئەوانی دەکرد. ژوورەکە بچووك بوو، بچووکی و تەسکی ژوورەکەیان پێ خۆش بوو.

ئەوان چ لە گەورەیی تەیراوە بکەن، ئەگەر بۆ ئـەوان، ژوورێکی چوارگۆشەی تەسکی لاچەپی تاریکی تێدا نەبێت. ژوورێکی تێدا نەبێت بتوانن پەنجەرەکەی، بە هەڵم و هەناسە و سووتان دابخەن. ئەوان چ لەو گەڕەکە گەورەیە، لەو هەموو کۆڵانە بە دووکان و بازاڕ و دائیرە زۆرانە بکەن. ئەوان بەیەکەوە (نەتوانن شەو فوو لە چراکەیان بکەن)! چ لەو شارە گەورەیە بکەن، ئەگەر ژوورێك کۆیان نەکاتەوە. چ لە نیگای بەرین وەك ئاسمان، هیوای باریك وەك لقی شنگەبییەکە بکەن. ئەگەر نەتوانن، لەبن کەپرێك بەیەکەوە خەونێك ببینن!

*****

ئەوان (ماڵە پۆلیسەکان) دەچنەوە هەولێر. ڕەنگە یەکێکیان بگەڕێتەوە خانووەکەیان لەپشت باخچەکان، نزیك گۆڕستانە بچووکەکەی ساڵانە لەوێ یادی شەهیدی کوردستانیان تێدا دەکردەوە. لەسەر گۆڕی ئەفسەرەکەی، پاش رووخانی کۆمارەکەی کوردستان لە مەهاباد دەگەڕێتەوە، چەند شەوێکیش لە قەڵات میوانی دایکە گورجی و خوشکەکەی دەبێت، ئینجا لەسەر (شەرەفی شەریفی مەکە) تەسلیم دەبێتەوە، لەگەڵ سێ ئەفسەرەکەی هاوڕێی لە سێدارە دەدرێن. خوشکەکەی، ئازایانە دەگاتە بەغدا و تەرمەکەی دەهێنێتەوە، بەرامبەر ماڵەکەیان لە قەڵات، بەرووی پەنجەرەکەی خۆیان تەرمی سەرکردە و ئەفسەرەکە دەنێژێت. لەوێ لە تەیراوە دەینێژێت، چونکە قەڵات بەس گۆڕستانی تێدا نەبووە. لە قەڵات گۆڕستان نەبووە. ئەو ئاوەدانییە، واتە قەڵاتی هەولێر لە هەر سێ گەڕەکەکەی، یەکەم ئاوەدانی کوردەوارییە گۆڕستانی نەبێت.
ئاساییە یەکێکیان بچێتەوە خانووەکەیان، لەنزیك گەرماوەکە. یەکێکیان دەگەڕێتەوە ماڵی براکەیان، تا کۆنە خانووێکی خانەقا بەکرێ دەگرن. ئەوی تریان، دەگەڕێتەوە ناو ماڵی خەزووری تا خۆی نەقلی قەزایەکی دوور دەکات، چونکە باش دەزانێت لەوێ خانوو زۆرە. یەکێکیان لەنزیك ماڵی (موختار)ەکە، ژوورێك بەکرێ دەگرێت. یەکێکیان وەرزەکە خۆش بوو، باران نەبوو، ئازایانە بە چەند رۆژێك لەگەڵ خزم و پۆلیسە برادەرەکانی، ژوور و هەیوانێك لەناو حەوشە گەورەکەی ماڵی برای دروست دەکات، پێی دەڵێت:
کاکە دوایی قیمەتی ئەرزەکەت دەدەمێ با ئەوەیان لەسەرم قەرز بێت.

*****

## هەیتە یان رێوان

دەبێ ئەوانە، پاش دوو رۆژ بچنەوە دەوامی ئاسایی خۆیان، (بۆ ئەو دەوامەش بەپەلە و تەنگاو بوون. نەیدەزانی پۆلیسی، لەبن دەسەڵات و مەعاون و مودیری کوردی، چۆنە. ئایا هەر بە جلە خاکییەکە دەوام دەکەن، یان بە جلی کوردی و پشدێنی ئەستوور و گەورە دەوام دەکەن. نەیاندەزانی و بیریان لەوە دەکردەوە، رەنگە حکومەتی کوردی ناوی شورتە بگۆڕێت، ناوەکە بکاتە هەیتە، یان ناوەکە دەگۆڕێت بە رێوان! ناوەکە

دەگۆڕن، جل و (نیتاق) و سافیرە و ئەرك و فەرمانەکانیان دەگۆڕن! رەنگە لەو حوکمە نوێیەدا، سڵاوکردن و وەرگرتنەوە بۆ ئەفسەرەکان وەك جاران نەمینێت. پێیەکانیان، توند لە زەوی نەدەن، بۆ ئەوانەی نەجمەیان لەسەر شان نییە، نەجمە بچووکەکانیان لەسەر یەخەیە جۆرێکی تر بێت. ئاساییە لەو حکومەتە، زۆر رێساکان بگۆڕن)، بەڵام لە حکومەتێکی تر، لەبەردەم ئەفسەر و موعاون و مەخفەریکی تر، دونیا گۆڕاوە، پۆلیسەکان هەموو کوردن، موعاونەکان هەموو کوردن، هەموو رفتار و مۆرالەکان نوێیە.

هەشت ساڵ بوو، هەر لەو مەخفەرە گواسترانەوە باشوور، شەوێك کۆیاندەکەنەوە، بوارنادەن بگەڕێنەوە ماڵەوە. ناهێڵێن بچنەوە تەیراوە. ماڵیان هەر شەقاوێك لە مەخفەرەکە دوور بوو. ماڵی یەکێکیان لەپشت حەمامەکەی ئەتلەس بوو، زۆریش نزیك بوو. دەگیرێن و هەر ئەوە شەوە چاوەڕوانی ترێن دەکەن. بە شەمەندەفەرەکە بەڕێیان دەکەن. سواریان دەکەن، یاتاخەکانیان پێهەڵدەگرن، لە مەخفەرەکە هەتا (رێستهاوس)ەکە، لەوێ لە ژوورێك کۆیان دەکەنەوە. دەرگایان لەسەر دادەخەن، گلۆپیان لەسەر دەکوژێنەوە. دەیانترسێنن قسە نەکەن، بیر لە راکردن و هەڵاتن نەکەوە.

بەڵام یەکێکیان ئازایانە، توانی چاوێك بناسێت، سەرێك بدۆزێتەوە. بەزەحمەت ملی درێژی باریکی رووتی ناسیارێکیان، لە دەرەوە و لەبن سکە ئاسنەکە، لەبن چەتری رێبوارەکان ببینێت. ئازایانە، دەتوانێت بە چاوەکە، بە ملە درێژەکە، بە سەرەکە، بە خشپەی هاتوچۆی ئەو بڵێت:

من لێرەم، لەگەڵ چەند پۆلیسیك، فلان و فلان کە ماڵەکەیان لە گەڕەکی سەیداوەیە، لەسەر کەندەکەیە، دەستبەسەرم. بڵێت چاوەڕوانی شەمەندەفەر دەکەین، نەگیراوین، بەڵام بوارمان نادەن، بە هیچ شێوەیەك بوارمان نادەن، بۆ بەژنی پەنجەرەکە، بۆ چوارچیوەی دەرگاکە و بەرزی دیوارەکە هەڵبستینەوە. بواریان نادەن، هەواڵێك بنێرین، دوو دیناری گیرفانیان لەورۆژە رەشە، لەو شارە داگیرکراوە، بۆ ژن و مناڵەکانیان بنێرینەوە.

لەورۆژە، بەو رەوشە ئەوان دەبەن. پاش هەشت ساڵ، هەر ئەوانە، پشتیوان بە بەندەکانی یازدەی ئازار. پاش هەشت ساڵ، لە شەڕ و براکوژی و ململانێی و وێرانییەکان، دەگەڕێنەوە بەڵام ئەو جارە نووسراوی خۆیان لە گیرفانە، یاتاخی گەرمی خۆیان لەسەرشانە، تاخم ریش تاشین و باولەکانیان پێیە، ژن و مناڵی زۆرتر و زاق و زیقی ساواکانیان لەگەڵە، ژنی داماوی ترساوی نائومێدیان لەگەڵە. دەگەڕێنەوە، ئەو چەند ساڵەی لەوێ

**دەبن، لەوێ کوڕ و کیژیان دەبێت. لەوێ بەداخەوە پیرەکانیان دەمرن. بچووکەکانی لەوێ گەورە دەبن. منداڵەکانی لەوێ فێری خوێندەواری دەبن و دەگەڕێنەوە، لەو خانووەش یاسین و پەروین بەتەنها جێدەهێڵن!**

*********

## له ترسی تفەنگ

**پەروین لەدیار هەندێ کەلوپەلەکانی ئەوان، دوو ماڵەکەی لەناو یەك حەوشە، لەبەر یەك بەلوعەی ئاو، چەند ساڵێکیان بەیەکەوە بەڕێکرد، بۆن و تامی چێشتی یەکتریان دەزانی. ئەوانەی بۆیان نەچوو، ئەوانەی بەپێویستیان نەدەزانی بیبەنەوە تەیراوە. ئەوەی ژنەکەی ڕەحمان و ژنەکەی حەمە شەریف پێیان هەڵنەگیرا، بۆیان دەرباز نەبوو، بۆ پەروینی جێدەهێڵن: لێفێکی عەرەبی گەورە (کە تازە و چەند ڕۆژێك بوو، چەند ساڵ بەر لە ئێستا، شێخێکی عەرەب بەهاتنی ماڵە کوردەکان دەزانێت، بۆ ماڵی ڕەئیس عورفا لێفێك و هەندێك برنج و ئارد و خورمایان بۆ دەنێرێت. ئەودەمانە تەنها یەك خەتی باریکی درێژی لەشان بوو. بەڵام لەبەر خوێندەوارییەکەی، پەیوەندییەکانی، دلێرییەکەی لە ئەرك و فەرمانەکانی، دەگاتە پلەی ڕەئیس عورفا. چوار خەتی ڕەشتر و پانتر و درێژتر لە خەتە لاوازە سیسەکەی لەشان بوو)، لێفەکە، مەنجەڵێکی شکاوی بێ سەر، دوو تەنەکە نەوتی بەتاڵ، قیمەکێشێك، حەسیرەکان، دوو تەشت، (فانووس)ێکی بێ دەسك. لەوانە ژنەکە دڵی بە سەندوقەکە خۆش بوو، بە وێنەکەی ئیمام عەلی.**

**ژنەکە کەلوپەلەکانی بۆیان جێهێشتبوو، یان ئەوانەی هەردوو ژنەکە پێیان ناگۆزرێتەوە، کۆدەکاتەوە. لەناو حەوشەکە لە دیاریان شین و گریانێك گەرم، ئەوەندە گەرم وەك تەندوورەکەی یاسین، لەو حەوشە گەورەیە دەگێڕێت. زۆر شت و بۆنە هەبوون ژنەکە شینی پرسەداری بۆ بگێڕێت. بۆیە هەندێکی بۆ ڕۆژێکی تریش هەڵگرتبوو. گریانی زۆر بوو، بۆ دایکی، نەیدەزانی بۆ زوو باوکی دەمرێت. گریانی زۆر بوو ژنەکە، ئەودەمەش بۆ تەنهایی و قسەکردن بە کوردی و ئاوەدانییەکە دەگرێت. لەو شارە، بەتەنها ماوەتەوە، هەولێریش گەورەترین شایی دەگێڕن. هەژدە جۆر شایی لە تەیراوە، بۆ پێشمەرگە و وێنەکانی مەلا مەستەفا دەگەڕا.**

*********

ئەوان دەگەڕێنەوە! بەڵام یاسین و پەروین ناتوانن بگەڕێنەوە، بۆیان نییە بچنەوە تەیراوە، تەیراوە لەوان قەدەغەکراوە، لەوان یاساخە! هاتن، لەوێ بەجووتە هاتن، ئیمڕۆش بەجووتە ناتوانن بگەڕێنەوە، گەڕەکەکە لەوان حەرامە! ژن و مێردەکە، لەوێ، لە شارەکەی سەر روباری فورات، لەپاش بڵاوبونەوەی بەیانەکەی یازدەی ئازاریش، بەتەنها دەمێنێنەوە. ئەوان تاکە ماڵە کورد بوون، لەو شارە مابوونەوە.

ئەوان دوودڵ بوون بۆ شایی و بەزمی رۆژانەی ئاهەنگی یازدەی ئازار و شاییە گەورەکەی تەیراوە. بۆ بەزمە خۆشەکانی بەر قشڵە و شارەوانی و دوکانەکانی ئەحمەدە فەندی و (مزگەوتی قیبلەخوار) و چاپخانە و کتێبخانەکەی گیبوی موکریانی و چاخانەکەی عوسمان دەرگەڵەیی و موغازەکانی بن قەڵات پەرۆش و پەریشان بوون. ئەوان زۆریش حەز دەکەن بگەڕێنەوە، بەڵام نازانن ئەگەر بگەڕێنەوە، کێ چاوەڕوانیان دەکات، برای کیژەکە چۆن پێشوازییان دەکات. ئەوان دڵ و ئەڤینەکەیان دەرباز کرد، نایەوێ ئەوجارە، بە سەفەری گەڕانەوە بیخەنەوە مەترسی. لە دڵە تەڕەکەیان دەترسن. لە ئەڤینە پیرۆزەکەی دوور دووریان برد تا نەشکێت، دەترسن، وەك بەلەمێکی درێژ و بێ سەوڵ بە رووباری دیجلە هاتن. گەیشتنە سەر فورات. هاتنە ئەو شارە تا ئەڤینەکەیان بکەنە باخچە، بکەنە شەوانی ناسك وەك پەپووولە! ناگەڕێنەوە نەوەك ئەڤینە زیندووەکەی لە مردن دەربازیان کرد، ببێتە (مردنێکی زیندوو)، هەواڵێکی شاراوە و لاچەپ، بکەونە قسەی سەرزاری هەموو شارەکان، گوندەکان.

نایانەوێ و ناتوانن، بگەڕێنەوە نەوەك هەموو پیاوەکانی بەگەرمی و بەسۆزەوە شایی دەکەن، ببنە براکەی ئەو. هەموو تفەنگەکانی ژمارەیان زۆرە، بچێتە سەرشان و ناودەستی برادەرەکانی براکەی ئەو. کێ دەڵێ برای ژنەکە، بەرپرسێکی گەورە نییە. بەرپرسی هێز و بەتالیۆن و ناوچەیەك نییە. بۆ کوشتنی ماچ و ئەڤینەکەیان دەسەڵاتی رەهای نییە. نایانەوێ ئەڤینەکەیان، بکەنە قوربانی دیتنەوەی شارەکە، کۆڵانەکە، بەشداری لە شاییەکە.

شاییەکان نەکەنە شیوەن و تۆڵەکردنەوە. هەموو تاوان و لاسارییەکان، جاشەکان، کوشتن و بۆسە و کەمینەکان لەبیرکران. شوێنەواریان نەما. بەڵام ئەو دوو بولبلە دەترسن، ناتوانن بگەڕێنەوە. شارەکە تاریك بوو، کە لەوێ دەژیان، ئێستا رووناکە و ناتوانن لەوێ بژین. خەڵك برسی بوو، ئاوارە و دەربەدەری گوندەکان زۆر بوون، شەوانە کۆڵانەکان بە تفەنگ

و پشکنین و چرپەچرپە و گومان سەرێکی دەگیرا، ناوەندی دادەخرا، سەرەکەی تری دەپێچرایەوە! شارەکەی ئەوان ناتوانن بۆی بگەڕێنەوە، بوویتە پایتەخت. ماوەماوە بڕیارێکی بۆ دەردەچێت. کارگەیەکی بۆ دەستنیشان دەکرێت. کوردەکانی ئێزدییەکانی (جورجیا)، لە سۆڤیەتەوە، لە کۆبانێ و عەفرین رووی تێدەکەن. ئینجا ئەوان جورئەت ناکەن و پشتیوانیان نییە بگەڕێنەوە.

*****

ئەو دوو چۆلەکە برسییە رووتە، لەسەر لقی دارێکی شکاو، لەناو هێلانەیەکی بەر رەشەبا و زریان ماونەتەوە. ترسی گەورەیان هەیە، بەڵام نازانن، لەکام تفەنگ، لەکام سەرکردە، لەکێ دەترسن! ئەگەر گەڕانەوە، لەوێ دامەزرانەوە، لەکام کۆڵان تەقەیان لێ دەکرێت. لەسەر کام سەربان چاودێریان دەکەن. لەناو کام چاخانە، لەبەر چرای کزی فانووسی کام (خانووی قووڕی بێ ستارەی لاچەپ). ئەو خانووەی ئەگەرچی عاموودە ژەنگاوییەکەی بەر دەرگاکەی، بۆ گەیاندنی تێل و وزە کارەبا دانراوە، بەڵام ئەوان کارەبایان لێوە رانەکێشراوە، دەیاندۆزنەوە. ئەوان کارەبا بۆ چ رابکێشن، کەسیان لەبەر خوێندن نییە. شەوانە بیردۆزەکانی هەندەسە و هاوکێشەکانی جەبر بۆ ئەزموونی مانگانە بخوێنێت.
کەسیان نییە کڵاو و نەخش و میلی سەعات ساز بکات. کارەبایان بۆ چییە، کەسیان نەبووە، گوێ لە هەواڵەکان بگرێت، رادیۆی ئیسرائیل شەوانە بکاتەوە. کەسیان عەرەبیش نازانێت. ناگەڕێنەوە، هەتا رەئیس عورەفا حەمە شەریف ئاگاداریان دەکاتەوە، ئەو وتبووی:

*****

من دەچمەوە، دوو خەم، دوو خۆزگە بەو شارەم دەبەستێتەوە، چاوی ژنەکەی ناو عەبا رەشەکە، خاوەنی خانووەکەمان. خەمی گەورەی یاسین و پەروین، ئەو وتبووی:
نامەوێ هیچ خەمی من لەو شارە بمێنێتەوە. دەگەڕێمەوە بۆ ساردکردنەوەی ئاگری ئەو دوو خەمە! ئەوان و ژنە عەبا رەشەکە چاوەڕوانی دەکرد. پەروین لەوێ چاوەڕوان بوون براکەی بدۆزێتەوە، لەناو گەرمەی کۆبونەوەیەکی لق، یان لەناو ئوتومبێلی بێ رەقمی (مارسیدس)ی نوێ ببینێت و پێی

**بڵێت:**
**هەڤاڵ، کاکە، من هەواڵی خوشکت دەزانم، من دەزانم کە تۆ بەردی بن ئاو بوویت، ئەو بەردەوام پەرۆشی گەڕانەوەی تۆ بوو. پەرۆشی ئەوە بوو، لەو نزیك بێت، ئێوە بەیەکەوە، گوێ لە ناڵەی ژانی دایکت بگریت، بەڵام تۆ هیچ هەواڵێکت نەبوو، تاکە یادگاری ماڵەوەیان وێنەی سەر تەزکەرەکەت بوو.**
**پیاوەکەی ناو مارسیدسە رەشەکە، رووی هەر لە پیاوە ئەفەندییەکەی تەنیشتی بوو، دەیویست ئاخاوتنەکەی لەگەڵ ئەو تەواو بکات. بە دەربڕینێکی سارد. بە وەڵامێکی زۆر کورت و نیوچەوانی گرژەوە دەیەوێ پێی بڵێت، نازانم باسی چ دەکەیت، مەبەستت چییە!**
**بەو وەڵامە ساردە، حەمە شەریف دەزانێت، ناونیشانەکەی هەڵەیە. ئەو پیاوە براکەی پەروین نییە. دەبێ ئەو بچێتە بارەگا و دائیرە و دیوەخانێکی تر. رەنگە لە کۆبونەوە و بیرەوەری یادێکی تر براکەی پەروین بدۆزێتەوە، پیاوەکەی ناو ئەو مارسیدسە رەشە، ئەو نییە، دوور نییە لەناو مارسیدسێکی تری بێ رەقمی سپی، شین، مۆدیل نوێتر براکەی پەروین بدۆزێتەوە!**
**لەگەڵ چاوەڕوانییەکان کە زۆر درێژەی کێشا. چاوی رەشی ژنە عەبا رەشەکەش کوژایەوە. چونکە ئەوان لەوێ دوورکەوتنەوە و خانووەکە بۆ ئەوان گەورە بوو. ئەوان نائومێد لەو شارە دامەزران. بەرهەم و دەسکەوتی یازدەی ئازاریش لەگەڵ (گومان و خەم و بەدحاڵی و ترسەکان) دیار و بەرچاو بوو، ئەوانیش کوڕێکیان دەبێت، ژنەکە لەبەر پیرۆزی خێزانەکەی حەمە شەریف، کوڕەکەی بەناوی سیروانی کوڕیان دەکات. لانکەکەی بۆیان جێهێشتبوو بەکارناهێنێت، دەڵێت:**
**دەمەوێ سەری کوڕەکەی منیش، وەك سەری مناڵە عەرەبەکان خڕ بێت، سەرپان نەبێت! نووستن و مانەوە و بەستانەوەی ناو لانك، سەری مناڵ پان، پان دەکات.**

# بەشی حەوتەم

# دەربەندی گۆمەسپان

**خۆشەویستی ئەوانی بردبووە ئەو شارە دوورە، نزیك دارخورما و گەرمەی شینی حەسەن و حوسین (ناوەکەی حەسەن و حوسێنە، بەڵام شەڕەکە و کوشتنەکە و زوڵمەکە، لە حوسێن و عەباس و زڕبرا و ئامۆزاکانی کرابوو)، شارەکەی سەر رووباری فورات، دوو دڵی سووتاو، ئەوانی رەوانەی بەر گەرمایی خورما و برنجی عەنبەر کردبوو، تا زۆرتر بسوتێن. دوورکەوتنەوە ناو تەنهایی، دوورکەوتنەوە تا زۆرتر لەیەك نزیك بن. چونکە زۆر خەمیان لەدووری خواردبوو، دووری دوو کۆڵان و دوو دیوار و دوو جۆگەلەی ئاو، دوو ستارەی سەربان و دوو پێناو و دوو نانی گەرم! لەو تەنهاییە پەروین دەیووت:**
**یاسین من تێر بووم لە پیاو، چەند مانگ و ساڵ و رۆژە تەنها پیاو دەخۆم، پیاو دەبینم. لەگەڵ پیاوێکی نانەوای گەرم نان دەخۆم. لەگەڵ پیاوێك دەخەوم. دەمەوێ بە منالێك تێر پیاو بم. منالیش بخەوێنم ئەویش بمخەوێنێت! تێر لە شاییەکانی یازدەی ئازار ئارەقە بکەم. لەوێ تێر سەیری شان و پشتی براکەم بکەم. بزانم تفەنگەکەی سەرشانی دەمانچەکەی دەستی، لێدوان و پێشنیاری ناو کۆبونەوەکانی براکەم چۆنە! دەمەوێ هەر تۆ پیاوی ناو چاو و نیگا و چاوەڕوانییەکانم نەبیت. لەناو تیشکی ئەو خۆرەی درەنگ، بەدەنی قەڵات بواری دەدا. تۆ لەوێ بەشە هەڵوەریوەکانم، وردەشووشە و تیشکەکانم کۆبکەرەوە، کە تیشکی خۆرەکە درەنگ دەیتوانی لە تەیراوە بدات، خوناو و هەناسەکان هەڵفڕێنێت، کۆمبکەرەوە، نامەوێ (پەخشان و رژاو و تێکەڵاو و هەڵوەشاو)بم. خەنۆاوکەی هەڵرژاو ناگەنە گەردەن. نابنە باخچەی سینگ و مەمك. لەبەر منە گەڕەکەکەم سزا دەدرێت. لەسەر منە براکەم نادۆزرێتەوە. تاوانی منە کێڵی دایکم بێنازە. من گەڕەکێکی سزادراوم. شارێکی بریندارم. لە رۆژی دابەشکردنی خەنجەرەکانی سەر خانووەکانی شەهیدان. لەکاتی دابەشکردنی کلیلەکانی خانووەکانی شەهیدان. حەمە شەریف دەگاتە لق، دەگاتە سەر لیستی ناوی شەهیدەکان. سەیری (خەنجەر)ەکانی سەر ئاکاری ستاری خانووە دوو ژوور و هەیوانەکان دەکات. دەیەوێ بزانێت ناوی براکەی پەروین، ناوی لەو لیستانەدا هەیە. ئەویش شەهیدە و خانووێك بۆ حەسانەوەی گۆڕە بێنازەکەی، ئێسکە دوورەکەی دانراوە. کە خوشکی زۆر لەدوورەوە فرمێسکی بەدزی بۆ هەڵدەڕشت. یەکێك لە شەڕەکانی بەردەوام چیای سەفینی تاریك کردبوو، برین و گوللە و ژانێك دەیکوژێت. پاش دوو رۆژ، هەفتەیەك، دوو مانگ، چاوی دایکی خرپەکەی**

دڵی، ساتی بەرکەوتنی گوللەکە دەزانێت و بۆی دەگرێت.
حەمە شەریف ناوەکانی خوێندەوە، ژمارەکانی سەیر کرد، دەزانێت ناوەکەی ئەوی تێدا نییە، بۆیە دەپرسێت:
هەڤاڵ، ئەوە دوا لیستە، ئەوەندە شەهیدە لەو شارە هەیە، ئەوەندە کەسە شایستەی خەنجەرەکانن، یان لیستی تریش ماوە؟ من لە ناوێك دەگەڕێم، کەسی نییە، خەمخۆری نییە، ناوی نییە. ئێوە بیرتان لەوانە کردیتەوە، کەسیان نەبێت، برایەك، کلاشینکۆفێك، پێشنیاری ناو راپۆرتێك باسی نەکردبێت. کەسی وای تێدایە، پیاوێك شەهید بێت، رەنگە شەهید بێت، کەس نازانێت، ئەو خوشکێکی هەیە، دووره، دایکی بۆ ئەو مرد، باوکی لەبەر ئەو مرد، خوشکی لەبەر ئەو دەربەدەرە! ئەو کەسانە خانوویان بەرکەوتووە!؟
لە رۆژی دابەشکردنی موچەی ئەو پێشمەرگانەی، ناویان ببوو بە حەرەس حدود. ئەوانەی پێیان وتبوون، لە رۆژی وەرگرتنی مەعاش (ناوی یارمەتی گۆڕابوو بە موچە، پێنج دینارەکەی جاروبار دەدرا، زۆرتر دەبێت و دەبێتە مانگانەش) بەجلی سەربازی بێن. کاسکێتە خاکییەکە لەسەر بکەن. جلەکانتان سیمای سەربازی بێ. ئەوانە زۆربەیان لەدەرەوەی ماڵەوە، دوور لە ئاوێنەی ژوورەکانیان، خۆیان دەگۆڕی. لەپەنا جێبەکەیان، لەدیار ئاوێنەیەکی بچووکی (ریشتاشین). لەوێ لەناو قەرەباڵغی سەربازە پێشمەرگەکانی دوای بەیانەکەی یازدەی ئازار، ئەوانەی زۆربەیان جلە سەربازییەکانیان چاکنەکردبوو، ئوتونەکردبوو، یەخەیان رێکنەدەخست، پێڵاوی پۆستاڵی رەش و بە قەیتانیان لەپێ نەدەکرد. تا بە بەندەکانی بەیانی یازدەی ئازار بڵێن، بە بەرپرسەکانیان و لقی دوو و بارەگای بارزانیش بڵێن:
ئێمە ئامادە نین، جلی سەربازی لەبەر بکەین. نیتاقی سوور و کەسك لە قۆڵمان نابەستین. پۆستاڵ لەپێ ناکەین. هەموو رۆژەکان ریشمان بۆ شاییەکان دەتاشین، بەڵام بۆ جلی سەربازی ریشمان ناتاشین.
کەسیان ئامادە نەبوو وێنەیەك، بەو جلە سەربازییە خاکییە گەورە و شرە بگرێت، (هەموو ئەرشیڤەکان، ئەلبۆمە کۆنەکانی ناوماڵەکان بگەڕێیت، لەناو وێنەی بابوباپیرانی هەموو نەوەکانی پێشمەرگەکانی هێزی دەشتی هەولێر، بە هەر سێ بەتالیۆنەکەی بگەڕێیت، وێنەی باپیری کەس، مامی هیچ کەسێك، بەجلی حەرەس حدودی لە دەربەندی گۆمەسپیان، لە دوو سێ ژوورەکەی لەسەر بەرزاییەك بەناوی لیوا دروستیان کردبوو، نییە و نادۆزیتەوە!)، لەوێ حەمە شەریف تاکە پۆلیس بوو، تەنها ئەو رەئیس عورفایەکی خاوێنی سەربازی بوو.

پانتۆڵەکەی ئوتوکراو، قەمیسە خاکییەکەی ژێر چاکێتەکەی، قەیتانە سەوزەکەی بن کەتافیەکەی بۆ هەڵگرتنی سافیرەییەك کە لەناو گیرفانە داخراوەکەی بوو، پێڵاوە رەشەکەی دەبریقایەوە. ریشی زۆر جوان تاشیبوو.
تاکە پۆلیس بوو لەناو سەربازگاکەی گۆمەسپان دیار بوو. بەس ئەو سەرباز نەبوو. بەڵام بە سیما و پۆشاك لە هەموویان سەربازتر بوو. هاتبوو گوێی لەناوی ئەو سەربازانەی رابگرێت، ئەوانەی هاتبوون مووچە وەربگرن. مانگانە لەورۆژە هەموویان، یان زۆربەیان دەهاتن، بەڵام هەموو ناوەکان موچەکانیان وەردەگیرا. هاتبوو، سەیری لیستی ناوەکانیان بکات، تا براکەی پەروینی ژنی یاسینی نانەوا بدۆزێتەوە. ئەگەر لەوێش نەیدۆزێتەوە، لە پێشمەرگەکانی مانگانە و یەکجار جلی سەربازیان لەبەردەکرد.
لەگەڵ (یەکێکی بەجێماوی ناو جێبێك). یەکێك لیستەکانی لەناو فایلێك دەبەستایەوە. دەیویست یەکێك بدۆزێتەوە، قەڵەمێکی پاندانی لەسەر گیرفانی دیار بێت، پێی بڵێت:
هەڤاڵ، کەس لەو گوند و ئەشکەوت و کونەشاخەکان ماوە؟ کەسی فیرار و هەڵاتوو ماوە؟! کەس ماوە نەگەڕابێتەوە و بڵێت من بە بەندەکانی رێکەوتنی یازدەی ئازار رازی نیم و ناگەڕێمەوە. پرسیار دەکەم و پەرۆشم بزانم، پێشمەرگە و کادیرەکان هەر ئەوەندەن، هەر ئەوانەن لێرە مانگانە بە جلی سەربازی موچە وەردەگرن!؟ کەسی تر ماوە، هێشتا بەدیارە ئەشکەوت و کۆنە بارەگا، مەنجەڵی شکاو و ئێستگە بێدەنگەکە، بێتەل بەرۆژووە بێدەنگەکە! کونەشاخەکان و (بریندارێکی ئیفلیج) مابێتەوە. هەر ئەوندەن، کە شەڕی عیراق و زۆر لە نەتەوەی عەرەبییان دەکرد! کەس ماوە!
ئەگەر لەوێ براکەی بدۆزێتەوە، پێی دەڵێت: هەموو فیرارەکان لە سەربازیش تەسریح بوون. وا گوندە سووتاوەکان نۆژەندەکەنەوە. رێگایان بۆ دەبەن. دەستی چەپ مافی بەسەر دەستی راست نەما. تۆش بوار بەو خوشکەت بدە بگەڕێتەوە و بەژن ببینێت. ئەوەی چەند ساڵ بۆت گریا، ئەوەی دوو فرمێسکی بۆ نەخۆشێك، بۆ ساردی پرسەیەك، بۆ تەنگی قەبرێك، بۆ دووکەڵی ناو گوند و رەشماڵیکیش رشتبێت، لەبیر ناکرێت. خوشکی تۆ لەگەڵ رووباری فورات، رووبارێك فرمێسکی گەرمی بۆ سۆزی تۆ رشتووە. خوشکەکەی تۆ چاوەڕوانە، تۆ فرمێسکی هەردوو چاوەکانی وشك بکەیتەوە، بنووسیتەوە، بژمێریت. خوشکت وەسیەتی دایکی بۆ تۆ هەڵگرتووە! ئەو کێلی گۆڕەکەی دەناسێتەوە، ئەوەی لەدووری تۆ مرد. نەخۆشی دایکی تۆی نەکووشت، (بێوەژنی نەیکوشت)، برسیەتی و سەرمای خانووەکەی

تەیراوە نەیکوشت. دایکت لەوانە قایمتر و پۆڵاتر بوو، بەڵام بۆ تۆ، دووری تۆ، بێدەنگی تۆ، ئەو ژنە گەورەیەی کوشت!
حەمە شەریف لەناو قەرەباڵغییەکەی دەربەندەی گۆمەسپان. لەناو جلە سەربازییە شڕەکان. دەیویست براکەی پەروین، تاقە براکەی بدۆزێتەوە! هەموو سەیری جلە سەربازییەکەی ئەویان دەکرد. ئەویش سەیری ناوی هەموویان دەکرد! ناوەکان هەموو خوێندرانەوە، پارەکەی ناوی ببوو بە مووچە، وەرگیران. جلەکان لەبەرکرانەوە، لەبن پانتۆڵە خاکییەکان شرواڵە کوردییەکان، (پشدێنە گوڵزارەکان) دەرکەوتن. بەڵام ناوی براکەی پەروین لەوێش نەبوو، ناو و ناونیشانی لەوێش دەرنەکەوت!

*****

## شایی هەر گەرمە

لەناو باخەکەی خانزاد، بەرامبەر نەخۆشخانەکە. تا دڵە زامدارەکان، لە ناڵە و فیغانی نەخۆشەکان ئارام بێت. باخچەیەك رووبەڕووی نەخۆشخانەی کۆماری، بۆ دەرمان و هەتوان ئاوەدان کراوەتەوە. بیرێکی ئێرتوازی لەناوەندی باخچەکە دەتوانێت، هەموو دارە بەرزەکان، چیمەنەکە، جۆگەکان، موورتك و گوڵەسوورەکان بژێنێت. لەوێ لەنزیك بەژنی دارەکان، بەژنە زراڤەکان، قەدە برسییەکان، لقە دەستەکان، گەڵا چاوەکان، چاوە گەڵاکان، دەستە لقەکان، زراڤی بەژنەکان شایی دەکەن. شایی گەرمە، ئەو دەستانەی دوێنێ و چەند ساڵە، لەو شاخانە تفەنگیان لەناو دەست بووە، نانی رەقیان پێی خواردووە، دەستەکان رەشبەڵەکی تەیراوەیان گەرم کردووە. گۆڕەپانەکەی بەرامبەر (قریەی زوبات)، بوویتە تابلۆیەك، لە رەنگ و سۆز و ئاوێتەبوون.
لەوێ کەس کەسی نەدەناسی، دەستەکان، شانەکان، ریزەکان، هەموو بێگانە بوون. بەڵام توند یەکتریان گرێدابوو. ژنەکان، کیژەکان، دەستی گەرمی پیاوەکانیان دەگرت، لەدڵەوە دەیانووت:
چەند گەرم و ساز و پیرۆزە ئاشتی!
کەسیان ئەوەیان لەبیر نەبوو، ئەوەی ئاشتی دەخوازێت دەبێ خۆی بۆ شەڕەکان ئامادە بکات.
لەو شاییە گەورەیە، عەباکان نەما، پەچەکان لەسەر روو و چاوەکان

هەڵدرانەوە. لەو شاییەی شارەکە گەرمی کردبوو، هەواڵ و هاتنەوەی پێشمەرگەکان سۆزیان پێ بەخشیبوو، ببوو بە سەرەتای پاکبوونەوە و پیرۆزی ژیان.

*****

پیاوەکان هەموو ببوونە پێشمەرگە. سەفین، سەفینە شێتی خۆشناو، هەندرێنەکەی حکومەتی لە بەغدا شکاند. ئەوانە هاتبوونە تەیراوە، شاییان گەرم کردبوو. لەناو شاییەکەی تەیراوە، ئەوەی دەستی دەگرت دەبووە پێشمەرگە. پێشمەرگەی دەشتی هەولێر، دەست بە رەشاشێکی هێزی بێتواتە، رزگاری، باڵەکایەتی، لە پێرسەوە هاتبوونە خوارەوە و شاییان دەکرد. قشڵە سپییەکەی ئینگلیزەکان لە هەولێر دروستیان کردبوو. لەبەردەم ئەوێش شایی گەرم بوو. لەبەردەم شارەوانییەکەی دوایی رووخاندنیان و بینایەکی نوێیان بە بووك و شیرینی بۆ ئاوی کەسکوسوور برد. لەجیاتی ئەوەندە ساڵەی رەنگی بەو شارە بەخشی. ئاوەکە، بە (چرای رەنگەکان کەسکوسوور) ببوو.
شارەوانی لەبن قەڵات دەگوازنەوە ناو بینایەکی نوێ، سەر شەقامێکی سەرەکی، باخچەیەکی گەورەی بۆ سەوز دەکەن. وەستاکانی لە خانووە گەشتیارییەکانی پیرمام و رێستهاوس و ئامادەییەکەی گلاوێژ کارامەیی نەقارییان زۆرتر دەبێت. دواییش دەست رەنگینی لە هوتێلەکەی هەورامان (ئێستاش کەس نازانێت ئەو هوتێلەی پاش بەیانەکەی یازدە ئازار دروستکرا بۆ ناویان ناوە، هەورامان. وتیان:
موتەسەرفەکەی ئەودەمانە بەیادی چوونە شاخ و بوونە پێشمەرگەی لە هەورەمان ناوی لەو هوتێلە بە بەرد دروستکراوە ناوە هەورامان، بەڵام راستییەکەی ئەو لە ساڵی ١٩٦٢ی زاینی مەعاونی پۆلیسی چوارتا بووە، لەوێشەوە پەیوەندی بە شۆڕشەوە دەکات. هەورامان واتە بەرد و نەخش و گەشتیاری و مەستبوون بە ئاوی سازگار!).

*****

# پیاوێکی جوان

دەزانی حەمە شەریفی باوکت پیاوێکی جوان بوو؟
هەردووکیان چاویان لەسەر جامخانەکە بوو. تا ژنە برۆ قەڵەمکراوەکە ناویان بخوێنێتەوە. ئەو ژنە لەدیار ئەو هەموو برینە پیرە، چاوە کز و (شانخوار) و کیرمردوو و لات و خانەنشینانە بۆ خۆی رازاندوتەوە!؟ دەیەوێ موچەکەی وەریدەگرن نەیخۆن! خەفەتی جوانییەکانی ئەو بیانکوژێت، دەیەوێ بە پیرەکان، بە خانەنشینەکان بڵێت: من هەرگیز وەك ئێوە هەڵناوەشێم، پیرنابم و تازەش دامەزراوم!
ئەوان چاوەڕوان بوون، بچنە بەردەمی و مووچەکەیان وەربگرن، لەسەر کورسییە درێژە رەشە (چەرمەکە رەش بوو یان رەنگی سوور بوو) چەرمە لووسەکە دانیشتبوون.
پیاوەکە وەك ئەو زۆرزان نەبوو، رۆژانە بەدوای تاکسییەکە شەیدا بوو. پەرۆش بوو منداڵەکانی زانکۆ تەواو بکەن و بگەنە نانی خۆیان. وەك ئەو و باوکیشی ماندوو نەبن. کارمەندێکی ئاسایی بووە و خانەنشین بووە، نەیدەزانی مەبەستی لە وشەی پیاوی جوان چییە!
پیاوی جوان، دەستەواژەیەکی نوێیە. چەند ساڵە کەوتووتە ناو بازاڕی دەموزار. دەستەواژەیەکە، تازە هاتووتە ناو فەرهەنگی پەیقین. تازەیە و پەرچەکرداری پیاوی ئیماندار پەیدا بووە. پیاوی جوان، دیدی جوانە، هەموو دیمەنەکان جوان و رەنگین و بێگەرد دەبینێت. هەنگاوی رۆیشتن و کارکردنی، وەك (لەرین) و هەژانی نەمام سەیر دەکات. پیاوی جوان ئەستێرە و ژنی پێ جوانە. بەفری تەمەن بەسەر پیاوی جوان کە دەبارێت پیری ناکات، نەخۆشی ناکات، نائومێد و لەرزۆك نابێت و ناخی مرۆڤ رووناك و سپی دەکات. حەمە شەریف پیاوە جوانەکە بوو:
پیاوە خانەنشینەکەی کوڕی بچووکی حەمە شەریف، نەیدەزانی بۆ ئەو پیاوە خانەنشینە بە باوکی رەحمەتی دەڵێت: پیاوە جوانەکە، راستە باوکم چاوی زەیتونی بوو، روومەتی ناسکەنان و بەژنی چنار و هەنگاوەکانی زریان و شنەباش بوو. رامان دەکات، هەڵوەستە دەکات، دەپرسێت، بەڵام لەدڵەوە: ئەو لەکوێ دەیناسێت؟ چۆن دەزانێت من کوڕی ئەوم! خۆ من هەرگیز کە باوکیشم مابوو، ئاکار و ناو و شێوەی ئەو پیاوەم لە ماڵی باوکم، لە باس و قسەکانی دایکم نەبیستووە!
کابرا پێی دەڵێتەوە باوکت پیاوێکی جوان بوو.

**که ژنەکەی ناو جامخانەکە، ئەوەی ببووە تابلۆیەکی بەسۆز و رەنگین، قسەکەیان دەبڕێت و ناوی پیاوەکە، کوڕەکەی حەمە شەریف دەخوێنێتەوە، بەرەو پەنجەرەکە دەچێت و بەوەش راناگات پێی بڵێت:**

**مەڕۆ با خزمەتت بکەم!**

**دەڕوات و نەیزانی چۆن باوکی ناسیوە،! چۆن دەزانێت ئەو کوڕی ئەو بووە. منیش ئەو پرسیارە دەکەم، چونکە نازانم بەرنامە تەلەفزیۆنییەکە لەسەر خێزانەکانی لە باشوور مابوونەوە و نەگەڕابونەوە کرابوو، یان نا. منیش دڵنیانیم، کۆچەر کە ناوی لێرە هاتووە، فێڵی لە دایکوباوکی کیژەکە کردووە، یان هەموو پلانەکە بە بیرۆکەی کیژەکە بوو. کۆچەر ئەو بەرنامەیە دادەرێژێت و دایکوباوکی کیژەکە دەگێڕێتەوە. لەوێ ئەگەر بەرنامەکە کرابێت و بڵاوکرابێتەوە، چەند جار و بەسۆزەوە ناوی رەئیس عورەفا حەمە شەریف هاتووە!**

**حەمە شەریف پیاوێکی جوان بوو: وتیان چەند مانگ دوای گەڕانەوەیان لە باشووری عیراق. رۆژێکیان، حەمە شەریف دەڕوات و بەکەس ناڵێت، دەچێتە بەغدا.**

**شەوێك بەیادی پیاوە سەرخۆشەکانی شەوانی (عەبدوڵا)، بە یادی شیعرە جوانەکەی مامۆستا گۆران. ئەو تیاترۆیەی لە بەغدا، کوردەکان شەوەکان لەوێ بۆ هاژە و لەڤینی سەما مەست دەبوون، بۆ شەراب و ژن و قامەتی باریکی رووت، رووت دەبونەوە، دەبونەوە قامیشێکی تەڕ! پیاوە گەورە ناودارەکان دەبوونە، دڵۆپە خوناوێکی ورد بەڵام زێڕین. شەوێك لەوێ دەمینێتەوە و هەتا بەرەبەیانی، (سەما، سەمای پێ دەکات). شەراب مەستی دەکات. دەمینێتەوە و بەیانییەکەی بۆ سەردانی یاسین و پەروین دەگەڕێتەوە شارەکەی سەر رووباری فورات.**

**دەیەوێ زانیاری زۆرتر لە ژنەکە وەربگرێت. ناوی براکەی، ناونیشانی رەنگی چاو و ناوی دایکی وەربگرێت. تا لە بارەگایەك، لە کۆبونەوەیەك، لە هەڵچوونی تووڕەبوونێکی دواکەوتنی جێبەجێکردنی رێکەوتننامەکەی یازدەی ئازار بیدۆزێتەوە. بیناسێتەوە لەودەمانەی کادیرێکی ماندوو، (پێشمەرگەیەکی دووجار بریندار)، کە هاوار دەکات و بە جەمەدانییە گەورەکان، بە پشدێنە ئەستوورەکان، بە جێبە نوێیەکان و مارسیدسە دزراوەکان دەڵێت:**

**ئێمە شۆڕشمان بۆ ئەوە نەکرد، ئێمە داوای (قووز و قەسەر و قەمەرە)مان نەدەکرد! بۆ ئەو سێ دروشمە ماندوو نەبووین. دە ساڵ، شەش ساڵ لە چیا لەناو بەفرا نەخەوتین، کە شەوانە لەناو خانووە کۆنە داڕماوەکان دڵۆپە سەری کون دەکردین. شۆڕشمان بۆ ئەوە نەکرد، کە ململانێیەکانمان**

بۆ دانوستان، دووبەرەکی بۆ چەك لەکوێ وەربگرین. لەوێ و لەگەرمەی گفتوگۆ و هەڕەشەکان رەنگە براکەی پەروین بدۆزێتەوە!

*****

# کادیرێکی زۆر تووڕە

پەرۆش بوو لەو کۆڕانە، یادی نەبەردییەکان، لە گەرمەی هەڵبژاردنەکان براکەی پەروین ببینێتەوە. بیدۆزێتەوە پاش دامرکانی هەڵچوونی گفتوگۆیەکی گەرم، دوای تەواوکردنی پەیامی ئەو کادیرە، پیاوە (رەنگ گەنمی)یەکە، پیاوە چاو گەورەکە، پیاوەکەی هەر دەستە جلە کۆنەکەی گەلاڵەی لەبەردا بوو، پیاوەکەی داوە سپییەکانی سمێڵی، ئاکاری ناز و شیرینی پێ بەخشیبوو، حەمە شەریف کادیرەکە جیادەکاتەوە:

هەڤاڵ، پشتیوانی قسەکانت دەکەم، هەموو قسەکانت جوانە، بەڵام من پرسیارێکم هەیە، تکایە وەك هەڤاڵێکی دڵسۆز وەڵامم بدەرەوە:

تۆ خوشکێکت هەبوو بە ناوی پەروین!؟

پیاوەکە هێشتا تووڕەیی و هاوارەکەی ساردنەببووەوە، زۆر لە ئامادەبووانی وەك خۆی تووڕە کردبوو، بەڵام ئەوان لەو تووڕە ببوون، وەك ئەوەی بیانەوێ بڵێن:

حەقی خۆمانە زەلیلی و داماوی زۆرمان بینی. شەش ساڵ، شەش ساڵ زۆرە، ئینجا زۆرتریش لە شەش ساڵ، لەناو گوندە کەساسەکانماینەوە، لەسەر سکی برسییەکان نانێکمان بەردەکەوت. لەناو خەڵکە ترساوەکان لە بۆردمان، لەناو منالە بێبەشەکان لە گەمەکردن و شیری شیرینی دایك، بە کەساسی رۆژ و مانگ و ساڵمان بەڕێکرد. تەمەنێکی زۆر، ماندووبووین، چەند ئەستەم و خەمبارییە شەش ساڵ، شەو و رۆژەکانی لەگەڵ تفەنگ بخەویت.

تفەنگ سەیری تفەنگ بکەن؟ یان رەنگ و شێوەی تفەنگتان لەبیرنەماوە، تفەنگەکانتان لە دیوەخانەکانا بە دیوارەکانا هەڵپەساردووە، بۆ جوانی بە دیوارتان وەکردووەوە. سەیری بکەن، چی جوانە، رەنگی شێوەی، (چەند ساڵە لەگەڵ ئەو جانەوەرە ساردە ژەنگاوییە ژیاوین)! شەوانە خەریتە لەپشتت نەکەیتەوە، بەو هەموو پاکێتە فیشەکانەوە بخەویت.

ئەگەر بواری خەوت هەبووبێت. لەو چەند ساڵە یەکجار شارمان بینی، ئەویش گەلاڵە بوو. دووکانی هەبوو، مەکینەی ریش تاشین و سابوون

و مووسی تێدا بوو. لەوێ لەو شارەی چوار پێنج دووکان و چاخانەیەك و جامخانەیەکی سەرتاشین و حەمامێکی سارد و (کەفێکی وشك) و مزگەوتێکی گەورەی بێ گومبەت و منارەمان بینی. لەو شارە، کۆنە برادەرمان دۆزیەوە، لەوێش لەپەنا سێبەری دووکانێك، هەواڵی شەهیدبوونی خزم و هاوڕێیەکانمان بیست، ئەوەش تامی سەفەرەکەی شاری لێ تاڵ کردین.
شەش ساڵ سەرۆکێکمان خۆشویست، تەنها ناومان لە پاشبەندی بەیان و هەواڵەکان دەبیست و بەس. نە سەرۆك دەیتوانی بگاتە هەموو بارەگاکان، نە ئێمەش دەمانزانی سەرۆك لە دیمانەی میدیاکان بەناوی ئێمە چ دەڵێت! حەقی خۆمانە، ماندووبووین، هەتا دەوڵەمەندێکی شار مانگانە، وەرزانە دە دینارێکی بۆ شۆڕش ڕەوانە دەکرد، شەش مانگ چاوەڕوانمان دەکرد، چەند جار و بێ بیانوو گفتەکانی دوادەخست! ماندوو و برسی بووین، ئێستاش بەری ڕەنجی خۆمان دەخوێن، ژن دەهێنین، زۆرتر لە ژنێك! مارسیدسەکان شایستەی ئێمەیە، چیتر (سواری پشت و دواوەیی گوێدرێژەکان نابین)، تەواو!
نەیتوانی لەگەڵ ئەو پیاوەی گومانی هەبوو برای پەروین بێت، قسەیەك بکات، هەموو تووڕە ببوون، یەکێکیان وتی:
با کەسمان بەگەڵ نەکەوێت. شۆڕشمان بەتەمای ئەوان نەکردووە. بەتەنها دیسان دەچینەوە شاخ. هەر خۆمان شارەزای ئاگردانی گوندەکانین، هەر خۆمان وەك وڵاخەکانمان ڕێگاکان شارەزاین و دەتوانین بارەکان هەڵگرین، کەسمان ناوێ!
گفتوگۆ و کۆبونەوەکە گەرم بوو، بوار نەبوو، ناوی هەموویان بپرسێت، بەڵام حەمە شەریف دڵنیا دەبێت، نازانم چۆن! بەڵام دەزانیت هیچ لەوانەی تووڕە ببوون، یان ئەوانەی پیاوە تووڕەکانیان بە گێڵ دەزانی، براکەی پەروین نەبوون. ئەو قوتابییەی لە دوا قۆناخی ئامادەیی دەبێت، لەناو ریزەکانی یەکێتیی قوتابییانەوە دەچێتە ناو ریزەکانی حزب، لەوێش دەچێتە ناو شۆڕش. لەو چەند ساڵە گەرمەی ئەو شۆڕشە گەورەیە، ناوێکی بچووکی ئەو نەهات و باسی نەکرا! لەو هەموو هاتن و چوونەدا، یەکجار ئەو نەهاتەوە، دەرنەکەوت، کەس نەیبینی، خۆ ئەو کەسیشی نەبوو بیبینێت! نەهاتەوە و پاش یازدەی ئازاریش کەس نەیبینی.
حەمە شەریف هەتا لە پۆلیسیش خانەنشین دەبێت. کە لە کارگەیەکی پشت ماڵە بندیانەکانی ماجیداوە، ئەوەی دوایی ناوی دەبێتە ناوچەی پیشەسازی باشوور. چەند (کارگەیەکی بێ شوورە) بوو، کەرەستەی بلووك و کاشی و

چیمەنتۆیان بۆ دروستکردنی شارەکە بەرهەم دەهێنا. ئینجا هەموو شەقامە بەرین و پانەکانی قوور و گۆم و کەندی گەورە و هەڵدێریش بوو. بە هاوینیش تۆز بەری ئاسمانی دەگرت. لەوێش دەبێتە پاسەوان و سەرکار و چاودێری کارگەیەك. خاوەنەکەی کە بێ ئیش و بێ میوان دەبوو، بانگی دەکرد و یادگارەکانی سەردەمی پۆلیسی سەر رووباری فورات و ناو بیستانەکان و ژنە چاورەشەکانی پێ دەگێڕایەوە. ئەویش کە میوانێکیان دەهات، کڕیارێك دەهات، شوفێری تراکتۆرێکی بلۆکێشانی دەهات، لە هەموویانی دەپرسی: کامتان بەر لە یازدەی ئازار لەو شاخە پێشمەرگە بوون؟ کێتان لەورۆژەی لەو (شوان) و (شێخ بزێنی)یە بە خواردنی دەعوەتەکە رشانەوە و وتیان ژەهرخواردووکراون لەگەڵ بوون؟ کێتان کوڕێکی تەیراوەیی دەناسن، لە ئامادەیی هەولێر قوتابی بووە، دەچێتە دەرەوە و هەتا ئەودەمانەی ئێوەش چاوەڕوانی بلۆك بارکردن و منیش لەگەڵ ئێوە دانیشتووم هەواڵی نییە. خوشکەکەشی لە ترسی ئەو، لە شارۆچکەیەکی سەر رووباری فورات لێی دەترسێت و بەردەوامیش بۆی دەگرێت! کەستان نایناسن.
هەتا حەمە شەریف یەکەم جەڵتەشی لێ دەدات. کە مانگانەش لە بانکەکەی بەرامبەر رافیدین مووچەش وەردەگرێت. کە بانکەکە دەگوازرێتەوە بەرامبەر قەسرە گەورەکەی (ئەحمەد چەلەبی)یش، لەوێش هەر جارێ خانەنشینێك زیاد دەبێت، بێگومان بەزۆربوونی یەکێك، یەکێك بە مردن کەم دەبێتەوە، لە کۆنەکانی پرسیبوو، یەکە یەکەش لە نوێیەکان دەپرسێت:
کەستان لەوێ بوون، کە فڕۆکەکە لە سەرووی چۆمان کەوتە خوارەوە. لەپشت دەربەندی رایات، فڕۆکەوانەکەی دیل دەبێت، ریزی زۆری دەگرن. عەگال و نازی دایك و دیوەخانی عەشایریش سەردانی دەکەن! کێتان لەوێ بوون، کە فڕۆکەکە کەوتە خوارەوە و کەوتنی فڕۆکەکە، بوارساز بوو دانوستان دەست پێ بکات. حکومەت ترسا نەوەك چەکی زۆرتر و باشتر و گەرمتریان وەرگرتبێت. کەوتنی فڕۆکەکە حزبی بەعسی ترساند و داواکانی پارتی و مەلا مەستەفای زۆرتر کردا! کەستان لەوێ کوڕێکی تەیراوەییتان دەناسی لەسەر دۆشکەکە بووبێت، (تەیارەشکێن)ەکە بووبێت. کە دەرچووە و بوویتە پێشمەرگە و نەگەڕاوەتەوە، پەروینی خوشکی چاوەڕوانە بێتەوە، هەردوو کێڵی گۆڕی دایکی نیشان بدات و لەسەری بنووسێت: دایکم لە خەفەتی من زوو مرد، نەخۆشی نەیکەوشت، من دایکم کووشت، من یەکەم کوڕم دایکی بە کووشتنداوە!
یاسین و پەروینیش، کە بە نیگای چاوی کۆچەر کوڕەکەی لەلایەن

سەنتەرێکەوە ئاراستەکرابوو، فامیلیە کوردەکانی لە باشوور ماونەتەوە سەرژمێر بکات، رامانی شیلانی کیژەکەیان دەگەڕێنەوە، پاش مانەوەیان نزیکەی پەنجا ساڵ بەدیار ماسی و دارخورماکانی رووباری فورات دەگەڕێنەوە. دەچنە سەر گۆڕەکەی حەمە شەریف و ژنەکە پاش کۆخەیەکی درێژی وشك و تەنگەنەفەسییەکی ترسناك، دەتوانێت بە یاسین بڵێت:
ئەو مرد و براکەی منی نەدۆزیەوە، منیش دەمرم و نایدۆزمەوە!

*****

## تووڕەبوونی ناو کۆبونەوەیەك

پیاوێکی لاوازی رەشتاڵە، لەسەر دوا کورسی کۆبونەوەکە، دانیشتنەکە دانیشتبوو. دەستە جلێکی سپی و پشدێنێکی باریکی بەستابوو. پشدێنە سوورەکەی چەند گوڵێکی زەردی وردی شەرمنی تێدا بوو. رۆژنامەیەکی هەشت لاپەڕەیی لەناو دەستی لوولدابوو. لەگەڵ قسە و رامان و هەڵچوون و لووتبەرزی پەیقدارەکە، پیاوە سوورە قەڵەوەکە. ئەو زۆرتر و توندتر رۆژنامەکەی دەستی دەکوشێت، لەگەڵ کوشینی رۆژنامە کوردییەکەی ناو دەستی:
شیعرە نوێیەکەی لە ستوونێکی ستوونی دوالاپەڕەکەی بەشانازییەوە بڵاوکرابووەوە، وشکتر و باریکتر کرد. تووڕەیی ئەو بوو، یان یاخیبوونی ناو وشە و دەربڕینی شیعرەکە بوو، لاپەڕەکانی رۆژنامەکەی ناودەستی دەکوشی. قسەکانی ناو دانیشتنەکەی ئەو دواکەس بوو داواکرابوو، لەبەرئەوەی ناوی هەبوو، بۆیە پیاوێکیان ناردبوو، ئەویش بێتە کۆبونەوەکە، ناوی زووتر نووسرابوو، رۆژنامەکەی توندتر کوشی، لەگەڵ ئەو کوشینە:
خوێنی قوربانییەکانی شەڕی (ڤیتنام)ی لێ دەتکایەوە. کە لە لاپەڕەی دووەمی رۆژنامەکە، ژمارەکان و چۆنیەتی بەرخودان و شوێن و نەخشەی شەڕەکانی بڵاوکرابووە.
ئەو زۆر تووڕە ببوو، بۆیە رۆژنامەکەی دەکوشی:
پشتی شیعری کۆن و کلاسیکی دەشکاند، چەند گەنجێکی دڵخۆش دەکرد. بەڵام پیرەکان، ئەوانەی بە شیعرێکی (حەریق) و (فانی) دەسووتان، ئەو جۆرە شیعرە نوێیانەیان بەریزکردنی وشە دەزانی! دەیانووت لەبێ دەسەڵاتییە، شیعریان وا هەڵوەشاندووە و داتەکاندووە و رووتیان کردیتەوە. لەگەڵ کوشینی رۆژنامەکەی دەستی، کادیرە گەنجەکەی قسەکانی کۆبونەوەکەی

هیچ بەدڵ نەبوو:
لاپەڕە سریانییەکەی هەڵدەپروکاند. هەفتانە لاپەڕەیەکی گەورەیان بەو زمانە و بەو سۆزە، بە بۆنی سریانی دەنووسی، (بەقەد ژمارەی وشەکانی ناو لاپەڕەکە، کە بە ڕێنووسی سریانی بوون، پیتەکان زۆرتر لە وێنەی جوان و هێمای کیمیایی کۆنی گریگەکان دەچوو، کریستیانییەکان، بە هەموو تایفە و مەزهەبەکانیان، بە عەرەب و نەتەوەکانی تر سەیریان نەدەکرد)، پیاوە ڕەشتاڵەکەی خوێندنی کوردی لەبن دەستی عەلائەدین سوجادی و مارف خەزنەدار و نەسرین فەخری تەواو کردبوو، تووڕە ببوو، بۆیە وتی:
ئێوە جارێکی تر بچنەوە شاخ، ئێوە مقاولات و ئۆتومبێل و ژنە نوێیەکان و جگەرەی (گریڤن) جێدەهێڵن!؟ چۆن شەوانە گۆرانییەکانی ژنە چاورەشەکە (سەمیرە توفیق) جێدەهێڵێن!؟ کەڵکی شۆڕشتان نەماوە، جارێکی تر شۆڕش بە ئێوە ناکرێتەوە!
حەمە شەریف بیر لەوە دەکاتەوە، ئەگەر ئەو پیاوە براکەی پەروین بێت، ئاسان نییە یەك مانگی تر، دوو مانگی تریش لەو تووڕەییە ساردبێتەوە. زۆر تووڕە بووە. ڕەنگە ئەو تووڕەبوونە ئەنجامەکەی دوای دەرکەوتن و دوا بەشداری بێت لەو کۆبونەوەیە. حەمە شەریف دوودڵ بوو، قسە و داواکەی بۆ بگێڕێتەوە و پێی بڵێت:
تۆ خوشکێکت لە جنوبە، ماڵەکەی لەسەر کەناری ڕووباری فوراتە. لە خەمی تۆ و ترسی گەورەشی لە تۆ، ڕووبارەکەی بە ئەسرین و فرمێسکی بەرینتر و گەورەتر کردووە! دەزانی خوشکێکت هەیە، بەناوی (پەروین) ژنی پیاوێکی نانەوایە لە جنوب! ئەوانە، ئەو دوو عاشقە، ئەو دوو پەپوولەیە هەڵاتوون و لەترسی تۆ ڕایانکردووە. ئەگەر ئەو پیاوەی ڕۆژنامەکەی دەستی توند گرتبوو، براکەی ئەو بێت، ئەو کوڕە تووڕەیە برای ئەو بێت، لە ئاسنی کوورە گەرمترە و بەئاسانی سارد نابێتەوە، هەر نەزانێت باشترە، با هەر قسەکەی بۆ نەکات!
ئەو پیاوە قسەی لەگەڵ ناکرێت، قسەکانی ئاگرن، ڕەنگە هەر ئێستا لەسەری کۆڵانەکە، لەپشت قوتابخانەکەی کچان، ئەوەی دیوارەکەی دەرەوەیان بەرزکردووە و لە سەربانەکەش ستارەی بەبەردیان بۆ داناوە بگیرێت. لەوێ و هەر ئێستا، دوو دەمانچەی دەسك ڕەش، دوو دەستی ڕەش بیکوژن! ئەو قسانە، (هەڕەشەکردن لە تفەنگەکان)، لە دەمانچەکان، لە کورسییەکان، ناڕەزایی دەربڕین لە جێبە نوێیەکان، مارسیدسە ڕەشە خاوێنەکان، بەخۆڕایی لەسەری تێپەڕ نابێت. ئەو پیاوە کەڵکی ئەوەی نییە پێی بڵێت:

کاکە، هەمو قسەکانت تەواون. یان جورئەت ناکەیت بڵێت قسەکانت تەواوە، نەوەك ئەویش درۆ بکات، ئەویش سەر بە دەزگایەکی ترسناك بێت. بۆ رەئیس عورفایەکی پۆلیسی بێگانە ئاسان نەبوو، پێی بڵێت:
پەروینی خوشکت بێ رەزامەندی تۆ، شووی بە کوڕێکی داماوی کەساس کردبوو، دەستی گرتبوو هێنابویە ناو دارخورماکان، نزیك سووتانی عەتابە و لوورەلووری رەبابە. خوشکەکەی تۆی بە کراسی بەری، بە یەك بوخچەی شل، بێ عەتر و (مێخەکبەند) هێنابوو. ئێمە بۆ ئەڤینەکەیان دڵمان ئاگری تێبەربوو، سووتاین، تواینەوە و ژوورێکمان بۆ ساز کردن. ئێمە مەلا کوردەکەی، من هەرگیز حەزم لە دیداری نەدەکرد، نەمدەویست لەبن کەواکەی بم. مەلاکەم بانگ کرد، دوو دیناری شینم لەناو دەستی دانا، رێزم گرت، یەکەمجارە رێزی مەلایەك بگرم.
ئەو مەلایە کەشیدەکەی سەری سپی سپی، پارچەیەك زیو بوو. کەواکەی لەبن میحرابەکە و (بێباڵ دەفڕی). مەلاکە دوو ئەنگوستیلەی زیوی سەر بەمەرجانی لە پەنجەکانی بوو، بۆ مووچە هاتبوو لەناو شیعەکان مزگەوتێك ئاوەدان بکاتەوە. دوو مناڵە پۆلیسی داماوی بەناوی قورئان خوێندن و سێ چوار پۆلیسی بۆ نوێژکردن کۆدەکردەوە. من مەلاکەم هێنا و کیژەکەم لەو کوڕە مارەکرد.
ئەو پیاوە تووڕەیەی منەتی حزبێك نەزانێت، کە هەموو کوردستانی لەبن دەستە. شارەکان، بە فەرمانی موتەسەرفەکانی ئەو بەڕێوە دەچن. حزبێك، لەسەر هەموو گرد و بەرزاییەکان هێزی ماوە، لە هەموو شارەکانی عیراق و لەدەرەوەش خەڵکی هەیە. من ئەندامێکی سادەی ئەو حزبە، بەو پیاوە بڵێم من دەزانم دایکت مردووە، بەڵام خوشکەکەی تۆ، کە لە پۆلی یەك رۆژانە ئیملات پێی کردووە، دەستت گرتووە تا پیتەکان جوان بنووسێت، پێت وتووە دەفتەر رەسمەکەت پاك رابگرە، نووسین و وێنەکان زۆر رەش مەکەوە، لاستیکەی رەشکردنەوەت بە تف و تەڕ مەکە، ئەگەرنا لاپەڕەی دەفتەرەکەت دەدڕێنێت! تۆ رۆیشتی و ئەو خوشکەت گەورە بوو، چاوەڕوانی کرد هەتا دایکتان مرد. دایکت، ئەو نەخۆشی و چاوەڕوانی تفەنگ و حزب و هەندرێن کوشتی. دایکەکەی مرد، ئەویش گەرمی نان و تەندوور و (ئاگری چاو سووتاندی)، بەگەڵ کوڕێکی پاکی بەویژدان کەوت و هاتنە سەر رووباری فورات! ئەو قسەیە چۆن بەو پیاوە دەگوترێت! کێ جورئەت دەکات، پێی دەڵێت:
هەڤاڵ دەتەوێ خوشکت ببینیتەوە!؟
ئەو وا هەڕەشە لە تفەنگ دەکات. لێپرسینەوەی توند و دژوار لە دوو رستە، دوو دەسکەوت، یەك بەڵێن و نیو شەرەف و تۆزێك غیرەت دەکات. چۆن

لە پیاوێك خۆش دەبێت، دەستی گەرم و ئەسمەری خوشکی گرتبێت، لە تەیراوە هەڵیگرتبێت خۆش دەبێت! وا بەئاشکرا و بێترس لەو سەرلقانە خۆش نابێت، دە پێشمەرگە لەدەرەوە پاسەوانی دەکەن، دوو برای دەست بە تفەنگی بەرامبەری وەستاوە. گوناحە دڵدارییەکەی یاسینی فرنیچی، بەستەزمانە ژنە عاشقەکەی، شەو و رۆژ بۆ دیتنەوەی براکەی دەگرێت. دەگرێت و شیعەکان ئەوەندە بۆ (سەری براوی حوسێن) نەگریاون، ئەوەندەی ئەو ژنە دەگرێت! خۆزگە ئەو پیاوە براکەی پەروین نەبێت!

*****

## وێنەگرە شەمسییەکە

پیاوەکە سارد دەبێتەوە، دەست بەرۆژنامەکەوە لە لقی دوو، دەچێتە دەرەوە. بە نزیك ناوچەش دادەڕوات و سەرێك بەوێ داناکات. دوو کەسیش پێی دەڵێن فەرموو، مەلا لەوێیە، مامۆستاش کۆبونەوەی نییە، فەرموو، بەڵام ئەو تووڕەیە نایەوێ ببێتە (لەهی)! دەڕوات و دەیەوێ لە دیوارە بەردەکەی مەحکەمە بسوڕێتەوە، سەیرێکی هوتێلە تەسکە باریکە دوو نهۆمەکەی بەرامبەر ژووری پارێزەران بکات. حەسارە گەورەکەش تازە رووخێنرابوو، دەوری کەلاوەکەیان بە شوورەیەکی درێژی بڵند گرتبوو. ئەوەی کەلاوەکەی دەبینی. ئەوەی خەمی لە رووخاندنی کۆنە حەسارەکانی تەیراوە و یادگاری شیرینی ناوماڵەکان و گەرمی خێزانەکان و ماندووبوونی گەورەبوون، پێگەیشتنی ناو حەسارەکە دەخوارد، شوورەکەی دەبینی تووڕە دەبوو.
بەڵام! زۆریش هەبوون تاڵی زۆریان لە ژوورە نەوییە تەسکەکانی حەسارەکە هەبوو. ئەوانە و خەڵکی گەڕەکەکان و گوندەکان و میوانەکانیش دەیانپرسی، ئەو شوورە درێژە بۆ چییە!؟ خشتەکانی ژوور و دیوارە درێژەکەیان فڕێدایە کام کەند و بەست. کاریتە و شەقڵەکانیان کردە رەژوو. حەسیرەکانی دارەڕێیەکە رزیبوون و نەدەکرا لوولیان بدەنەوە و دووبارە بیانفرۆشنەوە. کاریتەکان هەڵگیران، یان دووبارە بوونەوە بە ستوونی راگرتنی (بنمیچی ژوور و هەیوان)ی تر:
ئەوانە دەیانپرسی کە بڕوایان نەدەکرد، کەلاوەی ئەو حەسارانە دووبارە دروست بکرێنەوە:
وتیان پیاوێکی سوورەی خەیات. ئەوەی جلی ئەفەندی دەدورێت. پیاوێکی زۆرزانی بەئەزموون حەسارەکەی کڕیوە. هەموو ژوورەکان، کرێچییەکان، دەرگا

و یادەوەرییەکان، هەمووی بە پارەیەکی باش، لە ئاغایەکی ئەو شارە کڕیوە. ئەویش پارەکەی بۆ خوێندنی کوڕەکانی لە تورکیا و ئەوروپا پێویست بووە.
ئەویش سەیرێکی شوورەکە دەکات و دەیەوێ قەناعەت بکات، پرۆژەکە دروست دەکرێت. بەڵام بڕوا ناکات خەیاتێك، کارکەر و بەتەنها لەسەر مێزێکی داری بچووك بتوانێت، باڵەخانەیەك قیت بکاتەوە. بەرز بەرز و (سڵاوی شکۆش لە بەرزایی قەڵات بکات)! ئەوەی چەند ساڵ بوو، لەسەر رووی دەرەوەی جامخانەکەی بە بۆیەکی شین نووسیبووی جەلیل خەیات! پاش چەند ساڵ نووسینی وشە کوردییەکەی و ژمارەی تەلەفۆنەکەشی لەسەر جامە گەورەکەی پێشەوە دووکانەکەی بۆ زیاد دەکات.
ئەو لە دیزاینی بەرگدووری فێر دەبێت، دیزانی ئیشی نوێ دابرێژێت، کاسبییەکە بگۆڕێت، لەوانەی سەردانیان دەکرد، لەو بازرگانانەی لە لەندەن قوماشیان بۆ دەهێنا، لەوانەی دەهاتن قاتەکانیان لەکن دەدووری و بۆ پەراوەکردن دوو سێ جار دەهاتنەوە لای، فێرببوو شارەکە ناکرێ بەس، چەند دووکان و حەسار و گەراج و سیف و هوتێلی یەك دوو نهۆم بێت! شار باڵەخانەی دەیەوێ، تا کۆترەکان بۆ بەرزفڕین ماندوو نەبن. شار باڵەخانەی دەوێ پەنجەرەکانی سینگیان بۆ هەتاو بکەنەوە، سالۆنەکانی بۆ سەما و گۆرانی، ژوورەکانی بۆ پارێزەر و دکتۆر و سەنتەرەکان. پایتەخت و شار باڵەخانەی دەوێ، ببێتە (پۆستکارت) و سومبڵی شارەکە، رەنگی دەوێت شارەکە رەنگین بکات، شۆستەی دەوێت، عاشقەکان زوو دڵەکانیان بدۆزنەوە و بەدوای دیاری و بۆن سەرگەردان نەبن!
پیاوەکەی لە کۆبونەوەکە تووڕە ببوو، ئیشی بەوە نەبوو، لە رووخانی حەسارەکە و درێژی شوورەکە تووڕە ببێت و پرسیار بکات! لەوێ دووردەکەوێتەوە و زووش دیمەنەکەی لەبەرچاو ون دەبێت!

*****

لەوێ چەند هەنگاوێك دەڕوات، بەڵام لە هەنگاوەکانی تووڕەییان پێوە بوو، بلەز دەڕۆیشت، دوور نەدەڕۆیشت، بۆیە پێویست نەبوو لە رۆیشتن و هەنگاوەکانی پەلە بکات. بەڵام هەر تووڕە بوو، تووڕەبوونەکە لە قاچەکانیشی دابوو. لە هەردوو باسکی دابوو. بەئاکارییەوە دیاربوو. سڵاوێك لە وێنەگرە شەمسییەکانی (بندیوار)ی مەحکەمە، یان بەر لە سوورانەوەی دووکانەکانی بن قەڵات دەکات! بەدیار سەندووقە چوارگۆشەییە دارەکان،

پەردە ڕەشە بۆرە بەستراوەکەیان دەوەستێت.
وێنەگرە لاوازە مناڵەکەی وەك سووسکە دەجولایەوە، دەستی لەناو دەرمانی شووشتنەوەی وێنە بچووکە ڕەش و سپییەکان بوو. وێنەی دەموچاوەکانی ناو دەرمانەکە، کە لە چەشنی وردەماسی کلك ڕەنگین، لەناو ئاوە نارنجییە چیرە پەلەیان بوو، دەموچاوەکان، برۆ و نیوچەوانەکان پەلەیان بوو، بێنە دەرەوە و وشك بکرێنەوە و لەناو پارچە کاغەزێکی باریك لوول بدرێن. وێنەکان بگەنە سەر دەفتەر خدمەکان (ڕۆژانە لە تەجنیدەکان سەدان کەسیان بەناوی پێشمەرگە لە سەربازی تەسریح دەکرد)، سەر تەزکەرەکان، سەر بەڵگەنامەی قوتابخانە و سجلی وەرگرتن و ئیستمارەی قەرەبووی ئیعمار ئەلشمال و ناسنامەی خانەنشینی.
چاوەکانی سەر وێنەکان، پەلەیان بوو بێنە دەرەوە و سەیری ئەو دونیایە بکەن. بزانن ئاسۆکە هەر ڕەش و سپییە، یان دیمەنی زۆری ڕەنگینیش لەو ئاسۆیەدا بوونی هەیە. بەڵام دیارە ئاسۆکە دوورە! نیوچەوانەکان بلەزبوون، زوو ڕووبەڕوو بەتەختی زەمان بکەون و بزانن گەردوون کێوەیان دەبات، لەکێ دەگیرسێنەوە، چونکە کەس چارەنووسی خۆی نەدەزانی، ئەو میللەتە چارەنووسی دیار نەبوو. (دوو دوو پیاوی سەر بە جەمەدانی گەورە و پشدێن گوڵزار، بەسمێڵی گەورەوە بۆ وێنەگرتن لەبەردەم پەردەی ڕەشی وێنەگرەکانی پشتی سەندوقە شڕەکان دەوەستان، پاش ئەوەی وێنەکەیان وشك دەبووەوە و سەیریان دەکرد، لەسەر پارەدانی وێنەکانیش سوێندیان دەخوارد و خۆیان دەپچراندەوە)، وێنەکان دەچوونە ناو هەموو دائیرەکان، دەگەیشتنە بەغداش، وێنەکانی ناو سەندوقە بچووکەکەی ژێر سەندوقە گەورەکە، بە وشکبوونەوەیان، بۆ سازبوونیان دەکەوتنە بەردەمی مقەسێکی دەم گەورەی تیژی کۆنی بابی وێنەگرەکە، ئەویش مقەسە قوومە ڕەشەکەی لە وەستاکەی، هەتا پەکی کەوت و چاوی نەما وێنەی گرت، بۆی مابووەوە.
وێنەگرە مێردمناڵە چاپوکەکە، لەبەردەمی ئەوەی لە کۆبونەوەی زۆر بەتووڕەیی دێتە دەرەوە قیت دەبێتەوە. وێنەگرە مێردمناڵەکە شانازی بە دوو داوی ڕەشی ڕوومەتە سیس و ڕەشەکەی دەکرد. بۆیەش قبوولی نەبوو بە قسەی دایکی بکات، ڕۆژێکیان بە مقەسەکەی ناو دەستی، سەریان ببڕێت و مووە ناشیرینەکان کە زۆر دڵی دایکی توند دەکرد، یان بە مووکێشێك هەڵکەنێت. کوڕەکە لێی نزیك دەبێتەوە. ئەو دەیناسی، کوڕە گەنجەکە وەك چۆن ناوی کەسایەتییەکانی زۆری شارەکە و هەندێکی شارەکانی تریشی بیستبوو، بە ڕەنگ و دەنگ و وێنەش دەیناسین، لەبەرەمی

ئەویش دەوەستێت. ناوی بەدروستی دەهێنێت، دەستی دەکوشێت، پێی دەڵێت: شانازم تۆم بینی، ماوەیەکە چاوەڕوانم دەکرد، تۆش بێتە لام و وێنەیەکی تۆش بگرم. فەرموو لەسەر کورسییەکەم دابنیشە، هەتا دەنێرم لە چاخانەکەی ئەوبەری (سینالکۆ)، یان (مشن)، یان (فانتا)یەکی ساردت بۆ بهێنن، وێنەیەکیشت بۆ دەگرم! دانیشە!

وێنەگرە مێردمناڵە لاوازەکە، بەشەرواڵە رەش و قەمیسە بۆرە بەدەرمانەکەی، دەستە خەتخەت و قاوەیی بەر دەرمانی شووشتنەوە و جوانکردنی ئاکارەکان شاناز بوو، زۆر لەو کەسانە بناسێت. ئەو دووکان و جامخانە و قەپەنگ و چوارچیوەی نەبوو، بەڵام کامیرا و سەندوق و کورسییە شڕ و پەرۆکە رەشەکەی بە دەزگایەکی هونەری، بە کۆمەڵەیەکی کەلتووری و فەرهەنگی دەزانی. بۆ وانەبێت.

ئەو بە پەردە رەشەکەی، کەرەستەی وێنەگرتنەکەی، هەموو رۆشنبیرەکان، حزبییەکان، بەرپرسەکانی ئەو شارە دەناسێت. هەمووش سەردانی دەکەن و لەوێش هەڵوەستەیەك دەکەن. (پرسیاری خۆیان جێدەهێڵێن). وەڵامیش لەکن کوڕە وێنەگرە شەمسییەکەی دوو تەنەکەی قۆپاوی داپۆشراوی کردبوو کورسی سەنتەر و هەوارەکەی، وەردەگرنەوە! هەموویان، زۆر لە کەسایەتییەکانی ئەو شارە، ئەو رەوشە نوێیە، لە بەرامبەری دانیشتوون و وێنەی بۆ گرتوون. بە جلی خاکی، بە قەمیس و پانتۆڵەوە، ژن و کیژەکانیان، سەردەستە و پاسەوانەکانیان وێنەی گرتوون و سەری خواریان راست دەکاتەوە، پێیان دەڵێت کەمێك پشتت قیت بکەرەوە، چاوت بکەوە، ئا ئا ئەوا باشە! ئەو هەموویان دەناسێت، کە وێنەیان لە رۆژنامەی ئەلتەئاخی دەردەچێت، کە شیعرێکیان لە (رۆژنامەی هاوکاری) بڵاودەبێتەوە، هەموویان دەناسێت. زۆریش چاوەڕوانی ناوێك، کەسێك، نووسەرێك دەکات، ناوی بیستبێت و نەهاتبێتە بەر سەندوق و پەرۆکە رەشەکەی.

ئەو هەموو بەیانییەکان لەوێیە، ئێوارانیش هەر لەوێ بوو. ئەو دەیپرسی: بۆ ئەو ناوە، ئەو وێنەیە، ئەو کورتەك و شەرواڵە، ئەو پانتۆڵە باریکە ئوتونەکراوەیە، قەمیس خەتخەتەکە، کڵاش گوندییەکە نەهات و نەیبینی! ساتێك لەکن ئەو نەوەستا و بەلوتفەوە گوێی لە ئاخاوتنەکەی نەگرت و نەبووە برادەری، نازانێت بۆ نەهات.

*****

# رووانگە

وێنەگرەکە لەویش دەچێتە پێش، زۆر بەلوتف و ئەدەبەوە قسەی لەگەڵ دەکات، شانازی دەکات و رۆژنامەکەی لێ وەردەگرێت، دەیەوێ لاپەڕەکانی بکاتەوە، لەدوا شیعری رووانگەی بڵاوکراوە بگەڕێت، ئەویش پێی دەڵێت: رۆژنامەکە بۆ خۆت، من دەچم دانەیەکی تر دەکڕم! شیعرێکی جوانی تێدایە، ئەو رەوشە ئارامەی کوردستان و ئاشتییەکە بوارسازە، ئەدەبەکەمان باش گەشە بکات، دەکرێ بگاتە ئاستی ئەدەبی ناوچەکە، ئەو یەك دوو ساڵە سەردەمی زێڕینی ئەدەب و هونەرەکەمانە. لەوێ لەدیار وێنەگرە گەنجەکە وێنەی قسە و رفتارەکانی نەرم و شل و خاوێن دەبێتەوە، تووڕەییەکەی سارد، گەرمییەکەی فێنك دەبێتەوە، لەگەڵ گەنجەکە کەمێك باس لە شیعر و نووسین و دوا کتێبی چاپکراویش دەکەن، هەر کوڕەکە پێی دەڵێت: دەزانی ئیمشەو لە تەلەفزیۆنی کەرکووك دیمانەی ئەدەبی لقی نووسەرانی هەولێر هەیە، نووسەرەکان لێرە بوون، وتیان بەرنامەکەمان تۆمارکردووە، قسەمان لەسەر شیعرەکانی سافی هیرانی کردووە، ئیمشەو بڵاودەبێتەوە، وابزانم سەعات هەشت بەرنامەکە هەیە.

بەر لەوەی ئەو بگاتە چاپخانەکەی مام گیبو و لێی بپرسێت:

ئێستاش ناوی کوردی لە شاعیر و نووسەرەکان دەنێیت.

بەر لەوەی بگاتە چاخانەکەی فەزایەکی گەورەی لەبەردەم بوو، خەڵکێکی زۆر لەسەر کورسییە نایلۆنەکان دەستەدەستە کۆببونەوە. هەموویان ئەفەندی و گەنجی سەرکۆت بوون، سیاسەتمدارەکانی چاوەڕوانی رەوشەکەیان دەکرد، دڵیان نەدەهات و جورئەتیان نەدەکرد، قسەیەك بکەن. بەڵام بەسەرسامییەوە هەستیان رادەگرت. زۆریشیان قسە و رامان هەبوو. بەڵام کەم لەوانە دروست و بەمەبەست دەرکەوتن، بۆیە تەنها سەیری رێبوارەکانیان دەکرد.

جێبێك بەرەو (قشڵە) دەچوو. کێ لە وێستگەی پاسەکە دادەبەزێت. ئەویش چۆن تکیتە گەچراوەکەی دەستی، گوێی پێ پاك دەکاتەوە. دوایی فرێی دەداتە سەر شۆستەکە، بەبێ ئەوەی سەیری بکات. تیکتە گەچراوەکە دەکەوێتە ناو جۆگەکە، یان وەك پەڕەمووچەیەکی مردوو با دەیبات. ئەوانە رۆژانە و لەبەر سێبەرەکە دادەنیشتن و نەدەترسان. بەڵام بێدەنگ دەیانپرسی، خەریکی خوێندنەوە و چاخواردنەوە و شرۆڤەکردنی رەوشەکە بوون.

لەو نزیکانەوە و لەگەڵ هەڵوەستەکەی ئەو، بۆ ناو کوورە گەرمەکەی قسەکردن

و شرۆڤەکان، ڕەئیس عورەفا حەمە شەریف دەگاتە کادیرەکە، پیاوەکەی بەتووڕەیی هاتبووە دەرەوە، سەیری چاوەکانی دەکات. دەبینێت گەش و ڕوون و گەرمن. پاش ئەوەی لەکن کوڕە وێنەگرەکە، دانوستانێك دەکات و پەردەیەك لەسەر شیعر و نووسین هەڵدەداتەوە، سام و ترسەکەی ڕەویوەتەوە:
هەڤاڵ، تۆ لە تەیراوە ژیاویت، بەر لەوەی بچیتە دەرەوە، منالی گەڕەکی تەیراوە بوویت؟
ئەو ناپرسیت بۆ ئەو پرسیارە دەکەیت، تاقەتی دانوستان و گفتوگۆی نەبوو، لەوانە ماندوو ببوو، بەکورتی وەڵامی دەداتەوە:
نەخێر، لە تەیراوە نەژیاوم! بەڵام بۆ دەپرسیت!؟
لە کوڕێك دەگەڕێم، لەو تەیراوە دەرچووە و بوویتە پێشمەرگە. چەند ساڵە، دەنگوباسی نییە، دایکی مرد، ئەو هەر نەهاتەوە و نەیزانی، خوشکەکەی، زۆر چاوەڕوانی کرد و . ئەوەندە ساڵەی تۆش لە دەرەوە بوویت، چەند بارەگا و لقت کردووە، لە شەڕەکان، لە ململانێیەکان ئاگادار بوویت، لە سەرکردە و بەرپرس و ناو و لیستەکان لێزان بوویت! بۆیە لەو کوڕە تەیراوەییە دەپرسم!
بواری ئەوەشی نابێت، سەربردەی خۆی بگێڕێتەوە و بڵێت: من لە (دیبەگە) لەدایکبووم. پێی ناڵێت مامە دەزانیت دیبەگە لە کوێیە، گوندەکانی موڵکی کام ئاغای دزەییە! دەزانی من لەوێش خوێندنی سەرەتایی، لەو هەولێریش ئامادەییم تەواو کردووە. بەر لەوەی بچمە بەغدا،ماڵمان لەنزیك هۆڵی گەل بوو. ئەودەمانەی من لەوێ دەژیام، ئەو قاعەیە، ئەو هۆڵە گەورەیە پڕ ئاردی کرێکارەکانی پرۆژەی گڵکەند بوو، ئەو ئارد و ڕوون و خواردەمەنی ناو قوودی گچکە گچکە ڕێکخراوی خۆراکی نێونەتەوەیی دەینارد، لەو هۆڵە گەورەیە هەڵدەگیرا. من لەوێ بووم کە شارەوانی، ڕۆژانە ئیشیان لە دروستکردنی ئەو باخچەیە دەکرد، نەخێر تەیراوەم کەم دیوە.
بەڵام! (ئەو بەڵامە، وەك بەڵامی ناو هەموو نووسینەکانی من نەبوو، بەڵامێکی بە بەڵام بوو، توند و گران بوو، هەڵوەستەیەکی توندی دەویست)، بەر لەوەی بچمە دەرەوە، مەبەستم ببمە پێشمەرگە برادەرێکم هەبوو، لە (قوتابییان) بەیەکەوە کارمان دەکرد، ئەو بە شێوە وا دیاربوو، بە تەمەن لە من بچووکتر بوو، ڕەنگە گەورەتریش بووبێت، نازانم، ئەو دەیووت:
من لەگەڵ پیرە دایکم و خوشکێکم لە تەیراوە دەژین، (ویستی قسەکان بۆ حەمە شەریف تەواو بکات، پیاوێکی تەنگاوکراو، خەریکی توندکردنەوەی پشدێنەکەی بوو، بەدیتنی حەمە شەریف شادمان دیار بوو، هیچ حیسابێکی

بۆ کابراکەی بەردەم حەمە شەریف نەکرد، لەخۆشی دۆزینەوەی ئەو، یەکسەر یەخەی گرت و وتی:
قوربانت بم، بۆ ناونووسین و تەزکەرەی کوڕ و کیژەکانم شاهیدێکم دەوێ، تۆش موختار و کاتبەکان دەناسیت، زۆر پێویستم بە تۆ دەبێت، لەگەڵم وەرە، تکایە)، بواری ئەوەی نەدا، کوڕەکە قسەکەی تەواو بکات، دەبوایە حەمە شەریف بەگەڵ ناسیارەکەی بکەوێت. لەگەڵ ڕۆیشتن و خوداحافیزی، بەر لەوەی بڕوات ناوەکەی وەرگرت! زانی ناوی چییە، تێگەیشت پیاوێك هەیە، کوڕێکی گەنجی لە تەیراوە ناسیوە، ئەوەش ڕەنگە براکەی پەروین بێت! هەتا لەو دووردەکەوێتەوە رووی و تەماشای هەر لەو دەبێت و پێی دەڵێت:
دێمەوە لاتان، دەتدۆزمەوە!
کابراکەش چاوێکی لەناو قەرەباڵغی ناو چاخانەکە بوو. نەیدەزانی لەکوێ دەگەڕێت. دوودڵ بوو بچێتە سەر کام مێز. دانیشتنی کام گرووپ تووڕەی دەکات، کامیان وادەکات لەوێش بەرگە نەگرێت و زوو هەڵبستێت و بڕواتەوە ماڵەوە! دوایی بەبیری دێتەوە ڕۆژنامەکەی بە کوڕە وێنەگرە شەمسییەکە داوە، بۆیە دەبێ زوو بگاتە کتێبخانەکەی مومتاز و دانەیەکی تر بکڕێتەوە. دەستی لەناو گیرفانی وەردەدات، دەزانێت وردەی پێیە بۆ کڕینی ڕۆژنامەکە. بەر لەوەی بڕوات دووبارە سەیری سەرمێزەکان دەکاتەوە، بەڵام بڕیار دەدات بڕوات و لەوێ داینەکوتێت. ئەو بای دوو سێ ڕۆژ لەوێ قسەی کردووە! ئیمڕۆ بەسە و پێویست ناکات لە چاخانەکە بەزمەکە نوێ بکاتەوە و سەری خۆی و ئەوانیش بخاتە ژان!
ڕۆیشت گەیشتە بەردەم دووکانی بەرگدوورەکە، ناوەکەی خوێندەوە، زانی شووره درێژەکەی لە کۆنە حەسارەکە کراوە، موڵکی ئەو خەیاتەیە. بە پارەی دوورین و کاسبی، ئەو موڵکەی لە ئاغایەك کڕیوە، بەنیازە بۆ نیشتنەوە و حەسانەوەی کۆترەکان، باڵەخانەیەکی بەرز و بە دیزاینی نوێ دروست بکات!

# بەشی هەشتەم

## بەردی عوزێر پێغمبەر

خەڵکی تەیراوە، ئەوانەی بە قسەی پیاوێکی جەمەدانی گەورەی چوارشانە. ئەو زووتر لە قەڵات دێتە خوارەوە، لەو بەشەی باخچە نەبوو، لەو پارچە زەوییەی ئاوی نەدەگرتەوە، دەکاتە خانوو، حەسار، ئاوەدانی. تایەر ئاغا بانگەوازیش دەکات، بۆ ئاوەدانی، بۆیە خەڵکێکی زۆر خانوویان لەسەر زەوییەکانی ئەو دروستکرد. لەنزیك باخچەکان، بەرامبەر ناعوورەکان، دوور لە ئاوەدانییەکان، لەبەر سێبەرەکەی قەڵات و رووبەڕووی (دەرگای ئەحمەدیە) خانوویان دروستکرد. بە نەخشەی نوێی بە رووبەری گچکە و گەورەش، بە هەیوان و حەوشەی چوارگۆشە، باخچەی لاکێش خانووی زۆریان دروستکرد. خانووەکان بوونە ریزە خانوو و بوونە کۆڵان و کۆڵانەکانیش بوونە بازاڕ. لەوێش فڕنی نانی دامەزرا. یاسین لەوێ دەبێتە نانەوا، لەگەڵ بۆنی نان و ئاگریش عاشق دەبێت. کیژێکی ئەسمەر و رەنگ هەنار دەناسێت، دەیەوێ وەك نان بە دەستی خۆی پانی بکاتەوە، سووری بکاتەوە هەر بەخۆشی بیخوات!

خەڵکەکە، دانیشتوانی ئەو گەڕەکە، گلەییان لە مەرقەد و گۆڕستان و پیاوچاکەکانی ئەوبەری شارەکە هەبوو، شەرمیان نەدەکرد، بە شێخەڵایان دەووت:

بۆ مزگەوت، حوجرەکەت لەوبەرەی قەڵات دانەنا!؟ بۆ ئەسپەکەت لەو دەشتە، لەناو مێرگە تەڕەکە نەدەلەوەڕاند!؟ بۆ لە پیرۆزی خۆت، لە مزگەوتە پڕ نوورەکەت، لە سووتانی سۆفییەکان ئێمەت بێبەری کرد! لە ئێمە دوورکەوتیتەوە!؟ دڵنیابووین دەتزانی ئەو بەرەی قەڵاتیش ئاوەدان دەبێت، بەشێکی باخچەکان، بەشێکی وەرد و (سەرکەند)ەکان، زەوییە نەوییەکان، بەردەڵانەکان، چەقێنەکان، نزیك گۆمەکان دەبنە خانوو و ئاوەدانی!

خەڵکەکە نەدەترسان و بە ئیمام تەعجیلیان دەووت:

کە بوویتە فریشتەیەکی ئاین و تاکپەرستی. کە نازانین سەر بە کام ئاینی ئەو هزرە تاکپەرستییەی. گلەییمان هەیە و قسەیەکمان لەناو دڵە و دەڵێین بۆ لە ئێمە دوورکەوتیتەوە. لەکۆنەوە دەگێڕنەوە، لەورۆژە، لەو ساڵەی تۆ بوویتە دەستی پیرۆز و چاوی رووناك، تۆ مەداری خۆرت بەپەلە بۆ گوڵەبەرۆژە و نوێژەکان سووڕاندووەوە. لەورۆژەوە تۆ نەخەوتی، شەو و رۆژت لەیەك جیانەکردیتەوە. لەورۆژەوە. تۆ نەخەوتوویت، چاوەکانت

**ماندوو نەبوون، سەرت کۆت نەبووە، بەس ئەوەندەی خۆت شووشتوە، ئەوەندەی بۆ ئاو رووت بووتەوە! ئیمام تەعجیل تۆش هەوارەکەت لەو بەرەی قەلاّت نەبوو، بۆ؟!**
**خۆ قەلاّت دوو بەر و دوو ئاراستەی هەبووە؟ بۆ ئیمام موحمەد، سولّتان موزەفەر، (چراغ)، شێخ ئۆمەر، عوزێر پێغمبەر، ستی ئیمام ژنەکەی کەس نازانێت، ئەو کۆنترە یان منارەی مزگەوتەکەی سولّتان موزەفەر! کەس نازانێت، گەورە و پیاوچاکەکانیش نازانن ژنەکە پیرۆزترە، یان ئیمام تەعجیل.**
**ژنەکە، ستی ئیمام نەتپرسیوە، نەچوویتە ناو خەونی ئەو، نەتپرسیووە بۆچی تۆ، ئیبنی مەستەوفی، نووسەرەکەی ناوت زۆر ریزکردووە، گەورەی هەموو مەملەکەت و ئیمارەتەکانت باسکراوە و بۆ ناوی منت نەهێناوە!؟ تۆش ستی ئیمام، بۆ ئاشکرات نەکردووە ئیمام تەعجیل، ئەوەی چاکەکەی کەوتووتە پشت مەرقەدەکەی شێخی چۆلّی، ئەو شێخەی، لەپالّ ئەو مزگەوت و حوجرەکەی دروستکرد، کوڕی تۆ بووە! بەلاّم نازانن و نالّێن باوکی کێیە.**
**باوکی ئیمام تەعجیل کێیە، تۆ لەگەلّ کێ و بەپیرۆزی کێ ئەو ئیمامەت هێناوەتە دونیا! یان لەبەر ناوی پیرۆزی تۆ، لەبەر رەونەقی تۆ ناوی مێردەکەت دیار نییە! ئیمام تەعجیلیش لەبەر نەخەوتن و هوشیارییەکەی، کەس نەیپرسیوە باوکت کێ بووە، ئیلهام و گەورەیی تۆ لەکوێ هاتووە؟! دەزانن، بەهرە و پیرۆزییەکەی سەرووی میللەتەکەیە، لەئاسمان دابەزیوە! ئیمام تەعجیلیش کوڕی ستی ئیمامە، بەلاّم باوکی دیار نییە، باوکی هەتاوە، ماندووبوون و نەخەوتنە! ئیمام تەعجیل خۆری گەرمی بەو شارە شارەزا و ئاشنا کردووە، بۆیە باخچە و سەوزە و گەرمی تێدایە، ئەو شارە. ژنەکەش، دایکی ئەو (مانگی بە شەوەکانی ئەو شارە بەخشیوە)، بۆیە شەوەکان، گولّەگەنم بە خوناو تەڕ دەکات، منالّەکانی ئەو مەملەکەتەش هەر بەشەو و لەگەلّ تاریکی و دوورکەوتنەوەی تریفەی مانگ پەیدا دەبن!؟**
**تەیراوییەکان گلەییان لەو پیاوچاکەش کردووە، ئەوەی بە شێخ و وەلی و زاهیدەکەی وتووە:**
**فەرموو بەردێك، کەڤرێکی گەورە، بەقەد کێش و قەبارەی خۆت، هەندی خۆت گەورە و گران بێت، خڕ و لووس و دەستاڕی بێت، بەردێکی وا لە قەلاّتەوە بهاوێژە خوارەوە. لەقەلاّتەوە، لەبەرزایی قەلاّت فڕێ بدە،**

بەردەکە لەکوێ کەوتەوە، پەلارت بەو بەردە گەورە لووسە (خاڵدار)ە هێلکەییە چەند ڕۆیشت، لەکوێ کەوتەوە لەوێ مزگەوتێك، مەزارێك، پەرستگایەك دروست بکە.
خەونەکە، زاهیدەکە، پەرییەکە، مەلائیکەتەکان فتوای ئەوەشیان پێ دابوو، لەوێش دەمرێت، ئەویش بگەنە بە گۆرستان و مەزار و تەرب.
هەموو خەڵکی ئەو گەڕەکە گلەییان هەبووە، وتوویانە بۆ پیاوە زاهیدەکەت بەرەو تەیراوە نەنارد، بۆ هەموویان روویان لە تەیراوە نەبووە؟!
پیاوە زاهیدەکە، لەسەر داوای بانگەواز و هاوار و پەیامەکە، بەردەکە دەهاوێژێت. لەقەڵاتەوە بۆ خوارەوە، بەردەکە بە هەموو توانا و هێزێکەوە دوور دوور دەهاوێژێت، دەڵێن:
بەردەکە بەقەد گایەك گەورە بوو. گران بوو، بەقەد دە باگوردانی بەردی سەربانەکان. بەقەد دە بەردی دەستاڕی پان گەورە و پان بوو. (بەردەکە وەك بەردەکەی سەرشانی سیزیف نەبوو، کە سزایان داوە، ماندوویان کردووە). بەردەکە دەڕوات، دەفڕێت، دوور دوور دەڕوات و دەکەوێتە ئەوبەری کەندەکە. دوورتر لە گۆڕستانی چراغ، دوورتر لە قەیسەرییەکان.
ئینجا پیاوە زاهیدەکە، بۆ دۆزینەوەی شوێنی کەوتنی بەردەکە، توانای هەڵدانەکەی دەچێتە خوارەوە. پەرۆشە شوێنی کەوتنی بەردەکە دەبێت، بۆ دامەزراندنی هەوارەکەی، حوجرەکەی دەچێتە خوارەوە. بەڵام بۆچوون و فەرموودەی واش هەیە دەڵێن:
کە بەردەکە دەکەوێتە سەر زەوی. پیاوچاکەکە، بەپێیان ناچێتە خوارەوە، ناکرێ و بۆی نابێت بەپێیان بڕوات و سەیری شوێنی بەردەکە بکات و یەکسەر ناڕوات. پاش ئەوەی بەردەکە دەکەوێتە دووری قەڵات، تۆز بەرزدەکاتەوە. دەنگی دەڕوات. هەموو خەڵکی قەڵات هەر سێ گەڕەکەکەی، بۆ (وەرگرتنی زانیاری دێنە سەر بەدەن)ەکە. خەڵکی گوندەکان، لەسەربان و سەکۆ و سەرجۆخینەکان. لەسەر گردەکانی کلك مشك و پیرداود و ڕێبوارەکانی نزیك لە گردی قالینچ ئاغا هەڵوەستە دەکەن، زەبرەکە رایاندەکرێت و ساتێکی زۆر مەست و سەرسام لە شوێنی خۆیان دەچەقن.
لەسەر بەرزاییەکانی پیرمەم و دێدەوانەوە، پەرۆشی تۆز و گەردەلوول و دەنگەکە دەبەن. پاش ئەوەی مامز و کەرەکێوی و کەروێشك و بزنمشك و سووسکە و باڵندەکانی تریش هەست رادەگرن. دەوەستن لەئاسمان باڵیان دەبەستن، لەناو هەور سڕ دەبن، سەرسام سەیری ڕووداوەکە دەکەن. ئەو

**هەر بەو دوو پێیە، بە هەردوو دەستەکانی دەفڕێت. پیاوچاکەکەی بەردە گەورەکەی لەسەر قەڵات فڕێدابوو، دەفڕێت.**
**هەموو دەیبینن و سەریان بۆ باڵ و پەرجووی ئەو و گەورەیی خودا سووڕ دەمێنێت. چۆن پیاوێك دەتوانێت بەردێکی وا گەورە هەڵبگرێتەوە، دووریش بیهاوێت، چۆن! لەسەر قەڵات، لەنزیك کارێزەکان، لەناو بازاڕەکەی قەیسەری، جوولەکە و موسلمان و کریستیان و زەردەشتییەکانیان (ئەودەمانە زەردەشتییەکانیش لەوێ مابوو)، ئەویان دیوە فڕیوە. زانویانە بەپەلە بووە بۆ گەیشتن، باڵی نەبووە، بەڵام فڕیوە، سووك و پەڕەمووچە نەبووە، بە بایەکی سووکی باوەشێنە بفڕێت، بەڵام فڕیوە.**
**چاوەکان، هەست و ویژدانی شار و ئاقاڕ و ناوچەکە، لەئاسمانەوە ئەویان دیبوو: ئەو بە کۆڵێك کتێبی دەستنووس، بوخچەیەك پۆشاکی بۆندار، لبادێکی سوور و شین و نەرم، دوو جاجمی دامەیی رەنگینی پانی دووبەر، دوو دەفر، یەکێکیان گەورەی پەلی فافوون، ئەوی تریان دەفرێکی بچووکی مس، سەندوقێکی دەرگاشووشەیی دارساجی سوورەوە.**
**بینیبوویان ئەو چۆن دەگاتە خوارەوە، درەوشانەوەی بەردەکە لەدوورەوە، لەئاسمانەوە دەبینرێت. وتیان، بەر لەوەی بنیشێتەوە، ماوەیەك بەرامبەر دەرگای گەورەی قەڵات لەئاسمان وەستاوە. بەر لەوەی لەو شوێنە بنیشێتەوە هەموو خەڵکەکە شەوقی ئاوێنەی سەندووقەکە، تریفەی دەفرە فافۆنەکە و رەنگینی جاجمەکەیان دیبوو. وتیان، بەر لەوەی بنیشێتەوە باڵەکانی لەناو هەورەکە، لەگەڵ شنەباکە ون بووە و تواوەتەوە و نەماون.**
**گرانی بەردەکە، تەوژمی کەوتنی بەردەکە ناوچەکە قووڵ دەکات. خاکەکە دەهەژێنێت، جۆگەکان دەتەقێنێتەوە، رەقەکان نەرم دەکات، بەردە گەورەکان ورد دەکات، ناوچەکە شل و نەرم دەکات.**
**دوایی پاش نیشتنەوەی ئاسمان و بێدەنگی زەوی و سامگرتنی خەڵکەکە و پەیدابوونی چاڵەکە، غافڵبوونی پیاوچاکەکە و ماتبوونی لە خەڵوەتگەکە. لەوێ خەڵکێکی زۆر، بەتایبەتی داماوەکان، کرێچییەکان، دەرکراوەکان، زاواکان، پیرەکان، میوانەکان ( ئەو شارە لەکۆنەوە داماو و میوان و لایدە و رێبواری زۆر هەبووە)، خەڵکەکە بە پارچە بەردەکان، تیشە بەردەکان، بەردە سپییەکانی لە تەقینەوەکە پەیدا دەبن، خانوو و هەوار و سابات، بۆ حەوانە و نووستن و زاوزێ و مناڵ و ئاژەڵەکانیان دروست دەکەن.**
**هەر ئەوانە بە (بەردە رەش)ەکانیش پەرستگایەك، مەزارێك هەوارێك، بۆ پیرۆزی و ماچکردن و دوعاکردن و کۆبونەوە دروست دەکەن! دوور**

لە ئاوەدانی لەناو کارێز و باخچەکان. هەوارەکەی دادەمەزرێنن، ئیمڕۆش گۆڕەکەی بووە بە (چاکی بن عاردی). هەمووسان هەزارجار سڵاوسان لە سێبەرەکەی کردووە. ئیمرۆ ئاوەدانییەکەی بووە بە باخچەی گڵکەند، بووە بە مەزاری عاشقەکان، پەپوولەکان بەو عیشقە باڵیان رەنگین دەبێت. هەوارەکە چەندین ساڵە تۆماری ماچ و رامۆسان دەکات. دەبینن، ماچکردن لەکۆنەوە هەبووە، هەوارەکە بەو بەردە بناخەکەی دانراوە، بە پیرۆزی ئەو پیاوچاکە ئاوەدان بووە، بۆیە دوایی دەبێتە چەپکێکی گەورەی گوڵ و خوناو و سێبەر! لەوێ هەژارەکانی شارەکە خانوو دروست دەکەن، لەوێ زنج و کۆڵیت و خانووی نەوی، بۆ پاراستن لە سەرما، بۆ دۆزینەوەی نەوای شەوان و جووتبوون لە تاریکی خانوو دروست دەکەن!

*****

## مامۆستا گۆران

تەیراوییەکان، سەدجار بێ شەرم و دوور لە ریایی و کوفر و دوودڵییەوە دەڵێن: بۆ بەردەکە، لەدیوی ئێمەوە نەبوو! بەردەکە مەزارێکی پیرۆزی لەنزیك خانووەکانی ئێمەی بەلەنگاز دروست نەکرد!؟ بەردەکە بەو بەرە نەکەوت؟

ئەگەر بەردەکە ئەوەی نەکرد، وا لە رۆژانی یازدەی ئازار، لقی دوو، ناوچەی هەولێر، ئیعمار ئەلشمال، نەقابەکان، دوو قوتابخانە، بازاڕ و پەروەردە و باخچە و گازینۆیە ئاوەدانەکانی قامیش شوورەیەکی کەسك و بەرزی بۆ داناوە، ئاوەدانی و ئاو و کارەبا، کەوتە ئەو گەڕەکە.

لەو گەڕەکە مامۆستا گۆران لە ساڵی ١٩٥٠ی زاینی پێشەکی دیوانی بەهەشت و یادگار دەنووسێت. لەوێ شیعری (شەوێك لە عەبدوڵا) چەند جارێك دەنووسێتەوە. دەچێتەوە ناو کەشەکەی ئەو مەلهایە و دەگەڕێتەوە سەر نووسینەوەی شیعرەکە. لەوێ دەستێکی لە عەبدوڵایە و پەنجەی دەستەکەی تری، لە تەیراوەیە و پاکنووسی شیعرە نوێیەکانی دەکات! پارچە شیعرەکەی قژ کاڵی لێو ئاڵی، لەوێ دووبارە پاکنووس دەکاتەوە، لەوێ بڕیاردەدات، دیوانەکە، یەکەم دیوانی شیعری نوێی، چاپ بکات!

لەو گەڕەکە وێنە دەگیرێت. قەڵەم و رەنگ و تریفەی مانگ و خرۆشانی زیو وێنەکان رەنگین دەکات. قوتابخانەی کیژان، سالۆنی رازاندنەوە،

کتێبفرۆشەکان دەکەونە ئەو بازاڕە. کۆنە خانووەکانی دەبنە هەواری خوێندن و رۆشنبیری. خانووە نوێیەکان نەخشەی نوێ بەو شارە ئاشنا دەکەن. لەو مالانە کۆبونەوەی هەموو حزبەکان دەکرێت. لەوێ شاییە گەورەکەی ئاشتی و (زوڕنای سەید کەریم)، ئارەقەی دەستگرن و سۆزی شیرین گەرم دەبێت، گەنجەکان هاوسەرگیری دەکەن.

*****

ئەو گڵکەندە، ئەو چاڵەی بەردەکان دروستی دەکات، ئەو کەرەستەی بەو تەقینەوەیە پەیدا دەبێت، چەند خانوویکی سادە بۆ خەمی گەورە، سێبەری باریك بۆ ژان و بێداری قوورس، لەو چاڵەی ناوی ببوو بە گڵکەند، گەڕەکێك دروست دەبێت. پاش ئەوەی چەند خێزانێکی داماو کۆدەکاتەوە. دەبێتە دەردەسەری و نەخۆشییەك لەبەردەم شارەوانی. گەڕەکی ناو چاڵەکە، بە بەرنامەیەکی دارێژراو دەکرێتە باخچەیەك بۆ عاشقانی (گوڵ و سێبەر). گڵکەند، ویستیان ناوی بکەن بە گوڵکەند، بەڵام ناوی گڵکەندەکەیان پێ جوانتر بوو، بۆیە ناوەکەی دەمینێتەوە.
خەمی گەورەی جوانکردنی گڵکەندەکە، پیرۆزی بەردەکە و شوێنی بەردەکە دەبێتە بەرنامەی جوانکردنی ناوچەکە. خەونەکە چەند ساڵ دەمینێتەوە، پیر دەبێت بەڵام نامرێت، گەورە دەبێت، بەڵام ناکەوێت. چەند سەرۆك شارەوانی و ئەندازیار و هەتا موتەسەرفی کورد و عەرەبیش دەگۆڕێت. بەرنامەکە، هەر لەسەر کاغەز و خەون و خەمی گەورەی خەڵکی ناو چاڵە گەورە پیسەکە دەمینێتەوە. تا ئەندازیارێکی گوڵزار رەنگ، چنار باڵا، (دەست هێشوو) نەخشەیەکی بۆ دادەرێژێت. چاڵ و گەڕەکە داماوەکە، دەکەنە باخچەیەکی نوێ. چاکەکە، ئەفسانەی بەردەکە پیرۆزی دەکات، تا چنارەکان، شنگەبییەکان، سینگی کەسکی مەیدانەکە، سوڕانەوەی بوارەکان، باخچەکە، دەکەنە چاوی یەکەمی شار و ئاهەنگەکان.

*****

## رەشاد موفتی

بەرنامەی خۆراکی جیهانی بۆ سەرکەوتنی پرۆژەکە. شارەوانی، بۆ دابینکردنی پێویستەکان و کرێی رۆژانەکان، بەیەکەوە هاوکار دەبن.

**بەیەکەوە، زاد و روون لەگەڵ کرێی ڕۆژانەی سەد کرێکار دەست دەکەن بە ئیشکردن:**
**هەندێك دەڵێن، ئیش دەکەین، بەڵام ئەرزاقی کافرەکان ناخۆین، برنجەکەیان:**
**ناکەینە شیوو!**
**ناوسێرییەکانمان:**
**بەو روونە چەور ناکەین و سوورناکەینەوە!**
**ئاردەکەیان:**
**ناکەینە ئەستورك، با سپی و خاوێنیش بێت!**
**گۆشتی سووری ناو قوودییەکانیان:**
**با گوشتی گا و مەڕ و بەرخیش بێت، نابێتە پڵاو و لە گەرووەمان قووت نادرێن!**
**وتیان شیرەکەیان:**
**شیری وشکی ناو قوودییەکان، ناو کارتۆنەکان نادەینە منداڵ و نەخۆشەکانمان!**
**شەرمیان نەکرد، وایانوت: قسەکە گەیشتە شارەوانی و موتەسەرفە نەرمە بەغداییەکە. هەر سەد کرێکارەکە یان زۆربەیان، دەیانویست پرۆژەکەی گڵکەند پووچەڵ بکەنەوە. نەخشەکەی (رۆزڤیسکی) ئەندازیارە پۆڵۆنییەکە جێبەجێ نەبێت. چاڵە گەورەکە، وێرانی و کەلاوەکان، ئەوەی ببووە سەرچاوەی هەموو نەخۆشییەکان، هەموو زبڵ و پاشماوەکان نەبێتە باخچە و هەواری شەنگەبی.**
**ویستیان ئاردە کۆکراوەکەی ناو (قاعەی شەعب)، ئەسپێی تێبکەوێت، لەو برسیەتییەش هەژارەکان نەیکەنە نان و نەخورێت. شیرەکە ببێتە پرتك پرتك و منداڵەکان نەیخۆن. روونەکەی بۆندار بێت و خواردنە وشکەکانیان چەور نەکات! ویستیان هەموو بەرنامەکانی قەرەبووکردنەوەی خاوەن خانووە کەلاوە و زنجەکان و چوونیان بۆ گەڕەکێکی نوێ هەڵوەشێتەوە. ویستیان بەو بڕیارە بەغدا و بودجەکە و (عەبدولمونعم مەسرەفی)ی موتەسەرفی شار، کوڕە نەجیبزادە و زاناکەی بەغدا هەڵگێڕنەوە. ویستیان گڵکەندەکە هەر کەلاوە بێت و نەخۆشی و ناڕەحەتی و ناشارستانی لەو شارە پەیدا بکات.**
**ویستیان چاڵەکەی پیاوە پیرۆزەکە، بە بەردە گەورەکە هەڵیکەندبوو، ببێتە گۆڕستانی شارەکە. نەخۆشییەکانی بن چاك و مەزارەکە تەشەنە بکات و**

نەبڕێتەوە، چارەسەر نەکرێت! چونکە خواردەمەنییەکان حەرامە و ئیسلام دروستی نەکردووە و بسمیلای لێ نەکراوە! بەڵام:

*****

قازییەکەی مەولودی پێغمبەری بە زمانی کوردی نووسیبوو. ئەوەی رۆژانی هەینی مزگەوتەکەی قەڵاتی کردبووە بڵندگۆی رەوشتی بەرز و خوداپەرستی و مەزاری شیعر: لەگەڵ تەواوبوونی دەوامی ئاسایی، یان کەمێك زووتر، ئەوەشیان هەر کاری رەسمی و ئاینی و جڤاتی بوو. لە ژوورەکەی دەچێتە دەرەوە. (قەرە سەلیم)، پیاوە باڵابەرزە رەشەکە، بۆیەش پێیان وتووە قەرە، ئەو پیاوەی سیدارەکەی هەر لەسەر نەدەکردەوە. کەس لەناو مەحکەمە و دەرەوەی مەحکەمەش، ئەوەی هەتا تەمەن، بواری ژیانی پێ بەخشی و هەتا قازی دەمینێت و خانەنشین نابێت، کەس سەری بێ سیدارەی نەدیبوو. کە خانەنشینش دەبێت و لەبەر دەرگای مەحکەمە دەبێتە سکاڵانووس. کەس، یەك کەس، بێ سیدارە سەری رووتی خڕی ماکداری قەرە سەلیمی نەدیبوو.
کە قازی بەر لە کۆتایی دەوام، لە ژوورەکەی دێتە دەرەوە. ئەو گوێی لە دەنگی قازی دەبێت. یەکسەر دەست بەدەفتەر هەڵدەستێتەوە. دەیەوێ بە دەفتەرە گەورەکەی، دەفتەرەکەی ناوی هەموو بووك و زاواکانی چەند ساڵەی ئەو شارەی تێدابوو، تەمەن و رەنگی چاو و مارەیی و شاهیدەکانی تێدا بوو. دەفتەرێکە شەوی گەنجەکان، نێر و مێیەکان کردووە بە هەنگوین، هەنگوینێکی زۆر شیرین! ئەو دەفتەرەی لاپەڕەیەکی درێژی بۆ دوو دڵ، دوو چاوەڕوانی و چوار دەست و دوو جەستەی تامەزرۆ تەرخان کردبوو. هاوسەر و هاوجەستە و هاوشەویان دەکات. پیاوەکە دەفتەرەکە لەناو جانتا رەشەکە دەنێت، بەرەو ئوتومبێلەکە دەڕوات. قازی بانگی دەکاتەوە:
ئیمرۆ بۆ ژن مارەکردن ناچین. قەرە بگەڕێوە، دەفتەرەکە لە شوێنەکەی خۆی دابنێەوە. وەرە دەعوەتین، تۆش وەرە بەیەکەوە بەپێیان دەڕۆن، بە شوفێرەکەش بڵێ بابچێتەوە ماڵەوە، ئیمرۆ دەرچوونمان هەیە، بەڵام بە ئوتومبێل نییە، بەپێیانە، باشە برۆ بەپەلە پێی بڵێ، تۆش دەفتەرەکە دابنێوە و وەرە، دەرگاکەش باش کڵیل بدەن، نەوەك: (ژنێکی زیزبوو) و هەراسان بەدەستی خەسوو و مێردەکەی! دەستی تۆڵەی بگاتە دەفتەرەکە، لاپەڕەی مارەکردنی خۆیان رەش بکاتەوە و لەجیاتی مارەکردن بنووسێت جیابوونەوە.

ئەو پیاوە، بەجلی قازی، بەدڵ و چاوی روونەوە. لەسەر داوای سەرۆکی شارەوانی، لەکاتی دەوام، ئەوەش بەدەوام دەزانێت، پاش ئەوەی لەورۆژە بەرەکەت زۆر بوو، مارەکردن زۆر بوو، چەند کوڕ و کچ لەیەکتری مارە دەکات، قسەی خۆشیان بۆ دەکات و شیعریان بۆ دەڵێتەوە. هەر بەپێیان لە باڵەخانەی مەحکەمە، لەبن (گومبەتە شین)ەکە، هەر بەزەوقی گەشی رۆژانەی خۆییەوە دەردەچێت. لەگەڵ کاتبەکەی و بێ یاوەری تر، بەڵام ئەو یاوەری نەدەویست، هەتا دەڕۆیشت سڵاوی لە خەڵکەکە وەردەگرتەوە، دەستیان ماچ دەکرد، پرسیاریان لێی دەکرد، لە گەنم و جۆ و باران و بەرخ و خوێندن و گەرمی بازاڕی دەپرسی. نوکتە و بەزمی خۆشی لەگەڵ پەنیرفرۆشەکان، لەگەڵ کەبابچییەکانی ناو نەجاران دەکرد. دەڕۆیشت لە بازاڕەکە، وەستا و شاگرد و بۆنی کەباب و سادەیی خەڵکەکە یاوەری بوون! دەڕۆیشت فێسەکەی سەری لەناو خەڵکەکە دیاربوو. هەر ئەویش لەو شارە، فێسی لەسەربوو. شارەکە یەك فێسی سپی تێدا مابوو. ئەویش (فێس)ی قازی رەشاد موفتی بوو.
قازی دەڕۆیشت و ناو و هەواڵ و چەشە و ئارەزووی هەموو بازاڕەکەی هەڵدەگرتەوە. ئەو بەتەنها، هەموویان دەناسێتەوە. قازی بۆچی قازییە! ئەدی ئەو نییە هەموو ژن و پیاوەکانی مارەکردووە. قازی دەبێ هەموویان بناسێتەوە، ئەگەرنا قازی نییە. کە دەزانێت هەموویان ناناسێت. کە هەمووش ئەو ناناسن.
ئەو بە نامەیەکی تووڕە. بەداوایەکی بلەز. داوای خانەنشینی دەکات. خانەنشین دەبێت، بەڵام لە مزگەوتەکەی قەڵات، لە شیعرەکان، لە دیوەخانە و باخچە و کتێبخانە گەورەکەیماڵەوەیان خانەنشین نابێت. قازی دەمینێتەوە، تا ئەو رۆژەی، مزگەوتە گەورەکەی بەناودەکەن. ناوی سەرۆکێکی عەرەبی بەعسی، لەرووبەندی مزگەوتە بە فوسیفسا و نەخش و ئایەت و پیرۆزییەکان لادەبەن. ناوی ئەو، بەخۆشەویستییەوە، لەسەر رووی مزگەوتەکەی سەرشەقامە (بەرینە ئاوەدانە گشتییە رووناکەکە) دادەنێن و دەنووسن: مزگەوتی رەشاد موفتی.
قازی نوێژی نیوەڕۆی لە مزگەوتەکەی حاجی قادر دەباغ دەکات. مەلای مزگەوتەکە پێشنوێژەکەی بەو دەسپێرێت. سڵاوی تەواوبوونی نوێژەکە بەخۆشییەوە وەردەگرێتەوە. سەیری چەپی خۆی دەکات، لەگەڵ سڵاودانەوە سەیری راستی خۆشی دەکات. بە کۆبونەوەی خەڵکەکە،

بەگەرمی مزگەوتەکە دڵی دەگەشێتەوە. بەر لەوەی بچێتە دەرەوە سەیری کتێبەکانی ناو دەلاقەکەی نزیك میحرابەکە دەکات. دووبارە سەیری خەڵکەکە دەکات، پێیان دەڵێت:
فەرموو من کەمێك دوادەکەوم، لەگەڵ مامۆستا قسەم هەیە.
قازی لەناو حەرەمی مزگەوتەکە. لەژووره ڕەنگینەکەی مەلاکە دەمینێتەوە. هەموو دەچنە دەرەوە، یەکێك لەبەر دەرگاکە دەمینێتەوە. لە دەرچوونی ئەو دەیەوێ (پێڵاوە ڕەشە بە قەیتانەکانی بۆ دابنێت)، ئەویش بەدەنگێکی گەورە دەڵێت:
ئەستەغفروڵا، نابێ، قبووڵم نییە کەس پێڵاوم بۆ دابنێت.
هەردوو پێڵاوەکە لە پێیە بچووك و باریکەکەی هەڵدەکێشێت، دەچێتە دەرەوە، ئاوڕی پشتەوە دەداتە، هەست دەکات سەلیم قەرە نەماوە. سەیری بەردەرگای دەرەوە دەکات، پیاوەکەی بەردەوام دەفتەر و جانتاکەی لێ دێت، زوو ئەو نابینیت. بەڵام هەر ئەودەمە، مستەفا قەڕە دەگاتە بەر سێبەری کەوا شینە نوێیەکەی و دەڵێت:
گەورەم بڕۆین!
قازی بەرووێکی خۆشەوە دەڵێت:
قەرە بەس لەو دەعوەتە پەلە نەکەین ئاساییە. هەتا من یەکەم پاروو نەخۆم، کەس دەست بۆ برنج و گۆشت و مەرەگە و پڵاوەکە نابات! کەس هیچ ناخوات، سوێندیان خواردووە، ئێمەش سەبر سەیر دەڕۆین، با باش برسییان بێت، هەتا زۆر بخۆن، با زۆر برسییان بێت، تا بزانن پڵاوەکە زۆر خۆشە! پەلە مەکە!
قەرە دەکاتە بەزمی خۆی و دەزانی قازییش بەگاڵتەکردن تووڕە نابێت:
گەورەم بۆ نەگەڕێمەوە و دەفتەرەکە نەهێنم، نەچین ژنێك مارە بکەین و ئینجا بگەڕێینەوە!
قازی لەگەڵ سڵاوکردن لە تاریکی ناو دووکانێکی دوور و درێژ و باریك، دەڵێت:
کەس ماوە! کێ مارە بکەین، قەرە.
سەلیم، زۆرجار دەیووت گوێم وەك جاران سووك نەماوە. بەڵام لەو بازاڕە بەدەنگەدەنگە، باش و زووش گوێی لە ئاخاوتنی قازی دەبێت، دەڵێت:
چۆن کەس نەماوە، بەردەوام تۆ مارەیان دەکەیت، من دەنووسم و تەواو نابێت!
قازی دەڕوات و لەگەڵ بۆنی پەنیر و ڕوومەتی تەڕی سەوزە و شەوقی

تورشی سووری سەر بە کەرەوز و زەیتون. لەناو کۆڵانە باریکەکانی قەیسەری دەڕوات، سەیری (نەخشی سەڵتە و کەوا)یەك دەکات. دەپرسێ ئەو نەخشە دەستکردنی خۆمانە یان موسڵە.

لەناو قەیسەری، لە بازاڕی کورتاندرووەکان، کورتانێکی رەنگینی بەسیم و نەخش دەبینێت، بیر لەوە دەکاتەوە دیارە گوێدرێژەکانیش زەوقیان گۆڕاوە، ئارەزووی کورتانی نەخشین و بەسیم دەکەن، یان ماستفرۆشەکان، کوورەچی و جووتیارەکان زەوقیان جوان بووە! لەناو ماستفرۆشەکان بۆنی (پوونگ)ی سەر مەنجەڵە ماستەکان دەیبوژێنەوە. ئەو و زۆر کەسی تریش، وادەزانن تامی ماستەکە بەوە دەگۆڕێت سەری مەنجەڵەکەیان، بە چ گرتووە، پووشە یان گیا یان پوونگە نوێی رۆخ مێرگ و جۆگەکانە، تەڕە یان وشکە، تەنکە یان سەرپۆشەکەی ئەستوورە، پەستراوە یان بەشلی بەستراوە.

لەناو بازاڕەکە، کوتاڵفرۆش و خەیاتەکانی بۆ لادێیەکان، ئاسنگەرەکانی بۆ خۆشناوەکان، نەجارەکانی بۆ جووتیارەکان، کارگەچی و ئوتروقچی لباد و لێفیان بۆ (خەوی شیرین دەنەخشاند). تەقەی پێڵاوەکانی قازی دەنگی دەدایەوە و بەخۆشییەوە دەڕۆیشت. لچکی کەواکەی قازیە شاعیرەکە، لەبەردەم هەنگاوەکانی دەڕۆیشت، ئیمڕۆ بەئەنقەست لە رۆیشتن پەلەی نەدەکرد، دواکەوتنی خێر دەداتەوە، کرێکارەکان زۆرتر برسییان بیت، زۆرتر خواردنەکەی شارەوانی بخۆن. قازی پیاوە لاوازەکە، لەمێژ بوو قازی ئەو شارە بوو، پیاوێك بوو مێژووی مارەکردنی نێر و مێیەکانی، مارەکردنی زۆر، جیابونەی کەم زۆر کەمی ئەو شارەی کردبوو!

کەس هەیە بێجگە لە قازییەکەی ئەو شارە! کەس هەیە لە پیاوە قسەخۆشەکەی ئەو شارە! بتوانێت هەزارەها کچ و کوڕ بکاتە هاوسەر، دڵەکان لەیەکتری نزیك بکاتەوە؟! ئەو دەڕوات و لە دەرگای نزیك مزگەوتی ناوبازاڕی لە قەیسەری دێتە دەرەوە، رووبەڕووی گەراجەکە، شوفێر و دەلاڵەکە بۆ یەك نەفەر هاواریان دەکرد، کە ئەو دەبینن بێدەنگ دەبن. پیاوەکەی تاکە وەکیلی ئوتومبێلی (مارکەی جەمسی) بوو لەو شارە، لەناو جامخانەکەوە دەیبینێت، لەدوورەوە لەبەری هەڵدەستێتەوە، سڵاو لەویش دەکات، دەیزانی ئەو بێت و ئەویش نزیك ببێتەوە قسەیان زۆرە، بابەت زۆرە، دوادەکەوێت. چونکە لەمێژبوو بەیەکەوە قسەیان لەسەر سیاسەت و رەوشی موفاوەزات و گوندسووتاندن و کودەتاکانی بەغدایان نەکردووە، قسەیان زۆر بوو. بۆیە نەدەکرا سەرێك لەو پیاوە جەمەدانییە گەورەی

دەستەجلێکی جوانی کوردی لەبەرە، چەند ڕۆژنامەیەکی عەرەبیشی لەسەر مێزەکە داناوە بدات. ئەو کاتی دواکەوتنی نەمابوو. ئەگەر چیتر دوابکەوێت، کرێکارەکان گۆشتەکە دەخۆن، برنجەکە دەخۆن، خوانەکەش بە حەرام نازانن، ئەگەر چیتر دوابکەون و نەگەنە سەر پرۆژەکە، نەك لە مەنجەڵ و لەفەکان دووردەکەونەوە، بەڵکو هەموو خواردنەکەش دەخۆن و هیچیش بۆ قازی و کاتبەکەی نامێنێتەوە. دەبێ سکی برسی خۆیان بکوشن و لەگەڵ قەرە سەلیم بگەڕێنەوە کن کەبابی یاسین!
لەوێ ڕاناوەستێت، دەڕوات دەگاتە بەر دیواری قوتابخانەکەی موزەفەریە. باڵەخانە دوو نهۆمەکە. ساتێك گوێ لە دەنگی قوتابییەکان رادەگرێت. لەژوورێکی نهۆمی دووەمی قوتابخانەکە، دەزانێت مامۆستایەك عودیان بۆ لێدەدات، دڵی بە ئاوازەکە خۆش دەبێت، دیارە منالێکی دەنگخۆش لەگەڵ دەنگی عودەکە، سەدای گۆرانییەکەی دەگەیشتە دوا چێورمەی گۆڕستانەکەی چراخ. دەنگی عود و گۆرانییەکە گەرمی دەکات، دەڕوات لەسەر بەستەکە هەڵوەستەیەك دەکات، بۆنی (دەرمانی ئەحمەد تەبیب) دەگاتە ناو لووتی و لەکەللەی دەدات.
لەوێ دەبینێت، خانووێکی تەعجیلی جوولەکە نۆژەنکراوەتەوە. بەرامبەر ئەویش، لە سەعدوناوە خانووێکی زەرد کراوە بە بارەگایەکی ئاوەدانی حکومی، بەڵام نازانێت، خانووەکە بۆ کێ بەکرێ گیراوە.
لە ماستفرۆشەکان رەتدەبێت، بۆنی ماست و پوونگ و پووشەکە، لەگەڵ بۆنی گاز و نەوتی بەنزینخانەکە تێکەڵبووە. چەند هەنگاوێك دەڕوات و ئاوڕێك دەداتەوە، بزانێت قەرە سەلیم هەر لەدوای دەڕوات، باشیش سەیری ناو دەستی دەکات نەوەك دەفتەری مارەکردنەکەی هێنابێت، دەیەوێ باش دڵنیا بێت، دەفتەرەکەی نەهێناوە و لەسەر مێزەکەی داناوەتەوە.
لە پەلەکردن بیر لەوە ناکاتەوە، بۆنی ماست و پەنیر و (سەرتوو)ەکە، چۆن تێکەڵی بۆنی نەوتی رەش و بەنزینەکە بووە، بیریش لەوە دەکاتەوە، لەو دەعوەتە بە سەرۆك شارەوانی بڵێت:
چارەیەك لەوە بکەنەوە، چۆن تەنکی بەنزین، تەنکەری نەفتی رەش، پەمب و تەنەکەی سپی شەوقداری نەوت و بەنزین بەرامبەر ماستفرۆشەکان بێت، گوناحە!
بەڵام باشیش دەزانیت، سەرۆکی شارەوانی پێی دەڵێت:
جەناب، زۆرمان وت: ئێرە شوێنی بەنزینخانە نییە، بەتایبەتی لە رۆژانی

هەردوو جەژن. هەزارەها منداڵ بۆ گەمەکردن و سواربوونی لەیلوك دێنە ئەو ناوچەیە! حەیوانی هەموو شارەکە لێرە، لەو قەسابخانەیە سەردەبڕێت، گۆشتیش بەیانییان زوو هەر لێرە باردەکرێت. لێرەوە کەبابچییەکان، قەسابەکان لەگەڵ کازیوە، شاگردەکانیان دەنێرن بەشان و پیلیان، کەلەشە گۆشتەکان بۆ ناو بازاڕ بگوازنەوە، حەیفە ئەو بۆنە دەگرێت.

*****

قازی لەبەردەم سەد کرێکاری شارەوانی، ئەوانەی بەرۆژانە ئیشیان دەکرد، خواردنی (دبلیو ئیف پی)ی خوارد، شارەوانی بۆ رازیکردنی کرێکارەکان، بۆ دەمکوتکردنەوەی چەند کرێکارێکی هەڵەپاسی و توندڕەوی ناو کرێکارەکانی پرۆژەی دروستکردنی باخچەی گڵکەند، لەسەر شوێنەوار و کەلاوە و پاشماوەکانی کۆنەخانووەکانی چاڵە گەورەکە، قازی هەولێر بانگی خوانی خواردنی ئەو کەرەستانە دەکەن، کە لە خواردەمەنییەکانی ئەو رێکخراوە دروستکرابوو.

دەعوەتەکە، لە دیوەخانێکی گەورەی رووناك، بە چەند گڵۆپ و (چڵچرا). لەناو تەکیەیەکی داپۆشراو بە مافوور و بۆندار بە بخوور. لەسەر سەکۆی ئاغایەکی گوندێکی شیرین وەك شەمامە. لە بەر حەوز و کانیاوی گوندێکی خەواڵووی ناو باوەشی چیایەك نەبوو! ئەدی دەعوەتەکە لەکوێ بوو!؟ دەعوەتەکە لەدیار چیمەنتۆ و بلۆکی بەداربڕاوی سەروگوێی گەچراوی پتەو بوو.

دەعوەتەکەی قازی هەولێر بۆ ئەوە بوو، کرێکارەکان بڕوا بکەن و خواردنەکەی دبلیو پی ئیف بخۆن، خواردنەکە بخۆن تا باخچەکە تەواو بکەن. تا (گڵکەند)ەکە، بکەن بە (گوڵکەند). پرۆژەکە بکەن بە سێبەر و فەرش و مەیدانێکی رەنگین! لەو دەعوەتەدا، لەدیار مەنجەڵە گەورەکەی برنج و مەنجەڵە لەفەکانی هێلکە و تەماتە، قازی کەوای هەڵدەکات، سێفەکەی لەتەنیشت خۆی، لەتەنیشت سەرۆك شارەوانی لەسەر خوانەکە دادەنێت. دەست دەداتە ملاکێکی فافۆن، لەناو قاپێکی فافۆن برنج و شلەکەی لەناو مەنجەڵێکی گەورەی فافۆن لێنرابوو دەخوات، بە چەلەبییش دەڵێت:

ئەو بەزمە بەردەوامە!

چەلەبییش بەپەلە بوو، دەیویست لەسەر دەستی ئەو باخچەکە تەواو بێت.

پەرۆش بوو، ئیشەکانی سەر شێستمەتریش باشتر بڕوات. ئەو پرۆژە بازنەییەی لە چلەکانەوە بەرنامە و نەخشەسازییەکانی بۆ داریێژرابوو تەواو بکات. هەموو دەسەڵات و ناسیارەکانی لە بەغدا، بە پشتیوانی موتەسەرف بەکاردەهێنا، گوڵەکانی گڵکەند لە سەردەمی ئەو بپشکوێت، دارەکان بە ئەمری قەڵەمی ئەو، بڕوێن و باڵا بکەن، بە قازی دەڵێت:
ئەفەندی، هاتنی تۆ سەرکەوتنی پرۆژەکەمان بوو. ئەوەی شارەکە پێویستی پێبوو. ئەوەی لە بەغدا بۆی دانرابوو. ئەوەی ئەنجومەنی شارەوانی پەریشانی بوو. بۆ تەواوکردنی باخچەکە، چەند کرێکارێك ویستیان لەباری بەرن، ویستیان ئێمەش ناچار بکەن خواردمەنییەکان، برنج و روون و گۆشتەکان لەو کەندە بکەین. هەمووی هەڵرێژینە ناو بەستەکە. ئەجر و خێرەکەت گەورەیە، هەموو دەمێك تۆ میوانێکی رێزداری.

*****

لەورۆژەی قازی چەند مڵاکێك لە برنجە چەورەکە دەخوات. کرێکارەکان، چاودێرەکان دەستیان لەسەر (خاکەناس و قازمەکانیان گەرمتر دەبێت). ئیشەکان باشتر دەڕوات. ئەو رۆژەی ئەو قازییەی قسە ناودارەکەی (کفن، نە گیرفانی هەیە و نە قاسە) دەکەوێتە ناو بازاڕ، قسەکەی دەبیسترێت، دەزانرێت، دەبێتە تابلۆی بەر دووکانی کاسبکەران، بازرگانەکان، ئاغاکان، ئاسنگەر و دارتاشەکان. لەورۆژەوە قسەکەی قازی ئەو شارە، ئەوەی برنج و روونی رێکخراوی دبلیو ئیف پیی هەڵگیراو، لە قاعە گەورەکەی نزیك ئاوی کەسکوسوور دەخوات. چناری زۆرتر و سیبەری بەرینتر و چیمەنی سەوزتر، لە پرۆژەکەی گڵکەند دەڕوێت. قازی دەستخۆشی لە کرێکارەکان دەکات و پێیان دەڵێت:
من وتوومە کفن نە گیرفانی هەیە و نە قاسە. بۆیە چاکە و خێر بکەن، کەس پاش مردنی هیچی لەگەڵ خۆی نەبردووە. ئیمڕۆ پاش ئەوەی (دەستی لەسەر سکی دادەنێت) تێر برنجم خوارد، گۆشتی ناو قوودیی دەرەوەم خوارد، پێیتان دەڵێم: لە خزمەتکردنی ئەو شارە کەساس و کۆن و شیرینەمان دوودڵ مەبن. لەوێ لەجیاتی ئەوەی بڵێت ئەوەی چاکە و خێر ناکات و رەزیلی دەکات، لەجیاتی ئەوەی بڵێت: کفن نە گیرفانی هەیە نە قاسە، بە کرێکارەکان دەڵێت:
(لەو شارە ژیان تەندروستی نییە، چونکە نە باخچەی هەیە و نە

دارستان!).
دارستانی نەبوو شارەکە، دەیانویست بە قسەیەکی بێبنەما، لەسەر بۆچوونێکی رووتی سادە پرۆژەکە راگرن، حکومەت ساردبکەنەوە، شەرەکان بخەنە ناو شارەکانیش، وەك چۆن بەردەوام گوندەکان کاول و وێران دەبوو، دەیانویست شارەکە وێران و باخچەکەی گڵکەند نەکرێت و تەواو نەبێت و یارمەتییەکانی رێکخراوی (دبلیو ئیف پی) رابگرن!
پارووەکانی قازی لە پڵاوە چەورەکەی دەعوەتەکەی شارەوانی پرۆژەکەی گەرمتر کرد و گڵکەند بوو بە گوڵکەند!
قازی بەر لەوەی بڕوات، سەرێك لەبن گوێی سەرۆك شارەوانی دەنێت، بەبزەیەکی شیرین پێی دەڵێت:
چەلەبی مەجال نەبوو، باسی سەفەرەکەی قاهیرەم بۆ بگێڕیتەوە، کە دەچنە ئاهەنگی ئوم کلسوم لە (ئەزبەکییە)، خەبەریان لێداویت، وتیان کلسوم وتبووی:
قبووڵم نییە ئەو پێنج کوردەی لە بەغداوە بە فڕۆکە، بە پاپۆڕ بۆ دیتنی ئاهەنگەکەم هاتوون با تیکت نەبڕن، میوانی منن! پارە لەوانە وەرمەگرن.
چەلەبی بە ئەندازیارەکەیان هاشم عەبدوڵا دەڵێت، ئەگەر موتەسەرف هاتە سەر پرۆژەکە پێی بڵێ، هاتنی قازی و نانخواردنی لەگەڵ کرێکارەکان سەری گرت و زۆریش سەرکەوتوو بوو، لەبیرت نەچێت. ئینجا روو لە قازی وەردەگێڕێت و پێی دەڵێت:
جەناب، بەڵێ چووین و پارەشمان نەدا، دەزانم کێ بۆی گێڕایتەوە! رۆژێکیان هەمووت بۆ دەگێڕمەوە، دەڵێن تۆش حەز بە دەنگی ئەو دەکەیت!؟ ئەوە چەند ساڵی بەسەر رابرد، چۆنت لەبیرماوە!
قازی سەعاتە زیوەکەی گیرفانی دەردەهێنێت و سەیری میلەکانی دەکات، بزانێت نوێژی عەسر چەندی ماوە. ئەو دەگاتەوە مزگەوتەکەی خۆیان لە قەڵات، یان نوێژەکەی لە مزگەوتی ناوبازاڕ بکات. سەعاتەکە جوان لە گیرفانی سوخمەکەی دەنێتەوە و بەروویەکی خۆش بە (چەلەبی)ی سەرۆك شارەوانی دەڵێت:
من زۆرتر لەبەر شیعرەکان، حەزم لە گۆرانییەکانی ئەو ژنەیە. دەزانێت کام شیعر دەکاتە گۆرانی. هونەرمەندێکە توانی هەموو شیعرەکان بکاتە گۆرانی. ئەو دەزانێت لە هەموو دۆخ و سەردەمەکان دەنگ هەڵبڕێت، لە مەلیك فاروقەوە هەتا جەمال عەبدولناسر، لە گۆرانییە ئاینییەکان هەتا

ویژدانییەکان.

# بەشی نۆیەم

# کێل بۆ شەهید زۆرە

پەروین، تاکە ژنە لەو شارەی خوارووی عیراق و پاش یازدەی ئازار ماوەتەوە، (تەنها چەند کەبابچی هەولێری، چەند قوتابییەك لە زانکۆی بەسرا، ماونەتەوە). ژنەکە ئاگری پەلەمێزەکە خۆشتر دەکات و وردە ماسییەکان، هەندێکیان هەر گیانیان تێدا مابوو، کلکیان دەجولا و چاویان وەك ئەستێرە دەبریسکایەوە، لەناو مەقلێیە ڕەشە بچووکەکە سووردەکاتەوە. هەناوی بۆ شاییەکەی تەیراوە وەك ئاگرەکە گەرمە، چاوی وەك ڕوونەکە سوورهەڵگەڕاوە. کەس گوێی لێ نەبوو، کەسیش لەو نزیك نەبوو، سکیشی نەبوو، تا کۆرپەکەی گوێی لێ بێت:

(دەڵێن مناڵ لەناو سکی دایکی، گوێی لە راز و دەنگ و ستران و ترس و خۆشییەکانی دایکی دەبێت)، من لەترسی پێشمەرگە ناچمەوە (لەبەر خۆییەوە دەڵێت) من لە ترسی براکەم ناچمەوە.

بەڵام! ئەو راز و قسەیەی بەدەنگی بەرزتر و بڵندتر وتووە:

من کڵاوێکم، بە سیم و ئاوریشم و ڕەنگ و نەخش و چاوەکانم نەخشاند. یەك کڵاو نەبوو، هەفتانە کڵاوێك، مانگانە جەمەدانییەکم دەهۆنیەوە، دۆخینم دەچنی، بۆم دەنارد. من نەمدیوە لەوێش نەبووم، لەگەرمە شەڕەکەش نەبووم، ئاگر بواری نەداوە، دووکەڵ نەیهێشتووە دیمەنەکە دیار و ڕوون بێت. فڕۆکە بۆردومانی کردووە، تۆپخانەکە بەچڕی و بەدژواری و بەڕقەوە (هەموو چەك و گوللە و بەیان و بانگەوازەکان بەڕق و هەڕەشە بوون) بواری نەداوە، بەڵام وتیان:

دوژمن، جاش و سوپا پێشڕەوی دەکرد. ئاسن و ئاگر و پارە و ترس لێشاویان دەبرد. گوندەکە، زناڕەکان، باخچەکان دەسووتان. ئاگری ئەوان، چڕ و زۆر و گەرم و راست و بەلێشاو بوو. تەقەی ئێمەش، دانەدانە و پچڕپچڕ و سارد بوو. لەوێ و بەر لەوەی پێشمەرگەیەك شەهید بێت. یەکێك لە ئێمە، لە هاوڕێیەکان هەڵسایەوە، تەقەی لە شەش حەوت سەرباز کرد. هەر ئەو پێشمەرگەیەی کڵاوی چێنراوی دەستی پەروینی لەسەر بوو، تەقەی لە (زیل)ێك کرد. دەستی نەسووتاو و لوولەی گەرمی ڕەشاشەکەی بەدەستی گرت. سەنگەرەکەی دوایی دەبێتە دواهەواری ژیانی، تەقەی لە فڕۆکەکەش کرد، هەڵدەستایەوە سەرپێی. بەقسەی دەنگ و داوای بەرپرس و هەڤاڵەکانی نەدەکرد، دانەنیشتووە، هەر بەپێوە بوو. زۆرتر لە گوللەیەك، هاڵاوێکی ئاگری بەرکەوت. خوێنی برینەکانی،

پێش ئەوەی خۆی دەگاتە سەر زەوییەکە، خوێنی گەیشتە سەر خاکەکە، شەهید بوو.
لەو نەبەردییەدا یەك گوللە، یەك نیشانە، لەو سەنگەرە، لەو بەرگرییە سەختەدا شەهید بوو. وتیان: شەو تەرمەکەیان، لەگەڵ دەستی کۆمەڵێك ئەستێرەی نەخەوتوو، چاوی تریفەی گەشی مانگەشەو هەڵگرت. ئەستێرەکان، بلەز هاتن شانیان هێنا، خوناو ئاوی ساف و خاوێنی هێنا. شەونم بەنازەوە و کەمێك شەرمەزار، بۆ برین و ژانەکە عەتری هێنا. بێدەنگی تەلقین و حەسرەت، گفتی تۆڵەیان دەهێنا. بەیەکەوە ئێمە و شەو، هەر پێشمەرگە و شەو بەدەرەوەبووین، کەسی تر بەدەرەوە نەبوون، کات و بواری دەرچوون و سەربڵندکردن و هەناسەدانمان نەبوو، ئەوەش بە پێشمەرگە دەکرا، هەر لە ماندووبوون و بڕوای پێشمەرگە دەوەشێتەوە، هەموو بەیەکەوە کەساس و شانازیش، تەرمەکەمان بردە بەر سەکۆی مزگەوتێکی ناوەندی گوندێکی نزیك، سەر (کانییەکی زیوین)، ئاوەکەی لەجیاتی فرمێسکی دایکی، بۆ برینەکە گەرم گەرم دەگریا. لەوێ ویستمان بەر لەوەی بینێژین بیشوێن، چاوەڕوان بووین بۆنی خوێنەکەی بگاتە بەر دەرگای دایکی، بگاتەوە کۆڵانە باریکەکەی شار و بەر پەنجەرە تەڵبەندەکە!
وتیان بیشۆین، کفنی بکەین، وتیان:
بۆ شەهید دەشۆن! جەستەی پاکە، برینی ئەو وەك خاکە پاکە، وەك ئاو خاوێنە، شووشتنی ناوێ!
بۆ شووشتنی شەهیدەکە، کڵاوەکە لەسەری گیرببوو. نەخشەکان جیانەدەبونەوە، کڵاوەکە توندتوند ببوو، پشدێنەکە کراوەیەوە، پێڵاوە لاستیکەکەی حزب لەشارەوە، چەند مانگێك و پاش چاوەڕوانییەکی گەرم و پەرۆش بۆی کڕیبوو، جلە خاکییەکەی لە ئەشکەوتێك دوڕابوو، گۆرییەکانی لە گەلاڵە کڕابوو، هەموویان ئاسان لەبەر پێشمەرگە شەهیدەکە دەبونەوە. بەئاسانی برادەرەکانی رووتیان کردەوە. بەڵام کڵاو و جەمەدانییەکەی، لە تەیراوە بەدەستی پەروین نەخشێندرابوون، لەسەری ئەو نەدەبونەوە. بۆیە، وتیان بەو کڵاو و جەمەدانییەوە، پێشمەرگەکەی تەقەی لە فڕۆکەیەکی بەرز دەکرد نێژرا. سەری بەکڵاوی نەخشین و بەبرینە دەمگەرمەوە نێژرا.
شەوەکەی تەرمەکەیان ناشت. شەوەکە نمنم باران دەباری، وەك ئاگر گوللە دەباری تەرمەکەیان ناشت. دوو بەردیان هەڵگرتەوە، دوو گوڵیان دۆزیەوە. هەموو بەیەکەوە لەناو ماندووبوونی شەڕەکە، هەزارەها مستەخۆڵی سووریان هەڵکەند. تەرمەکەیان بەهەزارەها (مستەخۆڵ) داپۆشیەوە. بەڵام،

بواریان نەبوو، ناوی شەهیدەکە، ڕۆژی شەهیدبوونەکە لەسەر یەکێك لە دوو بەردە لارە لووسەکە بنووسن! شەهید، لەو شاخانە بەس کێلی ئاسان پەیدا دەبێت. پێشمەرگە، لەو شاخانە لە دۆزینەوە و هەڵگرتنەوەی کێڵ و بەرد شانسیان هەیە، شەویش بێت، بەرد دەدۆزنەوە، بارانیش بێت، کێل بەئاسانی رادەگیرێت. لەبەر گەرمی شەڕەکە و ئاگرە چڕەکە و بارانەکە، کەسیان نەیانتوانی لە دەفتەرەکەی بەرباخەڵیان، ناو و ڕۆژ و کاتی شەهیدەکان بنووسن. یان کەسیان دەفتەریان لە باخەڵ نەبوو. کەسیان پێشمەرگە شەهیدەکەیان نەدەناسی، چونکە یەکەم ڕۆژ بوو، بە تفەنگێکی نوێ و پشدێنێك فیشەك هاتبوو، دەگاتە ناو شەڕەکە، دەچێتە ناو سەنگەرەکە، دەکەوێتە تەنیشت بریندارەکە و بەرامبەر ئاگرەکە! بۆیە کەس نەیناسی، ئەو بۆ شەهیدبوون هاتبوو، هاتبوو لەوێ شەهید بێت، کە دانانی کێڵ ئاسانە، لەبیرکردن و ونبوونەکەشی ئاسان بوو.

*****

## نەورۆزی دارەتوو

من نەچمەوە (پەروین دەگریا)، من شایی سەرکەوتن نەکەم. من لە یەکەم نەورۆزی دارەتوو، (ئەو نەورۆزەی یەکەم کۆبونەوە و شایی گەورەی هەموو گەڕەکەکانی شارەکە بوو) بەشداری نەکەم. من ڕێپێوان و کاروانی ڕۆیشتنی پێشمەرگەکانی دەشتی هەولێر نەبینم. کە عەریف عوسمان بە شانە بەرین و دەستە گەورە و بەژنە بەرزەکەی و دەست بە کلاشینکۆفەکەی پێشڕەوی دەکردن، چۆن من لەوێ نەبم!؟
پەنجا پێشمەرگە، لەبەردەم سەکۆیە سادەکەی نەورۆزی گوندی دارەتوو، بە چەپ و ڕاست نمایشیان دەکرد! سوپایەکی یەکگرتوو بوو، هەموو تیرە و هۆز و شار و گوندەکانی کوردستان، لێرە لەو ڕێپێوانە پێشمەرگە بوون. هەموو هەولێریش، دانیشتوانی یەك شار. هەموو گەڕەکەکانی هاتبوون نمایشەکەی یازدەی ئازار، نمایشەکەی ئاشتی بەلاَم دەست بەچەك ببینن! هەموو کوردەکانی جنوبیش هاتبوون، هەموو ئەوانەی چەند ساڵ بوو دژایەتی شۆڕشیان دەکرد هاتبوون، هەموو هونەرمەندەکان هاتبوون، پاسەکانی ناوشار، پیکەبی گوندەکان، پەستەکان، (نێرینەکانی خەتی بەغدا)، قەمەرەکانی موسڵ و کەرکووك و ڕواندوز و گەلاڵەش خەڵکی

شارەکەیان هێنابوو.
بەس پەروین، لەوێ نەبوو سەیری نمایشەکە بکات، نەخش و هۆنینەوەی نیگارەکانی لەسەری پێشمەرگەکان بناسێتەوە! ئەو نەهاتبوو بە بۆن، بە رەنگ، بە هەناسە براکەی بناسێتەوە. براکەی ئەو دەبێ لەوێ بێت، رەنگە ئەو وتاری هێز بخوێنێتەوە، ئەو وایدەزانی. رەنگە سێ پێشمەرگەیەکی ریزی یەکەمی لەدوای عەریف عوسمان دەڕۆیشتن، یەکیکیان براکەی ئەو بێت. ئەو پیرۆزبایی سەرۆك بارزانی دەخوێنێتەوە. ئەوەی داوای دەکرد، منالّەکان لە خۆتان دانەبڕن. ئوتومبێلەکان، پیکەبەکان تکایە زۆرترین نەفەر هەڵگرن کە گەڕانەوە. عارەبانەکانی هێلکە و سەمونەکە لەفە گران مەکەن. شامینۆك و ناوسێری و کوبە و پاقلە و پاقلاوە و (کێکی بەعەینك) و بەکونجی و بەشەکر گران مەکەن. ئاوی سارد بەخۆرایی، سڤن و سینالکۆ و مشن بە گەرمی مەدەنە خەڵکەکە! کە دەگەڕێنەوە دەغڵی جووتیارەکان، تەبارەی سەر رێگاکان مەشێوێنن. مەچنە ناو دەغڵەکان، مەبنە کلۆ و تەزرە و مەیانکوتن! دەبێ ئەو پیاوە بالآبەرزە رەشتالّەکە براکەی ئەو بێت، بە دەنگە گەورەکەی هاوار دەکات:
بژی بابی لوقمانی
شەش خەریتەی لەشانی.
دەبێ براکەی ئەو نەبێت، بەسۆز و بەجۆشەوە شیعرەکەی هێمن بخوێنێتەوە، (ئەگەرچی تووشی رەنجەڕۆیی و حەسرەت و دەردەم ئەمن، قەت لە دەست ئەو چەرخە سپڵە نابەزم مەردم ئەمن....) کە هێشتا منالّی کەمی لەناو شارەکان بەناوکرابوو. لەناو قوتابخانە سەرەتاییەکان منالّ نەبوو، ناوی هێمن بێت! پۆلی چوارەمی سەرەتایی هیچ منالّێکی شەرمن و زیرەك بەو ناوە نەبوو. هێشتا ئەو، لە چۆمان بەشیعرەوە نەهاتبووە ناو شارەکان. نەگەیشتبووە ئەبو نەواسی بەغدا و کەم کەس شەنگەبیری شیعرەکانی دەناسی.
لەرۆژانی ئاهەنگەکانی یازدەی ئازار، پەروین بەشداری ناکات. ناگەڕێتەوە، ناتوانێت و نازانێت بۆ ناتوانێت بگەڕێتەوە، کێ لەو شارە، لەو بەزمە گەرمە دوژمنی ئەوە. کەس دوژمنی کەس نییە، کەس تۆڵە لەکەس ناکاتەوە. ئەگەرچی برینەکان ماون و ئازاریان نەماوە. گریان بەردەوامە، بەلاّم چاوەکان سوور ناکات. گوندەکان نیگەرانن، بەلاّم ترسی شەڕ و بۆردومانیان نەماوە. گەلاّلە پایتەختە، یان هەر گوندێکی بەگولاّو و ملوانکەیەکی سوور و زەردە.
کەس نازانێت کەی شەڕەکە دەست پێ دەکاتەوە. چونکە موفاوەزات زۆر

کراوە، شەڕ زۆر دووبارە کراوەتەوە! بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێریان لە بەغدا گرت و لە سێدارەیاندا. پیاوە ڕەشتاڵە بەویقارەکەیان کوشت، کوڕە ئازاکەی هەولێر، ئەوەی بەهەژاری و بەبرسیەتی دەگاتە دوا پۆستەکانی بەڕێوەبردنی پۆلیسی لە بەغدا و لە هەولێریش.
ڕۆژێکیان بۆ کاری ڕەسمی، بۆ بەسەرکردنەوەی هاوڕێیەکانی سەردەمی کۆلیژی پۆلیسی و بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی گشتی دەچێتە بەغدا، لەوێ ون دەبێت. لەوێ دەگیرێت، حکومەت بێ ئەوەی حیساب بۆ بەندەکانی یازدەی ئازار و هەست و خۆشەویستی خەڵکی هەولێر و پۆلیسەکان بکات، (شێروانی) بە هەموو نەجمە و مەدالیاکانی ئازایەتی و کارامەیی دەگرن. شونبزری دەکەن، کەس تۆڵەی ناکاتەوە! ئەگەرچی ئەو بە (تۆبز)ێکی سەر بەقیری توندی ڕەق، تۆڵەی کوشتنی بەستەزمانانەی باوکی دەکاتەوە. کە نەرم نەرم، لە دەرگای قەڵات دەهاتەخوارەوە، ئارەقە و ماندووبوونی ڕۆژەکەی دەبردەوە ماڵەوە، بۆنی قاوە و قسەی خۆش و دڵسۆزی لە ئیشکردنی لێ دەهات، نامەردانە و بێگوناح کوشتیان.
باوکی دەکوژن، ئەو تۆڵەکەی دەکاتەوە، بەڵام بەڕێوەبەرە گەورەکەی شارەکە دەکوژن، کەس بلەز و بەر لە ونبوونی تریسکەی نەجمە زێڕەکانی سەرشانی، تۆڵەی ناکاتەوە.

*****

## بە ڕووبارەکە خۆیان تەڕ دەکەن

پەروین و یاسین نەگەڕانەوە. نزیکەی پەنجا ساڵ، دروست پەنجا ساڵی تەمەن لە چاوەڕوانی و ونبوون و پەرۆشی هەواڵ، بەس ئەو ژن و مێردە دەزانن، چەند بەژان و بەئازار بوو! نزیکەی پەنجا ساڵ ژن و مێردێك لە قەزاکەی سەر ڕووباری فورات دەژین. کاسبی دەکەن، دەوڵەمەند دەبن. دەبنە خاوەن کوڕ و کیژ. کوڕەکەیان، لە زانکۆی بەسرا یاسا تەواو دەکات. لە کولێژەکەی خۆی نا، لە کولیژێکی تر و لەکاتی قاوەخواردنەوە و کاتی ڕاکێشانی کورسییە بەتاڵەکەی تەنیشتی. دووجاریش کە ئوتومبێلەکەیان لەنزیك یەکتری ڕادەگرن و دواجاریش، کە کیژەکە دەزانێت ئەو عەرەب نییە. کوڕەکەش دەزانێت کیژەکە موسلمان نییە. کوڕەکەیان کیژێکی (سوبی مەندائی) خۆشدەوێت. کیژەکەش شەیدای دەبێت. شارەکە و ئاینەکە و

گەورەکانی و پەرستگای لەسەر رووبارەکان. سوێند بەپیرۆزی (زەکەریا) و (یەحیا) دەخۆن، نابێت ئەو کیژە شوو بەو کوڕە موسلمانە بکات، کیژەکەش هاوار دەکات:
راستە شیروان موسلمانە بەڵام کوردە!
چیرۆکی یاسین لە شیروانی کوڕی، بەڵام ئەوجارە لە بەسرا، ئەو سەری وڵات دووبارە دەبێتەوە! بەڵام لەناو ڤالبێکی تر، هەردووکیان سەردەکەون.
یاسین، دوور لە دابونەریتی کۆمەڵگا ئیسلامییەکەی، براکەی، کۆڵانەکەی، دەستی پەروین دەگرێت و پێی دەڵێت:
بگەڕێوە جل و کەرەستەکانت، دەستماڵ و جووتە گوارەکەی دایکت لەبیرنەکەیت، هەموویان لەبوخچەیەك بکە و وەرە و دەڕۆیــن. خۆشەویستییەکەمان، دڵی گەرمی من و چاوی ترساوی تۆ، گوارەکانی دیاری دایکت دوور دەبەین، دەڕۆن و ناگەڕێنەوە!
شیروانیش، لەگەڵ کیژە مەندائییەکە دەچنە سەر رووبارێك. دەستیان تەڕ دەکەن، چاویان بە ئاوەکە تەڕ دەکەن. پارێزەرە موسلمانە کوردەکەی، تەنها چەند وشەیەکی کوردی و ناوی خۆی بە کوردی، ناوی دایکی و هەر سێ خوشکەکەی بە کوردی دەزانی! لەسەر رووبارەکە کیژەکە فێری دەکات لەگەڵ ئاوەکە قسە بکات. داوای (لێبووردن لە ئاو)ەکە بکات. داوای لێبووردن لە گەورەیی زەکریا و یەحیا بکات، ئینجا ئەویش روو لە کەعبە دەکات.
شیروان لەگەڵ (نەدا)ی مەندائی دەرمانساز، ساز دەبن. بەیەکەوە کار دەکەن، لەنێوان ماڵی باوکی هەردوو خێزانەکە، ماڵێك لە شاری دیوانیە دادەمەزرێنن. مناڵیان دەبێت، ئیش دەکەن، دەبنە ناوی شارەکە. ژنەکە باس لە دەرچوونی دەرەوەی وڵات دەکات. بیر لەوە دەکاتەوە خاڵەکانی، پورزاکانی، دوو سێ ماڵە هاوسێیە مەندائییەکان بەئاسانی مافی پەنابەرییان لە ئەوروپا وەرگرتووە. دەستەخوشکەکانی، خزمەکانی بەئاسانی (ئەو وادەزانێت بەئاسانی) دەچنە ئوردن و سوریا و بەیروتیش و لەوێش دەگەنە سوید. لە شارەکان دادەمەزرێن، هەواڵیان دەزانێت، پەرۆشی ژیانی ئەوان دەبێت. شیروانیش هەر پەرۆشە بگەڕێتەوە هەولێر، بەڵام دەزانێت:
ئەو شارانە ماوەیەکە چەند گەمارۆی لەسەر بووە. شەڕێکی دژوار بەڵام ماوەیەکی زۆر دوورودرێژ نا، بەرۆکی گرتووە. ناکۆکی نێوان حزبەکان لەسەر پارە و دەسەڵات، بەس لەسەر پارە و دەسەڵات گەرم و خوێناوییە. ئەوانە دەخوێنێتەوە، ئەوانەی لە رۆژنامەکانی بەغدا دەخوێنێتەوە و هەندێکیان بڕوا ناکات. بەڵام لە میدیای جیهانیش ئەوە دەبیستێت، )بی

بی سی( بەردەوام راپۆرتی لەناو شارەکان هەبوو، لەو گوند و شاخانەی شەڕیان تێدا گەرم بوو، پەیامنێریان هەبوو، وێنەگریان هەبوو. ئەو لە دیوانیەوە دەزانێت لەسەر چەند دووکانێك، لەسەر پارچە زەوییەکە، لەسەر کەلاوەیەك، دوو حزب، دوو هێز دەبێتە شەڕیان، یەکتری دەکوژن، خوێنی زۆر دەرژێت، ماڵ دەسوتێت، خێزان و عەشیرەت و گوند و هەواری زۆر چۆڵ و تالاّنیش دەبێت!
نەدا، دەبێتە خاوەن دەرمانخانەی تایبەتی خۆی. شێروان راوێژکارێکی یاسایی ناوداری لێ دەردەکەوێت. لە دیوانیە جێگیر دەبن. بەڵام هەست دەکەن، شارەکە ژیانی تێدا تفت و تاڵ بووە. بەردەوام پرسەی ئیمامەکان، رۆژی لەدایکبوون و مردن و کۆچ و گەورەبوون و ژەهرخواردنیان دەگێڕن. بەردەوام جلەکان رەشتر دەبن، ریشەکان درێژ و دیوەخانەکان گەرمتر و چاوەکان زەلیل و دەستەکان کورت دەبن! هەست بەترس و ناڕەحەتی دەکەن. خزمەکانی نەدا زۆریان کۆچ دەکەن، برا گەورەکەی بە کۆچکردن و لیستی (ئو ئێن) دەگاتە کەندا. دوو خوشکی لەگەڵ مێرد و منداڵەکانیان لە سویدەوە نامە دەنێرن. دەستەخوشکەکانی لە بەیروت دەگیرسێنەوە. یەکێکیان دەگاتە ئەمریکا و بەشانازییەوە بۆی دەنووسێت:
کیژە گەورەکەم، بوویتە پاڵەوانی یاری باسکە! چاوی گەورە بووە، باریك و ناسك بووە، وەك ئەمریکییەکان بە ئینگلیزی قسە دەکات! کەس نازانێت عیراقییە! بەڵام شەو و رۆژ ئیش دەکەین و پێراناگەین و زۆریش ماندووین، بەڵام ژیان خۆشە جوانە.
کە دەچنەوە ماڵەوە، دەرگای دەرەوەیان دادەخەن. پەردە مۆرەکان دادەخەنەوە. ئۆتومبێلەکانیان لە گەراجەکە رادەگرن، دڵشاد و سەرفراز لەگەڵ بەرنامەی هەمەرەنگەکانی تەلەفزیۆنەکەیان دوور دەڕۆن و دەگەنە سەر کەنارەکان. دەچنە ناو زانکۆ و کۆمەڵگە خاوێنەکان. ماوەماوەش شارەکەیان لێ دەبێتە (فیلمێکی رەشوسپی)، حیکایەتێکی ترسناك. سەری ئەوان و ورگی گورگی ترسناکی برسی بۆ خوێن. بیر لە چارەسەرێك و بەردەباز و پردێك دەکەنەوە، تا ئەو رۆژەی لە فەیسبوك شیروان، نامەیەکی کۆچەری بۆ ناسین و دۆزینەوە دەبینێت، بەپەلە فرێندی ئەو قبوول دەکات. دەزانێت لە هەولێرە، لەو شارەی دایکوباوکی پێش پەنجا ساڵ لێوەی هاتوون!

*****

# بۆنی دارپرتەقاڵ

ئەو (کوڕەکەی لە ئامادەیی واز لە خوێندن دەهێنێت و شەوێکیان لە تەیراوە ون دەبێت و چیتر نەگەڕایەوە) لە زۆر کاروانی درێژ، چەند دەشت و کێو و گوند و شاران دەکات. لەسەر چیای هەندرێن و لەسەر جەستەی ڕەق و ساردی بەفر و گەرمی شەڕەکان (بێ هەواڵ لە دایکی و خوشکەکەی) لەدیار تفەنگێکی ئینگلیزی (پێنج خۆر)ی کۆن. ئەوەندە لەشان کرابوو، قایشەکەی دەبریقایەوە، لووس و باریکیش ببوو، دەمینێتەوە (ئینجا تفەنگەکەی زۆریش خۆشدەویست و شاناز بوو بەو دیارییە).
لە دەشتی هەولێر شەوانە، لەگەڵ دوو پێشمەرگەی لاوازی ڕەشتاڵەی جەمەدانی شڕ، بەڵام دڵسۆز و کەیفساز، یەکێکیان تفەنگێکی ئینگلیزی (شەوافی)، ئەوەی یازدە گوللەی دەخوارد، یازدە گوللە واتە یازدە نیشانە و یازدە سەنگەر و یازدە جار پەڕینەوە و نەترسان، ئەوەی تریان تفەنگێکی ئینگلیزی (پەڕەشووتی دار ڕەش)ی پێبوو، دووجار ڕێگا قیرتاوەکە دەبڕێت.
ئێوارەکەی کە خۆر ئاوادەبێت. ئەوان ژمارەیەك پێشمەرگە بوون، تاریکی شەو و تەنیایی ترس بواریاندەدا، بچنە ئەو بەری دەشتەکە. هەر ئەو شەوە، تاریکییەکە بواریان دەداتەوە و زیزبوونی مانگ ڕێگایان بۆ ئارام دەکات، دووبارە بپەڕنەوە و بگەنەوە ئەودیو و ناوچەی ئارام و بارەگاکانیان. دەچن یارمەتی بۆ شۆڕش و حزب کۆبکەنەوە. خۆیان نیشانی دیوەخانە گەورەکان و سواندە و سەرسەکۆکانی شڕە لبادێکیشی لەسەر نەبێت دەدەن. ئەوان دەستەیەك بوون، بەیەك نانی ڕەق و دوو هێلکەی کوڵاو، دەشتێکی وشکی بەردەڵان و دڕکاوی و بەسام دەبڕن. بە دوو قاچی ماندوو و پێڵاوی دڕاو و جلێکی شڕ، بەهەڵگرتنی یەك وشەی نهێنی، بەڵام پیرۆز، بۆ ڕاپەڕاندن و جێبەجێکردنی فەرمانی حزب.
دەڕۆن و ئاوڕێك بۆ دواوەش نادەنەوە، ئەوان دەپەڕنەوە و ناپرسن بۆ بپەڕینەوە. بۆ گەیاندنی نامەیەك، تۆڵەکردنەوە، یان ڕاسپاردەیەك بەوە شەوە دەگەێنن.
ئەو چەند مانگ لە هەمەدانی زۆر دوور، دەمینێتەوە. لەوێ چەك دەکرێن و پاش ماندووبوون و پەشیمانی، بێچەك دەگەڕێتەوە. لە ئەشکەوتێکی بن چیای زۆزك، لە گوندێکی خاپووری خۆشناوەتی، لەگەڵ سەرلقێکی کەللەڕەقی خۆپەرست. هاوشانی کادیرێکی شارستانی خوێندەواری پیر و

ماندوو و چاوەڕوان و بەورە دەژیت. لەو هەموو هەوارە ناکوژرێت و زۆریش مردنی لێوە نزیك بووە، دوورە و سەرسام و لەو بازنە، لەو هەورازە دژوارەدا دەخولێتەوە و ئاگای لەوە نییە، یان لە بیریشی نییە پەروینی خوشکی، بەتەنها ماوەتەوە و چاوەڕوانە و چاوەڕوانیش کۆتایی هەیە. پەروین گەورە بووە، دڵی هەیە و چاوی هەیە. نانێکی گەرمیش ئەو شەیدا دەکات. دەست بۆ نانەکە درێژ دەکات. لەگەڵ نانە گەرمەکە بەیەکەوە دوور دەڕۆن. بەڵام ئەوان بۆ باشوور، بۆ سەیری دارخورما و (گریان لەگەڵ شیعەکان) و پرسیارکردن لە عاشورا و دۆزینەوەی سەربڕاوەکانی ئەو جەنگە ناوخۆیە.
چەند ساڵ بوو، کوڕەکە (چەند ناو و رەنگ و پۆست و ئەرك و بەرنامەی هەبوو) خێزانەکەی نەدیبوو. لە هەمەدان بۆ دایکی گریا. زۆر لە برادەرەکانی فرمێسکی زیوینی گەرمیان لە چاوەکانی دیبوو، وتبووی: من بۆ دایکم دەگریم. لە چیای زۆزك، هەڵۆیە و ماوەماوە لەسەر دوندی چیاکە لەگەڵ رەنگ و ریواس و سێبەری زنارەکان ون دەبێت و دەتەقێتەوە. لەوێ ساتێك، مەندە و بیردەکاتەوە و ناوی هاوسێیەکی گەڕەکی تەیراوەی بەبیرنەدەهاتەوە. بۆیەش لەوێ ویستی بگرێت. شەوانە پاسەوان بوو، هەستی دەکرد شنەبای بناری شاخەکە، وەك کزەبای سەربانەکەی تەیراوەیە. لەوێش دەزانێت، سرووشتی شارەکە وەك ئامێزی ئەو ناوچەیە پاکە. ئەدی ئەو بۆ بەو شاخە کەوتووە! دۆڵ بە دۆڵ دەڕوات و نازانێت کەی دەگەڕێتەوە.
شەوێکیان لەگەڵ مەفرەزەیەك لە بناری چیای کۆسرەت، لە ژوورێکی بنمیچ نەوی کاریتە شکاو، بۆنی دایکی لە ساواری کوڵاوی پیرەژنەکە دەکات. دەیەوێ قاپێکی تری بۆ تێبکەن، بەڵام دەزانێت، بەشیان ناکات. بەڵام ئەو، زۆرتر بۆنی ساوەرەکە لە هەناو و چاوەکانی دەکات. لەوێ دەیەوێ سەر بەو بالیفە بکات، وادەزانێت (نەخشی کۆتر)ەکە، گوڵەکەی بە دەستی پەروینی خوشکی چێنراوە.
ئێستا نازانێت کەی بوو، لەدوورەوە مردنی دایکی زانی. ئەو دەزانێت و باسیش ناکات. ناکرێ لەناو دەستەیەك و لەگەڵ فەرمانێکی نهێنی هەڵبستێتەوە و بە برادەرەکانی بڵێت: لەودەمەدا هەست دەکەم ئێستا دایکم دەمردێت. بەڵام ئەو لەورۆژەدا، لەگەڵ خۆی و بەتەنها هەواڵەکە دەزانێت. خەریتەکەی پشتی دەکاتەوە. (تفەنگە برنۆیە دوازدە)کەی، بە قەدێکی ماندووی هیلاك بە بەفری دارمازووێك دەسپێرێت. خەریتەکەی بە دەستی لقی دارەکە وەدەکات. جەمەدانیە بۆرەکەی لەسەر دەکاتەوە.

دەستە جلە خاکییەکەی لەبەردەکاتەوە. لەسەر روومەتی بەردێکی لووسی خاڵداری بەرخۆرەکەی. هەموو ئەمانە تفەنگە گریاوەکە، یەخەی دادڕاوی خەریتەکە، جلەکانی چەند مانگ بوون بۆنی سابۆنیان نەکردبوو، جەمەدانییەکەی سەری لەناو خەم و ماندووبوون دەپێچایەوە، ئەوانەی ماوەیەك بوو ئەویان داپۆشیبوو، بەئەمانەت، بۆ سەفەرێکی نادیاری کورت و بەترس بەجێدەهێڵێت. لەوێ بڕیارێکی ترسناك دەدات، کەس بڕیاری وای نەدابێت، هیچ پێشمەرگەیەك، هیچ کادیرێکی زۆرزانی حزب، دەروێشەکانی چیا جورئەتی وایان نەکردبێت، ئەو زەمەن رادەگرێت، پشووێك دەداتە پێشمەرگایەتی و (تەمەن بۆ دواوە دەگێڕێتەوە)! چاوەڕوانی رەزامەندی راگرتنی زەمەنەکە ناکات، پرسیار ناکات، ناپاڕێتەوە، داوا ناکات، لە شوێنی خۆی ناجولێتەوە. تەکانێ بە جەستە ماندووەکەی نادات، زەمەن رادەگرێت. لەناخەوە پرسەیەك بۆ مردنی دایکی دادەنێت.
کەس لە تفەنگ و دەمانچە و پاسەوان و کادیرەکان، نازانن و ئاگادار نەبوون. ئەو خۆی دەگۆڕێت پشدێنێکی گوڵزار، قەمیسێکی سپی وەردەگرێت. دەبێتە پێشمەرگەیەکی بەزیوو. دەبێتە تەمێکی سپی بەغار. بەخەیاڵ دەگاتە گۆڕستانەکەی (ئیمام موحمەد) ئەوەی لەناو قەسران تەکانێکی دەداتە بەرخۆی و خۆی رەسم دەکات، گۆڕستانەکە بوار بە بناخە و دیوار و باخچەکانی گەڕەکەکە نادات، چیتر سنووریان ببەزێنن، بێنە پێشەوە، شێوەیەکی چوارگۆشەیی لەسەر شەقامی سیمەتری، بەرامبەر منارەکەی موزەفەریە، مزگەوتەکەی حاجی حوسین، دائیرەی ئیشغاڵ و بە خزمایەتی پیرۆزیی کەندەکۆخ دەمینێتەوە، پەنجەی ئیمامی رادەشەقێنێت و دەڵێت:
بوار نادەم، چیتر رووبەر و سنوورم تەسك بکەنەوە.
لەوێ ئەو زانیبووی، گۆڕستانەکەی شێخ مەلا رەشید تایبەت بووە بە مورید و دروێشەکانی خۆیان، بۆیە: چەند دەستی ماندووی هەژاردۆست و ئیمانداری کۆڵانەکە. لەناو (قووڕەشین)ەکە و لیتەی بندیوارەکان، تەرمەکەی دایکی هەڵدەگرن، دەڕۆن و لەکۆڵانەکانەوە دەگەنە سەر جادە بەرینەکە. دەگەنە بندیواری قەسرەکانی، تێدا دارپرتەقاڵ و گوڵە هیرۆ و سێبەری فێنك، بۆنیان بە دیوارە چیمەنتۆکانی بەخشیبوو. لەوێ فنجانی کارەبا و دەرگای گەورەی ئاسنی بۆیەکراو، نەخشی بەردینی ستارەکان، ئەدی زەنگی بەردەرگا و گلۆپە سەر بەچەترەکانی بن هەیوانەکان، هەموویان بۆ ئەوان نوێ و نەناس بوون. لەو ناوچەیە کەس ناناسێت، لەو خانووانە

تێدەپەڕن و تەرمی دایکی دەبەنە گۆڕستانەکەی ئیمام موحمەد. بەدزی و بە فەقیری دایکی پێشمەرگەیەك دەنێژن. مردنەکە و خەڵکەکە و پرسەکەش، نازانن کوڕەکەی ماوە، هێشتا تفەنگی لەشانە. کوڕەکە ماوە، هێشتا راپۆرتی حزبی بۆ ناوچە دەنووسێت. یان جارەکەی تەقەی لە فڕۆکە کرد، نەترسا و هەڵسایەوە سەرپێیان و شەڕی کرد، لەو نەبەردییەدا کوژرا.
لەو ساتەدا، لەو خۆگۆڕین و رامانەدا، لەناکاو هەست دەکات دایکی دەمرێت، نامەیەکی بچووکی پێچراوی لەکەس بۆ نەهاتبوو. کێ نامەی بۆ بنووسێت! ئەو کێی هەیە نامەی بۆ بنووسێت! ئەوددەمە و لەو رەوشەدا هەست دەکات و دڵنیا دەبیت دایکی مردووە، باش دەزانێت! بەڵام نازانێت پەروینی خوشکی پاش مردنی دایکی و سەفەری درێژی تەرمەکەی، بەناو کۆڵانەکەی (پرتەقاڵ بۆندار)ی کردبوو، هێرۆ نازداری کردبوو، چۆن دەژیت! چی بەسەرهات و چۆن و لەگەڵ کێ دەڕوات! کێ دەوێرێت داڵدەی بدات، کێ ئامادەیە خوشکی پێشمەرگەیەك، سینگ کیژێکی بۆندار بە سێو و مێخەك، بباتەوە ماڵی خۆیان، لەگەڵ ئەوان بژیت. کە کیژەکە بێنوێژ دەبێت، کە خۆی دەناسێت بە تەنەکەیەك ئاوی گەرمکراو، لەناو تەشتێك و گۆشەیەکی ژوورەکەیان، کراس و کەوا و بنکراسەکانی بە سینگێکی ژوورەکە وەبکات و خۆی تەڕ بکات! کێ ئەو مەردایەتییە دەکات.
کەس نەبوو، کەسێك نەهات پرسەکەی بە قورئان و گریان و تەڕەحەڵوا شیرین و پیرۆز بکات. کەسیش نابێت، کیژەکە وەك نووشتەیەك، لە پەڕۆیەکی کەسك بدورێت، دوو (شەتڵە رەیحان)یشی لەبەر باخەڵی بنێت.
کەس نەبوو، کیژەکە خۆی نەبێت، کیژەکە دەزانێت کەسی نییە، هەر خۆی دەستی نان دەگرێت، لەگەڵ چاو و سۆزی نانەکە دەڕوات.

*****

## پەنجا پێشمەرگە

لە سەرەتاکانی بڵاوبونەوەی بەیانەکەی یازدەی ئازار. پاش تێپەڕبوونی دوو هەفتە بەسەر بڵاوکردنەوەی بەیانەکە. بۆ سازییەکانی نەورۆزەکەی دارەتوو، بۆ رێپێوانەکە. دوو شەو زووتر، ژمارەیەك پێشمەرگە دەگەنە شوێنی ئاهەنگەکە. جلی خاکی خاوێنی جوانیان بۆ دابین دەکەن. مەشق و راهێنان بە حەفتا پێشمەرگە دەکەن، سەرەتا بڕیارەکە وابوو، دوایی

بڕیاردەدەن، ژمارەکە کەم بکەنەوە. تا ڕێپێوانەکە جوانتر و ڕێزدارتر بێت. چەکەکان دەکەنە پەنجا، (جلە خاکی)یەکان، دەکەنەوە پەنجا. ماوەیەك بیر لەوە دەکەنەوە، پەنجا پێڵاوی شەورۆی یەك ڕەنگ، یەك قەیتان چۆن بدۆزنەوە. ناتوانن چونکە هێشتا بۆ ئەوان شۆڕشە! پەیداکردنی پەنجا جووت پێڵاوی یەك ڕەنگ و یەك قەیتان بۆ پێی ڕێپێوانەکە ئاسان نەبوو. یان شۆڕشەکە تەواو بوو، حزب شار و دەسەڵات هەیە، دەتوانن هەموو پێداویستەکانی ئاهەنگە بەئاسانی دابین بکەن !؟

شەو درەنگ جێبێکی شکاو، بەدەرگایەکی دانەخراو، بەلایتێکی کز، دەگاتە ناو مەیدانی مەشقەکە. دوو سێ بار کالەی شینی یەك ڕەنگی یەك قەیتانی بە ژمارەی بچووك و گەورە. لە مەیدانەکە هەڵدەڕێژن. کالە شینە نوێیەکان لە هەولێرەوە هاتبوون، کێ کڕیبوو، کێ پارەکەی دابوو، چۆن کۆدەکرێتەوە، کێشەی ئەوان نەبوو. هەموویان جووت جووت کالەکان وەردەگرن. ئیتر ئامادەن و چاوەڕوان دەبن، بەیانی پەنجا پێشمەرگەکە، چاوەڕوانی هاتنی تیشکی خۆری نەورۆز دەکەن. چاوەڕوان دەبن، بزانن هەولێر، هەموو بۆ سەیران و پیرۆزبایی دەگەنە ئەو مەیدانەکە. هەموو هەولێر چەپڵەیان بۆ لێدەدەن، پێیان دەڵێن: تفەنگی ئێوە، ڕێکخستنی حزب، برسیەتی، خوێنی هەڤاڵەکانتان، شۆڕشەکەی کرد بە حکومەت.

براکەی پەروین لەوێ دەبێت، چاوەڕوانی هاتنی خوشکەکەی دەکات!؟ ئەو زانیویەتی دایکی مردووە، یان نەیزانیوە؟! دەزانێت خوشکەکەی گەورە بووە، شووی کردووە، منداڵی بووە یان تازەبووکە؟! هیچ نازانێت، ئەو لەو نەورۆزە مەشقەکەی کردووە، یان کادیرێکی حزبە و لەگەرمەی کۆبونەوەیە و زۆریش دوورە لەو شوێنە؟!

هەولێر دەگاتە بەر سێبەرەکەی دارەتوو، دەچێتە بەر تریفەی مانگی پێشمەرگەی هێزی دەشتی هەولێر، بەڵام! نە پەروین لەوێ براکەی دەدۆزێتەوە، نە برا پێشمەرگەشی بۆنی خوشکەکەی دەکات.

*****

پەروین کەسی نەبوو پێی بڵێت من ئەو کوڕە نانەوایەم خۆشدەوێت، زۆرم خۆشدەوێت. خۆشم دەوێت، چونکە بۆنی نانی گەرمی لێ دێت، بۆنی زادی لێ دێت! کەسی نەبوو، پرسی پێ بکات، خۆی و دڵەکەی، تەنها بوو، بەتەنها لەناو خانوویەکی روو لە (ئاکرێ)، هەموو نیوەڕۆیان، تا یاسین لە فڕنەکەی دەگەڕایەوە. ئەو لەدیار دایکە نەخۆشەکەی چاوەڕوانی بۆنی

نانی دەکرد، چاوەڕوانی تامی نانی دەکرد.
هەموو دەیانزانی پیاوەکان، کاسبکارەکان، لەناو کۆڵانە تەسك سەرگیراوەکانی قەیسەرییەکە. ئەوانەی لەدیار مەکینەکان، گومرگەکەی تازە دوور لە بازاڕەکەی شێخەڵا دروستکرابوو. حەمباڵ و دەلاڵ و عارەبانچی و فرۆشیارەکان. ئەوانەی لەناو دووکانەکانی شارەکە بەڕاستگۆیی و بێ درۆکردن ئیش دەکەن، کەی دەگەڕێنەوە. کرێکارەکان کەی دەست لە ئیش بەردەدەن، جوان (دەستە ماندووەکانیان دەشۆن) و هەر بە شەرواڵە و یەخە و بەرسینگیان وشکی دەکەنەوە، بەڵام ئارەقە و رۆژانە تەڕەکەیان دەهێنەوە. لەو کۆڵانە دەیانزانی کوڕە شاگردەکان، پیاوە عارەبانچییەکان، جامبازەکان، گۆشتفرۆشەکان، ئەوانەی لەناو کوورەکانی خشتبڕین، کە بۆنی زبڵ و قووڕیان لێ دێ، کەی و سەعات چەند دەگەڕێنەوە.
کاتی هەموویان دیار بوو. چایەچییەکان، کارگەچی ناو قەیسەری، بەبۆنی لباد و خووری و عەترەوە. فیتەرەکانی جێب و قەمەرەکان (عەیار دەدەن) و مەکینەکان دەکەنەوە، تایەی گەورەی لۆرییەکان پەنچەر دەکەن، کەی دەگەڕێنەوە.
پەروینیش دەیزانی یاسین سەعات چەند، دوانانی گەورەتر و سوورتر بۆ خۆیان دەکات و تەندووری فڕنەکەیان دەکوژێنێتەوە. دەگەڕێتەوە و دوو سێ نانی گەورەی بەکونجی، کون کونی باش برژاو، لەناو دەستەسڕە گوڵزارەکەی دەیبەستێت و دەگەڕێنەوە:
نازانم پرس بە کێ بکەم! کێ من دەباتە ناو شاخەکان، چۆن دەگەمە بارەگاکان، لە کوێ براکەم دەدۆزمەوە، پێی بڵێم:
من دڵم بە تەندووری نانەوایەکی گەڕەکەکەمان سووتاوە. چەند ساڵە بە زادی ئەو، سکی برسی دایکە داماوەکەت گەرم دەبێتەوە. ماوەیەکە کەم نییە، ماوەیەکی درێژە، (بەو چاوەڕوانییە دەیزانی چاوەڕوانی چەند تاڵە) چاوەکانم، بەئاسمانی نانە زەردەکەی هۆگر بووە. کاکە تۆ لە کوێی!؟
لەکام گوند، خەریکی دارشکاندن و بەدیار دووکەڵی سوپای مزگەوتەکان سەرگەرمی کۆبونەوە، پاسەوانی، خوێندنەوەی (کتێبێکی بەرگ سووری عەرەبی)، بۆ نەگەڕایتەوە؟
خۆت ئارەزوو ناکەیت، یان لەو شارە دەترسیت! کاکە مەترسە و سەردانێکی من و دایکت بکە! وەرەوە من پاسەوانیت دەکەم. یەکێك راسپێرە من دێم. من دەمانچە و گوللەکان و دەفتەر و بڵاوکراوەکانتان لەناو سینگم دەشارمەوە. تۆ بێچەك بگەڕێوە، یان شەرم دەکەیت، ناتەوێ قسەت

**لەسەر بکرێ؟ ئەدی تۆ نازانیت مردنی دایکت و بوونی من چاوەڕوانی تۆ دەکەن!؟ کێ دەزانێت، براکەی من لە کێیە؟ پیاوی دەست بەچەك، پیاوی پێشمەرگە چۆن ون دەبێت!**

# بەشی دەیەم

# ئێستگەی کوردستان

کاکە لەبەرئەوەی تۆ خوێندەوار بوویت، برادەرەکانت دەیانووت دەنگت گەورەیە. لە قوتابخانە سروودت بە دەنگە بەسۆزەکەت بۆ مامۆستاکانی سروود وتووە: یەحیا مەرجان، واحید مەرجان، فوئاد ئەحمەد، جەمال هیدایەت، عەبدوڵا دڵسۆز (ئەو پیاوەی زۆر شەیدای هونەر بوو. دەنگ و ئاوازەکانی گەرم و نەرم بوو. گۆرانی نامە لە یاری نازەنینی، گەرم گەرم وەك ئاگر بەنەرمی دەوت. کەسیش نەیدەزانی نازەنینەکەی ئەو کێیە، قسەی نەدەکرد، نهێنییەکەی نەدەدرکاند و شەرمی دەکرد و لە نازەنینەکەی نەترسا، بەڵام دەترسا، بۆیە بەنەرمی گۆرانییەکەی دەچڕی، بۆیەش نەرم نەرم، بێدەنگ مرد و کەسیش باسی ناکات. ئێستاش پێکە سپییەکەی لەسەر مێزە شڕەکەی یانەی مامۆستایان، ئەگەر بە چاوی دوێنێ سەیری بکەیت و شوێنەکەی بناسیتەوە، وەك جاران بەتەنهایە، هیچ قاپە مەزە و کەوچك و تەپڵە جگەرەیەکی لەسەر نییە. پەرداخە شووشەییە ڕەنگ شیرییەکەی لاربوویتەوە، چاوەڕوانی نامەی نازەنینەکەی دەکات) دەوتەوە. بۆیە ڕەنگە ئێستا لە ئێستگەکە بێژەر بێت.

شەوانە، کە ئێستگەکە لە رادیۆکەی ماڵەکەی هاوسێیەکەمان نوزەی دەهات، دایکم دەگەشایەوە. چاوەکانی، من هەستم دەکرد بە دەنگێك، بە سۆزی هەناسەیەك زۆرتر چاوەکانی دایکم لەوەدەمانە روونتر دەگەشایەوە. دایکم لەگەڵ دەنگەکە، لەو ژوورە تاریکە بەترسە، دەبووە چراخان، پشکۆیەك، رەنگە هەستی کردبێت، دەنگ و سەداکە هەناسە، چرپەی دەنگی تۆیە.

ئەو هەستی بە تۆ دەکرد. کە تۆ لەدیار تەکنیکارەکە، پیاوەکەی بەر لەوەی ئێستگە و (ئەنتنیا) لەشێوەی هەردوو پیتی ئیل و تی ئینگلیزی دروست بکات و دابمەزرێنێت. کەوا و سەڵتەیەکی مەلایانەی لەبەردابووە، لە قاهیرە و لە مزگەوتەکانا خەریکی خوێندنی ئیسلامی دەبێت، دەیەوێ بڕوانامەیەکی باڵا لە خوێندنەکە وەربگرێت، بەڵام (عەبدولخالیق مەعروف) دەگەڕێتەوە وڵات. لەگەڵ کار و فەرمانە ئاساییەکانی لە بەغدا، سەرقاڵی دانانی یەکەم پەخشی رادیۆیی دەبێت. لە بەغداش، هەر بۆ خۆی. بۆ جولەی مێشك و دەست و وایەر و لەفکردنی شووشە بەتاڵەکانی وێسکی، پیاوێك بە کەوا و سەڵتە و سەربازی ئارەزووی دەکەوێتە ئەو پیشەیە، لەوەیان زیرەك و لێهاتوو دەبێت. ئەو زانستە باش فێر دەبێت، بە کەرەستەی سادە و بە ئەزموونی خۆرسکەوە، شەپۆلەکانی ئێستگەکانی دوور دەڕوات، هەنگاو بە

**هەنگاو لەو زانستە گەشە دەکات و بەردەوام دەڵێت:**
**من دەتوانم پەخشی رادیۆیی ساز بکەم. من مەلام و ئەندازیار نیم، بەڵام دەزانم بە دەست و کەرەستەی هەرگیز تاقینەکراوە، دەنگ و ئاواز بڵاوبکەمەوە. لەو شاخانە، ئەندازیارەکان سەیری دەکەن و ئەویش خەونەکەی دەکاتە واقیع. بڕوای پێ ناکەن و دەنگەکە دەڕوات، کەرەستەکانی خۆماڵی و گوندیش بوون، بەڵام رۆژنامەنووس و میوانی شۆڕش و حزب سەرسام دەکات، بەناوی نهێنی (پشکۆ)، سەرکەوتنەکان و چالاکییەکان بڵاودەکاتەوە. دەخوێنێت و زمانەکان فێر دەبێت. ئێستگەکان، لە هەموو قۆناخەکان باشتر و زانستیتر و فراوانتر دەکات. کەوا و سەلتە و مەلایەتی بەیەکجاری لەبیر دەکات.**
**بەڵام! لەناو شۆڕش کە بەپەرۆشەوە خەریکی تەکنیکار دەبێت، لەبیرناکات، مانگانەی یارمەتییەکەی، سەرەمانگەکان، ئەو پارەی لە رۆژانەی مانگی رابردووی زیادە، ئەو پارەیەی، پاش هەموو مەسرەفی خۆی و منداڵ و ژنەکەی ماوەتەوە تەسلیم نەکاتەوە. هەرگیز نایەوێت پارەی زیادی رۆژانەی هەڵبگرێت و (مانگانە دایداتەوە دارایی)ەکەیان. بێگومان لەوەش راهاتبوو، مانگانەکەی زیاد بکات. ئەو لەبیر ناکات، لە هەر گوندێك ژیابێت، دوو ئێستگە و دوو پەخش ساز بکات. یەکێکیان بۆ خۆی، ئەوی تریان بۆ شۆڕش.**
**ئێستگەیەك شەپۆلەکان بۆ ناو دۆست و دوژمن بڕوات. ئێستگەیەك هەتا ئاسۆی چاوەکانی هەنگاوی پیادەیی خۆی بڕ بکات. بەردەوام دوو شەپۆل لەبن دەستی ئەو پەخشی کوردی دەکرد، یەکێکیان بۆ مەزاجی جوانی خۆی و گەورەکەش (ئێستگە گەورەکەش، ئەوەی ئێستا شوێنەکەی شوورەکراوە، ژێرزەمینەکە بە کەلەکە بەردی مەزراکە، یان بە دەرگایەکی ئاسنی دەستکردی سادە داخراوە. ئەو پارچە رەز و چرۆ و دەوەنە، سەرگردەکەی خۆریش تا درەنگ ناتوانێت سێبەری (شاخی بەراستی) لێ بڕەوێنێتەوە!**
**ئێستاش لەورۆژانە، کاریگەری شەپۆل و کارامەیی ئەویان بەسەر ماوە. رەنگی کەڤر و (دۆی چرۆ) و سێبەری کانی و هەوارە سمۆرە و توولەمێو و هەنارەکان، لەگەڵ بەرد و چرۆکانی تری دەڤەرەکە زۆر جیاوازە، رەنگ و بۆن و شێوەیان جیاوازە. بەردەکان، چرۆکان، باریکە رێیەکان، پەرژینە دڕە ئەستوورەکان، لەناو هەموو باڵەکایەتی جیاوازە.**
**کە بەفر ناوچەکە سپی سپی دەکات، شوێنی شەپۆلی ئێستگەکەی عەبدولخالیق مەعروف، رەنگەکەی سپییەکی جیاوازە. لەدوورەوە دیارە، زۆر جیاوازە، ساردییەکەی کارەباییە. چرۆکان میوەیەکی تری نوێ و جیاواز**

لە هەموو کۆیستان و ڕەنوو و نسارەکان دەگرێت. میوەکە شێوە و دیزاین و ڕەنگ و قەبارەی گەلای دارەکەی درێژترە! ڕەنگیان ناوازەیە، جوولەیان بەخشپەیە، هەناسەیە بەئاوازە، گەشەسەندنیان بەشەوە، قەدیان بەرۆژ زۆر بەرز نییە، بەشەو هەڵدەکشێن، فێرن زۆر سەیری ئاسمان نەکەن، نەوەك (مێك و سۆخۆی و باجەر)ەکان بۆردومانیان بکەن! میوەکان، خڕتر و لووستر و نەرمترن. گەلاکانی ئەو سەرگردەی ئێستگەکەی لەبن دانراُبوو، باریکن و بەرۆژ دەخەون، بەشەو دەڕوێن. ئاوی کانییەکەی سپی ترە. ناوچەکە هەور زۆرتر دەگرێت و پیرۆزترە. ڕۆژانە کەمتر سامالی بەردەکەوێت.
ئێستگەکە سروشتی بنار و گۆرەکەی گۆڕیوە. لەورۆژەوە بە چرۆکان دەڵێن چرۆی ئێستگە. بە نزارەکان دەڵێن، سێبەری پشکۆ. کەڤرەکان لەبەرئەوەی دەبریسکێنەوە، خەڵکەکە فێربوون پێیان دەڵێن (بەردەئەڵماس). ناوی سرووشتییەکان بوونەتە فەرهەنگێکی نوێ. ئەو ناوانە بەس لەو گردە کەچەڵە هەیە، لەوێ پشکۆ ناوەکانی سازکردبوو.
ئێستاش جووتیارەکانی ناوچەکە لەبەر تەوژمی شەپۆلەکان سەرمایان نابێت، ماندوو نابن، لە سەرکەوتن ئارەقەش ناکەن، شنەباکەی سازگارترە. بڕوا بکەن لەوێ، هەموو دار و میوەیەك، بێجگە لە خورما بەری دەبێت و شیرینیش دەبەخشێت. ئێوارەکانی کاتی پەخشی رادیۆکە، زۆر زۆر جوانترە و ئاسۆکە وەك زیو خۆی دەنوێنێت، زیوە زیو.
لەوێ ڕووناکییەکە سپییە، شەوەکان ئەستێرەی خۆیان هەیە و چاوەڕوانی سووڕانی هەسارەکانیش ناکەن.

*****

ئێستگەکە، شەپۆلی دەنگ و شۆڕش و هەڵسانەوەیەکی لێوە دەردەچوو. لەو کونەشاخە باریکە تەسکە سەرداُخراوە دەگوترا: گوندێك سووتا. ڕەوەزێك گیرا. منالێك کەوتە بن رووخانی ئەشکەوتێك. (ناپاڵم)ێك هەموویان ئەندامانی خێزانێك دەکوژێت. ژن و منال و داپیرە و باپیرەکەیان هەموو بەیەکەوە: بە دەردی ناپاڵم، بە زەبری ناپاڵم بە شیرپەنجەی ناپاڵم مردن. هەموویان دواهەناسەیان بەیەکەوە هەڵکێشا و بەیەکەوە خوێنیان لەناو ئەشکەوتەکە ڕژا، تەنها باوکیان نەبێت، ئەو بۆ داربڕین و هێنانی ئازوخە و شانەیەك هەنگوین، لە دەرەوەی ئەشکەوتەکە کردبوو. هەمووەمان مردن و ئەشکەوتەکە بووە گۆڕێکی وەنەوشەیی بۆ هەموویان، ئێستاش باوکیان، خەڵکی گوندەکە: بۆ پیرۆزیی، بۆ چاکبوونەوەی لە نەخۆشییەکانی سامگرتن

و ترس و دڵەڕاوکێ و (جورئەت نەکردن) و دەرچوون بەشەوان و ترس لە تاریکی، هەناسە سواربوون، دەچنە بەر دەرکی ئەو ئەشکەوتە و نزای چاکبوونەوە و هەتوانی لێ دەکەن.
لەو ئێستگە وترا، ئەشکەوتێك بووە بە مەزار و گۆڕێکی بەکۆمەڵ. ناپاڵم لەئاسمانەوە بەرائەت و سادەیی و ترسی ئەو خێزانەی دۆزیەوە، هەمووی بەیەکەوە کوشت. لەو ئەشکەوتەوە، دەنگی سەرکەوتن و سروودەکان و (کۆتایی شەڕەکان) و دانوستان پەخش دەکرێت!
ڕەگە ئەستوور و لوولەیی دارەکانی ئەو تەختاییەی، ئێستگە و چاپخانەکەی لەسەر دامەزرابوو. بە دوو بەش، بە دوو ئاراستە چوونەتە ناو خاکەکە. هەندێکیان (ئاسۆیی) بۆ هێنانی ئاو و خوێ و کالیسیۆم درێژ بوونەتەوە. ئەوانە لەگەڵ شەپۆلی ئێستگە لۆکالییەکەیە هەڵکەوتوون و بەو شەپۆلە ڕاهاتبوون.
ئەوەی پیاوەکەی هەرگیز سەیری بن پێیەکانی نەدەکرد و سەربەرزانەش دەڕۆیشت، بۆ زەوقی خۆی لەبن هەیوانە قووڕە ماڵنجکراوەکە دانابوو!
بەڵام ڕەگە (ستوونی)یەکانی دارچڕۆ و مازوو و شنگەبییەکان، نیشانەی شەپۆلە دوورەکانی ئێستگەکەیان گرتبوو. ئەوانەی دەنگ و سەرکەوتن و سترانیان بە چوار زمان، دوور زۆر دوور دەبرد.
دوو جۆرە شەپۆل لەنزیك هەوارە شوورەکراوەکە دەردەچوو، ئەوەی نەدەپسا و نەدەوەستا و نەدەگەڕاوەیە، دەگەیشتە هەموو ماڵەکان، هەموو بارەگاکان و ناو ململانێیە سیاسی ئەفەندی و کادیرەکان.
ناوچەکە شوورەکراوە. بەنیازن لەبەر حورمەتی مەلا ئەندازیارەکە، بۆ گەورەیی هزر و لێزانینی ئەو، شوێنەکە بکرێتە هەواری یادەوەری. بەشێکی زەوییە تەختەکە، بکرێتە ئامۆژگایەکی تەکنیکی خوێندکاران. کیژ و کوڕەکان وانەی فیزیا و ئەندازەی کارەبایی و میکانیکی تێدا بخوێنن. بەشەکەی تریشی باخچەیەك بێت، بۆ مان و زیندوویی چاوەکانی ئەو هەر سەوز بێت.
بەر لەوەی پەخشەکە دوور بڕوات. هەواڵ و وتاری سیاسی شۆڕش بباتە شارەکان، گوندەکان، ناوماڵەکان، گەڕەکەکان، بەئامادەبوونی خۆی، بێ ئەوەی شەرم بکەن، یان دوودڵ بن، هەندێ لە هاوڕێیەکانی، میوانەکان، کە سەیری لەف و پێچانی سەر (شووشەکانی وێسکی) و کەرەستە سادەکانی ئێستگەکە دەکەن، سوێندیان بۆی خواردبوو:
ئەو پەخشەی تۆ، سوێند بێت، سەد مەتر ناڕوات! لەو ئەشکەوتە تاریکە، لەو کونەشاخە بەدەستی مەلایەك، ئیمام تابوورێکی سەربازی چۆن پەخشی ڕادیۆیی سەردەکەوێت!؟

*****

# کوڕەکەیان لەوێش نەبوو

ئێستگەکە دەنگی دەگاتە گەڕەکی تەیراوە. ماڵەکانی نزیك دینگەکەی ئاغا سمێڵ سوور یان (نارەنجی)یەکە. ئەوەی کەوایەکی سپی لەسەر شەرواڵە شینەکە لەبەردەکرد. بەردەوام ریشی پاك دەتاشی و بواری نەدەدا، تۆزی ساوەر و گەنم و بروشە کوتراوەکانی لەسەر بنیشێت. بە زمانی تورکی شانازی بە خزم و ئامۆزا (خەیلانی)یەکانی سەر بەستی بەستۆڕە، ئەوانەی بەر لەوەی بۆ لەوەڕ و کوێستان بڕۆن، نوێژێکیان بۆ دارەکەی شەکران دەکرد. گوێیان لە دەنگی بێژەرەکە دەبوو. دوایی بێژەرەکان ناویان زانرا، زانیان کوڕی کام گەڕەکن، چییان خوێندووە، کامیان لەشار دڵیان بەجێماوە. کامیان لەدەرەوە گەڕاوەتەوە. کێ لە شارەکان کاسێت و قەوان و بەکرەیان بۆ رەوانە دەکەن. کێ سروودەکان دەنووسێت. سروودی پێشمەرگەی بەهەڵمەتین ئاوازی کێیە. کە زۆرجار دوای هەواڵەکان لێدەدرایەوە. شیعری کێ بەردەوام دەخوێندرێتەوە. دەرچوو کەسیان لەوانە براکەی پەروین نەبوون. دایکی پەروین مرد و گوێی لە دەنگی کوڕەکەی نەبوو. پەروین دڵداری کرد و نانی گەرمی وەرگرت و براکەی نەدۆزیەوە پرسی پێ بکات، نامەی بۆ بنووسێت، پێی بڵێت:
کاکە، برا نازدارەکەم، دارە گەورەکەمان، من ماوەیەك لەسەر گەڕانەوەی تۆ راوەستام. زۆر لە چاوەڕوانی رزگاربوونی کوردستان وەستام، شەڕەکان درێژەیان کێشا، دانوستانەکان لە گەڵ (قەومییە عەرەبەکان)، لەگەڵ بەعسییەکان، شیوعییەکانیش هەر نەگەیشتنە رێکەوتن. کەس نەما من بپارێزێت. کەسمان نەما سەربانەکەمان بۆ بگێڕێت. دیوارەکەمان بۆ سواخ بداتەوە. دەرگا دارەکەمان بکاتە ئاسن. کەسم نییە، تۆش ناوت لە هیچ هێز و لق و ناوچەیەکی ئەو حزبەدا نەهات و نەبوو!
شەوێکیان ناوت لە ئێستگەکە نەخوێندرایەوە. ئەندامی وەفدی موفاوەزاتێك نەبوویت! کە هەردوو بەرەکەی شۆڕش و حزبەکە جنێویان بەیەکتریدا، زۆریان بۆ یەکتری هەڵبەستا، ناوی تۆ هەر نەهات. لە هەردوو بەرەکە ناوت نەبوو، نە لەگەڵ باشەکان، نەك لەگەڵ دڕ و شەڕکەرەکان! چەند جار دایکم بەر لەوەی بمرێت کڵاو و جەمەدانی بۆ ناردیت، سڵاو و فرمێسکی بۆ ناردی. هەواڵی مردنی باوکم کەس نەبوو پێی بنێرین. بەر لەوەی نەخۆش بکەوێت تۆی نەبینی، کە مردیش، تۆ وڵامت نەبوو. (دایکیشم مرد هەر شۆڕش تەواو نەبوو)، تفەنگەکان، تەقەکردنی بڕنۆ رقەم حەڤدەکان، رەقم

دوازدەکان، دەنگی برنۆ رەقم سفرەکانیش دەگەیشتنە ئێمە و دەنگیان دەگەیشتە شار. شەڕەکان هاتنە ناو شاریش، هەردوولا جلی خاکیان لەبەردا بوو، شەڕی یەکتریان دەکرد.
شۆڕشەکە دەستی دەرەکی تێکەوت و تفەنگە کەندییە کۆنەکانی پۆلیسەکان، پێنج خان و دوو خانەکان، ئەوانەی ناو لوولەیان دوو خان بوون باویان نەما، جۆرەها چەك پەیدابوون. سەدان مامۆستا و ئەندازیار و ئاوقاتی دیاری زۆرزان، هاتنە ناو شۆڕش. شۆڕشەکە گەورە بوو، بێگانەکان سەردانی سەرۆکیان کرد، نوێنەریان لەدەرەوە دانا.
شۆڕشەکە پیر بوو. بۆیە زانیم تۆ ناگەڕێیتەوە، کە دایکت مرد نەگەڕایتەوە. کە رۆژانی موفاوەزاتەکانیش درێژەی کێشا و نەگەڕایتەوە. بۆیە نەدەکرا من چیتر چاوەڕوان بم!
نەمدەزانی بە کێ بڵێم براکەم لەکام بەرەیە، هێشتا لە هەمەدانە. ئێمە ناوی ئەو شارەمان نەبیستبوو، نەمدزانی هەمەدان، عەرەبستانە یان وڵاتی رۆم و فارسە؟! من و خەڵکی زۆریش نازانن ئەو شارە چەند دوورە! تۆ چۆن گەیشتیە ئەو شارە دوورە، بۆ ئەو شارەتان هەڵبژارد! ئێوە چەند کەس بوون گەیشتنە ئەو شارە؟
چەند کەستان لەناوەندی رێگا دوورەکە، لە ئاوابوونەکە پەشیمانبونەوە. کام سەرکردەیان بە زاراوە و سیاسەت و گفتی نوێ زوو گەڕایەوە!؟
دیارە ئەو رۆیشتووە بۆ هەمەدان، تا سەرێك لە گۆڕەکەی بابا تایەری هەمەدانی بدات. بە زاراوەی لەك قسە لەسەر گۆڕەکەی بکات! پێی بڵێت شیعرەکانت کراون بە سۆرانی. تۆ کە شیعرەکانت دەنووسی دەتزانی بێجگە لە لەك، زاراوە و خەڵك و ناوچەی سۆرانیش هەیە!؟ براکەی رۆیشتووە بۆ هەمەدان تا بە (ئەبو سینا) بڵێت:
دەرمانی ئەو برینە گەورە خوێناوییەی ئێمە، چۆن دەدۆزرێتەوە. برینەکە بە چ چارەسەر دەبێت، من چۆن گەیشتمە ئەو هەوارە!؟
ئایا ئەبو سینا دەرمانی بۆ برینەکە دۆزیەوە! هیچی پێی وتبوون، یان ئەوان هەموویان هەر بە لاشەی بە برین و خوێنەوە گەڕانەوە. ئەوان نەك چارەسەر نەکران، برینەکانیان قووڵتر و گەورەتر و کوشندەتریش بوو، کە گەڕانەوە!

*****

ياسين، پاش مردنی دایکی پەروین، زۆرتر هۆگری ئەو دەبێت. یان کیژەکە لە ژووورە تاریکەکە، لە دیوارە تەماوییەکە، لەگەڵ دڵۆپەی ناو ژوورەکە و بارانی چاوەکانی، گۆشەگیرتر دەبێت. نەیدەزانی چاوەڕوانی شاییە گەورەکەی تەیراوە و ئاهەنگی یازدەی ئازار بکات. نەیدەزانی ئەو شاییە گەورەیە لە تەیراوە دەکرێت، ئەگەرنا چاوەڕوانی دەکرد! ئەگەر براکەی لەو کاروانە سەختە مابێت، براکەی لە ژیاندا بێت، براکەی نەبووێتە قوربانی تاوانەکانی (دووبەرەکی)، ململانێی دژواری ناوچەکە، ئەگەر هەناسە و چاوەکانی مابێت، هەر چەند دووریش بێت، کێوە دەچێت هەر دێتەوە!

بەو نەورۆزە، گوندە دوورەکە، گوندەکەی کەس دارتووی تێدا نەدیبوو. تەنها لەبن کوندەڵان و سەر حەوزەکان قامیشیان بۆ بڕینەوە چەقاندبوو. گوندەکە بەو نەورۆزە ناوی تۆمار دەکرێت، لە شارەکە نزیك دەبێت، دەشتەکەی، پەرێزەکانی دەبنەوە ڕێگا و بوار، کەند و بەستەکانی پڕدەبنەوە و ڕێگا خۆش دەکەن. هەموو هەولێر لەگەڵ پێشمەرگەکانی دەشتی هەولێر، لەگەڵ کادیرەکانی لقی دوو، نەورۆز دەکەن و بەجۆشەوە سەیری جلی خاکی و تفەنگی کۆن و خۆشەویستەکانی سەرشانیان دەکەن! ئەگەر ئەو لەگەڵ ئەوانەش نەگەڕێتەوە! براکەی پەروین لەوێش نەبێت، دیارە بۆ (دۆزینەوەی کاوە) دوور ڕۆیشتووە. بۆ هەڵکردنی ئاگرەکە بەرز هەڵفڕیوە. برای کیژەکە ئەگەر لە دارەتوو نەبێت، لەبن سێبەری دارتووێکی گەورەی قەد ئەستووری بەئەزموون، خەوێکی قووڵی لێکەوتووە. یان لەگەڵ دارەکە بەیەکەوە، سەربردە بۆ یەکتری دەگێڕنەوە. کە چەند ساڵە کاتی ئەوەیان نەبووە، چەند بەهار و نەورۆز هات تاقەت و چەشەی ئەوەیان نەبوو، پرسیارێك لەیەکتری بکەن. دارتووەکە بەدەم گلەییەوە، شاناز بە (پەپوولە)کانی میوان لەسەر گەلا نەرمەکان، دەڵێت:

لەو دەشتە، لە گوندێکی بن هەولێر، کورد نەورۆز دەکات. لە کوێ شەڕ و شۆڕش و کۆبونەوەکانیان کرد، ئاهەنگەکەش لە کێ دەکەن!

ئەویش لەگەڵ ناز و هاژەی لقە سەوزەکەی ئەو بەهارە، دێتە ئاخاوتن: پەریشان مەبە، دارتووە پیرەکە، من وا لەگەڵ تۆ نیم، هەولێرم جێهێشتووە و نەچوومەتە دارەتوو، بەیەکەوە نەورۆز دەکەین. ئەدی من لەبن سێبەری تۆ نیم. ئەوە چەند ساڵە ئێسکی من و ڕەگی تۆ ئاوێتە و تێکەڵاو نین. خەم مەخۆ! منیش خەڵکم هەیە، کەسم زۆرە، دەمدۆزنەوە و بانگیان دەکەم، هاواریان لێ دەکەم، نەورۆزەکەیان بگوازنەوە بن دارتووکەی من.

*****

# تەقینەوەی مەلاکان

**کە دەستدرێژی دەکرێتە سەر مەلا مەستەفا. کە دەیانەوێ لە سەرچاوەکە و لە بارەگا و نووسینگەکەی لە حاجی ئۆمەران سەرۆك بکوژن. بەعسییەکان، سەرکردایەتییەکەیان، بە پلانی نەگریس و زۆر دڕندانە، ویستیان بە لاپەڕەکانی قورئان، بە تەقاندنەوەی چەند مەلایەك، مێژەر و کەوا و چاویلکەکانیان، ویستان بەکوشتنی مەلا مەستەفا سومبڵی شۆڕش و حزب و میللەتەکە، ئاشتییەکە، ئاوەدانکردنەوەکە، ئیعمار ئەلشمال، وەزیرە کوردەکانی بەغدا لەبار بەرن. سەرەتای پلانەکە دوو مەلا، بەنیازی پێناوی و ئاشتەوایی ڕەوانەی بارەگای بارزانی دەکەن.**

**دوو مەلاکە دڵیان پڕ لە ئومێد و چاویان گەش، سەیری دیمەنە جوانەکانی ڕێگا دوورەکە دەکەن، هەر لە هەولێر دەردەچن، لە پیرمام سەرکەوتن، لەناو باخەکانی شەقلاوە بەپەلەبوون بگەنە بارەگای بارزانی، لەناو باخەکانی بنار سەفین. ئەوان (ناوی سەفین نازانن)، بەڵام بەئاسانی ناوەکەی فێردەبن، نوێژێك دەکەن، نوێژ بۆ جوانییەکانی سرووشت و کردگاری مەزن دەکەن. هەردوو مەلا نوێنەرەکەی بەغدا لەگەڵ هاژە و سەمای ئاوەکەی گەلی عەلی بگ دووبارە، نوێژێکی تر بۆ پیرۆزیی تاڤگەکە دەکەنەوە. دەگەنە بارەگاکە و بەڵێنی هاتنی وەفد و کەسایەتی تر، بۆ دانوستان و نیازپاکی وەردەگرن.**

**دەگەڕێنەوە و ئەوان نەیاندەزانی، بەعسییەکان ئەوان دەنێرنەوە، لەجیاتی قورئان، لەجیاتی قسەی پیرۆز، دینەمێت و ئاگر دەبارێنن! دەیانەوێ سەرۆك بکوژن تا بەئاسانی میللەت و حزبەکەی لەبن دەست و هەژموونی ئەو هەناسە دەدات، بخنکێنن.**

**ئەوانە، لە دووەم کاروان و سەردانا، چەند مەلایەك بەپشتیوانی و بەرنامەی دەستەی باڵای ئەمنی بەغدا، لە ڕۆژی ٢٩ی سپتەمبەری ساڵی ١٩٧١ی زاینی، ساڵێك و چەند مانگێك بوو، گفتی ئاشتی و ئۆتۆنۆمی بە کورد درابوو. پاش ئەوەی دانەیەکی نەخشین و پێچکراوی قورئانی پیرۆز، وەك دیاری بۆ سەرۆك بارزانی ئامادە دەکەن. ئەوانەی کە زووتر و دوو هەفتە پشتر هاتبوون، دوو زاناکە، دوو پیاوە ئاینییەکە، یەکێکیان سونی مەزهەب بەناوی (عەبدولجەباری ئەلئەعزەمی)، شیعە مەزهەبەکەش بەناوی (عەبدولحوسێن ئەلدەخیلی) وەك نیازپاکی، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، قسەکردن و نزیکبوونەوەی هەردوولایەن، حکومەتی بەغدا و پارتی. هاتبوون و بەگەرمی پێشوازییان لێ کرابوو، کە دەگەڕێنەوە، بە قسەی سەرکردایەتی نیازخراپی**

بەعس، عەرەبە قەومییەکان، چەند مەلایەك، چەند ئایەتێکی قورئانی پیرۆز. لەگەڵ گوللە و نارەنجۆك و چەند پیاوێکی ئەمن، لەگەڵ مەلاکان ڕەوانە دەکەنەوە. دەچنە حاجی ئۆمەران، دواخاڵی دەسەڵاتی کوردی.

بەڵام ئەو جارە لەگەڵ قورئان و پیاوانی ئاینی، لەگەڵ دێرەکانی ئایەتەکان چەکیان هێنابوو، بە دوو ئوتومبێلی تویوتا ستێشن و شوفرلێتێکی سالۆنی مۆدیل ١٩٦٥، دەگەنە بارەگا و هەوارەکەی سەرۆك، پلان جوان دادەڕێژن، مەلاکان دەتەقێننەوە، (هەتا بەهاری ساڵی ١٩٧٥ی زاینیش هەوارە تەقێندراوەکە، شوێنی بەکوشتندانی مەلاکان کرابووە مۆزەخانە، دەکرێ بڵێم ئەوە یەکەم مۆزەی شۆڕشی کوردستان بوو.

لەوێ لەسەر کەرەوێتە سوورە شکاوەکان، تەپلە تەقیوەکان، پەردە دڕاوەکان، گلۆپە شکاوەکان، بۆنی خوێن و ڕەنگی خوێن و سووتانی گۆشت و وردبوونی ئێسقان هەر مابوو. دیوارەکان تابلۆیەك بوو، نیشانەی نیازخراپی و پلانگێڕانی بەعس، هەر ئەو دیمەنەش نیازپاکی و خاوێنی سەرکردایەتی کوردی نیشاندەدا)، بەو هەواڵە دیسان ئامێر هێزەکەی هەولێر، لقی دوو، پێشمەرگەکان خۆیان دەبەستنەوە. خۆیان لەناو شار و لەدەرەوەی شار ساز دەکەنەوە. چاوەڕوانی فەرمان و بڕیار دەکەن.

لەوێش حەمە شەریف، لەو قەرەباڵغییە، هەموو لەوێ بوون، هەموو ناوچەکان لەوێ بوون. لەوێ ئەو لە براکەی پەروین دەگەڕێت، دەیەوێ ناوی لەناو لیستەکان بدۆزێتەوە. کادێرە گەنجەکەی دیبەگە دەدۆزێتەوە، بەیەکەوە لەناو ناوەکان، لەریزی ئامادەبووان دەپرسن، پرس بە تفەنگەکان دەکەن، سەیری (ئارەقەی سەر پشدێن)ەکان، چڵکی جەمەدانییەکان دەکەن. لە هەناوی برژاو، لە چاوی سوور، لە دڵ و هەناسەی تووڕەکان چاو دەگێڕن.

کادیرە دیبەگەییەکە، تووڕەبوونەکەی ڕۆژەکەی لەبیرنەمابوو، سوێندەکەی لە رقی سێ دروشمەکە لەبیرنەمابوو. دەیزانی پلانەکە بۆ لەباربردنی هەموو کوردە، بۆ هەڵوەشانەوەی پرۆژەکەی دانان و دیزانی کارگەی جگەرە و دەواجن و کردنەوەی (یەکەمین ئامۆژگەی مامۆستایان)ە. کە بڕیارە ئیمساڵ لە هەولێر، بۆ پێگەیاندنی مامۆستایانی هەموو عیراق، بۆ هەموو قوتابخانەکان لە هەولێر، ئەو مەڵبەندە بکرێتەوە. پلانەکە بۆ لەباربردنی بەندەکانی یازدەی ئازارە! لەوێش براکەی پەروین لەلایەن حەمە شەریف و بەیارمەتی و ناسینی کادیرە دیبەگەییەکە نەدۆزرایەوە.

*****

## مەولەوی

بە دوو ساڵ، زۆرتریش بیرەوەرییەکان لەبیرناکرێن، بە دوورکەوتنەوە بیرەوەرییەکانی پەروین لەبیرناکرێن. فورات و زمانێکی تر و کەلتوورێکی تر بەئاسانی ناتوانێت پەروین لە کۆڵانەکانی تەیراوە داشۆرێت. راستە ناتوانێت بچێتەوە، نازانێت ئەگەر بگەڕێتەوە چارەنووسی چ دەبێت. بەڵام ناتوانێت ژانەکانی بەر لە مردنی دایکی لەبیر بکات. ئێستا دەترسێت ئەگەر ئەو نەخۆش بکەوێت، پیر ببێت، سکی ببێت، منالێك نۆ مانگ لەناو هەناوی بێت و بە ئاو و زادی ئەو گەورە ببێت. ژان و باری گرانی لەسەر ئەو دەبێت. ژان و فرمێسکی گەرمی دایکی بۆ دوورکەوتنەوە و نەمانی هەواڵی براکەی لەبیرناکرێت:

رۆڵە، نۆ مانگم هەڵگرتی، رۆڵە یەکەم رۆژ بە هیوایەکی گەورەوە من دەستم گرتی و لەسەر تەختە و تەنەکەی وێنەگرەکە تۆم دانا. لەبەردەم بەڕێوەبەرەکەی قوتابخانەی مەولەوی. ئەوەی (تانکی)یەکی گەورەی ئاوی لەناو حەوشەکە تێدا بەرز راگیراوە. لەبەردەم ئەو بەڕێوەبەر ئەفەندییەی وامدەزانی لە وڵاتێکی تر هاتوو، (ئەو هیچ وڵاتی نەدیبوو، ناوی هیچ وڵاتێکی نەبیستبوو، نەیدەزانی بەرێوەبەرەکە سەر بە چ هۆزێکە، لە هەسارەیەکی ترەوە هاتووە. یان هەر کوردە، ئەویش رۆڵی هەبووە لەوەی قوتابخانەکە بەناو شاعیرێکی هەورامی بکرێت).

ئەودەمانە گەڕەکەکەیان تەیراوە. ببوو بە شار. شار واتە ئاوێتەبوونی چەند دەنگ و رەنگ و زاراوە و هەژار و دەوڵەمەند و دەسترەنگینی و کرێکار و پۆلیس و قوتابی گوند و شارۆچکەکان. تەیراوە خەڵکی ئاکرێ و سلێمانی و باڵەکایەتی تێکەوتبوو. عەرەب و دیان و (دەرکراوەکانی خانەقین) و هەڵاتووەکانی گوندە سووتاوەکانی شەڕەکان لەوێ کۆببونەوە. بەردەوام کۆڵانەکان درێژتر دەبوون. سەرژمێری زۆرتر و سەربانەکانی بڵندتر و ستارەکانی نەخشینتر دەبوون. گەڕەکەکە گەورە دەبوو، ماڵەکان زۆر دەبوون، هەندێ لە دامەزراوە حکومییەکان کەوتنە ئەو گەڕەکە. گازینو و دووکانی زۆر، گۆشتفرۆش و مزگەوتی زۆرتر.

یەکێك لە (کوێت)ەوە پارەی نارد مزگەوتێکی گەورەی دروستکرد، منارەکانی بۆ نزیکبوونەوە لە ئەستێرە و هەور بەرز کردەوە. پارەی کوێتییەکە، بوو بە مزگەوتێکی گەورەی سەر شەقامێکی سەرەکی تەیراوە. کەناسەکانی شارەوانی چەند کۆڵانێکیان بۆ دابڕین، کۆڵانەکان بوو بە گەڕەکێکی نوێ.

ئەوانە شارەکەیان پاك دەکردەوە، شەقامەکانیان بە گەسك و عەرەبانە خاوێن دەکردەوە، گەڕەکەکەی خۆیان لەناو چڵکاو مەلەی دەکرد، کۆڵانەکانی خۆیان دووکەڵ هەناسە و چاوی گرتبوو.
پەروین لەناو دیوار و خانووە نوێیەکان کۆڵانە بەرینەکان، دووکانە گەورەکان ون بوو، کەس نەیزانی فرنچییەکە، یاسین دەستی گرت و ڕۆیشتن، ئەو بە یاسینی وتبوو، یان یاسین بە کیژەکەی وتبوو:
تۆ کۆلارەیەکی بەرزی، دوور دوور لە تەیراوەش دووربکەویتەوە، ببیتە ئەستێرەیەکی ڕۆژەکانی ئاسمانیش، لەدوورەوە بلەریتەوە، لەناو هەورا لە من دیاریت. دوور بیت، تۆ بە داوێکی باریك، مووێکی باریك، داوێکی سپی و ئاوریشمێکی ڕەنگین، کەسك، شین، پەمبە (من ئەو ڕەنگانەم زۆر خۆشدەوێت) بە من بەستراویتەوە.
کێ منی بە تۆ بەستاوەتەوە، چۆن بەستراومەتەوە، گەڕەکەکە دەزانێت، سادەیی و پاکی خەڵکەکە دەزانن، تۆ زۆریش نزیکی لە من. تۆ بە گوریسێکی ئەستووری پتەوی دڕ، بەڵام ڕەنگین، سوور و ڕەش و کەسك، گوریسەکە وابوو، وابزانم بەو گوریسە دەڵێن (کەژی)! تۆ بە کەژییەکی پانی ڕەنگین بە من بەستراویتەوە. کەس ناتوانێت تۆ لە من دابڕێت! سەرم بەو داوە باریکە، پشتم بەو کەژییە ڕەنگینە بە تۆ بەستراوەتەوە.
من نانی دەستی تۆم خواردبوو، دایکم هەتا مرد، من دەزانم کەی مرد، بۆچی زوو مرد، بۆچی لە چاوەڕوانی درەنگیش مرد، ئەو بۆ کوڕەکەی گریا. هەموو کۆڵانەکانی تەیراوە، لەنزیك خانووە نوێیەکانی پیاوە نەجارەکەی ناو بازاڕ، بۆ کرێ دروستی کردبوون، خانووەکانی ماوە ماوە (کرێچی) نوێی دەهاتێ: ژنە مامۆستای تەنوورە کورت، پیاوی بۆینباخی سوور، ماڵی بەڕێوەبەرەکان، مفەوەزەکانی پۆلیس، مامۆستاکانی زمانی ئینگلیزی، ئەو پیاوەی لە شارەوانی پارەی ئاوی بۆ ماڵەکان دەنووسی، هەموویان لێدانی دەرگا و هاتنەژوورەوەی ئەویان دەناسی. پەردەکانیان بۆ دەکردەوە، لادەرگایەکیان بۆ دەکردەوە. سەعاتەکە وەك کۆترێکی سەرهێلکە، وەك فانووس و لامپایەکی شووشە درزبردوو، لەبەر دیواری بەردەرگاکە بەناز دانرابوو. سەعاتە گەرم داپۆشراوەکە نزیك بوو لە سلاوکردنی میوانەکان. لەوەدەمانە سەعاتە مسە سەر بەشووشەکە، کەس دەستکاری نەدەکرد. کەس فێڵی سووڕان و کەمکردنەوەی نەدەزانی. مانگێ جارێك بەس ئەو پیاوەی پانتۆڵێکی شینی لەبەردا بوو، سەیری دەکرد و حەقی هەبوو، قەپاغە بچووکەکەی سەر بەلوعەکە هەڵبداتەوە. ئەویش لەگەڵ پیاوەکەی هاوڕێی، ئەوەی پارەی کارەبای لە چەند ماڵێك دەنووسی.

**چونکە لەھەر کۆڵانێکی دووروودرێژا، تەنها چەند ماڵێك شانسی ئەوەیان هەبوو، لەبەرزی دیوارەکە (سەعاتێکی سەندووقی رەش)ی بەحورمەت ببەستن. هەردووکیان لەوێ کرێچی بوون.**

*****

## دەمانچەیەکی ترساو

**دوو کادیری حزب هاتبونەوە ئەو گەڕەکە. هەردووکیان دەترسان. لە داروبەردی ناوچەکە ترسیان هەبوو. لە تارمایی و رەشاییەکانی پەنادیوارەکان، ئەوانەی ئێواران چەند مەرام و هۆگرییەك کۆیدەکردنەوە. دوو ترساوەکەش لەو تاریکییە، نەیاندەزانی ئەوانە بۆ دیوارە لاچەپەکان، بن دەرگا و پەنجەرە گیراوەکان کۆیاندەکاتەوە. لەوانە زۆر دەترسان. ئەو دوو کەسە (نە تەسلیمببوونەوە، نە پێشمەرگەش بوون). ماڵیان لەو گەڕەکە بوو.**
**لەناو کۆڵانێکی تەسك، لەنێو خانووێکی بچووکی دوو ژووری نەوی سەر بەکاریتە. دوو کادیر، خانووەکەیان بەکرێ گرتبوو. نەیاندەزانی کرێیەکەیان پێدەدرێت، یان ناگەنە سەری مانگ، رەوشەکە دەگۆڕێت دەڕۆن یان دەکوژرێن، دەگیرێن. یەکێکیان پێشمەرگە بوو. دەیزانی قەوانی زەرد و قەوانی رەشی گوللەیان جیاوازە. باش دەیزانی و شارەزا بوو، حەزی دەکرد (کوتك)ی دەمانچەکەی هەر سوار بێت. بەیەکەوە لە تەیراوە خانوویەکیان بەکرێ گرتبوو. چەکدارەکە ئەگەرچی دەمانچەی پێبوو، بەڵام نازناوی سەرتۆپ بوو. زوو یەکەم کەس بووە لەبەر ئازایەتی برنۆیەکی سەرتۆپ بەدیاری وەردەگرێت. ئەگەرنا بەردەوام و چەند ساڵ بوو، برنۆ درێژەکەی بردبوو ناو ئەشکەوتی باریکیش. برنۆ درێژەکەی لە شانە ورد و باریکەکەی نەدەهێنایە خوارەوە. ئەو پشتیوانی کادیرەکەی دەکرد. بەیەکەوە شەوانە لە سەربانەکە لەدیار کوونی ستارەکە، لەپەنا دارتووەکەی ماڵەکەی تەنیشتیان، پاسەوانیان لەیەکتری دەکرد. ئەوان بەیەکەوە دەمانچەیەك و چەند فیشەکێکیان پێبوو. کادیرەکە رێگا و بەرنامەی بۆ پێشمەرگەکە دادەنا، بە زمان و نووسین و هزرەکەی پشتیوانی دەکرد.**
**بە هەردووکیان توانیان کرێ مانگێکی خانووەکەی تەیراوە بدەن، مانگی دووەم یەکێکیان، کادیرەکە، بوارێك و کۆنەبرادەرێك دەدۆزێتەوە، لەدەرەوەی شار و کەمێکیش دوور، وەزیفەیەکی بۆ دەدۆزێتەوە، دەڕوات.**

**پێشمەرگەکەش دەمانچەی کادیرەکە دەبات و دەچێتەوە ناو شۆڕش. بەڵام بە هزر و بەرنامە و بۆچوونێکی نوێ. ئەوە تەیراوەیە و هەواڕ و کاروانە، هەندێك تێدا نامینێنەوە و زوو بار دەکەن، زۆریش بەگەورەکردنی گەڕەکەکە ون دەبن و نادۆزرینەوە.**

*********

**پیاوە ئامێدییە دەنگخۆشەکە، ئەوەی بەشانازییەوە لە ناوچەکانی سۆران ژیا و گۆرانی چڕی و دەنگی دەلەریەوە، بەڵام کەم گۆرانی سۆرانی فێربوو. ئەو مامۆستا بوو، لە مەخموور بۆ چالاکییەکانی سروود دەگوازرێتەوە هەولێر. ئەویش لەسەر شەقامە سەرەکییەکە، نزیك کۆنە خانووەکەی رەسوول گەردی. لەگەڵ خێزانە گەورەکەیان، کە کەس لە زمانیان حاڵی نەدەبوو، بۆیە زۆر دەچوونە میوانداری ماڵە دیانە زێرینگرەکانی کۆڵانی عارەبان. هەتا (منع تەجەول)ەکە کاتی دەهات، لەوێ دەمانەوە، یان ئەوان زێر و نەخش و تیزابەکانیان لە دووکان و ماڵەکانیان جێدەهێشتن و دەهاتنە میوانداریان. ئەوان نەخش و زێرەکانیان بە دەنگە بەسۆزەکەی ئەو دەگۆڕیەوە و شەو دەمانەوە! زێڕ و ئاواز ئاوێتەدەبوون، دەبوونە نەخش و نیگاڕ و موتیڤ، بەمەستبوون جوانی و نەخشەکانی دەردەکەوتن.**
**هەر بەدیار دینگی ساوەرکوتانەکە، دوو سێ کرێکاری چوارشانەی دەموچاو بەتۆزی سپی. جلەکانی بەریان وەك ئەوەی دینگە بەردەکە بەسەریان کەوتبێت، هەنجن هەنجن و بەپینە و هەڵزراو بوو. چەند ژوورێکیان هەر بە قووڕ و خۆڵی نزیك دینگەکە دروستکردبوو، ئەوان وتیان:**
**خانووەکانمان لەو ئاقارە دەکەین. کە نزیك دینگەکەیە، چەند ساڵە ئەو دینگە بەردە گرانە دەخولێتەوە، زەوییەکە دەلەرێنێتەوە. بۆیە هەڵکەندنی خۆڵەکە ئاسان بووە، درزی تێکەوتووە، بۆ ئێمە قسە ناکات، دیوارەکە رادەگرێت. ریزەکان زوو بەرزدەبنەوە و هاوینە و جارێ سەرگرتن و دارەرێ و حەسیر و کاریتەی ناوێ، هەتا بارانیش دەبارێت. ئاغا (خاوەن دینگەکە) خەمێکمان هەر لێ دەخوات!**

*********

## شەو بەدیار بەفر

خەڵکی تەیراوە شەوانە لەدیار چراکان خەریکی خەون و نەخش و سازییەکانی ژیان بوون! دایکم، لەوێ بەردەوام بۆ ژانی نەخۆشییەکان و بۆ بەرزایی شاخەکان دەگەڕا. ئەو بەرزترین هەوراز، تەنها قەڵات و گردەکەی قاڵیچ ئاغای دیبوو. کۆشکی ئاغاکان و دارخورمای ناو حەوشەکانی ئەوانی دیبوو. ناوی سەفینی بیستبوو، بەڵام زۆزك و هندرێن و (ژیلوان)ی نەبیستبوو. ئەو شاخانەی ڕەنگە کوڕەکەی لەوێ بێت، بۆیە ناوی هەموو چیا و شاخ و ڕەوەزەکان فێرببوو، ئینجا دەیپرسی:
چیای سەفین و بەمۆ چەند بەرزن؟ کوڕەکەم خۆ هەڵۆ نییە، هەور نییە، چەتە نییە، پیاوی نەکوشتووە، ژنی هەڵنەگرتووە، بۆ کوڕەکەم لەو بەرزاییانە پشتی ناسکی بۆ دابەزینی هەتاو و ڕۆژە گەرمەکان داناوەتەوە؟ چەند ساڵە لەوێ بەتەنها و دوور لە من و لە خوشکی چ دەکات!؟ کەی ئیشەکانی تەواو دەبێت؟ لەوێ، لەو بەرزاییانە، ئەو نەدەیزانی بەرزاییەکانی سەخت و سارد و دژوارن، وشکن، چیای وشکیش هەیە. ژنەکە پشتی لەنێوان دووگرد و دیوارەکە توند کردبوو، دەگریا و دەیووت:
کوڕەکەم، تاقانەکەم بۆ ناگەڕێتەوە ماڵەوە، شەوێکیان لە دەرگاکەمان نادەیت. شەوێکیان وەرەوە، با درەنگیش بێت، من ناترسم، نەخەوتووم بەئاگام و دەرگاکەت لێ دەکەمەوە. تۆ بۆ ناگەڕێیتەوە ستارەیەك بۆ سەربانەکەمان دروست بکەیت؟ با ئێمەش هاوینێك لە سەربانەکەمان سەیری جوانی جریوەی ئەستێرەکان و (چرای ماڵە قەڵاتییەکان) بکەین! وەرەوە، وا هەموو خەڵکی کۆڵانەکەمان، خەریکی ژوورەکانی ماڵەکانیان ماڵنج دەکەن، قادرمە بۆ سەربانەکان دادەنێن. قادرمەیەك بنەوەی بۆ هەڵگرتنی ئاوی فێنك، پایەکانی بۆ نزیك بوونەوە لە شنەی شەماڵ و دیتنی کۆچی ریشۆڵەکان، بۆ ناگەڕێیتەوە. ئاخ ئەو سەفینە لەکوێیە و چەند دوورە، خەڵکی تێدایە! یان تەنها کوڕەکەی من شەیدای ئەو بەرزاییە بۆ (هێنانی هەنگوین)! لەوێیە و دەیەوێ هەنگوین بۆ من بهێنێتەوە، بۆ دیار نییە. نامەیەکی نەهات، کەس نەهات بڵێ، پیرەژنە نەخۆشەکە، من نامەیەکم پێیە و وێنەیەکم بۆت هێناوە بەیەکەوە لەبن زنارێك گرتوومانە، شان بەشان هەردووکمان دوو تفەنگمان لە شانە، لەترسی سەرما خۆمان باش پێچاوە. داپیرە سەیر بکە، چۆن گەرم خۆمان داپۆشیوە، سەرماش ناتوانێت بزەی سەرلێومان ڕەق بکاتەوە! کەس نەهات! باشە ئەو داماوە خۆ کەسی لەگەڵدا نییە، ئامۆزایەك، برازایەك، خزم

و پشتیوانیێکی نییە. چەتە و ڕێگری ناو حیکایەتەکانیش بەتەنها لەو کێوانە ناسوڕێنەوە. کە مەجنوون بۆ لەیلا بەتەنها کەوتە کێو و دەشتەکان شێت بوو، دەبێ ئەویش شێت نەبێت، کەسی لەگەڵ بێت. فەرموو لەو کۆڵانە درێژەی شەش ماڵ، ئاوی بەلوعەیان هەیە. دوو ماڵ کارەبا و سەعاتیان بەستاوە. دوو خێزان کیژەکانیان بەتەنوورەی ڕەشی کورت و بسکی ڕەشەوە دەچنە بەغدا. کوڕەکان زۆرن لە شارەکان دەخوێنن. کەسیان وەك کوڕە بێ باوکە داماوەکەی من (هەڵەتە) نەبووە، سەرگەردان نەبوون! ئێستا لێرە بوایە خوێندنی تەواو دەکرد و منداڵی ئەویش لە باوەشی من و پەروین گەورە دەبوو، تێر بۆنمان دەکرد، ماڵەکەی ئاوەدان دەکردینەوە. منداڵەکانی ئەو دەبونە چرای خانووەکەمان. ڕەنگە کارەباشمان دەبوو، وەك ماڵە مامۆستا و دووکاندار و وەستاکان، کارەباشمان دەبوو! کوڕەکەم تۆ منداڵ و کارەبات بۆ دەهێناین!

ژنەکە، لەناو جێگە و لەگەڵ نەخۆشییەکەی، زۆر نائومێد، نەخۆشە و چاوەڕوانی هەموو شتەکان، مردن و ژیان و هاتنەوە و ونبوونە، ئینجا دەپرسێت:

نازانم کوڕەکەم لەگەڵ مەلا مەستەفایە، یان دژایەتی ئەو دەکات!؟ چۆن دەتوانن دژایەتی ئەو پیاوە گەورەیە بکەن! (ئەو نەیدەزانی، بەڵام خەڵك دەیانووت:

دوو بەرە، دوو لایەن، دوو بەرنامە لەناو شۆڕشەکە کار دەکەن. هەردوو بەرە، کە بەناوی یەك حزب کار دەکەن، بەڵام بە دوو بارەگا و دوو هزر و دوو ناوچەی دوور لەیەك و ناکۆك! بەڵام جیاوازییەکی زۆریان نییە، یەکێکیان دەڵێن:

ئێمە چەپین.

بەڵام! هەموو دەزانن و باشیش دیارە، کوڕە (شێخ و مەلا و دەرەبەگ و دەوڵەمەند)ی زۆریان لەگەڵە، ئینجا هاوار دەکەن، دەڵێن بۆ هەژار و جووتیارەکان خەبات دەکەین. دەوڵەمەندن بۆ هەژارەکان خۆیان دەخەنە تەهلوکە و ئازار!؟

ئەوەی تریان، بەرەی دووەم: بە دواکەوتوو و خێڵەکی ناودەبەن، ئینجا ئەوان بەپێچەوانە! خەڵکی چەپ و خوێندەوار و ئەفەندی زۆریان کۆکردیتەوە، ئەوانە ئارەزوومەندانە هاتوون). کوڕەکەی من کۆترە، کۆترێکی باڵ ڕەنگینە، بۆیە لەو شاخانە ماوەتەوە، هەوارەکەی بەدڵە و ناگەڕێتەوە باوەشە گەرم و ساردەکەی دایکی؟! ئاسکە، کەوە، ئەدی چ دەکات لەو شاخانە. کوڕەکەم بووە بە بەفر، ئێستا بەفرە، بەفری هەموو شاخ و کۆیستانەکان توایەوە، ئەو هەر نەگەڕایەوە، چەند جار پێشمەرگە هاتنەوە. دەڵێن هەموو دێنەوە، بەڵام دیارە ئەو تاقەتی نییە دابەزێت. باری شانی گرانە، بەرچاوی

لێلە، (کۆڵەپشت)ی قوورسە بۆیە ناگەڕێتەوە! سەرکردەکان هاتنەوە و دانوستانی زۆریان کرد، ناویان لە ئێستگە عەرەبی و جیهانییەکان باس دەکرێت، مەرجیان هەیە، هەڕەشە دەکەن، نەرمی دەنوێنن، وێنەکانیان بڵاودەکرێنەوە، ئەدی کوڕەکەی من یەکجاریش نەهاتەوە!؟
بابێتەوە، بابزانێت لەو گەڕەکە بەیانییان کیژەکان بە تەنوورەی کورتی رەش، گۆریەی سپی، بسکی درێژ هەتا سەر سمتیان دەچنە قوتابخانە. بابێتەوە بزانێت، ئێرە چەند گەورە بووە، قەڵات چۆڵ بووە، خێزانە گەورەکان هەموو هاتنە تەیراوە. گوندەکانی بەرانەتی هاتنە ئەو کۆڵانە. رەوەندەکان، کۆچەرەکان، شاخ و کوێستانەکانیان بۆ ئەوان چۆڵ کرد، ئەوان بونەتە رەوەند و (کەویار). نازانم مناڵی تەیراوە چۆن لەناو بەفر دەژیت؟ چۆن دەزانێت ئاگر لەناو بەفر بکاتەوە؟ چۆن دەتوانێت شەو بەدیار دڵی رەقی بەفر و چاوی زیندووی ساردی سەرما و ساماڵ بەڕێ بکات؟ بابێتەوە وا من دەمرم، پەروینیش گەورە بووە، با پەروین بێکەس نەبێت! با کیژەکەش وەك ئەو سەرگەردان نەبێت!

*****

## مەخفەری سەر رووبارەکە

دەبێ رۆژەکە بەیانییەکی زوو نەبووبێت، نیوەڕۆش نەبووە، پاش عەسرێکی درەنگ بووبێت. لەورۆژەدا کوڕ و کچێك، دوو دڵی سووتاو، دوو هەناسەی گەرم، دوو چاوی کز و دوو هەوەسی زۆریش تینوو، دوو بوخچەی شل و باش نەبەستراو، دوو نائومێدی کەساس. یاسین و پەروین دەگەنە بەر دەرگا گەورە ئاسنە رەشەکەی مەخفەرەکە. لەوێ پۆلیسێکی کوردیان بۆ بانگ دەکەن. ئەوان، دوو کەسەکە نەهاتبوونە بەر دەرگای مەخفەرەکە (شکایەت)ێك بکەن، کوڕەکە نەهاتبوو بڵێ من ئەو کیژەم لە تەیراوەی هەولێر هێناوە و پرسم بە کەس نەکردووە. کیژەکە کە دەچێتە بەر تفەنگە ئینگلیزییەکەی پۆلیسەکە، نەچووە بڵێت:
من پاش مردنی دایکم بەگەڵ ئەو کوڕە کەوتووم. کیژەکە نەیوتووە بەستەزمانم و تاوانم کردووە و سزام بدەن. نەیوتووە فەرموون بمگرن. کیژەکە نەیوتووە: من بێ ئەوەی بزانم براکەم لەو شاخانە ماوە یان لەمێژە و چەند ساڵە، لە شەوێکی سارد، لەگەڵ گێژەلووکەی هەناسە زریاندا، لە

رۆژێکی تەماوی ساردی ترسناکا، حەزیای سپی بەفری خنکاندی، یان (زولمی سیاسەت) و هەڵپە و پاوانخوازی و کەمبینی سیاسییەکان کوشتی، کوژرا و کەس باسی ناکات، بێ تەلقین و شووشتن و شین و گریانی دایك و خوشکەکەی شاردرایەوە. نێژرا و کەس هەردوو کێڵە بەردینە خاڵدارەکەی ناناسێتەوە! لە هیچ دەفتەری بیرەوەرییەك، لە هیچ گۆشەی رۆژنامەیەك، دەنگی بە قیژەقیژ و هاواری بێژەرێکی ناو ئێستگەکە ناوی نابەن! دڵ و هەناسە و رازی دایك و خوشکە چاو رەشەکەی، (ئەوەی لە بەدبەختی خۆی ئەوەندە گەرم و ئەسمەرە، ئەوەندە خرپنە، گەنجی زۆر، پیاوی سمێڵ رەشی زۆرتر، خزمەکان چاویان تێبڕیبوو). ئەدی ئەگەر لە ژیاندا ماوە، ئێستا لە بارەگایەك تووتن پاکدەکاتەوە و کیسەکەی باخەڵی پڕدەکات و دەچێتەوە پەنا بەردێك، بۆ دەنگ و رەنگی نییە!؟ بۆ ئەویش نەبوو بە ئامیر هێزێك!؟ سێ بەتالیۆن و چەند لق و پەل و ناوچەی حیزبی لەبن دەست نییە. ئەگەر ماوە و سەری بەسەر دەفتەرێکە و (مێژوویێك دەنووسێتەوە)، بۆ نەبووە ئەندامی لقێك، کادیرێکی دەست بەجانتا.

ئەدی ئەگەر براکەم لە ژیاندا ماوە، لەودەمانە گوێ لە شرۆڤەی هەواڵەکانی ئێستگەیەکی دوور رادەگرێت، نائومێدە و میلەکەی دەگۆڕێت و خەریکی کردنەوەی دەمانچەکەی دەبێت، تا پاکی بکاتەوە، دەستیش بۆ شووشە روونە هەڵواسراوەکەی ناو ژوورەکە دەبات، پارچەکانی یەکەیەکە چەور دەکات، نەوەك (ژەنگین) بێت! بۆ ئەویش لە پرۆژەکەی رێگای کۆیە نەبوو بە بەڵێندەرێك، شان بەشانی ئەندازیارە رەشتاڵە هەولێرییەکە سواری جێبێك نەبوو، پێی بڵێت:

مامۆستا ئیمڕۆ شیشمان لە پردەکە بەستاوە. هەمووی تەواوە، لە موسڵەوە وەستا و نەجارمان هێناوە. فەرموو بچین بەر لە چیمەنتۆکە سەیرێکی بکە. نیوەڕۆش نانێك لەو دەشتە بەیەکەوە بخۆین. پیاو لەو دەشتە نانی باشتری پێ دەخورێت. بەیەکەوە دەڕۆن، لە رێگاش، لەگەڵ دەرکەوتنی دوو خانووی روو لە با و بێ حەوشە و (بەرهەیوان)، لە قەدپاڵێکی داڕماو بە باران و هوڕەی گەرما، لەسەر بەردەڵانێکی نزیك جۆگەلەکە، ئەو بە ئەندازیارەکە بڵێت:

بارەگای لقمان لێرە بوو، من سەرلق بووم. دوانامە و بەر لە هاتنەوەمان نامەیەکم بۆ هات، دوانامەی پێچراوی دەستی (تەتەر)ە کورتە رەشتاڵەکە، ئەوەی هاتن و گەڕانەوەی بەیەك رۆژ بوو. نەیدەزانی بمێنێتەوە، دانەدەنیشت نەوەك ساردبێتەوە. تەتەرەکان وابوون، تەنها بۆ نامەبردن

و نامەهێنان دروستکرابوون، پەیك بوون، تیری تیژ بوون، دەردەچوون و دەگەیشتن، شەرواڵیان پڕ با و باهۆز دەبوو، دەستیان دەبووە باڵ، دەمیان دەبووە شالوور و دەڕۆیشتن. تەتەرەکان لەبەختی شۆڕش و سەرکردەکان ماندوو نەدەبوون، نانیان نەدەخوراد، کیریان هەڵنەدەستا، پیساییان نەدەکرد. تەتەر تەتەری راستەقینە بوون، پیاوی بەیانییان و نیوەشەو و تارمایی و دێوەزمە بوون. شۆڕش و هەزارەها پێشمەرگەی ئەو شاخانە بەو تەتەرانە دەجولانەوە. بە راسپاردەی ئەوان هێزێك سەنگەری دەگۆڕی، لقێك کۆبونەوەی دوادەخست، کوێخایەك لە سەرلقی و ئەندام ناوچەیی دەردەکرا. مەلایەك قوتابخانەیەکی بۆ منالانی گوندێك و ناوچەیەك دەکردەوە. بە نامەیەکی ئەوان، بە دەرکەوتنی سێبەر و هەناسە و دەست گەرمکردنەوەیان لەبەر ئاگردانەکە، دەزانرا هەواڵێك هەیە:

بەیەکەوە لەناو جێبەکە، ئەندازیارەکە، باسی رۆژانەی حزبایەتی و کوردایەتی ناو زانکۆی بەغدای بۆ دەگێڕێتەوە. باسی ئابوونە و جۆشی کیژەکان بەر لە کوڕەکانی بۆ دەکات، (رەنگە ئەو بڕواش نەکات، بڵێت چۆن ئەفەندییەکی شاری بەڕووی دڕندەیی بەعس وەستاوە و لە بەغدا کوردایەتی کردووە. ئێمە لە شاخ و ئەشکەوت و گوندەکانی لەسەر نەخشەش ناوی نەبوو، رووبەری دیار نەبوو، نەخشە و خاوەنیشی نەبوو، ئینجا بەعس و فڕۆکە و هێرش ئێمەی دەدۆزیەوە.

ئەدی لە گوندێکی وا نەبوو، فڕۆکە جوانترین، ئازاترین هاوڕێی شەهید کردین! ئەدی ئێمە لەو گوندانە نەبووین و حکومەت برسی دەکردین. ئاوی لێ دەبڕین. هەواڵ و هەناسە و رووناکی لێ دەپچڕاندین. ئەوانە چۆن لە باب ئەلموعەزەم، لە مەیدان و شارع ئەلرەشید و حەیدەرخانە و (مەربعە) کوردایەتییان کردووە، حزبایەتیان کردووە. ئابوونەی ئەوانە چۆن گەیشتووتە ناو بەرد و ئەشکەوت و سەرکانییەکان. چۆن بە پارەی ئەوانە قەمسەڵە و پێڵاومان بۆ کڕاوە.

رەنگە سەرلقەکەی پاش بەیانی یازدەی ئازار بوویتە موقاول، چەند پرد و قەنتەرەی لە ئیشغال و ئیعمار ئەلشمال بە قۆنتەرانت گرتووە، بە ئەندازیارەکەی قەمیسێکی سپی ئوتوکراوی لەبەر بوە، کە بۆنی بیرەی فەریدەی دوێنێ شەوی لێ دەهات، بڕوا نەکات) ئەویش باسی نامەکەی بۆ دەکات:

لە گەرمەی رۆژانی دانوستان و هاتن و گەڕانەوەی وەفدەکانی حکومەت و شۆڕش. ژمارەیەك بەرپرسی ناوچەکەمان لە گوندێکی سەرووی ئەو زوورگ و زێی بچووکە. دەستەیەك بەیەکەوە نان دەخۆن. بەرپرسەکان

**پاش نانخواردن دەبورێنەوە، دەرشێنەوە، دەمرن و هەناسەیان دێ، پەلاواژ دەبنەوە و رەنگیان زەرد دەبێت. چاویان ناکرێتەوە، نابریسکێتەوە. هەواڵەکە وا نووسرابوو، هەموویان لەسەرەمەرگن، وا دەمرن، ئەگەر ئەوانە ژەهرخواردوو کرابن، هاوتوچۆی دانوستانەکە (بە زمان و نووسینی ئەودەمانە موفاوەزات) سارد دەبێتەوە.**

**جێبەکە تەقە تەقی بوو، بەڵام موقاولەکە دەنگی گەورە بوو، زۆریش لەیەك نزیك بوون. بەڵام تۆزی رێگاکە دەموچاوی هەردووکیانی گۆڕیبوو. ئەندازیارە شارستانەکە، رۆژانە رۆژنامەیەکی ئەلتەئاخی دەکڕی، کە لە دائیرە هەڵدەستا دەچووە کتێبخانەکەی بن قەڵات، بەر لەوەی بچێتەوە ماڵەوە سەرێکی لە کتێبخانەکە دەدا، دەیزانی شوفێرەکانی هێڵی هەولێر بەغدا سەعات چەند رۆژنامەکە دەهێنن. سەعات چەند هەواڵی کوردستان بە رۆژنامەیەکی عەرەبی لە بەغداوە دەگاتەوە هەولێر. رۆژنامەکەی خۆی کە ژمارە ٤٧ی بەشداربوونی لەسەر بوو وەردەگرت، سەیرێکی مانشێتەکەی دەکرد، چەند دێرێکی لەسەر وتارەکە دەخوێندەوە. سەیرێکی وێنە فۆتۆگرافییەکەی دوالاپەڕەکەی دەکرد، چەند دێریشی لەدوا ستوونەکەی دوالاپەڕەکەش دەخوێندەوە. ئینجا بەرەو ماڵەوە دەڕۆیشت، ماڵیان زۆر لە بازاڕ دوور نەبوو، لە شەقامەکەی پاسی (عەنکاوە)ی پێدا دەچوو نزیك بوو. بەر لەوەی بگاتە گازینۆکەی عەنتەر، لە کۆڵانی یەکەمی ناو قەسرەکان بوو.**

**جێبەکە وەك مامزێکی ماندوو بەسەر گردەکان دەکەوت. وردەخۆڵەکە دەموچاوی هەردووکیانی گۆڕیبوو، ئەگەر لەیەك دووردەکەوتنەوە یەکتریان نەدەناسیەوە. موقاولە بەرپرسەکە، قاتێکی کوردی ئەفسەری (مورادخانی رەنگ خورمایی لووس) وەك ئاوێنەی لەبەردا بوو. پشدێنەکەی پشتی ئەوەندە گەورە و شل بوو، دەکرا دوو دەمانچەش بشارێتەوە. دەڕۆن گوند بە گوند سەردەکەون. ئەو جاران لەو گوندانە، شەوانەی لەگەڵ چوار پێنج کەس، لەدوورەوە لەسەر بەرزاییەکان سەیری ئاگری گلۆپی سایلۆ و قەڵاتیان دەکرد، لەنزیکترین ئاوەدانی لە شار، دەیانپرسی:**

**کەستان، خزمێك، کەسێکتان لەناو شارە. کەستان ئەندامێکی حزب دەناسن. هێشتا زووە و بە دوو سەعات، دەگەینە ناوشار و کەمێك بۆنی شار دەکەین و لە گەڕانەوەشمان چەند دەستریژێك لە ماڵە جاشێك، (دائیرەیەکی زراعە) دەکەین، شارەکە دەشێوێنین و دەگەڕێینەوە!**

*********

## له مەخفەرەكەوە بۆ مەخفەرێكی تر

یاسین و پەروین لە شارۆچكەكەی سەر رووباری فورات، لەناو عەرەبە شیعەكان، دەبەنەوە ماڵی رەحمانی براكەی یاسین. بەسەرسامییەوە ژنەكەی رەحمان، ئەوەی چاوەكانی لەبەر دڕی و چڕی برۆكانی دیار نەبوون. بەتەوس و حەسوودی و نیگەرانی و بارگرانییەوە، دوو میوانەكە، بەرووێكی تاڵەوە وەردەگرێت. دەبێ وەریانبگرێت، میوانیان هاتووە، لەبەر خۆی دەڵێت: سڵاوی كوردی بێ تەماح نییە.
ژن و پیاوەكە لەبەر دەرگا بچووكە لارە شڕەكەی ئەوانیان داوە. ئەوان دەست بەبوخچەكە دەزانن بۆ هاتوون. بۆ رووباری دیجلەیان بڕیوە و هاتونەتە سەر رووباری شێلووی فورات! بەڵام رەحمان و ژنە قەڵەوە مەمك گەورە باسك ئەستوورەكە نازانن، یاسین و كیژەكەی بوخچەكەی لەناو دەستی بوو، بۆ هاتووە! ئەو ژنە كێیە؟ بە چ ناو و ناسیارییەك پێشوازییان بكەن! هەردووكیان لە دوو گۆشەی ژوورەكەی ماڵی ئەبو نەوزاد، لەسەر حەسیرەكە دادەنیشن. سەیری یەكتریش ناكەن، تاقەتی ئەوەیان نەبوو، بۆچی سەیری یەكتری بكەن. چاویان كز، بوخچە شڕ و شلەكانیان دیارە چییان پێیە و بۆچی هاتوون. بەڵام بەدروستی ئاسان نەبوو، بزانن چییان دەوێت! ئوم نەوزاد، ژنەكەی رەحمان، دڵی بەو دوو میوانە خۆش نەبوو، دەیزانی خێر و بەرەكەتیان بەنیوچەوانەوە نییە. هاتوون رەنگە (نان و سێبەرەكەیان لەگەڵ بەش بكەن)، ژنە قەڵەوەكە بیر لەوە دەكاتەوە!
ژوورە چۆڵەكەی خانووەكە، بەتاڵی، تاریك، سارد دەدەنە بووك و زاواكە. دوو میوانەكەی، ئەوانەی دوو رۆژە بەیەكەوە سەفەریان كردووە. كوڕەكە ئەوەندە دەستی كیژەكەی گرتووە، كە بوخچەكەی لێ وەرگرتووە. كە سواری (نێرین)ە هەژدە نەفەرییەكە دەبێت. كە لە قادرمە باریكەكە بۆ ناو هوتێلەكە لە مەیدان سەردەكەون. ئەو دوو جارە دەستی گرتووە، بەڵام بەیەكەوە هاتوون و بەرەزامەندی هەردووكیان بەرێكەوتوون.
یاسین بەغدا باش شارەزا بوو. دەیزانی كوردەكان لە مەیدان كۆدەبنەوە. حەیدەرخانە و گۆڕەپانی حافیز قازیی زۆر جاری تریش دیبوو! كۆڵانە باریكەكان، پەنجەرە بەرزەكان، پەردەی بەردەرگاكان، كرانەوەی لایەكی پەنجەرەكان. دووكانێكی جەنجاڵی دەرگا تەسك، پیاوێكی قەڵەو، یان ژنێكی قەڵەو بەرێوەی دەبات. لەو دوكانانە سەموونی گەرمی كڕیبوو. لەگەڵ برادەرەكانی جگەرەیان لێی كڕیبوو، دوو قوودی مورەبای شووتی،

(مورەبای پرتەقاڵ) و دەستە هێلکەیان کڕیبوو. لەو دووکانانە لە ژووری بەتاڵیان پرسیبوو. بۆ کرێ یەکە مانگ، بۆ پشوودانی هەفتەیەك، لەو کۆڵانانە لەگەڵ یەکەم وشە و رستەیان دەیانزانی کوردن، زووش پێیان دەووت:

کاکە بەسەر چاو، ئەگەر ژووری بەتاڵمان هەبوایە، دوودڵ نەدەبووین، کاکە چاومان لە ئێوە چاو نییە.

ئەو گەرەکی شێخ عومەر و مزگەوتەکە و مەرقەدی گەیلانی دیبوو، (هەموو کوردێك بەغدای دیبێت، مزگەوتی غەوسی گەیلانی دیوە) لە باب ئەلشێخ. ئەوانە چۆن سەردانیان نەکردووە، خەڵك لە هیند و سند لە شام و میسر سەردانیان کردووە. موفتی عیراق، مەلا عەبدولکەریمی مودەریس کە (خەریکی ناڵی) بوو، شیعرەکانی ئەوی شیدەکردەوە لەوێ زانایەکی گەورە بوو. مەرقەدەکە (غەوس) کە لە هیندستانەوە سەعاتەکەیان بۆ هێنابوو، ئەوەی بە زەبری قوورسایی دەخولایەوە و ببووە چاوی بەغدا. پیاوە سپییە زانا کوردەکەش، لەوێ لەناو ژوورێکی رووناك بە نوور و چرا لەگەڵ نوێژ و نووسین و خوێندنەوە، خەریکی غەزەلەکانی ناڵی بوو. ئەویش شیعری دەنووسی. لەوێ مزگەوت و مەزار و کتێبخانەکەی کردبووە، هەواری کوردەکانی بە میوانی دەهاتن، یان ئەوانەی لە فەقیری لەوێ بوون.

ئەو دەیزانی کام کۆڵانی تەنگەبەری شەقامی رەشید دەرناچێت. بەڵام نەیدەزانی بەغدا بە باخچە و کۆڵانە گوڵزارەکەی ئەبو نەواس، شیرین و مەستیش بووە. نەیدەزانی بۆ کەناری شەونم و خەیاڵی دیجلە، بۆ بە ناوی ئەبو نەواس کراوە. دیارە کە ئەبو نەواس سەرخۆشە و هەر بەسەرخۆشییەوە بووە بە پەیکەرێکی سەر دیجلە. وانەی مەستی و جوانییەکانی (خەمر) و مەستبوونی بە رێبوارانی ئەو شەقامە جەنجاڵە وتووە و دەڵێتەوە. بەردەوامیش شووشەی خەمری لەناو دەستدا بووە. کە پەیکەرەکەیان لەسەر دیجلە داناوە، شاعیرێکی زاهید نەبووە، سەرخۆشێکی زاهید بووە. بۆیەش شەوانە هەزارەها دڵ، وەك ماسییەکان بەو شەرابە بۆ ژانەکانی بەغدا دەسوتان. ئاوەکە دەبێتە شەرابێکی هەرزان و پیرۆز، بۆ مەستبوون و لەبیرکردنی خەمە گەورەکانی ناو هەناوی هەموو بەغداییەکان، ئامادە و ئاسان دەگاتە ناو لێوان و جامە پەرۆشەکان. لەوێش ئەبو نەواس، دەکەنە پاشا و ساقی و شالوور، هەتا لێوی (جنان)ی ژنە دۆستەکەی مەستی کردووە، شیعری بۆ وتووە. هەتا عاشق بووە، سەرخۆش بووە، هەتا سەرخۆش بووە، لە خەلیفە دوور و نەیار بووە. بەڵام دوایی، بە زەبری شیر و چاوی سووری

مەرگ، ناچار بووە شیعری بۆ هارون رەشید وتووە. (خەلیفە)ی لە جێگای کەنیزەکەی داناوە، یانخەلیفە پایەی جنانی گرتووتەوە. یان خەلیفەکە خۆی لە جێگای کەنیزە بسك درێژە چاو کەوانییەکە داناوە. خەلیفەکە سەدان کەنیزەی فارس و رۆمی هەبوو، ئینجا جێگەی بە کەنیزەکەی ئەبو نەواس لەقکردووە. ئەبو نەواسی لەو دابڕیوە. چەشەی شیعری پێ گۆڕیووە. بۆ خۆی، بۆ ناو و شکۆمەندی خۆی، تەختێکی گەورەی عاجی سووری ئاوریشم و خشلی لەسەر شیعرەکانی ئەبو نەواس داناوە!

یاسین ئەو بەزمەی هارون ئەلرەشید (پێنجەم خەلیفەی عەباسی، ئەوەی رۆژانە سەد رکعەت نوێژی کردووە، لەتەمەنی خۆی بەسواری حوشتر و بەکاروانی گەورە، بەبیابانی ترسناکی جەهەنەم، نۆ جار حەجی کردووە) و خەمر و ئەبو نەواس و کەنیزەکانی نەزانیوە. بەڵام پەیکەرێکی حەپەساوی لەدیار سووتان و برژانی ماسییەکانی دیجلە دیبوو. بەڵام نەیدەزانی بۆ پەیکەرەکە ماتە و رەق بوویتەوە، لە داخی جنان، یان خەلیفە هەڕەشەی لێ کردووە. لە شیعری سووتان بۆ جنانی دابڕیوە، کردویەتی بە چرا و نەخشێکی دیوار و بنمیچی کۆشکەکەی خەلافەتی عەباسی.

# بەشی یازدەم

# کورد چیتر لە بەغدا بۆیاخچی نییە

ئەو نەیدەزانی لە بەغدا لەو چەند ساڵەی داهاتوو، کوڕەکانی مەلا مەستەفا و سەرکردایەتی پارتی. لە ساحەی تەحریر رووبەڕوو و بەرامبەر هەزارەها عەرەب و کوردی فەیلی و کرێکار و هەژارە داماوەکانی شێخ عومەر و بۆیاخچییە کوردەکان، قوتابییەکانی زانکۆ و ژنە تەنوورە کورتەکان و پیاوە لاوازەکان سەربەرزانە دەردەکەون. بە شاڵ و شەپك و موژدەیەکی شیرینی ئاشتی خۆیان نیشان دەدەن. ئیتر تەواو چیتر کورد ئەو جارە! بۆ کرێکاری و سەربازی و داماوی و نەخۆشی و شیوعیەتی و کڕین و فرۆشتن و کەبابچییەتی و (مەلها و زیارەت) و . ناچنە بەغدا. ئەو سەردەمە کۆتایی هات، کورد بۆ سیاسەت و سەفارەت و کۆبونەوە و لێدوان و دەرکردنی رۆژنامە و گەشەسەندن بە بەشی کوردی زانکۆی بەغدا و فیستیڤاڵ گەیشتنە بەغدا. لە بەغدا، بەو ناوانە دەمینێنەوە. تەنها هەر لە حەیدەرخانە نابن. ئیتر کورد لە بەغدا، دەچنە ئەوبەری دیجلەش و دەگەنە کۆشکی کۆماری و وەزارەتەکان!

کورد دەگاتە بەغدا، ئەلتەئاخی (برایەتی) بەرامبەر (ئەلسەورە)، دوایی ماوەیەکیش دژ بە رۆژنامەکەی حزبی شیوعیش، بەرگری لە مافەکان و بەندەکانی یازدەی ئازار دەکات. بۆ یەك تەقە، بۆ سەرپێچییەك و بۆ لاساری مەفەوەزێکی ئەمن، بڕیاری وەزیرێك، هەڕەشەی سەیتەرەیەك، گرتنی گەنجێك بەدەستی ئینزباتێك، بۆ فرۆشتنی نەوتەکەی بابەگوڕگوڕ دێتە دەنگ! کە کورد داوای کەرکووك و سامانەکانی دەکرد، بەعسییەکان دروشمی (نەوتی عەرەب) بۆ عەرەبیان لەسەر دیوارەکان، لەسەر عاموودەکان، لەرووی یەکەمی رۆژنامە و کۆنگرەکان هەڵدەواسی. لە بەغدا لە ئەلتەئاخی وەڵام دەدرایەوە! دژی ئەو دروشمە چەندین وتار و رامانیان راگەیاند.

لەورۆژانە و پاش دەرکردنی بەیانەکەی یازدەی ئازار. قەڵەمەکان نەدەترسان بشکێن، حوبریان تەواو نەدەبوو. شەو نەدەخەوتن، رۆژانە زۆرتر لە (سی هەزار) دانەی رۆژنامەکەیان لە هەموو شار و دەزگا و ئۆفیسەکانی وڵاتەکە، بەڵام ئازایانە، راستگۆیانە بڵاودەکردەوە. کورد رۆژنامەکەشیان کردبووە کۆترێکی سپی ناسکی ئاشتی. دەیانووت:

ئاگر هەرگیز بە ئاگر ناکوژێتەوە. ئەگەر ماوەیەکی کورتیش ئاگرە سوورەکە، ئاگرە هارەکە، ئاگرێکی رووناکی و هەتاوێك بۆ چاویش بکوژێنێتەوە،

دووباره ئاگرەکە هەڵدەگیرسێتەوە. چونکە ئاگر ئاگر ناکوژێنێتەوە. خۆشتر و گەرمتر و رووناکتر و پیرۆزتریشی دەکات. لە بەغدا بە زمانی عەرەبی، بەڵام بە هزری کوردی بابەتیان دەنووسی. داوا و رازەکان دەگەیشتە ناو هەموو گەڕەکەکانی بەغدا.

هەردوو بەرەکەی بەغدا، کەرخ و رەسافە. لاپەڕەکانی رۆژنامەکە دەگەیشتنە شارەکەی بەسرا، ئەو شارەی خەڵکەکەی کوردیان بەقەد شاعیرە لاوازە نەخۆشە داماوەکەیان، بەدر شاکر ئەلسەیاب خۆشدەویست! شاعیرەکەیان، چۆن سەیری ژیان و رۆژانەکەی دەکرد، میللەتەکە بەسرایان وادەبینی! بەسرا وەك ئەلسەیاب و گوندەکەی (جیکور) بوو.

شەوێك یاسین و پەروین لە بەغدا دەمینێنەوە. وەك دوو هاوڕێ، هەردووکیان کوڕ، یان هەردووکیان باخەڵیان پڕ مەمك و چاویان پڕ کل بێت. بەیەکەوە شەوەکەی لە هوتێلەکەی مەیدان بەسەردەبەن. لەگەڵ دەنگی یەکەم پاسە دوو نهۆمە سوورەکە. ئەوەی شوفێرەکەی بەر لەوەی بگاتە گازینۆکەی ئوم کەلسوم، بیری لە راگرتن و ستۆپەکە دەکردەوە، کە دەوەستا، لەگەڵ دینگەیەکی کۆنکریتی لووسی لوولەیی درێژی سەرشەقامەکە جووت دەبوو. دەنگی دەگەیشتە ژووری هوتێلەکان.

ئەوانیش لەخەو هەڵدەستن (خەویشیان لێ نەکەتبوو، نازانم بۆ، یان ئەوەیان خەمی من نەبوو، بۆ شەوەکەی بەغدا دوو عاشقەکە خەویان لێ نەکەوتبوو). پیاوەکە کیژەکە دەباتە ناو کۆلانێکی باریکی بەرامبەر هوتێلەکە، کۆلانێکی باریك، ئەوەی هەردوولای بە شانشیل، بۆ ماچکردنی یەکتری نزیکببوونەوە، بەڵام جۆگەلەیەکی باریکی ئاوەکە، بواریان نادات یەکتری بەگەرمی ماچ بکەن. تەنیشت مزگەوتەکەی حەیدەرخانە، کوپێك شیر و پارچە (کەنافە)یەکی زەرد، وەك زەردێنەی هێلکە دەخۆن.

کاتەکە زوو بوو، دووریش نەبوو لەکاتی سەردان و نوێژکردن و بەسەرکردنەوەی رۆژانە عەلادین سوجادی (نووسەر و زاناکەی لە بەغدا سەرپەرشتی دەرکردنی هەردوو گۆڤاری گەلاوێژ و نزاری کردووە، زۆریش شەیدای وشە و نووسین و دەستەواژەی کوردەواری بووە، ئەگەرچی پۆستی وەزیریشی لە بەغدا بینیبوو، هەر خەریکی کۆکردنەوەی قسەی نەستەق و پەند و بەزمی خۆشیش بووە) بۆ مزگەوتەکە ببینن، کە گوێی لە ئاخاوتنیان دەبێت، بۆ دۆزینەوە و وەرگرتنی وشەیەك، رستەیەکی نوێ قسەی لوتف و نازی لەگەڵ دەکردن. خواردنی شیر و کەنافە چەورە بە پەنیرەکە. وزەیان پێ دەبەخشێت، توندتر و گەرمتر بڕۆن و لەسەر پردەکە دەپەڕنەوە.

تا شەرمن و نائومێد، خۆیان دەخیلی ڕووباری فورات بکەن. تا بەرەو قەزاکە، سواری کۆنە نێرینێك بن. هەردووکیان دڵیان پڕە، بەڵام باریان سووکە، هەر بوخچە شلەکەی توند بە باسکی پەروین لکابوو.
دەڕۆن و دیــوارە دووروودرێــژەکــەی (مــۆزە)ی عیراقی و ئێستگەی شەمەندەفەرەکە بێزاریان دەکات. دەڕۆن شارە گەورەکە، جەنجاڵی گۆڕەپان و شەقام و بەردەرگای دائیرەکان سەرسامیان دەکات!

*****

## وەرە بڵێ من نەمردووم

ئاخاوتنی (مام عەبدوڵا ڕۆستی)، پیاوە ڕەشتاڵە چوارشانە سمێڵ دڕەکە، ئەوەی دەستەکانی توند، وەك تەونی جاڵجاڵۆکە، بە بەرد و قەدی داربەڕوو و قەوزەی ئاو وەدەنووسان. ئەوەی قاچەکانی نەیاندەزانی لەناو ڕەنووە بەفرەکە هەڵبخلیسکێن. هەرگیزیش ئەو بەرامبەر بەفر و شەختەش هەڵنەخلیسکابوو. ڕازەکە، هەواڵەکە زۆر کۆنە و کەسیش بیر لەوە ناکاتەوە گوێی بۆ شل بکات. بەڵام! کەفی سپی باوەشی گەورەی ئاوەکەی لە گەرووێکی بەرز، زۆر بەرزی (سەری سەکران) دەهاتە خوارەوە. ئاوە ساردەکە، تەوژمە بەهاژە و شێتەکە دەگێڕێتەوە، لەناو ئاوەکەدا دەخوێندرێتەوە، لە بێگەردی ئاوەکە دیاربوو، دەنگی ئەو، لەگەڵ هاژەی ئاوەکە جریوە جریوەیان بوو. ئەو لەبیری مابوو، ویستبووی قسەکە بگێڕێتەوە و بەهاتنەخوارەوە و هاواری بەپەلەی گەیشتنی ڕووبارەکە و پەرۆش بوو بیگێڕێتەوە و وتبووی:
ڕۆژێکیان من، لەڕۆژانی شارەکان، گوندەکان، پارتی و پێشمەرگەکان لەبەر سێبەری فێنك و بەسام و بەگومانی یازدەی ئازار، پاڵ و شانی ئۆخەیان دابووەوە. من لەناو باخچەکەمان بووم، وێنجەم دەدوریەوە، بیرم لەکن گایە سوورەکەمان بوو. بەرخەکانم لەبەر چاوان بوو، سەیری پیرۆزی هەنارم دەکرد. (کتری)یە ڕەشە سەر شکاوەکە، لەگەڵ ئاگرەکە ململانێیان بوو، ئەو ئاوەکەی دەکوڵاند، ئاوەکەش بەگەرمبوون و هەڵچوون جەستەی ئاگرەکە کز و سارد دەکردەوە.
من لەسەر خەرمانە بچووکەکەمان بووم، دەمویست بچم دەستەسڕە سوورە گەچراوەکە بکەمەوە و دیشلەمە بۆرەکە، بەڵام شیرینەکە، لەسەر ڕووی

(دەستەسڕ)ەکە پەخشان بکەم. بە پەنجە دڕەکانم، بە ئەنگوستە بۆرە زامدارەکانم، ئەوەی دڕك و زام و کارکردن و هەڵگرتن و دانان و سواخدان و ماڵنجکردن، سوورە گۆشتەکە، دەمارە شینەکانی چڕ کردبوونەوە. بەو پەنجانە دانەیەك، دوو دانە شیرینی بۆ چایە تاڵەکە هەڵبژێرم! بەبێ ئەوەی ئاگام لەخۆم بێت، سەیری شێوەی هەنارم دەکرد، چاوەکانم هۆگری ئەوە ببوون. دڵم نەدەهات، هەنارەکە لە لقەکەی بکەمەوە، دڵم نەدەهات رووی تیشکی خۆری لێ بگرم.

من دوو مانگ زۆرتر بوو، ماوەیەکی زۆر بوو، پێم بەسەر رێگا قیرەکەی جوندیان – بەرزێوە نەکەوتبوو. لە گوندی، لەناو باخچەکان دانەبەزیبووم. لەوێیەوە کازیوە و نەوشەفەق ئاوەدانییم دەبینی. ماوەیەکی زۆر بوو، هەنار و هەرمێ و چرۆ و سێبەر و گوڵی نازداری گەنم، بواریان نەدەدام بۆ خوارەوە دابەزم، بچمە شار.

بۆیەش پەیوەندی من! بەو جیهانە رۆژنامەیەکی سوور بوو، رەنگی رۆژنامەکە بوو. کە خۆم خوێندەوارییم نەبوو، رەنگ و گوێگرتن لە خوێندنەوەی موژدە و خۆشییەکی بەسام و بەگومانی پێ دەبەخشیم. کەشەکە ئارام بوو، گوندەکان ژیانی تێدا زۆر ئاسایی بوو، بەڵام چاوەڕوانییەکان نیشانەی ترس و دڵەڕاوکێ بوون. بەو رۆژنامەیەی دوو سێ دەستی دەکرد، تا دەگەیشتە گوندەکە و گەڕەکەکە و ماڵەکەی ئێمە، دەمزانی بێجگە لە رەز و ئاسمانە شینەکەی سەرم، جیهانێکی تریش هەیە.

من بەو رۆژنامە دەمزانی هاوڕێیەکان، لە بەغدا، لە کوردستان، لە دەرەوەش ژانێکی گەورەیان لە هەناوە، لەبەر چاوە. دەمزانی حزبەکە ماوە، بەڵام دڵم نەدەهات، ورەم بەرز بوو، نەمدەوت حزب نەخۆشە، زۆریش نەخۆشە!

*****

دوو پیاو، نەمدەناسین، هەرگیز ئەو دەموچاوم لە بناری هەڵگورد و حەسار و کوێستانەکان نەدیبوو. دوو پیاوی ماندوو و لەدوورەوە هاتبوون. ئەوانەم هەرگیز لەبن هەیوانی خانوو و سەربانەکانی دۆڵی رۆستێ نەدیبوو. دوو چەك. دەمانچەیەکی ستاری گەورەی نا پەرۆیەکی زەردی بەستراو بە پشدێنێکی گوڵزار. تفەنگێکی سەمینۆڤی رووسی. ئەو تفەنگەی تەنها بەخەیاڵ شانازی ئێمە بوو. ئەو چەکەی بەنیاز بوو هەموو جیهان بهەژێنێت. دوو پیاوەکە هاتنە بەر ئاسۆی هەنارە جوانەکە، گەیشتنە بەر

سێبەری گوڵەبەرۆژەکان. سەمینۆف و دەمانچە ستارەکە، هاتبوون من ببەن و بەپەلەش بگەڕێنەوە. تفەنگە قووتە سەمینۆفەکەی چەند ساڵ بوو بەشانازییم دەزانی و سەری بەرزدەکردمەوە. شەرمی لە جوانی هەنارەکان نەکرد. لە گوندە گەورە دێرینەکەمان نەشڵەژا. دوودڵ نەبوو، فەرمانی پێکرابوو، رایانسپاردبوو و وتی:

تۆ! عەبدوڵا رۆستی!؟

پەنجە دڕە کوتراوەکەم بە دڕك و دەندووکی بەرد و شانی قەدپاڵ، لەسەر دیشلەمە بۆرە شیرینەکە بوو. تا وەڵامی دوو پیاوەکە بدەمەوە، پەنجەم لەسەر شیلەی دیشلەمەکە و لەسەر دەستەسڕە یادگارەکە کێشایەوە. نەدەکرا، دیشلەمەکە هەڵبگرم، چونکە بواریان نەدەدا چاکەی بەسەر دابکەم، بواریان نەدام:

بەڵێ من عەبدوڵا رۆستاییم!

تفەنگە سەمینۆفە رووسییەکە، شەرمی لە من و رۆژنامە سوورەکەی ماڵەمان، ئابونەکەی مانگانە دەیدەمە حزب نەکرد، (من لە خەیاڵ و هزرم خۆمەوە ئەوەم دەبینی، وامدەزانی وایە)، دەمانچە ستارە گەورەکەی بەر پشدێنی پیاوە سمێڵ باریکە سەرکۆتەکە قسەی نەکرد. بۆیەش قسەی نەکرد، نەوەك من دەنگ و شێوازی ئاخاوتنەکەی بناسمەوە، چونکە من بۆنم کرد، هەناسەم ناسیەوە، زانیم ئەو پیاوەی دەمانچەکەی بەستوە دەزانێت گوێز بتەکێنێت. باشیش دەزانێت گوڵەروون وشك بکاتەوە. رەنگە خەڵکی ناوچەکەی خۆمان بێت، بۆنی ئەوەم لێیکرد. پیاوەکەی سەمینۆفەکەی لەشان کردبوو، دوو پاکێتە فیشەکی لەناو پشدێنەکەی دانابوو، وتی:

ئێمە لە گەلاڵەوە لەدوای تۆوە هاتووین!

پەنجە دڕەکەی لەسەر قەندە شیرینە بۆرەکە بوو، دەگاتە ملە رەشە بەئارەقەکەی، بەشێکی ملی پێ دەخورێنێت. لەگەڵ نینۆك و دڕی سەرەپەنجەکانی ملی داغ دەکات، سووری دەکاتەوە، چڵك و ئارەقەکەی دەشێلێت. بەو خورانەوە بیری بۆ زۆر شوێن و کەس و سەردەم و چارەنووس دەبات. بە شڵەژان و سەرسامییەوە عەبدوڵا رۆستی دەڵێت:

گەلاڵە منی بۆ چییە!؟ ( ئەو گەلاڵەیەی بە بازاڕ و بڕیار و شانازییەکان بووە بە پایتەخت. هەر لەو شارە ئەو فڕۆکەیەی حکومەت، وەفدی دەهێنا و گەورە بەرپرسە فێڵبازەکان دەهێناودەبرد، دەنیشتەوە. سەرکردایەتی کوردیش لەوێ لە جێبە قووتە سەر بەچادرەکان بۆ پێشوازییان دەگەیشتن، لەناو باهۆز و گەردەلوولدا دانوستان و گفتە شیرینەکانیان بەردەوام دەبوو).

دیسان دەمانچەکە قسە ناکات، پیاوەکەی سەمینۆفەکەی بەقەد چاوەکانی خۆشدەویست، وەك دیارییەك وەریگرتبوو، دەڵێت:
وەرە لەوێ بڵێ من نەمردووم!
پەنجە درەکەی هەر بەملییەوە بوو:
بە کێ بڵێم!؟ من بڵێم نەمردووم، کێ دەڵێ من مردووم!
حزبەکەت، وەرە لەوێ بە حزبەکەت! (ئەو دەزانێت حزبەکەی لەوێ نەماون. سەردەمێك لەوێ بوون. بە هەردوو باڵەکە لەوێ بوون. بەڵام ئێستا دوورن و لەناو بەرەی نیشتمانی دەژین. لەوێ بەشەرمەوە جێگایان کراوەتەوە، جێگایان بۆ خۆیان بەناچاری، لەبەر چاوی کەسکی سۆڤیەت کردوتەوە. بەڵام شوێنەکەیان تەسکە، دەنگیان ناڕوات، وێنەیان تەڵخە و زۆربەیان لێیان بووە بە شەرم، ئەگەرنا شانازی بەو جێگایە ناکەن).
کە وشەی حزبی گوێ لێ دەبێت، هەڵوەستەیەك دەکات، خۆی ناسوڕێنێت. ئەو بە جەستە، هەر بەرامبەر هەنار و کترییە چاکەوە بوو، بەڵام هزر و رامانی دوو سێ جار دەخولێتەوە. سەیری لوولەی سەمینۆف و دەمانچەکە دەکات، دەزانێت ئەوەی قسەی لەگەڵ دەکات خەڵکی دۆڵی رۆستێ نییە، خەڵکی باڵەکایەتی و حەوزی سۆرانیش نییە.
ئەو هەموو خەڵکی ناوچەکە، ئەگەر بەناویش نەناسیبوایە، بە رەنگ، بە دەنگ، بە ئاکار و هەناسە و فۆنەتیکی دەنگی دەناسێت. ئەو سەمینۆفە، ئەو دەمانچەیە، ئەو دوو پیاوەی هاتبوون ئەو ببەنە گەلاڵە، ببنە سەرکردایەتی بێگانە بوون، حزب بوون، (حزب هەموو تیرە و ناو و شێوە و شارەکانی تێدایە)، حزب هاتووە ئەو راپێچ بکەن، چەند ساڵە دەسەڵات و تفەنگی بەغدا شیوعییەکانیان بردووە، شوێنبزریان کردوون، راویان ناون! بەڵام لەو گوندە و لەو بنار هەڵگورد و حەسارە، کەسیان نەبردووە. بەپێچەوانە لە دەست گرتن و بردن و کوشتن روویان لەو گوندە و ئەو کوێستانە کردووە! بیردەکاتەوە دەبێ شتێك روویدابێت، شتێك بەناوی ئەو کرابێت. راستە ئەو شیوعی بوو، لە سەیران و ئاهەنگەکانی نەورۆزی شیوعییەکانی لە (گوندی بەرسیرین) ئامادە دەبێت. سمێڵی گەورەیە. نەبووە بە پارتی لە جووتیارانیش نییە. ماوەماوەش هاوڕێیەکان، کورد و عەرەبەکان، بەغدایی و بەسراوییەکان (کە خەڵکی ئەو شارە زۆریان شیوعی بوون) سەردانیان کردبوو.
گوندەکەی ئەوان، باخچەکانی ئەو بنارە هەڵگوردە، سەر کانییەکان، سەرکردە و بیرمەندە شیوعییەکانی شاردۆتەوە. سەرکردەکان، لەو گوندە،

لەو باخچانە ون دەبوون. هیچ چاو و چاودێرییەکی نەیدۆزیونەتەوە، سەرکردەیەك زیرەکانە لەوێ بووە بە جووتیارێك، وتوویەتی:
من خەڵکی شارم و دوژمندارییم هەیە.
ئەو لەقەد زنار و ناو باخچەکان بە رۆژ بووە بە چۆلەکە، لەبن (سواندە)یەك هەردوو باڵی گرێداوە، چاوەکانی وشك کردووە. شەوانەش لەگەڵ فانووس و کتێب و نووسین سەرگەردان بووە!
کادیرێکی تر، لە شارێکی دوورەوە هاتبوو، لەوێ ژیـاوە، ئەویش وتوویەتی:
فیرارین و لەبرسانا هاتووین، لێرە ژیان ئاسان و جوانە، دەتوانین لەناو تەنهایی ببینە (سمۆرە)، کەس ددانی تیژ، ئەگەر تیژی تێدا ببووبێت و کلکی زەردمان، کە سوورمان کردبوو نابینێت.
لەوێ جووتیارەکان بە قسەکردن، بە رفتارە ناوازە و شیرینەکانیان. بە جووڵە و دەنگی ئێستگە و لاپەرە چاپکراوەکانی رۆنیۆ، زۆری وەك ئەویان کردبووە شیوعی.
لەدیار هەنار و دیشلەمەکە، ئەویان برد. بردیانە گەلاڵە تا لەوێ بڵێت من نەمردووم، من زیندووم، فەرموون سەیری وێنەکەم بکەن.
بەیانی لەسەر رووی لاپەڕەی یەکەم، بەڕووێکی خۆش، سەربەستانە، وەك ئەوەی گەورەترین سەنگەریان بۆ کوردایەتی گرتبێت. لە لاپەڕەی یەکەمی رۆژنامەکە، وەك ئەوەی سەرکەوتنێکی مەزنیان بۆ جێبەجێکردنی بەندەکانی بەیانی یازدەی ئازار بەدەست هێنابێت. رۆژنامەیەکی حزبی شیوعی، ئەو رۆژنامەیەی بە هەشت لاپەڕە لە بەغدا بە زمانی عەرەبی رۆژانە لە چاپخانەکەی حزبی شیوعی، لە چاپخانەی ئەلرەواد، (زۆر مناڵە شیوعی بەو ناوە ناوکراون)، ئەو رۆژنامەی بارەگەکەی، دەستە نووسەرانی لە خانووێکی رەنگین، ناسك، سێگۆشەیەکی داپۆشراو بەدار و قەدی سەوزی گەڵا، وتارەکانیان دەنووسی لەوێ دەنووسن:
پارتییەکان لە رواندوز، لەبەرامبەر شاخەکەی هندرین، کە هاوڕێیەکانی ئێمە، تفەنگەکانی ئێمە، ئەفسەرە شیوعییەکان چاوی حکومەتی بەغدا دەشکێنن. کادیرێکی بوێر و جووتیارێکی وریا، دەستێکی بەتوانا، هەنارێکی شیرین، چرۆیەکی بەتەمەن، کەوێکی دڵسۆز دەکوژن! با هەموو جیهان بزانێت، رۆژنامەکەی حزبی شیوعی و بە قسە و هاواری ئەبو گاتع (شومران ئەلیاسری) دەنووسێت:
لەورۆژانە، پارتی و لەنزیك بارەگای بارزانییەوە، لە ناوچەکانی لەبن دەستی

مەلا مەستەفاش نزیکە. عەبدوڵا رۆستی لەسەر خەرمان، لەسەر کانی، لەناو بەفر دەکوژن. پارتییەکان شەرم لە هندرێن ناکەن. شیوعییەکی کۆڵنەدەر، ئەوەی هەموو زیندانەکانی بەعقوبە و حیلەی دیبوو، ئەوەی شانێکی گەورە و رەقی هەڵگورد بوو، دەکوژن!
ئەوەندەی بەپێیان دەڕۆن، ئەوەندەی لەناو جێبەکە دەڕون، ئەوەندەی چاوەڕوان دەکات. عەبدوڵا رۆستی نیگەرانە و نازانێت، بۆ ئەو دەبەنە گەلاڵە و بۆ لەوێ بڵێ من نەمردووم. ژیان و سەلماندنی ئەویان بۆ چییە. دەکرا، دوو کەسەکە بگەڕێنەوە و بڵێن، کابراکەمان لەبەر ئاگردانەکە بینی، سەیری دارهەنارێکی گران و مەست بەجوانی هەناری دەکرد. بڵێن کابرامان بینی، (سمێڵی دەبریسکایەوە)، کابرا نەمردووە و خۆی بە هەردووکمانی وت:
من ماوم و هەناسەم دێ و نەخۆشیش نیم، چەند مانگیشە لەو گوندە، لەنزیك ئەو دارهەنارەش نەجوڵاوم! من نەمردووم، سوپاس کە ژیانی منتان مەبەست و بەقەدرە!
دەکرا ئەو قسەیە گەرم و زیندووە لەگەڵ خۆیان ببەنەوە. دەمانچە و تفەنگەکە ئەو دوو رستەیە ببنەوە (گەلاڵە) و شاهیدی پەیڤەکانی بن. دەزانن کە پیاوەکەی سەیری هەناری دەکرد، ماوە و نەمردووە و تەواو، بۆ لەگەڵ خۆیان دەیبەن! ئەو سمێڵە گەورەیان بۆ چییە، چ کاریان بە مردن و ژیانی ئەو هەیە!
لە بەرزاییەکان دادەبەزن، دەبوایە ئەو لەپێشەوە بڕوات. لەسەر داوای ئەوانیش نەبوایە، هەر ئەو پێشدەکەوت. ئەو لەوان شارەزا تر و بەپەلە بوو، رێگای نزیکتریان نیشان دەدات، بەپەلە بوو تا بزانێت زیندوویی ئەویان بۆ چییە!
بەپەلەش بوو، بەڵام لەسەر کانییەك نوێژیش دەکات. هەردووکیان سەیری یەکتر دەکەن، ئەدی ناڵێن شیوعییەکی باڵادەستە و ئیشی زۆرمان بەو پیاوە هەیە، لەبەر چاوی ئێمە، باشتر لە مەلاکەی خۆمان نوێژی کرد. پاش نوێژەکە، دیسان لەبەر سێبەری دارهەنارێك، بەڵام ئەو جارە دارهەنارەکە لە رەزی ئەو نەبوو، دوعاش دەکات، دەپاڕێتەوە! دەگەنە جێبەکەیان، دەمانچە لەپشتەکە (سویچ)ێکی باریکی بەستراو بە داوێك دەردەهێنێت. دەرگاکە دانەخرابوو، جێبە سەرکراوەکان دەرگایان دانەدەخرا، ئەو لەناوەندی خۆیان دادەنێن. ئەوەی تفەنگەکەی لەنێوان هەردوو قاچە درێژەکانی دانابوو، جگەرەیەکی لە پاکێتە ئێرانییەکە بۆ دەردەهێنێت:
من پاکێت ناخۆم، تووتنی خۆم پێیە! بەڵام جارێ نا...!

لەویٚ لە ژووری بەرپرسەکە، لەویٚ بەرامبەر کامیراکە، دەست بە رۆژنامەیەك وێنەی دەگرن. لەویٚ دەمینێتەوە تا فیلمەکە دەشۆنەوە، تا دەزانن فیلمەکە نەسووتاوە. وێنەکە جوان دەرچووە، ئەو بەئارامی و پێشواز دەمینێتەوە. کە وێنەکە دەشۆنەوە، وشك دەبێتەوە، وێنەکەی نیشان دەدەن، کە رۆژنامەیەکی لەناو دەستە، سمێڵە گەورەکەی سێبەری لەسەر (مانشێت)ەکە کردبوو!

پاش ئەوەی وێنەکەی دەگرن، بە جێبێکی تایبەتی و سوپاسەوە بەرێی دەکەن و دەگەڕێتەوە. دەچێتەوە ناو هەنارەکان، دەگەڕێتەوە و لە سەربانەکەیان چاوەڕوان دەبێت. پاش دوو رۆژ، کادیرێکی خزمی خۆیان رۆژنامەیەکی ئەلتەئاخی بۆ دەهێنێت، وێنەی ئەو لە لاپەڕەی یەکەم بڵاوکراوەتەوە و رۆژنامەیەکی (تەریقی ئەلشعب)ی لە دەستە. کە نووسیویەتی عەبدوڵا رۆستی لەلایەن پاراستنی پارتی کوژراوە! لەورۆژانەش بەمەبەستی لەباربردنی رەوشەکە، دووبارە هەڵگیرسانەوەی شەڕەکە و دروستبوونی دووبەرەکی، چەند رۆژێك راگەیاندنی هەردوو حزب، رۆژانە بە وتار، لە هەندێ شوێنیش توندکارانە دژایەتی یەکتری دەکەن. قسە بۆ یەکتری هەڵدەبەستن و حکومەتیش سەیریان دەکات. هەواڵەکە کۆن بوو، ئەگەر توێژەرێك ئەگەرنا کەسیش بیری لێ ناکاتەوە، باسی ناکەن. زۆریش لە پێشەنگەکانی ئەو رەوشە یان نەماون یان ماندوون! بەڵام مام عەبدوڵا ئێستا بووە بەو (مۆدیل)ەی، بە سمێڵ و رۆژنامە و هەواڵەکە دەناسرێتەوە! پێدەکەنێت و دەڵێت:

من ئەو کەسە سادەیەم، رۆژێك رۆژنامەیەکی رۆژانەی گەورەی ناو بەغدا، وێنەی من و سمێڵەکەمی لە لاپەڕەی یەکەمی بڵاوکردبووەوە. ئەو رۆژە سەرۆك و سەرکردە بووم! بە وێنەکەی من، رۆژنامەیەك حزبێك بەدرۆ دەخاتەوە، لەورۆژەوە و تا ئێستاش هەموو خەڵکی ناوچەکە سیما و سمێڵەکەم دەناسێتەوە.

*****

## بۆ گەڕانەوە دەگرێت

یاسین، پاش گەڕانەوەی ماڵی رەحمانی برای و حەمە شەریفی چاو گەشی سەرمەست، بۆ هەولێر، ژنەکەی بێزاری دەکات. دەگرێت، بۆ گەڕانەوەی براکەی و ترسیش لە هاتنەوەی تفەنگەکەی دەستە گەورەکەی. یاسین دڵی دەداتەوە:

ژنەکە وا لێرە دانیشتووین لە هیچمان کەم نییە، کاسبی خۆمان دەکەین،

وا سەبر سەبریش فێری عەرەبیش دەبیت. نانێك هەر پەیدا دەکەین با لەسەر بەردی رەشیش بێت. نانی گەرم و ئاوی ساردیشمان هەیە، منالّیشمان دەبێت، گەورەش دەبن. باشە کێ دەڵێ تۆ براکەت ماوە!
ژنەکە بە فرمێسك و نیگای چاوەکانی وەڵام دەداتەوە:
بەس ئەو مابیت، با بمکوژێت. ئەگەر لەوێ تەقە و شەڕیش نەمابێت، با ئەو شەڕێك لەگەڵ من هەڵگیرسێنێت. با ئەو بەکوشتنی من سەرکەوتنێکی تریش بۆ خۆی تۆمار بکات، بەس لە ژیاندا مابێت. ئەگەر کێلەکان بناسمەوە قەبرەکەی دایکمی پێ نیشان بدەم، هیچی ترم ناوێت!
یاسین بێدەنگ، بەڵام هەر بە بێدەنگی دەڵێت:
ئاوەکە لێل دەکات و دەیەوێ ماسیش بگریت. براکەی بماندۆزێتەوە و بچینە بەردەستی تا بمانکوژێت!
حەمە شەریف، پیاوێکی بەوەفا بوو. بۆ ئەو دوو داماوەی بەتەنها لە جنوب ماونەتەوە پەرۆش بوو. زێڕ بە پشکنین و مەحەك و تیزاب دەردەکەوێت، پیاوی باشیش بە چاکە و وەفا. ئەو لەجیاتی پەروین و یاسین دەچێتە سەر لیستی خانووەکانی شەهیدان. ئەوەی بە کۆمەکی مەلا مەستەفا و ئیعمار ئەلشمال دروستکران. لەوێ، دەیەوێ بزانی ناوی براکەی پەروین لەناو ناوەکان نییە!
ئەندازیارە قەڵەوەکەی ئیعمار ئەلشمال پێی دەڵێت:
رەئیس عورفا، تۆ دەڵێت شەهیدەکە هیچی تۆش نییە، برات نییە، ئامۆزات نییە، خزمی ژنەکەت نییە، وا پەریشان لێی دەپرسیت. راستە خانووەکان تەواو بوون. دەرگا و پەنجەرەیان تێخراوە، بەس ماوە دابەشبکرێن. بەڵام دابەشکردنیان بە دەست ئێمە نییە، لیستی ناوەکان بزانە، لە بارەگای هێزە، یان لە لق و ناوچەیە، برۆ لەوێ سەیر بکە! ئێمە سەرپەرشتی ئەندازیارییمان بۆ پرۆژەکە کردووە و میزانیەیەکمان بۆ دانابوو.
ئەوان خۆیان زەوییەکەیان زوو لە شارەوانی وەرگرتبوو، موتەسەرفیان هەراسان کردبوو، بەردەوام لە شارەوانی بوون: جێبی پڕ پێشمەرگە و سەرلق و کادیر دەهاتن و دەستەیەك دەڕۆیشتن. زەوییەکە راستە لەناو جەرگەی ئاوەدانی بوو، نزیك بازاڕ و قوتابخانە و مزگەوت بوو. بەڵام کێشەی مولّکداری مابوو. ئەوان ئازایانە، لەگەڵ خاوەنی کۆنی مولّکەکە و شارەوانی و ئەندازیارەکان، ئەوانیش پێیان باش و خۆش بوو، هەموولایەك مەبەستیان بوو، پرۆژە و کار و بەرنامەیەك بۆ ئەو خەڵکەکە و شارەکە بکەن. ناو و چاکە و ستایشی زۆر دوور بمینێتەوە. یەکێکیان وتبووی:
با ئێمە شتێك لەو شارە بکەین، ئەگەر شەڕیش ببێتەوە، حکومەت خۆ

خانووەکان ناروخێنێت. پیرەژن و منالٚی ساوا دەرناکات و کارەبا و ئاویان لێ نابڕێت. با گەڕەکێك دروست بکەین و بۆ شەهیدان بێت، بۆ خۆمان نەبێت.
لەناو دەستەی ئامیر هێزی دەشتی هەولێر، ئەو پێشمەرگەیەك دەناسێت. کە پیکەبە کەسکەکەی لێدەخوڕی، هەر خۆشی لە نەبەردییەکی کتوپڕی شەوانەدا، یەکەم کەس دەگاتە ناو پیکەبەکە، بۆیەش مافی ئەوەی دەبێت، هەتا ئەو تاقەتی هەبێت، پیکەبەکە لێبخوڕێت و شانازی پێوە بکات.
ڕۆژێکیان ئامێر هێز و چەند بەرپرسێکی حزبی بۆ پیرۆزبایی لە موتەسەرفەکەی پارتی دایدەنێت، دەگەنە بەر دەرگای قشلە. لەناو پۆلیس و کارمەندەکانی (تەحریر و ئەملاك و ئەمن) و بەشەکانی ئیدارەی مەحەلی دەبێتە غەلبەغەلب. دەزانن ئامێر هێزەکەی دەشتی هەولێر دەگاتە لای موتەسەرف. حەمە شەریف دەچێتە بەر دەرگاکە، لەناو قەرەبالغییەکە دەگاتە شوفێری پیکەبە کەسکەکەی ناسیارەکەیان، ناوی براکەی پەروین دەداتە شوفێرەکە و پێی دەلێت:
ئەوەم بۆ بکە، لێرە ڕۆیشتن، کە گەڕانەوە ئەو ناوەم بۆ بدۆزەرەوە. هیچم ناوێ بەس دەمەوێ بزانم ئەو ناوە لەگەل شەهیدەکانە. خانووی بۆ دەرچووە، یان نا دەرنەچووە! ناوی هەیە، بەلام لەو قۆناخەدا بەرینەکەوتووە، ناوەکەی ئەو بۆ قۆناخێکی تر دانراوە، کێشە نییە، بەس من ناوەکەی ئەوم دەوێت. دەمەوێ بزانم ناوی هەیە، یان نا، ناو! ناو بۆ من گرینگە ئینجا (بەزیندوویی یان بەمردوویی)! ناوی هەبێت، ئەو تا ئەودەمانە ناوی نییە! نامەوێ خانووەکەی لەسەر شەقامە سەرەکییە نزیك بێت، با لەیەکێك لە کۆلانە تەسکەکانیش بێت. با دەرگای حەوشەکەی لەسەر کەندەکەش بێت. کێشە نییە، بەس دەمەوێ ناوی هەبێت!
شوفێرەکە دەمانچەکەی لەناو پیکەبەکە جێدەهێلێت و دێتەخوارەوە:
باشە بەچاوان، ئەو ناوە شەهیدی سالی چەندە!
حەمە شەریف دەپرسێت:
مەبەستت چییە!؟
حەمە شەریف نایەوێ بلێت سالەکەت بۆ چییە، شەهید کۆن و نوێ هەیە! شەهیدە و تەواو! مەرجیش نییە شەهید بووبێت، نایەوێ بلێت ڕەنگە شەهیدیش نەبێت، ڕەنگە ئەندام ناوچەیەکی ئەو حزبەش بێت. ڕەنگە لە (تاران) یان ئەورووپاش بێت، من دەمەوێ بزانم شەهیدە یان نا!؟

*****

## پرۆژەی ڕێگای هەولێر کۆیە

ئەندازیارە باڵابەرزەکە، پەنجەی بۆ ژمارەیەکی وردی نووسراوی ئینگلیزی سەر نەخشەکە دەبرد. یان قەڵەمەکەی بۆ تەواوکردنی پارچە شیعرێك لەسەر کاغەزە بەرین گەورەکە دادەنا. ئەگەر ئیشی کشوفات و کێشەی مەکینەکانی نەبوایە، کێش و سەروای شیعرە غەزەلییە درێژەکانی چاك دەکرد. پاش دەرچوونی ڕۆژنامەکەی شارەوانی (هەولێر) کە لەسەر دەستی (موحمەد مەولود مەم و بیلال عەزیز و پیربال مەحمود و مەغدید سۆران و مەجید عومەر و پشتیوانی سەرۆك شارەوانی هاشم عەبدوڵا) بەناوی مانگانە، بەڵام ماوەماوە دەردەچوو، ڕەوانە دەکرد و بۆیان بڵاودەکردەوە. زووتریش شیعرەکانی بۆ گۆڤاری هەتاو دەنووسی، ئەگەرچی مام گییو زۆر جاریش پێی وتبوو، داد لەسەر ئەو شیعرە غەزەلییانە، هەندێ بابەتی تر بنووسە! ئەگریجە و ژووان تەواو نەبوو، نیشتمان، نیشتمان!
شاعیرە ئەندازیارەکە لەسەر مێزەکە دانیشتبوو، تەلەفۆنە ڕەشە سەر گەورەکە، دوو سێ نووسراوی چاپکراو و (سولفە)یەکی تەواوکراوی پرۆژەیەك، دەستەسرێکی قەدکراوی دامەیی سووری هێڵداری شین، دوو پاکێتی جگەرە و ڕۆژنامەیەك و دوو کتێب و دوو تەپڵەی جگەرە و دوو فایلی ئەستووری بەستراو بە قەیتانی کەسك، لەسەر یەکێکیان نووسرابوو پرۆژەی ڕێگای هەولێر کۆیە (بەڵام بە زمانی عەرەبی)، ئەوی تریان پرۆژەی ڕێگای هەولێر مەخمور ریزکرابوون. مێزەکەی بەردەوام ئەوانەی لەسەر دەبینرا.
لەسەر هەموو کەرەستە و فایل و کتێبەکانیش شیعری تەڕیش باوەشێنەی لە ژوورەکە، لەسەر کەرەستەکان دەکرد. دڵی دەجوڵاند، بەژنی شکۆتر و چاوی گەشتر نیشان دەدا! ئەو بە شیعر و جگەرە و نەخشە و سەردانی مەیدانی پرۆژەکان دەژیا، شەوانەش دەچووە ناو (پێکێکی سپی سپی). شەوانەش ژنەکەی خەیار و ماست و زەڵاتەیەکی بەسرکەی بۆ ساز دەکرد، ئەو دەیووت: من بەرۆژ لە دەوام هیلاك دەبم، درەنگ دەگەڕێمەوە، عەسران لەناو بازاڕ و چاخانەکان، ئەگەر شەوانیش بچمە نادی، ئەدی کەی ژنەکەم ببینم، چۆن بخوێنمەوە، کەی شیعر بنووسم. بەڵام شەوانی هەینی، یەکەم کەس و دواکەسی سەرمێزەکەمان دەبم، شەوانی تریش لەماڵەوە!
ئەو دوو فایلەی لەسەر مێزەکەی بوون، داوای یەکەم و پرۆژەی خەون و بەرنامەی نیازپاکی خزمەتکردن بوون. بەر لەوەی فایلەکان هەڵبگرنەوە، ئەندازیارە باڵابەرزە دەموچاو درێژەکە، سەیرێکی تری ناو فایلی پرۆژەی

هەولێر کۆیە دەکاتەوە، جگەرەکەی لێوی، سۆتەکەکەی دەکەوێتە سەر مێزەکە و بە دەستە پانە ڕەقە گەورەکەی سۆتەکەکە رادەماڵێت. ئەوەندەی دەکەوێتە سەر پانتۆڵە ڕەشە ئەستوورەکەی، ئەویش پاك دەکاتەوە، توند دەستی دەکوتێت و تۆزەکە جوان لە ڕەنگی ڕەشی پانتۆڵەکەی دەکاتەوە.
بانگی شوفێرەکەیان دەکات، وەرە با بڕۆین.
ئەندازیارە لاوازەکە (ئەو دوو سێ ساڵێ بوو لە زانکۆی موسڵ دەرچووبوو.
ئەندازیارەکانی دەرچووی ئەندازەی موسڵ و هەموو کولێژەکانی ئەو زانکۆیە، زۆر شانازیان بە زانکۆ و بەرنامە و تاقیگە و مامۆستا و دەوامی خۆیان دەکرد. خۆیان بە دەرچووانی زانکۆ بەغدا ئەگەر باشتر نەزانیبوایە، کەمتر نەدەزانی. ئەوان شاناز دەیانووت: کەس بەقەد موسڵاوییەکان زیرەك و لێهاتوو و دڵسۆزی وەزیفەکانیان نین، بەتایبەتی کریستیانەکان!
ئەو هێشتا نەببوو بە ئەندازیاری سەرپەرشتکار، ئەگەرچی زۆرتریش حەزی بە پرۆژەی ناوشار و باڵەخانە و نەخشەسازییش دەکرد. بەڵام لەو پرۆژەیە یاریدەر بوو. بۆ ئەویش دەرچوون و دەرەوەی شار، هەندێك مووچەکەی زۆرتر دەکرد، دەرماڵەی ترسناکی و دەرچوون و کارامەیی وەردەگرت. پیرەدایکەکەی زۆر بۆی ماندوو ببوو، دەبوایە ئەویش ماوەیەك بۆ پێگەیاندنی خۆی ماندوو بێت، سەرەتایە و بەرنامەکەی زۆر دوورودرێژە، ئەگەر بە ڕێگا درێژەکەی هەولێر کۆیە تەواو بکرێت)، پێی دەڵێت:
درەنگ نییە! کاتی سەر پرۆژەکەمان ماوە؟!
ئەویش بەر لەوەی قەڵەمە (بیست و یەك)ەکەی لە گیرفانی قەمیسە سپییەکەی دابنێت. سەیرێکی سەرەکەی دەکاتەوە نەوەك شل بێت، چونکە دەیزانی هەڵبەزودابەزی ناو جێبەکە و ڕێگا ناخۆشەکە هەناوی ئەو و شوفێر و جێبەکەش دادەتەکێنێت. نەك قەڵەم حوبرێك، دوو ساڵی زانکۆ و هەشت ساڵی ئەندازیاری و دوو دیوانە شیعری گەورەشی پێ نووسرابێت. سەرەکەی ئەویش لەسەر گیرفانی شل دەکاتەوە.
بەر لەوەی لە دائیرەکەیان دەربچن، ئەندازیارە شاعیرەکە، فێرببوو لە دەرگاکەیەوە، کە جوان منارەی چۆڵی لێوە دیار بوو. شاعیر بوو، حەزی دەکرد سەیرێکی منارەکە بکات. یان هەر مناڵی ناو شاخ و بەرزایی بوو، فێرببوو سەرکەشانە بڕوانێت. وەك سەربازێك قیت و مەند و بێ هەناسەدان بەڕووی منارەکە دەوەستێت:
ئای دەسەڵات و دەوڵەتداری، ئەگەر وەك شیعر دەبوو. ئەگەر سەرۆکەکان زووتر شاعیر دەبوون. ئەگەر شاعیرەکان سەرۆك دەبوون، چۆن بوار دەدەن

**ئەو (منارەیە بێ مزگەوت بێت). باشە خۆ من هەرگیز رووم لە کەعبە نەکردووە، نازانم، قیبلەش رووی لەکام لایە. شەڕی گەورەشم لەگەڵ دایکم و پوورەکانم و هەندێ لە خزمەکانم ئەوەیە و لەسەرم دەقیژێنن و دەڵێن: ئەندازیارێکی گەورە و بەشەخسیەت، خانوویەکی گەورە، ئەوەندە کەلوپەلەت لەناو ماڵەکەت کۆکردیتەوە. وەرە (دووگرد)ێکت لەو ماڵە نەبێت. ژنەکەشی وەك خۆی لێ کردووە، دووگردێکیان نییە! بۆ خۆتان نا، بۆ ئێمە!**

**دەگەڕێتەوە سەر هزری ئەوەی ئەگەر دەسەڵاتداران شاعیر دەبوون، کۆنە مزگەوتەکەی ئەو منارەیان دەدۆزیەوە. شوێنەوارەکەی هەر ماوە، زووتر ئیشیان لەناو کردبوو. بە کارگوزارەکەی بەردەرگاکەی دەڵێت:**

**هەتا دەوام ماوە ئاگات لە تەلەفۆنەکە بێت، ئەگەر لە بەغدا و ئیشغاڵی عامە منیان ویست، با رەمزییە ئەفەندی قسەیان لەگەڵ بکات. بە رەمزییم وتووە چییان پێدەڵێت! باشە.**

**ئەو بەوە دەزانێت زستانی ئیمساڵ بە بەفر و باران دەبێت، چونکە لە هەموو ساڵەکانی تەمەنی ئیمساڵ شیعری زۆرتر نووسیوە. (شیعریش لەئاسمانەوە دەبارێت). لە ئەستێرەکانەوە کۆپڵە کۆپڵە بەردەبنەوە. ئەو وتبووی:**

**کە من شیعرم زۆر نووسیوە، زستانەکەمان سارد و سەخت دەبێت. بۆیەش داوای گرێدەر و شوفڵم بۆ بەفرماڵین کردووە. داوام کردووە پارەی زۆرتر بۆ چاکردنەوەی رێگای حاجی ئۆمەران تەرخان بکەن. رێگاکە زۆر قەرەباڵغ بووە، بار و (لۆد)ی زۆری لەسەرە، تاسە و تەقینی زۆرە. بەردەوام دەبێ کرێکارەکان ئیشی لەسەر بکەن. ئەو قسانەی بە رەمزی گوتبوو:**

**ئەگەر من لێرە نەبووم و لە عامە تەلەفۆنیان کرد، پێیان بڵێ، زستان و بەفری ئیمساڵ و قەرەباڵغی رێگاکەی گەلاڵە قیرەکەی شپرزە کردووە. لەوەتی (هاملتۆن) ئەو رێگایەی کردوتەوە، هەندێ ئەو ساڵانە بار و هاتوچۆی لەسەر نەبووە! گەشتیاری زۆر هاتوونەتە شەقڵاوە، هاتوونەتە سەر کانییەکەی شێخی باڵەکان! نازانم ئەو عەرەبانە، خەڵکی سامەرا و حیلە چۆن ئەو شوێنانە دەدۆزنەوە!؟**

**رێگاکە زۆر قەرەباڵغە، ئەوە ساڵی دووەمی ئاشتییەکەیە، بە راگەیاندن و پیادەکردنی ئۆتۆنۆمییەکە. ناوچەکە چ ئاپوورەیەکی دەکەوێتە سەر و ناکرێ چیتر ناو گەلی عەلی بەگ وا بێت. دەبێ بکرێتە (دوو ساید)، یەکێك بۆ چوون و یەکێك بۆ هاتن، یان رێگاکە بەرین بکرێت!**

*****

شوفێرەکەی تازە دامەزرابوو، لەسەر فەوجەکەی گۆمەسپانیش بوو، لەوێش بەناوی سەربازی دوو خەت ناو و مووچەی هەبوو، ماوەیەك پێشمەرگایەتی کردبوو. لەسەر داوای ئەندازیارە شاعیرەکە (جیٚب)ەکە دەهێنێتەوە بەر دەرگای دائیرەکەیان و هەردوو ئەندازیارەکە سوار دەبن:
مەجید برۆ (ناوی شوفێرەکە بوو) هەتا ئیعمار ئەلشمالیش برۆ، با بەر لەوەی دەربچین سەرێك لە پیاوە قەڵەوەکەش بدەین! با لێی بپرسین لەبەر تۆیە وا قوماش گران بووە!
ئەندازیارەکەی هاوڕێی پێی دەڵێت:
دەزانی درەنگمان بەسەر دادێ، ئێستا لەوێ بە بۆینباخە سوورەکەت و شیعرەکانت رادەبوێرێت. تۆش گەمە بە سك و جەستە قەڵەوەکەی دەکەیت، بەوەیان درەنگمان بەسەردێ!
ئەندازیارە شاعیرەکە وەك ئەوەی بزانێت لەسەر پرۆژەکە رووبەڕووی بەزمێکی نەخوازراوی نارەوا دەبێتەوە. ماوەیەکی زۆریش سەرودڵی خۆی و دائیرە و هێز و موتەسەرف و لقیش دەگیرێت. بۆیە دڵە ناسکەکەی، دڵە کۆپڵە شیعرییەکەی پێی دەڵێت:
برۆ کەمێك لەگەڵ ئەندازیارە قەڵەوەکەی ئیعمار ئەلشمال فشقیات بکەین، ئەویش بۆ تاواندنەوەی بەزە ئەستوور و چینەکانی ورگی پێویستی بە پێکەنین هەیە! تۆش ئارەزووت لەو بەزمەیە!
لە چاخانەکەی کەسنەزان، دەوەستن، کەسیان نوێژیش ناکەن، تا نوێژی نیوەڕۆکەیان لەوێ بکەن، چایەکیش ناخۆنەوە. دەوەستن تا لە ئاوی جۆگەکە، مەجید مەسینەیەك ئاو لە (رادێتەری جیٚب)ەکە دەکات و مەکینەکە سارد دەکاتەوە. دوو کەسیش لەسەر سەکۆکە فەرموویان لێ دەکەن، زۆریش رووبان دەدەنێ، بەڵام دوو ئەندازیارەکە لە سەماوەر و قۆری و کتری و سێبەری بەر حەسیرەکە نزیك ناکەونەوە. دەڕۆن لە (دڵۆپە) و (هەورازە نەفت)یش رەتدەبن، بەڵام ناگەنە دەشتاییەکەی نزیك دەربەندی گۆمەسپان.
لەوێ مقاولەکەی ئامیری سریەی حەرس حدودیش بوو، بەر لەوەی بگەنە سەر پردەکەی داری بەسترابوو، شوفێری تانکییەکەی ئاوی دەرشاند، دەوەستن. ئەندازیارە شاعیرەکە، حەزی لە قسەکانی مامە سەید بوو، دەیگووت: من شیعر دەنووسم، ئەگەر وەك تۆ زمانەکەم پاراو بوایە، وەك تۆ ئەوەندە ئیدیومە زۆرەم لەبەر دەبوو، شیعرەکانم دەگەیشتنە ئاست شیعرەکانی هێمن و هەردییش. مام سەیدیش دەیووت:
جەناب، تۆ شیعری غەزەل دەنووسیت، غەزەل دڵداری و سووتان و مەستی

دەویت، چ کارت بەو قسانەی منە!
شاعیرەکە پێی دەڵێت:
توخوا کاك سەید، بەس بزانم، ئەو زمانە شیرین و جوانە چۆن لە حزبایەتی و پێشمەرگایەتی فێربوویت. سەیرە رۆژی خۆشتان هەڵاتن و برسیەتی و راونان و ئاگرباران بووە!
کاك سەید لەبەر ئارەقە و کەشە گەرمەکە، بۆ هەناسەیەك جەمەدانییە گچکەکەی سەری کەمێك لاردەکاتەوە. بەروویکی شیرین پێی دەڵێت:
کەساسی و رەنجی زۆرمان لەو ژیانە تاڵەی کە بە شیرینمان دەزانی بینی، کەرەستە و هەوێنی هەموو بەهرە و کارەکانمان بووە.
رۆژەکە بەخێر نەگەڕا، سەردانی ئەندازیارە شاعیرەکە بێ کێشە کۆتایی نەهات. لەسەر یەك راسپاردە، لەسەر پێشنیارێکی ئەندازیاریی، لەسەر خاڵێکی سەر نەخشەی (شیش بەستن)ەکە، لەسەر چاوەڕوانی و هاتنی ئەو، شەڕێك دروست دەبێت. ئاشوبەیەك دەکەوێتەوە. هەموو شارەکە، حزب و لق و ناوچە و موتەسەرف و ئیعمار ئەلشمال و لیوای حەرس حدودی تێدەکەوێت. قسەیەکی بچووك دەبێتە هەواڵێکی گەرم. دوو رستە و یەك داوا، شارەکە دەهێنێتە سەرچۆك. موتەسەرف لەگەڵ چەند پۆلیسێك دەگاتە لقی دوو. قائیمقام دەگاتە بارەگای هێز. ئامێر هێز بە جێب و پیکەبە کەسکەکەی دەگاتە شوێنی رووداوەکە. بەرپرسی لق، موتەسەرف هاوار دەکەن و دەڵێن: هەر ئێستا ئەو سەرلقەمان دەوێت. دەبێ بگیرێت، مقاول چۆن دەستدرێژی دەکاتە سەر بەڕێوەبەری پرۆژێکی ئاوەدانکردنەوە و حکومەت. کە ئێمە تێدا بەرپرس و دەسەڵاتدارین. چۆن لەو دەشتە و لەسەر جێبەجێکردنی مەرجەکانی سەر نەخشەیەك، بەندەکانی ناو (تەندەر)ێك، مقاولەکە پەلاماری ئەندازیارەکەی دەدات. یەخەی دادەڕێت، چۆن هەڕەشە لە ئەندازیارەکە دەکات و زۆر سەرکەشانە پێی دەڵێت:
بێ سمێڵی داخ لەدڵ، چۆن دەتوانیت. ئیش بە من رابگریت!
کابرای سەرلق ناگیرێت، بەڵام داوای لێبووردن لە ئەندازیارە شاعیرەکە دەکات. ئەندازیارەکە ئیشەکەی رادەگرێت، برگەکانی پێ دەگۆڕێت و لەلایەن ئیعمار ئەلشمال و موتەسەرف و لقیش سوپاسگوزاری ئاراستەی ئەندازیارە شاعیرەکەش دەکەن. بە مقاولەکەش دەڵێن: ئیشەکەت دەدیتەوە یەکێکی تر، تۆش بۆ ئەو ئیشە دەست نادەیت و دەگەڕێیتەوە بارەگای (فەوج) لە دەربەندی گۆمەسپیان. هەرگیز قبووڵمان نییە بەچەکەوە بسوڕێیتەوە.

*****

# بوخچەکە دەکرێتەوە

ژنەکە سوێند بە سەری نەوزادی کوڕی دەخوات و بە ڕەحمان دەڵێت:
با هەر برات بێ، لە دایك و باوکی خۆت بێت! یان من یان ئەو و ئەو کیژە بێ نامووسە! زۆر تووڕەیە و بە ڕەحمان دەڵێت:
دەریان بکە، ئابڕوومان دەچێت، دەمانکوژن، بەس نییە ئەو دەربەدەرییە، بەس نییە ئەو داماوییە!
پەروین هەموو قسەکانی گوێ لێ دەبێت، بەوە ترسەکانی ئەستوور و خەمەکانی گەورە و ژانەکانی قوورستر دەبێت، لەسەر بوخچەکە لەسەر زەوییە شێدارە سوێرە تەڕەکە دادەنیشێت، دەگریێت، چۆن گریانێك، زۆر گەرم دەگریێت، (ئەگەر بەختت بوو، تەختت بوو) دەزانێت دەنگی نووزەی ناگاتە تەیراوە، ناگاتە دایکی، دایکی مردووە، تەیراوەش بۆ ئەو تازە مرد و ناگەڕێتەوە.
ئەو دوو رۆژە لەگەڵ ئەو پیاوە نیوەی دونیای بڕیوە، دوو شەوە بەیەکەوەن. دوو رۆژە دڵی دەداتەوە و ئارام نابێت. دەگریێت و پێی دەڵێت، دایکم بۆ زیندوو بکەرەوە، دایکم دەوێ. ئەو کە لە تەیراوەش بووە گۆڕەکەی ئەوەندە لە ماڵەکەیان دوور بووە، نەیتوانیوە دوو جار بچێتە سەر گۆڕەکەی تا بە دڵی خۆی و بەکۆڵ زۆر بۆی بگریێت! دەگریا و دەیووت:
نەدەکرا بەتەنها ئێوارەی پێنجشەممەیەك بچمە ئیمام موحەمەد. نەچووم دوو (بخوور)ی بۆ داگیرسێنم، مەلایەکی نابینا بانگ بکەم و یاسینێکی لەسەر بخوێنێت، چۆن دایکم منی دەبرد. بەیەکەوە دەچووینە سەر گۆڕەکەی باوکم، دایکم نەما من لەگەڵ کێ بچم. وا بەناچاری دڵم منی بەو یاسینە بەند کرد، هاتمە ئەو هەوارە دوورە!
ژنەکە دەستی لێ رادەوەشاند و هەڕەشەی دەکرد بە بسکەکانی رایبکێشێت و فڕێ بداتە ناو کۆڵانە باریکەکە. ژنێك بە کراس و کەوا و سوخمە و بە هەموو گوڵەکانەوە فڕێ بداتەوە کۆڵانەکە! دەنگیان دەگەیشتە دەرەوە، سەعفی خورماکان نەوی دەبونەوە، تا بزانن ئەو دەنگەدەنگە چییە، تووڕەبوون بە زمانی کوری چۆنە، هاوارکردنیش بەو زمانە دەکرێت!
بەڵام، هێشتا سەعفی دارخورماکەی سەربانەکەیان. ئەوەی لە دیواری پشتەوە بەباڵای بـەرزەوە لە سەربانەکەی ئەوان، وەڵامی رامان و رازەکەی وەرنەگرتبووەوە. هاتوهاوارەکە، قیژەقیژەکە و بێدەنگی رەحمان، بە تەقەتەقی رەئیس عورەفا حەمە شەریف کۆتایی پێ دێت. ژنەکەی رەحمانیش، لە مێردەکەی خۆی نا، بەڵام زۆریش لە شان و شەوکەتی ئەو

دەترسا. کە ئەو دەگاتە بەردەرگاکە، کە بۆنی دێت، کە تەقەی پێیەکانی دەگاتە نزیکە هاژەی تووڕەییەکە دەنگ و هاواری ژنەکە نامێنێت، (سەعفی دارخورما)کەش بەرزدەبنەوە، روویان وەردەگێڕن، نەوەك دەست و باسکیان ببڕێتەوە، زۆرتر دارەکە رووت ببێتەوە، سەعفە دەکشێتەوە و خۆی کەڕ دەکات، ملی درێژی دەپێچێتەوە.
پەروین چاوە پڕ ئەسرینەکەی بەرز دەکاتەوە، سۆزێك دەکەوێتە دڵی. بە دیتنی حەمە شەریف، کە مامی نەبوو، خاڵەکانی نەدەناسی، دەبوژێتەوە.ماڵەکەی بۆ دەکرێتەوە، هاتنەوەی ئەو و پشتیوانییەکەی دەبێتە ئارامی و یەکەم رۆژی ژیانی پەنجا ساڵییەکەی لەو شارە!
کیژەکە دەگریا، لە هیچ بەختی نەبوو. لەو کاروانەش بەختی نەبوو. کە دایکی زوو دەمرێت بەختی نەبوو. براکەی لە یەکەم (شانە)ی قوتابییان ئاشکرا دەبێت و دەزانێت بمینێتەوە دەگیرێت دەڕوات و بەختی نەبوو. چەند مەفاوەزاتیش دەکرێت و ناگەڕێتەوە، هەموو دونیا کاغەز و دەفتەر بوو، ئەو نامەیەکی نەنووسی، وتیان چووە ئێران، لەوێ هەموو گەڕانەوە، ئەو گەڕایەوە و یان نەگەڕایەوە، رەنگە هەر ئەو سەفەرەی هەر نەکردبێت، بەڵام دەنگی نەبوو، کیژەکە لەوەش بەختی نەبوو! بەڵام لەوەیان بەختی هەبوو، ئەو رۆژە حەمە شەریف زوو دەگەڕێتەوە. رەنگە کە لەدەرەوەی مەخفەرەکە کە دەگەڕێتەوە، پێیان وتووە:
ژنێك و پیاوێك هاتبوون لە رەحمانیان پرسیبوو. بۆیان گێڕاوەتەوە، هەموو شتێکیان بۆ ئەو دەگێڕایەوە وتوویانە:
بوخچەیەك، دوو دڵی پڕ لە خەم، چاوێکی ترساو و شانی شکاوی ژن و پیاوێك، غەریبی و کەساسی دوو کورد. پیاوێکی چوارشانە (گوڵەگەنم)ێکی پێبوو. هاتبوون لە رەحمانیان پرسیبوو!
دیوارەکە بۆی دەگێڕێتەوە، مەعاونەکەی پێی دەڵێت، یان (قەرەوێلە)کەی رۆژانە نیو سەعاتێك لەسەری پاڵدەداتەوە، یەکێکیان پێی دەڵێت:
تەیراوە دوو باڵندەی ناردبوو، نانی گەرم دوو دڵی سوتاوی ناردبوو. سوور هەڵدەگەڕێت و هەڵوەستەیەك دەکات، هیچ قسەیەکی بۆ ناکرێت. نازانێت چ بڵێت، بلەز دەیەوێ بگاتەوە ماڵەوە و تەنگاوە بزانێت بۆ هەولێر ژنێکی ترساو و کوڕێکی راونراوی ناردووە. کە پۆلیسەکانی هاوڕێی مەشجەبەکە دەشکێنن و (حکومەت چەك دەکەن)، حکومەت ئەوان دەست بەکەڵەبچەوە دەنێرن! بەڵام ئەو دوو رێبوارە کەساسە ماندووە، دەست بە بوخچەیەك بۆ هاتوون؟ کێ دەریکردون، بەڕاستی میوانی ئەبو نەوزادن، یان میوان و تۆزی سەرشانی

**هەموو ماڵە کوردەکانی ئەو شارەن، بەڕاستی دەرکردن هەر ماوە!**
**ژنەکە وەك کەرپووچێکی دیوارەکە سارد و رەق ببوو، نوزەی دەهات، دیواریش نووزەی دێ، کەرپووچیش نووزەی دێ وتی:**
**خاڵە، من زوو براکەم لە ترسی گرتن هەڵات. چووە سەرێ، بووە پێشمەرگە، رۆیشت. رۆیشت و نامەیەکی نەهات. دەرچوو نەگەڕایەوە تەیراوە، ئێستاش هەموو تەیراوە چاوەڕوانی گەڕانەوەی ئەو دەکەن.**
**دایکم زۆری چاوەڕوانی کرد، تا مرد. چاوەڕوانی دایکمی کوشت، نەخۆشی نەیکوشت، براکەم دایکمی کوشت، تەمەن دەرەقەتی دایکم نەهات، بێوەژنی نەیتوانی پشتی دایکم بشکێنێت، برسیەتی رەزیلی نەکرد. بەڵام بێ نامەیی، بێ برادەری براکەم، دایکمی کوشت. دایکم مرد، دوو (کۆڵانی تەیراوە ئاوی نەهات). سێ ریزە خانووی گەڕەکەکە ستارەکەیان نەوی بوون. چەند عاموودی کۆڵانەکە لاربونەوە. کە دایکم لە رۆژێکی تەڕ و لە شەوێکی تاریك مرد. ئەو شەوەی دایکم مرد، گلۆپەکان چاویان سیس بوو، بەڵام دانەگیرسان. ساماڵ بوو، بەڵام ئاسمان تەڵخ! مانگەشەو نەبوو، بەڵام ئەستێرەکان بۆ رووناککردنەوەی گۆڕستانەکەی ئیمام موحەمەد کۆببونەوە.**
**حەمە شەریف دارە باریکە گڕنیگڕنییەکەی دەستی، لەنێوان جام و چوارچیوەی پەنجەرەی ژوورەکەی دادەنێت. بە ژنەکەی (ئەویش دیمەنی هێرشی ژنەکەی رەحمانی بۆ سەر پەروین دیبوو، دەبینی چۆن کیژە بەستەزمانەکە دەبێتە ریزە کەرپووچێکی دیوارە شێدارەکە) دەڵێت:**
**زۆرم برسییە خواردنم بۆ گەرم بکەوە!**
**بەڵام کە دیمەنەکە باشتر دەبینێت، کە دەزانێت، کیژەکەی دوو رۆژە بەگەڵ یاسین کەوتووە و هاتوون دەخیلی براکەی بن. براکەی خۆی دەرچووە و رۆیشتووە و نەگەڕاوەتەوە. هاتوونەتە لای براکەی یاسین، تا داڵدەیان بدات. چۆن لە گۆشەیەکی دیوارەکە پەستراوە و یاسینیش بوویتە لادیوارەکەی تەنیشت دەرگاکە و هەست و هەناسەی نەماوە! دیمەنەکە باسکردن و لێپرسینەوەی نەدەویست. دیارە کە غەدرێکی گەورە کراوە، (هاوارێکی خنکاوە)، دەست و تکایەکی بڕاوە!**
**نێوانیان زۆر دوور نەبوو، چەند هەنگاوێکیش نەبوو، حەمە شەریف بلەز بۆی دەچێت، ملی رەحمان توند دەگرێت. دەیەوێ بیخنکێنێت، ئەویش بە دیوارە شێدارەکە وەدەنووسێنێت:**
**هەی بێ غیرەت براتە، لەو رێگا دوورە هاتووە، لەبەر ئەویش نەبێت، لەبەر**

ئەو ژنە! شەرم ناکەیت، چۆن ئەو کیژە بەستەزمانەتان وا لەو گۆشەیە پەستاوە. بەو جۆرە پێشوازی لە برات دەکەیت! (بزنیش بە سەگی رەش حیساب دەکەیت)!
پەروین پشتی لە کەرپووچە شێدارەکە دەکاتەوە، چاوەکانی دەکاتەوە. یاسین کە ببوو بە تەختەدارێکی دەرگاکە، دەجولێت، دەردەکەوێت تەختەدار نییە، ئەویش مرۆڤە. بەیەکەوە پەروین و یاسین سەیری حەمە شەریف دەکەن، رەحمان و ژنەکەش سەیری دیوارەکە دەکەن.

*****

ئیعمار شیمال لەناو خانووێکی دوو نهۆمی ناو گەڕەکی تەیراوە بوو. لە بەغداش وەزارەتێکی گەورە بوو. وەزیرێك و بەرنامەیەك بوو بۆ ئاوەدانکردنەوە و قەرەبووکردنەوەی وێرانی دە ساڵی رابردوو. کوژانەوەی (ئاگردانی ناو گوندەکان)، کردنەوەی قوتابخانە، نەخۆشخانە، پرد و رێگا و هەموو ئاوەدانییەکان. ناوی وەزارەتەکە مانای ئەوە بوو، ناوچەیەك هەیە وێران بووە، گوندی زۆر سووتاون، کانی زۆر وشك بوون، دەشتی بەرینی سووتاو، گەرمیان سارد و سڕە. کوێستان بووە بە گەرمیان. مانای ئەوە بوو ناوچەیەك هەیە ناز و رووناکی دەوێت! چەند ئەندازیارێك بەرنامەیەکی گەورەیان لەبەردەمە، ئاڵۆزییەکیش لەبەرنامەکانیاندا بوونی هەبوو، ئەو گوندانە ئاوەدان دەکرانەوە، یان پارەیان بۆ دەردەچوو. کە خەمخۆریان هەبوو. ئەو ماڵانە قەرەبوو دەکرانەوە، پیاو و چەکیان هەبوو.
وڵاتێك دە ساڵ شەڕ و ململانێ و سووتان و پلانی تێدا بووبێت. تەنها بە کاروباری وەزارەتێکی نوێ چارەسەر ناکرێت! زامی دڵەکان، چاوی کانییەکان، دەستی لقەکان، خەمی ژنەکان هەتوان بکات. ئەو وەزارەتە خوێندن بکاتە کوردی بەرنامە و پرۆگرامیان بۆ دابریژێت. کام پرۆگرام، هەر کتێبە عەرەبییەکان بکاتە کوردی؟ بیانکاتە (سۆرانی یان بادینی) چۆن قوربانییەکان بناسێتەوە! هەموو سەنگەرەکان بەسەربکاتەوە، هەموو زیندانەکان بدۆزێتەوە. وەزارەت دەتوانێت پەروین و یاسین لە شارەکەی سەر رووباری فورات شەش حەوت ساڵە، لەوێ گیریان خواردووە بیاندۆزێتەوە و بیانگێڕێتەوە!؟

*****

# دوو جەستەی حەرام

پیرەژنەکەی دایکی پەروین کە مێردەکەی دەمرێت. ئەوەی کوڕ و کیژێکی لێبوو، ئەویش دەمرێت و نازانێت کوڕەکە ماوە یان مردووە. نازانێت دوای مردنەکەی خۆی کیژەکەی چارەنووسی بە چ دەگات. (کێ نانێکی دەداتێ)، کێ نازی دەکێشێت. چاوەڕوان بکات براکەی بگەڕێتەوە، یان بۆ دۆزینەوەی براکەی شەیدا بێت. پیرەژنەکە بەداماویی دەمرێت.
کیژەکە دوودڵ و ترساوە، چ بڕیارێك بدات. کە هیچ بڕیار و بەرنامەشی نەبوو، ئەوەندەی هەبوو، یاسینی نانەوای دەبینی. یەك پیاو، یەك کەس هەبوو بیناسێت. بەڵام نەدەیزانی چۆنی دەناسێت، ئەو چی ئەوە، خزمە، هاوسێیە، خزمێکی دوورە یان ناسیارێکی دوورە! نەیدەزانی خزمە یان هەموو کەسی ئەوە، تێنەگەیشت (نانێکی گەرمە) یان سۆزێکی قووڵە، دەپرسێت:
من هیچ نانێکی ترم نییە، لەو ژوورە ساردە و لە چاوەڕوانی براکەم، نازانم . یاسین نانە گەرمەکەی منە، بۆیە ئەویش دەستی دەگرێت و بەیانییەکیان لە تەیراوە دەڕۆن. بەرەو کێندەرێ سەرهەڵگرن هیچ هەوارێك بەگونجاو نازانن ئەگەر زۆر دوور نەڕۆن. دوور بەقەد درێژایی رووباری دیجلە و دواییش رووباری فورات.
حەمە شەریف لە براکەی یاسین زۆر تووڕە دەبێت، دەستی دەگرێت، وەرە با بچینە مزگەوت، مەلاکە لەگەڵ من نایێت، چونکە منی لە مزگەوتەکە نەدیوە. راستە من دەناسێت، بەڵام دەبێ تۆ داوای لێ بکەیت!
بە پەیدابوون و چوونە ژوورەوەی حەمە شەریف بۆ ناو مزگەوتەکە. مەلا دڵخۆش دەردەکەوێت. بەو هاتنە سەرفراز دەبێت. وادەزانیت ئەویش بەنیازە وەك هاوڕێیەکانی هاتووە نوێژی لەدوای بکات. بواری ئەوەیان نەبوو، زۆر یەکتری بپرسن، یان لەسەر (حەسیر)ەکەی بەر هەیوانەکە پشووێك بدەن. کاتی پشوو و چاوەڕوانی نەماوە، دوو جەستەی حەرام، دوو سەری گەرم لەناو حەوشەکەیان گڕی گرتووە. حەمە شەریف زۆرتر لە مەلاکە نزیك دەبێتەوە و پێی دەڵێت:
مامۆستا هاتووم بچینەماڵەوە، کیژ و کوڕێك سەریان هەڵگرتووە و میوانی ئێمەن، وەرە با مارەیان بکەین. من دەبمەوە باوکی کیژەکە و رەحمانیش برای زاوایە. وەرە با ئەو دوو گەنجە کەساسە ئیمشەو بەیەکەوە لەسەر بەتانییەکی تەنك، لەدیار تەباخێکی کزی قەرزکراو، لەناو ژوورێکی بێ چرا، بێ جلی بووکێنی، بێ سوورئاو، بێ بۆن و (خەنەبەندان). ئەو دوو کۆترە

باڵکراوە، لەناو هێلانەیەك کۆبکەینەوە، وەرە دەستیان بگرە و مارەیان بکە! مەلاکە ئەوە نزیکەی پێنج ساڵە، لەو شارە بوویتە مەلای مزگەوتەکە. پێنج ساڵە یەکەم جارە، لەو شارە داوای لێ دەکرێت کیژ و کوڕێك لەیەکتری مارە بکات. بۆیە داواکەی پێ سەیر دەبێت. ئەوانە کە هاتوون، بەیەکەوە هاتوون بۆ مارە نەکراون. کوا کەسوکاریان، جلوبەرگ و زێڕیان کردووە. بەنیازن شایی بۆ ئەو دوو گەنجە بکەن. کێ و لەکوێ خواردنێك دروست دەکەن، کێ خواردنەکە بخوات، کوا دایکی بووك و زاوا، کێ خەنەبەندانیان بۆ دەکات؟!
مامۆستاکە، دەیەوێ لە ژوورە بچووکەکەی بەردەرگاکە. بە تەباخە یەکچاوە سوور و کەسکەکە چایەك بۆ دوو میوانەکە ساز بکات. دەرگای ژوورەکەیان لێ دەکاتەوە، بەگەرمی پێشوازیان لێ دەکات. بەڵام حەمە شەریف بەنەرمی دەستی مەلا دەگرێت:
مامۆستا هەردووکمان کاتمان نییە. خێرەکەت چەند زووتر و بەپەلەتر بکەیت، باشترە. چاکەش لە ماڵی ئێمە دەخۆینەوە! نایەوێ بە مەلا بڵێت:
مامۆستا دوو دڵ، دوو گەنج پەریشانن. دوو رۆژە بەیەکەوە و چاوەڕوانن. مامۆستا من ئاگرێکم کوژاندیتەوە، من دەمی شڕی ژنێکم گرتووە. وەرە با زوو دەمی ژنەکەی رەحمان بگرین، هێشتا نەیزانیوە مارەنەکراون. نەیزانیوە لەیەك حەلال نەکراون. ئەوە بزانێت ئاگرەکە دەکاتەوە، (شاربەدەر)یان دەکات. دەستت ماچ دەکەین، وەرە با بچین!
مەلا بوارێکی کەم وەردەگرێت، دەرگای (سەحن)ەکە کلیل دەدات، سەیری پەنجەرەکان دەکاتەوە. ئەو ترسی لە منالی لاسار و کەسی توندڕەو هەبوو، بۆیان گێڕاوەتەوە لە شارەکانی تر، لەناو شیعەکان بێ رێزی بەرامبەر مزگەوتەکانیان کراوە، زانیویەتی ئەوانە کراوە. باش دەرگای ژوورەکە و دەرگای دەرەوەش کلیل دەدات. بە میوانەکانی ناڵێت بەڵام لە دڵی خۆییەوە دەڵێت: کە ئیشەکەیان وا بەپەلەیە، باش بوو من دەستنوێژم هەبوو.

*****

## یازدەی ئازار ئەوان ناگرێتەوە

حەمە شەریف و رەحمانیش هەموو ماڵە کوردەکان پاش بەیانی یازدەی ئازار بۆ شاییەکان، بۆ ئاهەنگەکان، بۆ ئاوەدانکردنەوەی وێرانەی وڵاتەکە گەڕانەوە. بەڵام! پەروین و یاسین ناتوانن بچنەوە. نازانن کێ چاوەڕوانیان

دەکات. سزا دەدرێن، یان ئەوانیش ئەگەر هەڵەیەکیان کردبێت دەبورێن، براکەی پەروین دەگەڕێتەوە:
دەگەڕێتەوە، یان دەبێتە ئەندام ناوچەیەکی حزبی لە دەڤەری ئاکرێ، لەوێش هاوسەرگیری دەکات. ئەویش وەك هەموو خەڵکی ئاکرێ دەزانێت بەرۆژ لەبەردەم قشڵە شایی و ئاهەنگەکان گەرمە. ئێوارانیش هەموو هەولێر، خەڵکی قەڵات هەر سێ گەڕەکەکی، سەیداوە بە هەردوو بەرەکەی. ئەوبەری سێتاقانیش، لە جۆگە ئاوە نەرمەکە سپییەکەی لە (زوورگ)ەکان بەرەو شار دێتە خوارەوە دەپەڕنەوە، خانەقا و تەعجیلی جوولەکە و ئیسلامیش ئاشت دەبنەوە و شایی ئاشتی گەرم دەکەن، شایی دەکەن لە خۆشی ئەوەی:
لەدەرەوەی شار، بەرامبەر گوندەکەی بێرکۆت، کارگەیەکی گەورە دادەمەزرێت. لەو کارگەیە تووتنی خۆشناوەتی، تووتنی بتوێن دەکەنە جگەرە. (جگەرەی بەفیلتەر) دروست دەکەن. کارگەیەکی گەورە، سەدان کرێکاری ژن و پیاوی تێدا دادەمەزرێنن. لە دەرەوەی شوورەکەش خانووی گەورە گەورە بۆ ئەندازیار و بەڕێوەبەرەکەیان دروست دەکەن. خانووی بچووکیش بەڵام زۆرتر، کۆڵانی درێژتر بۆ کرێکارەکان بە کەرپووچ و شیش و چیمەنتۆ دروست دەکەن!
شایی دەکەن، کورد چوار وەزیری لە بەغدا دەبێت. پۆستی جێگری سەرۆك کۆمار دەبێتە کورد. بۆیە شایی دەکەن، لەخۆشی ئەوەی مناڵەکانیان بە زمانی خۆیان دەخوێنن. قۆناخی ناوەندیش دەبێتە کوردی، ئامادەیی، کتێبە گەورەکەی (حیوان) دەبێتە کوردی. ناوی کوردی بۆ هەزارەها زیندەوەر و رووەك بەکوردی دادەرێژن. کیمیا دەبێتە کوردی، ناوی هەموو (فلز) توخمەکان بە کوردی. هاوکێشەکانی جەبر و بیردۆزەکانی ئەندازەکان دەبێتە کوردی!
شایی دەکەن و پەروینیش دەگریێت، دەزانی باوکی زۆر داماوانە و ماندوو، لەناو ئیشکردن و ماندووبوون و شانی قوورس دەمرێت. دەزانێت دایکی ژان و نەخۆشییەکان، کە زۆر بوون، قاچی تەواو نەبوو، دەستی دەلەرزی، سەری دەسووڕا، دڵی توند دەبوو، شەوانە چاوەکانی بینینی نەدەما، گوێی لە حەیرانەکانی رەسوول گەردی نەدەبوو، پێستی دەخورا، ژانە سك، ژانە پشت، بڕبڕەی پشتی، لەبەر ژان و کڵۆلی ددانەکانی خەوی نەبوو. دەیزانی ئەو مردووە و دەزانێت کەی مرد و گۆڕەکەی چەند لە دار زەیتونەکە دوورەکە. بەردەکەی دەناسێتەوە، دوو جار دوو کێڵەکەی دیبوو. دوو بەردەکەی ماچ کردبوو، تامی بەردەکەی لەناودەمی ماوە. بەڵام نازانێت براکەی ماوە تا بیکوژێت. تۆڵەی لێ بکاتەوە، براکەی تفەنگی هێناوەتەوە، تا بە یەك گوللە هەناوی هەڵزرێنێت!

براكەی دێتەوە و (دەمانچە ستار)ەكەی بەر پشدێنی، بۆ ئەو هەڵگرتووە، لەناو هەموو ژنەكانی ناو شاییەكان چاو دەگێڕێت و بیدۆزێتەوە.
براكەم دێتەوە و خەنجەرێك لەبن كراسەكەی دەشارێتەوە. كە من لەناو دەستی پیاوێكی سمێڵ زەردی جەمەدانی گوڵینگ وردی سپی خاوێنی پشدێن گەورەی شەرواڵ تەسكی خاكی دەردەهێنێت. ئینجا یان دوورم دەخاتەوە، یان لەبەردەم خەڵكەكە، لەگەڵ گەرمەی دەهۆڵ و زورناكە، لەگەڵ جۆشی رەشبەڵەكی شادییەكانی ئازار، دەمداتە بەر خەنجەر و من دەكوژێت و شادییەكان دەكاتە شیوەن! (ژنەكە لە ئاوارەیی و دوور لە شاییەكە بیری لەوانە دەكردەوە).
باشە چۆن من دەناسێتەوە.!؟ ئەو كە رۆیشت لە پۆلی پێنجی ئامادەیی بوو. بەر لەوەی بڕوات، دەیووت: قوتابخانەی موزەفەریە، دووریش نییە بەڵام من دەستت دەگرم، هەتا بەر دەرگای قوتابخانەكەت دەبەم. خوشكە خرپنەكەم، هەتا بەر دەرگای مەكتەبت دەبەم، جانتاكەت بۆ هەڵدەگرم. بەڵام! ئەو رۆیشت و منی نەبردە مەكتەب. رۆیشت و نەیبینی چۆن گەورە بووم، چۆن ئەو دوو ساڵەی چوومە مەكتەب و (دەستخەت)م چۆن بوو؟ لە ئیملا باشتربووم یان لە خوێندەوە؟ چۆن ئێستا لەناو گەرمەی شایی، لەگەڵ ئارەقەی هەڵپەڕین من دەناسێتەوە!؟
شەوێكیان، ئەو سەری بە بەردێك كردووە، ماندووبوون و بۆنی باروت، كۆبونەوەی درێژ، ململانێی ناو كادیرەكان، هەردوو باڵەكە، هەردوو ناوچەكە، ماوەت و گەلاڵە، گەرمەی دانوستان و راكێشانی پەتەكە، ماندووی كردبوو. ماندوو بوو خەوی لێ دەكەوێت، براكەی پەروین، تووڕە دەبێت دووردەكەوێتەوە. ماندوو دەبێت پشووێك دەدات، سەخڵەتە و دەیەوێ بچێتە بن دارچنارێك. ناڕەحەتە دەیەوێ لەسەر سەكۆی مزگەوتێك، لەگەڵ خوێندنەوەی دوا ژمارەی گۆڤارە سادەكەی سەفین، دەنگی پێشمەرگە، لەگەڵ نووسینی وتارێك بۆ گۆڤاری كادر. لە بێزاربوونی هەڵگرتنی تفەنگە كەندییە دار شكاوەكە. كێ دەڵێ براكەی پەروین كوڕەكەی تەیراوە، ئەوەی لەناو قوتابیان دەناسرێت، ئەوەی زوو و بەجۆشەوە دەڕوات و ناگەڕێتەوە، ماندوو بووە و خەوی لێ دەكەوێت، نانكردن لووتی پڕ دووكەڵ كردووە، ئاوكێشان شانی تەڕكردووە، دەیەوێ پشووێك بدات. دەخەوێت لەو خەوە تاڵە كورتە دەزانێت دایكی لە تەیراوە مردووە. مردووە و دوو پیاوچاك، دوو پیری دەست بەگۆچانی ریش سپی تەرمەكەی دەبەنە گۆڕستانەكەی ئیمام موحمەد. لەناو قەسرەكان دووردەكەونەوە، لە پەنا ریزە قەبرێكی كێل نووسراو بەناو و بەمێژوو دەینێژن.

کیژەکە هەر دەترسێت، دووریش نییە براکەی دەورەی کادیرانی تەواو کردبێت، پلەی حزبی بڕیبێت و ببێتە ئەندام ناوچەیەك. لە شارەزوور یان لە (کەلار)، لەوێ ژنی هێنابێت. دەست بەجانتاوە خەریکی کۆبونەوە و ڕێکخستن بێت. کیژەکە بۆیە دەترسێت و نایەوێت لە باشوور بگەڕێتەوە و لە فورات بپەڕێتەوە و بگەڕێتەوە سەر دجلە. بەڕووی ئاوەکە هەڵبگێڕێشتەوە و بگەڕێتەوە و لێبووردنەکە ئەویش بگرێتەوە:
ئەدی لێبووردنەکە، هەموو جاشەکانی نەگرتەوە! ئاغاکانی سەدان ڕەشورووتی برسی شار و گوندەکانیان لەکن خۆیان قەیدکردبوو، بە مووچەی سێزدە دینار، هەموو ئەوانەی بە پێش دەبابەکان دەکەوتن، گوندیان دەسووتاند، کەمینیان دادەنایەوە، هەموو ئەوانە گەڕانەوە و لێبووردنی گشتی هەمووی گەڕاندەوە، لاپەڕەی سپییان لە ژیان و لە شارەکە تۆمار کردەوە!
ئەدی جەلالییەکان چ نەما بە ڕۆژنامەکەیان، لە ئێستگەکەیان بە مەلاییەکان نەڵێن. مەلاییەکان لە ناوپردان و ئێستگەکەیان لە (مەمیخەڵان)ەوە چ نەما، بە سەرکردەی کۆنی حزبەکەیان نەڵێن. ئەوانەی هەموو کۆنگرەکانی حزبەکەیان بەڕێوە دەبرد، شەڕی یەکتریان کردبوو. هەموو گەڕانەوە و ئاشتبوونەوە و هاتنەوە ناو حزبەکە، کەسیان هیچیان لە دڵ نەما...

*****

دوو ساڵ و چەند مانگێك یاسینی نانەوا، لەسەر رووباری فورات، لە بەرامبەری مەخفەرەکە و لە فڕنەکە ئیشی دەکرد. هێشتا شەڕ لە چیاکانی کوردستان گەرم بوو. شاخ دەگیرا و دەگیرایەوە، دەبابە دەچووە پێش و دەشکا، جاش قەید دەبوو، سەرۆك جاش بە هەموو جاشەکان دەچوونە ناو پێشمەرگە. لێرە و لەوێ جەلالی و مەلایی هێرشیان دەبردە سەریەك، سەنگەر و بارەگای یەکتریان دەگرت.
کوردەکان بیریان لەوە نەدەکردەوە بگەڕێنەوە. هاوینان بۆ سەردان و هێنانی ساوەر و سماق و جلی ئیرانی و خەنە دەچوونەوە. بە سەردان دەچوونەوە، مناڵیان لە سەرەتایی و ناوەندییش دەیانخوێند. ژنیان هەبوو بەرگدووری دەکرد.
یەکێکیان بلووزی ئیرانی و قوماشی (ئەنگۆڵە)ی دەفرۆشت. پیاویان هەبوو، پاش دەوام بەدوای رەشی چاوی ژنەکانەوە شەیدا بوو. پیرەژنێکیان هەبوو، مامانی ژنەکانی دەکرد. کوڕێکیان کوردی دەزانی بنووسێت و نامەی بۆ هەموویان دەنووسی.

**مەلاکە بۆ سێ چوار کەس نوێژ و پێشنوێژییەکە دەکرد. ژیانیان ئاسایی وەرگرتبوو. بەڵام یاسین کە دەچووە فڕنەکە، بەر لە هەتاو دەچووە دەرەوە، دەترسا. لە قەدی دارخورماکان، لە جووڵەی سەعفەکان، لە ترپەی داگرتنی باری خورما و برنجە عەمبەرەکەی ناو خانەکان دەترسا. دار و بەردی چۆڵەوانییەکەی لێ ببوو بە پیاو. کزەی با، هەڵنشینی مێشوولەیەکی، بە دەمانچە و لولەی تفەنگ دەزانی، زۆریش لە سێبەری خۆی دەترسا! حەقی خۆی بوو بترسێت، زۆریش بترسێت، خوشکی پێشمەرگەیەکی هەڵگرتووە. بەڵام ئەو دەستی برسی کەساسێکی گرتبوو! حەقی بوو بترسێت، ئەو لە شاخا و لەسەر خەرەندی ژین و مردنا خەبات دەکات، ئەویش بە نانێك، بە نازێك خوشکی دەباتە ناو عەرەبان! ئەگەرچی زۆریش چاوەڕوان دەکەن، ئەو هیچ هەواڵ و ناو و نامەی نەبوو، چەند ساڵ بوو داوای کڵاو و هۆنینەوەی جەمەدانییەکی نوێی نەکردبوو! ئەو نە جەلالی بوو، نە مەلایی! نە شەهید و نە برینداریش بوو، کادیر و سەرلق و ئاوارەش نەبوو! بەڵام هەردووکیان، ژن و مێردەکە لە تارماییەك، لە تەقەیەکی ناو تاریکی لەناکاو دەترسان!**

# بەشی کۆتایی

کۆچەر، وەك نوێنەری سەنتەرەکەی بەرنامەیان هەبوو، کوردەکانی ناو شار و گوندەکانی باشووری عیراق یەکە یەکە، خێزان بە خێزان بدۆزنەوە. ئەوانەی لەو باشووره، ببوونە تەیر و مراوی ناو گۆم و ئەهواره کەساسەکان. ئەهواریش تەیری ناوازەی زۆر بوو، بەمانەوەی خێزانە کوردەکان، ئەوانیش دەبنە باڵندەیەکی تری ناوازەی ئەهوارەکان، وەك گیان و چاو و هەناسەی ئەهوارەکان، بەزەبر و دەستی رژێمی سەدام و شەڕە گەورە ترسناکەکانی ئەشکەنجە دەدرێن، خەمبار و داماو دەبن! باڵندەی ئەهوارەکان، دەنگ و رەنگ و باڵ و پەڕیان جیاواز بوو. هەموو باڵندەیەکی سەرئاو و دوندەکانیش باڵیان هەیە، هێلکە دەکەن، هێلانەیان خۆشدەوێت. مراوییەکانیش باڵندەن، بەڵام مراوییەکانی ناو ئەهوارەکان، توخم و رەچەلەکێکی ناوازەن، تایبەتن بە خوێ و قامیش و (وردەماسی زیوین)، وەك فلامنکۆ لاواز و باریك نین. ئەوانەی دەتوانن نزیکەی شێست کیلۆمەتر لەیەك سەعاتدا بفڕن. ئەوانیش، وەك مراوییەکانی بەنەمانی خوێ و ئاو کۆچ دەکەن.
کوردەکانی لە باشوور دەمینێنەوە، کەم و زۆر! ببوونە ئەو باڵندە ملدرێژ و گێژ و سەرگەردانانە. داماوانە، لەو ناوچانە دەمینێنەوە. بەناوازەیی و غەریبی ون دەبن و دەرناکەون. بەڵام پیرەکان جریوە و خوێندن بەکوردی لەبیرناکەن! سەنتەری ژینگەی عیراقی، لقیان لەسەرئاو و بن ئاو و شارەکانی سەر رووباری دیجلە و فورات، نزیك (حوێزە و حەمار و شامیە و جبایش) هەبوو. ئەندامەکانیان پەرۆشانە، بایەخ بە باڵ و دەنووك و رەنگ و کۆچی باڵندە و مان و گەڕانەوەیان دەدات. گۆمەکان سازدەکەنەوە، ئەهوارەکان دەژێنەوە، تا مراوییەکان بگەڕێنەوە. ئاشنای قامیش و قەوزە و وردەماسیەکانیان ببنەوە. مراوییەکان بگەڕێنەوە و رەنگی تر بە ئاوەکان ببەخشن!
سەنتەرەکەی کۆچەریش، سەرقاڵی کۆچی مراوییە کوردەکانە. سەنتەرەکە، دەبوایە یەك بە یەك، خێزان بە خێزان ناونووسیان بکەن و ورد لێیان بپرسن:
ساڵی چەند هاتوونەتە ئەو شارە؟ لە یەك شار ماونەتەوە، یان لەو چەند ساڵە، لە دۆخی ناوچەکە، شار و هەواری زۆرتان کردووە!؟
دەبێ بزانن، لەو ساڵانە چۆن ژیاون. پیاوەکانیان لە رۆژانی رەشبگیرییەکانی (قادسیە)ی و (ئوم ئەلمعارك) چەندیان کوژراون. چەندیان گیراون، چەندیان هەشت ساڵ و زۆرتریش، بەدیلی لە ئوردوگا و جەهەنەمی

**گرتووخانەکانی ئێران ماونەتەوە! سەنتەرەکە پەرۆشی ئەو پرسە دەبێت، بۆ ئەو پرسەش گرووپەکان رادەسپێرن.**
**ئەندامانی گرووپەکان، دەبێ ئامارێکی پوخت و دروست ئامادە بکەن، بۆ هەر پارێزگایەك لیستێکی تەواو. بۆ هەر خێزانێك کێسێکی جیاواز بنووسن و رووونیش بکەنەوە. ئەوانە بۆ لەو شارانەوە ماونەتەوە! کێسەکان بەپێی رەوشەکان، هاتن و مانەوە و فەرمانەکانی سەریان جیابکرێنەوە:**
**وەك ئەوانەی لەکاتی نەفیکردنەکان دەمینێنەوە و ناگیرێن. ئەوانەی شیوعی بوون و دەگیرێن و دوایی دەستبەسەر دەمینێنەوە. ئەوانەی لەسەر پارتی و شۆڕش دوورخرابونەوە، لە (نوگرە سەلمان) و زیندانەکەی کوت سیس و کەساس دەبن. دەیانەوێ بزانن چەند خێزان، پاش بەیانەکەی یازدەی ئازار نەگەڕانەوە و بەشداری ئاهەنگ و ناخۆشی و دەسکەوتەکان نەبوون!**
**چەند خێزان پاش نسکۆکە، کە لەئیران دەگەڕێنەوە بەرەو باشوور و ناو عەشارییەکان دووریاندەخەنەوە. لیستی جیاواز بۆ هەموو کێسەکان بکەن. ئیشەکانیان زۆر بوو، بەیەك گرووپ و دوو گرووپ و هەتا دە گرووپیش ئەوە نەدەکرا، پشتیوانی و یارمەتی زۆری: حکومەتی لۆکالی و ئەنجومەنی شارەوانی و کۆمپانیای خۆراك و دائیرەی نفووس و تاپۆشی دەویست!**
**کێسەکان ئاڵۆز بوون، دۆزینەوەیان ئاسان نەبوو، چونکە زۆریان ناوی خۆیان و بنەماڵە و مناڵەکانیان گۆڕابوو. ئاسان نەبوو بیاندۆزنەوە، هەموویان زمانی کوردیان لەبیرنەمابوو. زۆریان بە ژن و بە کاروکاسبی دوورکەوتبونەوە. دوور رۆیشتبوون. هەندێك مردوون و بچووکەکان گەورە بوون، دوو سێ نەوە لەوێ لەدایك دەبن و گەورەش دەبن! دۆزینەوەیان ئاسان نەبوو، کە ئەوان دەچنە باشوور، باشووریش بەس باشوورێکی بچووك و لاچەپ و پەراوێز بوو. ئێستا ئەوێش، بوویتە چەند مەملەکەت و (هەرێمێکی سەربەخۆ)، جلەویان بە دەست چەندین: گرووپ و هزر و دەستە و میلیشیای گەورەی چەکدارە. هەر ناوچەیەك دەوڵەتێکە، هەر دەوڵەتێك لەسەر بنەما و هزرێکە! هەموو هزرەکان، کەم ئەگەرنا بەردەوام ناکۆك و رکابەر و نەیار و لاملن.**
**ئەو کێس و خێزانەی بەر کۆچەر کەوتبوو، ئەو خێزانەی کۆچەر دەیدۆزیتەوە: ماندووبون و لێپرسینەوە و سەردانی زۆری نەویست، ئاسان بوو، دڵ جوان و ئاسان و بەیەك ترپە، بەڵام (ترپەیەکی قووڵ) دەیدۆزیتەوە، چاو هەڵیبژاردبوو:**
**تابلۆیەکی ناوبازاڕ، ئەگەرچی ناوی یەکەمی پیاوەکە کوردی بوو، ناوی**

باوکیشی کوردی نەبوو، بەڵام کەم عەرەب ناوی یاسینیان هەبوو. کەسیش لەو ناوچەیە ناوی شێخە نەبوو. بۆیە زوو (سیروان یاسین شێخە) لەدوورەوە دەزاندرێت کوردە و بەڕەچەڵەك خەڵکی هەولێرە! شانسی هەبوو ئاسان خێزانێکی گەورە دەدۆزێتەوە، یان ئەندامێکی مێینەی ئەو خێزانە گەورەیە، ئەو دەدۆزێتەوە؟!

لەبەر دەرگای ماڵەکەیان، کە شیلان دەرگاکە لە براکەی و میوانەکەی دەکاتەوە، ئیشی (توێژەر)ەکە تەواو دەبێت. پێویستی بە پرسیار و وەڵام نابێت. کۆچەر ناخوازێت راپۆرت بنووسێت، نایەوێت سەفەری زۆر بکات و بگەڕێتەوە مەڵبەند و ئاگاداری سەرۆك و بەرپرسەکانی بکاتەوە، ئەوانیش راپۆرت بنووسن، تەلەفۆن بکەن، سەردانی بەرپرسی فەرمانگەی دەرەوەی ناوچەکانی هەرێمی کوردستانی بکەن. چاوەڕوانی بکەن تا لە دەرەوە دەگەڕێتەوە،(چونکە زۆر لەدەرەوەیە، ئینجا بەسەردان یان بەبەرنامە چڕ و زۆرەکانی ئیشکردن و وەرگێڕان و شارەزابوون) تا کۆبونەوەکانی تەواو دەبێت. یان دوابکەوێت، تا بەرپرسە نوێیەکە دادەنێن و دەوام دەکات! کێشەکەش لەوە بێت، نەزانن فەرمانگەکە، بەر کام حزب و لایەن دەکەوێت. چەند رۆژ و مانگ چاوەڕوانی ئەوان دەکەن، ئەوانیش چەند کۆبونەوە دەکەن و چەند کەس دادەنێن و دەیگۆڕن. کۆچەر چاوەڕوانی ئەوانە ناکات:

ئیشەکەی ئەو ئاسانە، خێزانێکی کوردی دۆزیوەتەوە، خێزانێکی گەورە. سەرەتا و یەکەم رۆژی هاتن و راکردن و گەیشتنیان بەر لە پەنجا ساڵ، کیژ و کوڕێکی کەساس و داماو و لات بوون. بە چوار دەست و بە دوو جەستە، یەك بوخچەیان پێ دەبێت، دەگەنە ئەو شارە و ناگۆزنەوە، ئێستاش لەو شارە بوونەتە ناو و خێزانێکی گەورە!

*****

## دۆزینەوە

ئەبو غائیب، هەفتەی یەکەم، مانگی یەکەمی ئیشکردنی لە فڕنەکەی ئەوبەری زێیەکە بەو ناوە دەناسرێت. دوایی ئۆتۆماتیکی ناوی دەبێتە یاسینی نانەوا. ژنە قەڵەوە نەخۆشەکەی هەر جلی کوردی لەبەردەکرد. بەڵام کێ جلەکانی بۆ دەدووری، کێ گۆڕینی مۆدەکانی پێ رادەگەیاند،

کێ کۆنەکانی لێ وەردەگرت. ئەو ژنەی تاکە ژنی کورد بووە لەو شارە ژیاوە. لەو پەنجا ساڵە، بۆ دوورین و ئامادەکردنی جلی نوێ، بەناچاری جلە نوێیەکانی بە کۆنەکان گرتووە. ڕەنگەکانی بە ڕەنگی تر و بەگوێرەی تەمەن و شان و بەژن و (سمت)ی دیزاینەکانی گۆڕیوە! یەکەم پرسیار لەو کێسە و لەو ماڵباتە دەکرێ بکرێت:

تۆ ئەوەندە ساڵە کە لەو شارە بەتەنها ماڵە کورد و ژنە کورد بوویت، کێ جلە کوردییەکانی بۆ دووریت؟ کێ ڕەنگ و جۆر و (مۆدە)کەی نیشانداویت!؟

لە یەکەم سەفەر و سەردانی ئەندامێکی سەنتەرەکە، ناوی پەروین زیندوو دەبێتەوە و ئوم سیروان نامینێت.

کۆچەر، بەرنامەی سەنتەرەکەیان بۆ یاسینی نانەوا باس دەکات: ئەو سەری بۆ بادەدات و قسە ناکات. پێی دەڵێت:

ئێمە ڕێکخراوێکی ناحکومی سەربەخۆین، مانگانە لە حکومەت (میزانیە)کمان هەیە. بەو پارە کەمە ئیش دەکەین، بە چاوەڕوانی وەرگرتنی پارەکە بەرنامەکانمان دەوەستێت. کە پارەکە وەردەگرین وەك مێش ویزەویزمان لێ پەیدا دەبێت و دەچینەوە سەر گوڵ و شیلەکان. زۆر لە کاربەدەست و ژمێریار و بەڕیوەبەرە گشتییەکانی وەزارەتەکان بڕوامان پێ ناکەن، لەماڵەوە، برا و هاوڕێ و دایك و باوکمان ئامۆژگاریمان دەکەن و پێ دەکەنن:

ئێوە بەدوای کڵاوی بابردوو کەوتوون، کێ لەو جنوبە ماوە. گریمان بڵێین خێزانێکی بەدبەخت، ژنێکی لاتی بێوەژن، قەیرە کیژێکی سیس ئەگەر لەوێ مابن. ئەوانە چۆن بە دوو قسەی وشکی برسی ئێوە دەگەڕێنەوە! کێ یارمەتییان دەدات، کێ ماڵ و کاروکاسبییان بۆ دەدۆزێتەوە؟!

*****

کۆچەر لەگەڵ سیروان لە ماڵەکە ماڵئاوایی دەکەن و دەڕۆن. شەوی یەکەم، یاسین لەدیار تەلەفزیۆنەکە، پەرۆشی ڕووداوەکانی زنجیرەکەی عادل ئیمامە، کە پارەی ناو بانکەکەی ئیسرائیل دەبات. ناجی عەتەلا ئازایانە لەگەڵ هەموو ڕووداو و گرفتەکان دەربازی دەبێت. هەر وڵاتە و بەشێوەیەك تێدا خۆی و گرووپ و پارەکان ڕزگاری دەبێت. لەگەڵ بیرکردنەوەی لەوەی چۆن بەیانی، لە شوێنێکی تر و گرفتێکی ئاڵۆزتری ناوچەکە، ناجی و گرووپەکە بە چ فێڵ و زۆرزانییەك دەربازی دەبێت.

(لەدیار تەلەفزیۆنەکە خەوی لێدەکەوێت)، ناچێتە ژووری نووستنەکەیان، بۆیە پەروین لێی ناپرسێت:

یاسین، من ئەو کوڕەم خۆشویست، ناوی چ بوو.

ناچێتە ژوورەکەی نووستن، دەیزانی پەروین حەبەکانی خواردووە و هیچی نییە بیری لێ بکاتەوە. بەزمەکانی (ناجی عەتەڵا) ماندووی دەکات، بۆیە بەئارەزووی خۆی لە هۆلەکە دەخەوێت. بەیانی ژنەکە، بەوەش راناگات ناوی کوڕەکە لە شیلان بپرسێت. لەگەڵ دەنگی گەرمکردنی ئۆتومبێلەکەی و دەرچوونی شیلان لەماڵەوە، ژنەکە لە خەو هەڵدەستێت و پێراناگات لێی بپرسێت:

کیژم، نەوەك باوکت تاقەتی نەبیت وەڵامم بداتەوە، ئەو کوڕەم خۆشویست نازانم بۆ! ناوی چ بووە، ناوەکەی نوێ بوو!

شیلان بەیانی زووتر لە خەو هەڵدەستێت. باشتر و بلەز خۆی دەگۆڕێت، پاش دەرچوونی ئەو، خوشکەکەی دەرگای دەرەوەی بۆ دادەخات، ئەویش دەچێتە دەرەوە. کیژەکەی تریان دوو هەفتەیە لە بەشی ناوخۆ نەگەڕاوەتەوە، کەس لەماڵەوە نەماوە. هەردووکیان نانیان خواردووە، بەیەکتریش دەڵێن:

حەبەکانت خوارد! پەروین پشدێنی ڕۆبە سوور و کەسکە بەتووەکە نەرمەکەی توند دەکات و پێی دەڵێت:

پیاوەکە خەمی منت نەبێت، تۆ حەبەکانت لەبیردەکەیت! لەبەر من نەبێت ئەگەر بەیانییان حەبەکانت لەبیر نەکەیت، بێگومان و قسەی تێدا نییە، شەوان لەبیریان دەکەیت، پیاو کلۆڵن، بیریان خراپە!

بەر لەوەی پەروین لە مێردەکەی بپرسێت، ئەو کوڕە بۆچی لە هەولێرەوە هاتووە. تەلەفۆنێك لەنێو تەپلە و مێزەکان لێ دەدات، ژنەکە بە مێردەکەی دەڵێت:

تەلەفۆنەکەی تۆیە، دیارە برادەرەکانت دەیانەوێ بچیتە دەرەوە.

یاسین تەلەفۆنەکەی خۆی لێوە دیاربوو، دەیزانی دەنگی زەنگەکەش دوورە، بۆیە دڵنیابوو تەلەفۆنی ئەو نییە. قسە ناکات، دەیەوێ پەروین خۆی بزانێت:

دیارە تەلەفۆنەکەی منە، باشە بۆ قسە ناکەیت!

کیژەکەی بە تەلەفۆن بە دایکی دەڵێت:

دایە من دەچمە ماڵی کاکە، نازانم کەی دێمەوە، چاوەڕوانم مەبن!

ژنەکە لە ترسانا، تەلەفۆنە ڕەشە بچووکەکەی بۆ ئەوەی لە دەستی بەرنەبێتەوە توندتر دەگرێت. دەترسێت، بۆ کیژەکە دەچێتە ماڵی کاکە سیروان، ئەو دوێنێ لێرە بووە بەتەنگاوییەوە دەپرسێت:

کیژم هیچ نەبووە!
ئەویش بەپێکەنین، بەچەشەیەکی سۆزدار، تا دایکی بەر لە قسەکردن و وەڵامدانەکەوە نیگەران نەبێت، زوو قسەی لەگەڵ دەکات:
نا دایە هیچ نەبووە! خۆشم لە (دیوانیە) هەندێ ئیشم هەبوو، دەمویست سەرێکیش لە بازاڕ بدەم، بۆیە دەچم. ئەگەر نەهاتمەوە پەریشان مەبە، دەستت ماچ دەکەم دەستی بابەش ماچ دەکەم، حەبەکانتان لەبیرنەچێت.
پیاوە پیرەکەی تەمەنێکی زۆری لەدیار ئاگر و سووتانا سەرفکردبوو. مناڵەکان بەزیرەکی و پێشبینییەکانی باوکیان سەرسام دەبوون، چۆن باوکیان سوێند دەخوات و دەزانیت دارپرتەقاڵەکەیان چەند پرتەقاڵ دەگرێت. یان بێ ئەوەی سەیری سەعاتەکەی دەستی بکات، کاتی هەموو نوێژەکان دەزانێت:
من دەزانم هاتنی ئەو کوڕە بەخۆڕایی نییە، نەهاتنەوەی شیلانیش لەبەر ئەو بەزمەیە!
بێ ئەوەی کۆچەر بەرنامەکە بۆ خێزانەکە باس بکات، یاسین هەست بە بەرنامەی گەڕانەوەیان دەکات. ئەگەر رازەکەی دڵ و پێشبینینەکەی بە پەروین رابگەیێنێت، ژنەکە یەکسەر لە قیژەی دەدا، هاواری دەکرد:
پیاوەکە باسی چ دەکەیت! شێت بوویت. گەڕانەوەی چی، پیاوێك هات (چا و پارچە کێکێکی خوارد) و رۆیشت. میوانێك بوو و رۆیشت. راستە خوێنی شیرین بوو، راستە هەردووکمان و کیژ و کوڕەکەشمان و ئەویش دانیشتنەکەمان پێ خۆش بوو. چەند ساڵە بە کوردی قسەمان نەکردووە، چەند ساڵە دەنگوباسی هەولێرمان نەزانیووە. چەند ساڵە میوانی کوردمان نەهاتووە! پیاوەکە نەوێرا هیچ بڵێت، ئەو پەلەی نەبوو، پیاو باشترن سەبریان زۆرە!

*****

شیلان بە زمانی عەرەبی قسە لەگەڵ کۆچەر دەکات:
دایکم دەڵێت: من تۆم بەناوی کیژێکی داروسێمان کردووە. ماڵیان دوو خانوو سەرووی ماڵەوەمان بوو. کیژێکی خوێن شیرین بوو. ئێمە مناڵ بووین لەگەمەی موروو شەریك بووین. شەوێك ئەو مورووەکانی دەبردەوە، شەوی دواتر، من هەموو مورووە ورد و رەنگین و بەشەوقەکانم دەبردەوە ماڵەوە. (موورەکان هەموویان کونیان هەبوو، مورووی بێ کون، بە موروو ئەژمارد نەدەکرا، کیژەکان مورووەکانیان لە ددانیان دەدا، بە تەقە و

**شەوق و بریسکەی دەیانزانی موورەکان: شووشە و بەرد و عاج و خشڵە، ئەودەمانە موورووی پلاستیك پەیدا نەببوو) ئەو شەوەی مورووەکان میوانی من دەبوون. لەناو دەست و لە گیرفانم دەبوون:**
**من لەخۆشی ئەوەی بن سەرم، ژێر بالیفەکەم، سەر دەلاقەکەمان موروی تێدایە، خەوم لێ نەدەکەوت. لەتاریکی ژوور و حەوشە و ئاسمانەکەش مورووەکان دەبریسکانەوە، دەجولانەوە. ئەو شەوە زۆرتر هەستم بەگەرمی باوەشی دایکم و رووناکی کۆڵان و هێمنی گەڕەکەکەمان دەکرد. ئەو شەوە حەزم نەدەکرد رۆژ ببێتەوە. ئەو شەوە ژوورەکەمان پڕ دەبوو لە جریوەی ئەستێرە، (چونکە ستارەمان نەبوو). هاوینان لەسەربان بخەوین، منالانە بەڵام بەشەوقەوە چاوبازی لەگەڵ ئەستێرەکان بکەین.**

*********

## دۆزینەوەی موروو

**ئەویش کە لە خەو هەڵدەستا، بەپەلە بوو، زوو دەگەیشتە بەردەرگامان. دەستێکی بەناز، بەڵام بۆ دەستی ئەو، دەرگاکە پاڵێکی توندی دەویست تا دەرگا دارە شڕەکەی دەرەوەی ماڵەکەمان بکاتەوە. ئەو هەتا ناو ژووری دەهات. چرپەك، خشپەیەك بەس بوو، من بزانم شیلان هاتووە، تەنگاوە و دەیەوێ دەمارە رەنگینەکانم بباتەوە. دەمزانی هاتووە چاوە گەشەکانم بباتەوە، مورووەکان بباتەوە. دایکم قسەی زۆری لەسەر ئەو کیژە دەگێڕێتەوە، ئەو بەس ئەوەندە یادگارییەی ماوە، هەر ئەوەشی دەگێڕایەوە. ئەو تەنها ئەو برادەر و (دەستەخوشك)ەی هەبووە، ئەو و بەس! سەیرە، چۆن ژیانی دایکم هەموو رۆژگارەکانی لێ کەوتوون، وەك ددانی منالی، وەك دانی گوڵەبەرۆژە، هیچی نەبوو بیگێڕێتەوە! شیلان تاکە یادگاری ئەو بووە، منیشی بەناوی ئەو دەستەخوشکەی خۆی کردووە. رەنگە لە کۆتایی قسەکانی، کۆچەر بیری لەوە کردبێتەوە، بریا دایکت ناوی لە تۆ دەنا موروو. ئینجا چەند ئاسان، تۆم دەکردەوە ملوانکە، ئەنگوستیلە، چرا، دیاری، (بەردەپیرۆزە). بەڵام ئێستاش تۆ شیلانی، بۆنت دەکەم، ئاوت دەدەم، ناهێڵم لێرە زۆرتر گەرما هەراسانت بکات، لەوێش سەرما گوڵەکانی پەنجەت بتەزێنێت!**
**کۆچەر، دەیویست حیکایەتەکە زۆر درێژ بێت، دانیشتنەکە سەد و یەك**

**سەعات و بیرەوەری بێت.**
**نەیدەویست قسە لە قسەکانی شیلان بکات، بەڵام دەپرسێت:**
**دەزانی شیلان مانای چییە!؟**
**ژنە بێوەژنە دکتۆرەکە، ئەوەی تەنها شەش مانگ ژنی پیاوێکی نەشتەرگەری دڵ دەبێت. زۆریش بەخێرایی داوا جیابونەوەی لێ دەکات و بواری بیرکردنەوە و هاتوچوونی نادات. بە کۆچەر دەڵێت:**
**وابزانم ناوی گوڵێکە، سوورە، زەردەکە نازانم!**
**کۆچەر مورووەکانی ناودەمی دکتۆرە شیلان، ورد ورد و بەنازەوە هەڵدەگرێتەوە. پەیڤ پەیڤ دەیانبەستێت، دانەدانە دەیکات بە راپۆرتێکی پوخت. قسەکانی پێشەکی و ناوەڕۆك و پاشبەندیشی بۆ دادەنێت. ئەو هاتووە ژیانی ئەو بنووسێتەوە، گوێ لە رازەکانی بگرێت. بزانێت لەو چەند مانگەی شووی کردووە، چەند رۆژ ژیاوە، لەورۆژانەی ژیاوە چەند مانگ ئارام و ئاسوودە بووە! ئەگەرچی زووتر و زۆرتر قسەیان کردبوو، وێنەی یەکتریان زۆر دیبوو. وێنەی منالی، کە گەورە دەبن، کە رەنگی جل و دیزاینی پۆشاکیان دەگۆڕێت. هەموو (وێنەکانی تەمەنی یەکتریان دیبوو)، دەیانزانی بە چ تووڕە دەبن، بە کام گۆرانی و ئاواز مەست و حەیران دەبن. تا هەروودکیان حەز بە دەنگ و سووتانی یەك ستران دەکەن. دەنگ و ناو و رازەکان لە دوو کەس دەبەن بە یەك کەس. بە جەستەش لە دوو جەستە، دەبنە بە یەك جەستە و بە یەك رۆح.**

*****

## شەش مانگ قسە دەکەن

**ئەگەر بەوردی سەیری راپۆرتەکەی لەسەر رەوش و ژیان و ئەندامی خێزانەکەی یاسینی نانەوا بکەیت، هەموو وردەکارییەکانی بخوێنێتەوە، کورت و ئاسان و سادەیە. هەر یەکجار کۆچەر دەچێتە ماڵە گەورەکە، یەك دیمانە لەگەڵ پەروین دەکات. لەو دیمانەش لەگەڵ خواردنەوەی چا شیرینەکە. ژنەکە کوڕەکەی زۆر خۆشدەوێت و یاسینیش بەقەد چاوەڕوانی برژانی نانی ناو تەندوورێکی گەرم، بیری لێ دەکاتەوە. چاوەڕوان دەبێت، چونکە لە یەکەم دیمانە، کە سەیری ناو چاوی کوڕ و کیژە دکتۆرەکەی دەکات، دەزانێت بیرکردنەوە و پرسیار و قسەکردنی ناوێت! بڕیارەکە**

دراوە، (موڵکەکان) فرۆشراوە، خانوویەکی دوو نهۆم و یەکێکی بچووکی سەد مەتریش لەسەرووی کۆڵانەکە لە گەڕەکێکی ناو هەولێر کڕاوە!
ئەوانە شەوانە، چەند مانگە ناخەون، قسە دەکەن، پێدەکەنن، تووڕە دەبن، یەکتری دەخەوێنن. قسە دەکەن، سوێند بۆ یەکتری دەخۆن تا تۆ نەخەویت من ناخەوم! جل و رەنگ و بۆن بەئارەزوو و پرسی یەکتری بەکاردەهێنن!
بەر لەوەی سەنتەرەکە مۆلەت لە حکومەت وەربگرێت. پێش ئەوەی کۆچەر سەردانی بەڕێوەبەری تەلەفزیۆنەکە بکات، بۆ سازکردنی بەرنامەیەکی جڤاتی لەسەر کوردەکانی باشوور. ئەو لە هەموو بوارێك، هەردەمێك تیشکی (خۆر لە ژوورەکەی زیز) دەبوو، کە ئاوەدانییەکەی نزیك سەرین و ئاوێنەکە خامۆش دەبوو، ئەو قسە لەگەڵ شیلان دەکات: قسەکان زۆر بوون، تەواو نەدەبوون، هەردوولا دڵی خۆیان بۆ یەك دەکەنەوە، کۆچەر بەروونی پێی دەڵێت:
دکتۆر، دڵنیام بکەوە لەگەڵ پیاوەکەی شەش مانگ بەیەکەوە هاوسەر بوون، هیچتان ماوە. دڵی ئەو بۆت لێدەدا، تۆ بەنیازی بەیەکەوە ئاشتببنەوە، چاوت لە ناز و دەست و قاوە و (رەنگی بۆینباخ)ەکەی ئەوە!
وەڵامی ژنەکە، دڵی کۆچەر لە کۆچ و نارەحەتی ئارام دەکاتەوە. شەوانە زۆرتر، رۆژانە گەرمتر قسە دەکەن. بەرنامە دادەنێ، دانوستان دەکەن، باسی منالی و سەردەمی زانکۆ و کەلوپەلی ژوورەکان و ناوی هاوسێ و خزمەکانی یەکتریش دەپرسن.
کیژەکە، هەموو بەسەرهاتی دایك و باوکی، مانەوەی پەنجا ساڵیان لەو شارۆچکەیە، نەگەڕانەوەیان بۆ کوردستان دەگێڕێتەوە، دەڵێت:
زوو زوو سەرەتای ڕاپەڕین، زووتریش چەند جار من ئەو بابەتەم لەگەڵ دایکم، چەندجاریش لەگەڵ کاکە سیروان قسەمان لەگەڵ دەکردن. بەڵام ئێستاش ئێمە نازانین بۆچی وەڵامیان نەبوو، بۆچی بیریان لەو پرسە نەکردەوە.
کۆچەر، بەر لەوەی بۆ تەواوکردنی خوێندن و وەرگرتنی دکتۆرا لە زانکۆ مامۆستا بوو. دوورونزیك بیری لە کاری ڕێکخراوەیی و بەڕێوەبەری سەنتەرێکی جڤاتی نەدەکردەوە. بەدەگمەن بەشداری کۆڕ و کۆبونەوەی دەکرد. لەگەڵ کەسیش ئیمزای دانان و مۆلەتی هیچ جۆرە ڕێکخراوەیەکی کۆمەڵگەی مەدەنی نەکردبوو. بیریشی لەوە نەدەکردەوە. لەبەر ئەوەی مەزاج و ئارەزووی لەو جۆرە چالاکییانە دوور بوو. ئەوانیش دەستەی دامەزرێنەر و ئەندامی گرووپەکان، بیر لەوە ناکانەوە پرس بەو مامۆستایە بکەن. ئەو بەردەوام خەریکی نووسینە ئەکادیمییەکانی بوو.

دەیویست شیعرە کۆنەکانی بە عەرەبی نووسراون هەڵبگرێتەوە، شییان بکاتەوە. ویژدان و کەش و خودی کەسایەتی و جڤاتە کوردییەکانیان لەناو بدۆزێتەوە، هەر بە عەرەبیش بە لێکۆڵینەوە دایبرێژێت. ئەو دوور بوو لە بەزمی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و کۆبونەوە و دایبنکردنی کرێی مانگانەی سەنتەر و پێداویستەکان و بەزمی تر. بەڵام کە شیلان دەناسێت و پێی دەڵێت:
باشە دایکت ناڵێت ئەو شیلانەی، دەستەخوشکی دایکت بووە، بە بۆن و سۆزی ئەو تۆی بەناوی ئەو کردووە. چی لێهات ماوە، تەمەنی چەندە، هیچ هەواڵی دەزانێت. ناخوازێت بیدۆزیتەوە. (دۆزینەوەی مورووەکان)ی لەکن گرینگ نییە. دایکت زۆر باسی شیلانی بۆ دەکردی، کە وتی:
دوو ساڵ بەیەکەوە چووینە قوتابخانەش، دەستی یەکترمان دەگرت، نووسینەوەمان بۆ یەکتری دەکرد. لە پۆلی سێیەم، ئەوان لە خانووەکانی گەڕەکی سەیداوە، کە لەسەر (کۆنە گۆڕستان)ێکی جوولەکەکان دروستکرابوو، خانووێکی نوێ وەردەگرن و دەڕۆن. ئیتر ئەوان کەوتنە سەیداوە، ئێمەش لە تەیراوە ماینەوە. منیش لەسەر خوێندن بەردەوام نەبووم، چیتر نەچوومە قوتابخانە، ئەگەرنا رۆژێك، وەرزێك لە چالاکییەك یەکترمان هەر دەدیتەوە!
لەو پرسە، لەو قسە و پرسیارە ئاساییە. کۆچەر بیرۆکەی دۆزینەوەی هاوڕێ و خزم و کۆنەیار و سێبەر و ئاوەدانی کۆنی بەبیردێتەوە. بیرە لەوە دەکاتەوە، سەنتەرێك هەبێت دابڕاوەکان هەڵبگرێتەوە، (رژاوەکان کۆبکاتەوە)، گریاوەکان ئاشت بکاتەوە. بەرنامەیەکی جڤاتی ئەکتیڤ بۆ دۆزینەوەی کەسە دابڕاوەکان ساز بکەن. ئیتر بابەت و جۆر و توێژی زۆر لە سەنتەرەکە قسەی لەسەر دەکرێت:
ئەو کوردانەی چوونە پاکستان، لەوێ ناویان لە لیستی کۆچکردنی یو ئێن نووسی. ئەوانەی لە باشووری عیراق ماونەتەوە. ئەو کوردانەی چوونە ئەفغانستان و هزری توندڕەویی ئیسلامی شەیدای کردن. کوردەکانی لەگەڵ ئەمریکییەکان و لەسەر پێشنیاری ئەوان لە ساڵی ١٩٩٦ی زاینی رۆیشتن، لە (دوورگەی گوام) ماوەیەك بەناڕەحەتی و پەریشانی چاوەڕوان بوون. ئەوانەی لە سوریا زۆر چاوەڕوان بوون. ئیتر رەوشەکە وابوو، دابڕان زۆرە، دوورکەوتنەوە رێگا و چاوەڕوانییەکان دەزانن چەند زۆرە! توێژەکان زۆر بوون، ژمارەیان نازاندرێت، نەك سەنتەرێکی ستراتیژی، بەچەندین دەزگای توێژینەوە و لێکۆڵینەوە و دەزگا حکومییەکانیش نادۆزرێنەوە.
چەند شەوێك، چەند جارێك بوو قسەیان کردبوو. کۆچەر دەزانێت ئەوان لەو

شارە لەدایکبوون و تەمەنی درێژی خورمایان لەسەر ئەو رووبارە بەسەر بردووە. دەزانێت دایکی و باوکی بەسەردانیش پەنجا ساڵە نەگەڕاونەتەوە.
تا کوڕەکە باشتر بابەتەکە گەرم بکات، زۆرتر و ئاسانتر بچێتە ناو وێنە و دیمەنی ئاخاوتنەکان، سەرەتا پێی دەڵێت:
(هەر ئەو شەوە بیرۆکەی دامەزراندن و کارابوونی سەنتەرێکی لەگەڵ قوومێکی نەرم و بچووکی (ئۆزۆ)ەکە، بیرۆکەکەی لا دروست دەبێت) بۆ نابێتە ئەندام و کارای سەنتەرەکەمان، ئێمە لە هەولێر تۆش لە دیوانیە و شارەکانی جنوب هاوکارمان بە!
شیلان، تا دڵی خۆی بداتەوە و فێڵ لە خۆی، لەماڵەوەیان نەکات. قسە و گفتەکەی پاش جیابوونەوەی لە دکتۆرە عەرەبەکەی بەیەکەوە لە بنکە تەندروستییەکە بوون، کورت دەرنەچێت: هەتا ماوم بیر لەوە ناکەمەوە جارێکی تر خۆم زەلیلی دەست و بڕیار و فەرمانی پیاو ناکەم. پیاو لەبەر چاوم رەش بوون. بەو قسەیە هەموویان دەستی لێ دەشۆن و داوای ئاشتبوونەوە و گەڕانەوەی لێ ناکەن. بڕیارەکەی زۆر یەکلاکەرەوە دەبێت. ئەگەر سەرەتای یەکترناسینیان لەگەڵ کۆچەر سەرپێی و لەسەر ئەو قەناعەتەوە بووبێت، دوایی بۆ ژنەکە دەبێتە خۆشەویستی، پەرۆشی، چاوەڕوانی زۆر. دەگاتە ئەوەی بیر لە کۆچکردن بکاتەوە، بەڵام بەتەنها نا، بەیەکەوە هەموو ئەندامانی خێزانەکەی، (خۆشەویستی دەستی بگرێت)، بگەڕێتەوە بۆ دۆزینەوەی شیلانەکەی لەگەڵ دایکی لە موروەکان شەریك بوون.

*****

## ئینجا گەڕانەوە

سیروان بە بەرنامەکە دەزانێت. خوشکە بچووکەکەی، یەکێك لە دەستەخوشکەکانی. باوکیشی ئەو رۆژە دەزانێت کە کۆچەر بە میوانی دێتە ماڵیان و (سەیری چاو)ی دەکات. هەست لە رازی هەردووکیان رادەگرێت، کە دایکی دەڵێت:
یاسین، ئەو کوڕە خوێنی زۆر شیرینە خۆشمویست.
رێکخراوەکە دروست نەکرابوو، دیمانەیان لەگەڵ هیچ خێزانێکیش نەکردبوو. نامە و داوایان لە شار و لەناو کەسایەتییەکان بڵاونەکردبووەوە. داوای مۆڵەت و میزانیەیان نەکردبوو. لەسەر پۆستی بەرپرس دەمەقاڵێ و

دانوستان و كۆبونەوەی زۆریان نەكردبوو. كۆچەر و خۆشەویستی گەرمی بۆ ژنە دكتۆرەكەی، بەخەیاڵ دەبێتە ئەندامی ئەو ستافە. هەموویان. دایكوباوكی. پاش ئەوەی دڵداری، پەنجا ساڵ ئاوارەیان دەكات. ترس نیو سەدە لە مێژوو و تەمەن راویان دەنێت. لەگەڵ خێزانی كوڕە گەورەكەی (ژنە سوبییەكەی و دوو منالە ساواكەی) و دوو كیژەكەی تری دەگەڕێنەوە.

یەكەم رۆژی هاتنەوەیان، ئاهەنگی گەرمی شیلان و كۆچەر لەناو هۆلێكی گەورەی ساز، بە گۆرانی و شیرینی و دیاری و ئەنگوستیلەی زێڕ و خزمێكی زۆری ماڵی زاوا دەكرێت.

شیلان، سوود لە بێدەنگی موزیك و وەستانی گەرمی رەشبەڵەكە دەبینێت، دەزانێت هەموو سەیریان دەكەن. دەستی لەناو دەستی زاوا دەردەهێنێت و دەڵێت:

وەرە با بیر لە دامەزراندنی سەنتەرێكی جڤاتی بۆ گەڕانەوە و دۆزینەوەی كوردەكانی باشووری عیراق (بەپێكەنینێكی زۆر شیرین) بكەینەوە.

كۆچەر (وادەزنێت بووكەكە گاڵتەی لەگەڵ دەكات) دەڵێت:

ئێستا نا، با مانگی هەنگوینیمان تەواو بێت!

ئاهەنگەكە سەعات یازدەی شەو تەواو دەبێت. خزمەكانی زاوا زۆربوون وێنە لەگەڵ بووك و زاوا بگرن، بۆیە دوادەكەون. ئەوانەی بە عەرەبییەكی باش پیرۆزباییەكانیان دەكرد، شیلان دەتوانێت گەرمتر، سوپاسیان بكات. ئەگەرنا هەر بە وشەی (سەرچاو)ێكی رووت و سادە، هەموویان بەڕێدەكات.


بە دوو ئوتومبێل، لەجیاتی بچنە كۆبونەوەی سەنتەری تاراوگە، وەك بووكێكی چاورەشی ئەسمەر و زاوایەك، كە مووە سپییەكانی سەری لە مووە رەشەكانی زۆرتر بوو، ئەوەی رەنگی سووری بۆینباخەكەی، كە لەسەر داوای دكتۆر شیلان لەملی بەستابوو، رووی زاوای گەشتر كردبووەوە، لە هۆلەكە دەردەچن. نیوەی شەو بوو، بەڵام شەقامەكانی نزیك عەنكاوە و نازستی و فڕۆكەخانەكە، ئەوەندە قەرەباڵغ بوو، لەدواكەوتن و نەگەیشتنیان، هەردووكیان، بووك و زاواكە، تەنگاو و توورەش ببوون. بەڵام كەژاوەكە، ئەگەرچی تەنها دوو ئوتومبێل بوو، دەگاتە (هوتێل دیوان)ی سەر شەقامە بەرینە قەرەباڵغەكە.

لەبەر ئەوەی كۆچەر، زۆر بۆ كڕینی خانوویێك لە گوندە ئینگلیزییەكە، گوندە ئیتالییەكە، یان باڵەخانە زۆر بەرزەكانی ناو شوورە بەرزە بازنەییەكە هاتبووە ئەو ناوچەیە. دەیزانی دەرگای سەرەكی هوتێلەكە، لەكام رووكار و شەقامە،

بۆیە زۆر بەلێزانی لە دەروازە (بەکۆنترۆڵ)ەکەی هوتێلەکە دەچێتە ژوورەوە. پاسەوانەکانیش کە دەزانن، ئوتومبێلەکە، بووکێکی شەرمن و زاوایەکی برسی. رەنگە هەردووکیان برسی بوون، بەڵام هەردووکیان شەرمن نەبوون، هەڵگرتووە. بواردەدەن، ئوتومبێلەکە تا بەردەگا شووشەییە بەرین و ئەرخەوانییەکە بچێتە پێشەوە، زووش دەگەنە تەنیشت دەرگاکانیان، بەلوتفەوە بۆیان دەکەنەوە.
لەگەڵ دابەزینی ئەوان لە ئوتومبێلە رەشەکە، شیلان سەیری لایتی سووری، هەردوو سەربالّی فڕۆکەیەك دەکات. کە بۆ نیشتنەوە لە فڕۆکەخانەی هەولێری نێونەتەوەیی نەوی دەبووەوە.
یەکێك لە براگەنجەکانی کۆچەر، جانتای بووکەکە. خوشکێکی شیلانیش، بەبێ ئەوەی بەرنامەیان بۆ ئەوە دانابێت، جانتای زاوا دادەگرن و بۆ ناو هوتێلەکە بۆیان هەڵدەگرن. بووکەکە، وەك پەڵەهەورێکی سپی تەنکی نەرم، لە (ئوتومبێلە رەشە نەخشین)ەکە دادەبەزێت. بۆ کردنەوەی دەرگاکەش، بووکەکە بە پاسەوان و سێرڤێسەکەی، قاتێکی رەشی رەونەقداری یەخە سووری، بۆینباخ سپی لەبەردابوو. شیلان نەیدەزانی زمانی رەسمی کارمەندەکانی هوتێلەکە ئینگلیزییە، بۆیە گوایە بە زمانە کوردییەکەی خۆی، کە تازە کەم کەم، بۆ فێربوون و راهاتن گوێی لێ رادەگرت. پێیان دەڵێت: سەرچاو.
ئەو مەبەستی بوو بەپەلە زمانەکە باش فێربێت، چونکە زمانی خەڵك و نەخۆشەکانی بۆ هەموو دکتۆرێك، بەتایبەتی (دکتۆری ژن)، لە زمانە ئینگلیزییەکەیان پێویست ترە.
لەگەڵ چوونە ژوورەوە، فۆتۆگرافەرەکەی قژی لەسەرشانی بوو. چەند وێنەیەکیان، لەناو سالۆنەکە، لەدیار تابلۆیە گەورەکانی سەردیوارەکە بۆ دەگرێت. ئینجا گەورە کارمەندەکانی هوتێلەکی ٢٢٨ ژووری تێدا بوو، بەر لەوەی ژوورەکەیان نیشان بدات. دەرگای (ئەسانسۆر)ەکەیان بەرەو نهۆمی سەرەوەی بالکۆنەکەی، هەموو هەولێر و چراکانی پیرمام و سەری رەشی لێوە دیاربوو، بۆیان دەکاتەوە. لەوێش چەند وێنەیەك بەدیارە پارك و چراکانی شەوی شارەکە دەگرن. ئەو دەستی لەسەر شانی بووکەکە دادەنێت. ژنەکەش هەست دەکات، دەستی ئەو نەرمتر و بەسۆزترە لە دەستی ئەو پیاوەی شەش مانگ هاوسەری بوو. بەئاماژەیەك، پیاوەکە چرا و چرِی و سەنتەری گەڕەکی تەیراوەی نیشان دەدات و پێی دەڵێت:
ئەو ئاگرە زۆرە، ئەو گەڕەکە قەڕەباڵغە، تەیراوەیە، گەڕەك و کۆڵانی

**دایکوباوکت، ئەوان لەوێ لەدایکبوون و ژیاون و لەوێشەوە بەرەو رووباری فورات هەڵکشاون، بەڵام نازانم بۆ لەوێ دەڕۆن، تۆش نازانیت؟!**
**شیلان کەمێك رانی لە رانی ئەو نزیکتر دەکاتەوە:**
**نەخێر! نازانم، زۆریش لێم پرسین، بەڵام هیچ وەڵام و بیانووێکیان نەبوو. بەڵام رەنگە من و تۆ ئەگەر سەنتەرەکەمان دامەزراند و ئیشمان تێدا کرد، شارەزاییمان زۆر دەبێت، نهێنییەکە دەدۆزینەوە.**
**کۆچەر بە برا و دوو خوشکەکەی و خوشکی شیلانیش دەڵێت:**
**هەتا ئێرە سوپاس. ئێمە خۆمان کەمێك لە ئاسمان دەمینێینەوە. دەتوانن بگەڕێنەوە. بە تەلەفۆن ئاگامان لەیەکتری دەبێت. سوپاس و .**
**ئیتر بەو جۆرە، گەشتی گەڕانەوەی دوا خێزانی کورد، لە باشوور و لە شارۆچکەکەی سەر رووباری فورات، پاش مانەوە و هەڵاتن و قاچاخی پەنجا ساڵ، بە زەماوەندی شیلان و کۆچەر و دیتنی چرا زۆرەکانی گەڕەکی تەیراوە دوماهی دێت.**

## کۆتایی



# سی ڤی شێرزاد هەینی

لە ساڵی ١٩٥٥ لەهەولێر لە دایکبووم، بەشی رووپێویم لە ئامۆژگەی تەکنەلۆژیای بەغدا تەواوکردووە و هەتا لە وڵات دەرچووم لە شارەوانی هەولێربووم، شەش منداڵم هەیە، پێنجیان لە خوێندنی زانکۆ قۆناخی باشیان بڕیوە، لەنێوان هەولێر و ستۆکهۆلم دەژیم.

## چاپکراوەکانم .

١. لە یادی سەد ساڵەی شارەوانیدا، ١٩٨٥ کتێبی (هەولێر) م ئامادەو چاپکرد.
٢. هەر لە شارەوانیدا لە ساڵی ١٩٩٤ دا، ١٢ ژمارەی رۆژنامەی (هەولێر) م دەرکرد.
٣. کەلاوە. ١٩٩١ ریپۆرتاژ، بۆ ئۆردوگاکانی دەڤەری هەولێر.
٤. دیوەخانی فلێن. رۆژانەیە، لە ١٩٩٩ لە رۆژنامەی (ئالآی ئازادی) ی بڵاوکرایەوە.
٥. هەولێر. تا دبلن.... ٢٠٠٠ ریپۆرتاژ، زانکۆی ئازادی بەرلین.
٦. بەغدا.. بۆ هەولێر!... ٢٠٠٠ ریپۆرتاژ، سویدو سلێمانی.
٧. مەملەکەتی فارگۆنەکان.....٢٠٠١ ریپۆرتاژ، سلێمانی.
٨. کاکە،ئەبو ئیسماعیل. ٢٠٠١، سلێمانی.
٩. بەسەرهاتی دەریاوانێکی خنکاو ٢٠٠١ رۆمانی گابریل مارکیز.
١٠. رێگای دوورم بۆ ئازادی، نیلسۆن ماندیلا، وەرگێڕان. دەزگای موکریانی.
١١. سارد، یان گەرم (١٢) ریپۆرتاژبوو، لە رۆژنامەی (هەواڵ)ی سلێمانی.
١٢. فارگۆنەکان، لە دەزگای بەدرخان لەهەولێر٢٠٠٥ بڵاوکرایەوە.
١٣. مەملەکەتی کەلاوە، وەك نامیلکە لەوەزارەتی رۆشنبیری لەهەولێر بڵاوکرایەوە.
١٤. کۆریا پێناسە و مێژووی کۆریای باشوور، لە خانەی وەرگێڕان لە

هەولێر ٢٠٠٧.
١٥. هولۆکۆست. وەرگێڕان . سەنتەری نما هەولێر ٢٠٠٧.
١٦. دوو پرێنسیسی نازداری بێناز، دیاناو ماساکۆ. هەولێر دەزگای ئاراس ٢٠٠٨.
١٧. مارتن لۆسەر، بەشێکە لە کتێبی ناتوندوتیژی ١ سەنتەری مەسەلە هەولێر ٢٠٠٨.
١٨. بەرەو کۆشکی ئالیزی، شیراك، روایال، سارکۆزی . و: خانەی وەرگێڕان ٢٠٠٨.
١٩. سێکس و پۆلیتیك، دیوێکە لەژیانی دبلۆماتی فەرەنسای نویَ...و: سەردەم ٢٠٠٨
٢٠. تەها حوسین، نابینایەکی بینا، ئامادەکردن. دۆسیەیەك لە گۆڤاری نما ٢٠٠٨
٢١. ٩٥٥ دەقە لەگەڵ شێرکۆ بێکەس دیمانە . دەزگای نما ٢٠٠٨
٢٢. دۆلار لە ئەمریکا، دوو بابەتی ئابوورییە...و: دەزگای ئاراس ٢٠٠٨
٢٣. مەجبوور، سەربردەو ریپۆرتاژە. سلێمانی ٢٠٠٨
٢٤. من رۆژنامەنووسم، جاسووس نیم. وەرگێڕان خانەی وەرگێڕان سلێمانی ٢٠٠٩
٢٥. مۆساد. وەرگێڕان. لە بڵاوکراوەکانی ئاوێر چ١ و ٢ و ٣ هەولێر ٢٠٠٩، ٢٠١٠،
٢٦. دانپێدانەکانی حاجی پاولۆ . لە بڵاوکراوەکانی ئاوێر هەولێر ٢٠٠٩
٢٧. ترێنە خێرایەکی خۆرهەڵات . وەرگێڕان دەزگای موکریانی ٢٠٠٩
٢٨. نهێنییەکانی سندووقە رەشەکە . وەرگێڕان وەزارەتی رۆشنبیری ٢٠٠٩
٢٩. کاکە ئەبو خەلیل . بەسەرهات . رەخنەی چاودێر سلێمانی ٢٠٠٩
٣٠. برادەرە جوانەکە. رەشیدە داتی . دەزگای ئاراس وەرگێڕان ٢٠٠٩
٣١. سارا پالین . ژنێکە دەرچوو لە نەریتەکان . وەرگێڕان دەزگای ئاراس ٢٠١٠
٣٢. دەسەڵات و نەخۆشی . وەرگێڕان خانەی وەرگێڕان سلێمانی ٢٠١٠
٣٣. سیاسەتی دڵ . وەرگێڕان دەزگای ئاراس ٢٠١٠
٣٤. جیهان لە دیدی کۆشنێر . وەرگێڕان دەزگای نما ٢٠١٠
٣٥. سیڤییەکان ١. وەزارەتی رۆشنبیری، کۆمەڵە دیدارێکە ٢٠٠٢ _

٢٠٠٩

٣٦. گەشتێك بەرەو ئەورووپای نوێ . دەزگای ئاراس، وەرگێڕان ٢٠١٠
٣٧. حیكایەتەكانی غەدر و خوێن . وەرگێڕان، خانەی وەرگێڕان سلێمانی ٢٠١٠
٣٨. چیرۆكێك لە خۆشەویستی و تاریكی، وەرگێڕان ئاوێر ٢٠١١ هەولێر
٣٩. تووتنەوانەكە. رۆمان، وەرگێڕان، ئاوێر ٢٠١١ هەولێر
٤٠. ئەستێرە سەرگەردانەكە . رۆمان وەرگێڕان، ئاوێر ٢٠١١ هەولێر
٤١. دەربازبوون. وەرگێران دەزگای ئاراس ٢٠١١
٤٢. مافیا دەوڵەتی سامان و خوێن دەزگای ئاراس ٢٠١١
٤٣. سیڤییەكان ٢ كۆمەڵێك راز و دیمانە وەرگێڕان وەزارەتی رۆشنبیری ٢٠١١
٤٤. كازیوە، ژنەكەی ناو فەیسبوك، نۆڤلێت دەزگای نما ٢٠١١
٤٥. غاندی، چیرۆكی ئەزموونەكانم لەگەڵ حەقیقەتدا چ، ٢،١، ٣ ئاوێر ٢٠١١، ٢٠١٣
٤٦. سەگەكان لە ریگا، رۆمان . وەرگێڕان ئاوێر ٢٠١١
٤٧. غاردان بەدوای گورگەكاندا، رۆمان، وەرگێڕان، ئاوێر ٢٠١٢
٤٨. سیڤییەكان ٣ كۆمەڵە راز و دیمانەیە وەزارەتی رۆشنبیری ٢٠١٢
٤٩. دەسەڵاتی دوو ژن. ئیلیزابیتی دووەم و ئەنجیلا میركل، بەدرخان ٢٠١٢
٥٠. چراكانی ئۆرشەلیم، وەرگێران رۆمان، ئاوێر ٢٠١٢
٥١. شۆڕشەكانی جیهان ئامادەكردن، ئاوێر ٢٠١٣
٥٢. هەولێر، ئیبنی مەستەوفی، رۆمان مەڵبەندی گشتی نووسەران ٢٠١٣
٥٣. هەولێر، سێتاقان، رۆمان خانەی ئەربیل ٢٠١٣
٥٤. گێلە، دۆستویڤسكی، وەرگێران رۆمان ئاوێر ٢٠١٣
٥٥. زستانی خێزانەكە، وەرگێڕان رۆمان خانەی وەرگێڕان سلێمانی ٢٠١٣
٥٦. كەسایەتە مەزنەكانی جیهان، دەزگای نما هەولێر ٢٠١٣.
٥٧. سیڤییەكان ٤ كۆمەڵە راز و دیمانەیە وەزارەتی رۆشنبیری ٢٠١٣
٥٨. رێنسانسی ئەوروپا. مێژوو، وەرگێڕان ئاوێر ٢٠١٣
٥٩. چركەساتی حیكمەت. فەلەكەدین كاكەیی وەرگێڕان وەزارەتی

**ڕۆشنبیری ٢٠١٤**

٦٠. **هەولێر تەعجیل . ڕۆمان بەرگی ٣ چاپخانەی زانکۆ ٢٠١٤**

٦١. **حەلاجیات، فەلەکەدین کاکەیی . وەرگێڕان چاپخانەی ڕۆژهەڵات ٢٠١٤**

٦٢. **بۆ ئامێزێکی بۆنی تۆ. ڕۆمان وەرگێڕان خانەی وەرگێڕان سەنتەری نما ٢٠١٤**

٦٣. **دەریاوانە خنکاوەکە ڕۆمان، گابریل مارکیز چ ٢ لە بڵاوکراوەکانی م. چینی ٢٠١٥.**

## ئامادەی چاپە :

١. **پایزە ساڵ . تۆماری ڕووداوەکان . ٢٠٠٩**

٢. **گەرمێن و کوێستان. یادەوەری و سەفەرەکانم**

٣. **حەریمەکانی سوڵتانی عوسمانی . ئامادەکراوە**

٤. **کڵێسا لە مەملەکەتی ئورشەلیم . وەرگێڕان**

٥. **سەربازکانی سالامینا. وەرگێڕان**

٦. **لەسەر پشتی حوشترەوە لە دیمشق تا حائیل، وەرگێڕان**

٧. **سیڤییەکان ٥ ئامادەکردن و وەرگێڕان..**

٨. **ژن لە ژیانی کاسترۆ، وەرگێڕان**

سوپاسی کارمەندانی چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین دەکەم، کە هاوکارمن بۆ نووسینەوەی هەولێر بە رۆمان